بەڵگەکانی واجبوونی نیقاب لەگەڵ چەکی نیقابپۆشەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاوەنی گومانەکان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی
د.أحمد فتحي البَكَيْرِيّ

وەرگێڕان و بۆ زیادکردنی
عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد

کتێبخانەی ڕێکار

منتدى إقرأ الثقافي

بەڵگەکانی واجببوونی نیقاب

لەگەڵ

چەکی نیقابپۆشەکان

بۆڕوویەڕووبوونەوەی خاوەنی گومانەکان

نووسینی
د.أحمد فتحي البُـكَيْرِيّ

وەرگێڕان و بۆ زیادکردنی
عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد

کتێبخانەی ڕێکار
ناونیشان : هەولێر - فلکەی شێخ محمود -
باڵەخانەی سەید بهاء الدین - نهۆمی خوارەوە
ژ.م ٥٧٦٧ ٤٧٥ ٠٧٥٠

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: بەڵگەکانی واجبوونی نیقاب لەگەڵ چەکی نیقابپۆشەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاوەنی گومانەکان

نووسینی: د. أحمد فتحي البكيري.

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد.

نەخشەسازی بەرگ: إخلاص ديزاين.

نەخشەسازی ناوەوە: جمعه صديق كاكه.

تیراژ: ١٠٠٠ دانە.

سایز: ١٤*٢١.

لاپەڕە: ٣٦٠.

نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم : ١٤٤٥_٢٠٢٤ میلادی.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە « ٦٩١ »ی ساڵی « ٢٠٢٤»ی پێ دراوە.

بەڵگەکانی واجیبوونی

نیقاب

نووسینی
د.أحمد فتحي البُـكَيْرِيّ

وەرگێڕانی
عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد

مۆڵەتی دانەر بۆ وەرگێڕانی دوو کتێبەکە



بسم الله، والصلاة والسلام على رسول الله، وبعد:
فقد أذنت للشيخ/ عبد الله على محمد
بترجمة وطباعة ونشر كتابي (الشبهات
المعاصرة حول النقاب) و(أدلة وجوب
النقاب).
وأسأل الله لي وله التوفيق والسداد.

كتبه
د. أحمد بن فتحي البكري

پێشەکیی نووسەر

إن الحمد لله نحمده، ونستعين به ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهد الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ [آل عمران:١٠٢].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ [النساء: ١].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا﴾ [الأحزاب:٧١].

أما بعـــــد.

فإن أصدق الحديث كتاب الله تعالى، وخير الهدي هدي محمد -ﷺ-، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

بێگومان خوای گەورە و بەرز فەرموویەتی: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ [آل عمران:١٤].

واتە: بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە و جوانکراوە و لەلایان خۆشەویستکراوە ئەو شتانەی کە ئارەزووی تێدایە و دڵ پێی خۆشە لە ئافرەتان.

حافزی ئیبنو حەجەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: «فجعلهن من حب الشهوات، وبدأ بهنَّ قبل بقية الأنواع إشارة إلى أنهن الأصل في ذلك»[1].

واتە: خوای گەورە ئافرەتانی کردووە بە بەشێک لە خۆشەویستی ئارەزووەکان، ئینجا سەرەتا بەوانەوە دەستی پێکردووە، پێشی تەواوی جۆرەکانی دیکە، وەکوو ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ئافرەتان بنچینەن لەو بوارەوە.

هەروەها زانای گەورە شەوکانی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: «وبدأ بالنساء لكثرة تشوّق النفوس إليهنّ؛ لأنهنَّ حبائل الشيطان»[2].

واتە: خوای گەورە بۆیە سەرەتا بە ئافرەتان دەستی پێ کرد؛ لەبەر ئەوەی ئافرەتان تەڵە و داوی شەیتانن.

لە فەرموودەی ئەبوو سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ- کە فەرموویەتی: «إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وَإِنَّ اللهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا فَيَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ، فَاتَّقُوا الدُّنْيَا وَاتَّقُوا النِّسَاءَ، فَإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي

[1] « فتح الباري» (١٣٨/٩).
[2] « فتح القدير» (٥٣٩/١).

إِسْرَائِيلَ كَانَتْ فِي النِّسَاءِ»[1].

واتە: بە دڵنیایی دونیا شیرین و سەوز و تەڕە، خوای گەورە ئێوەی کردۆتە جێنشین تێیدا [هێندێکمان جێنشینی هێندێکمانین]، تاوەکوو سەیر بکات چۆن کارو کردەوە دەکەن، بۆیە خۆتان لە دونیا بپارێزن و خۆتان لە ئافرەتان بپارێزن؛ چونکە یەکەم فیتنەی نەوەی ئیسرائیل، بەهۆی ئافرەتانەوە بوو.

هەروەها لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە، لە پێغەمبەرە ﷺ- فەرموویەتی: «مَا تَرَكْتُ بَعْدِي فِتْنَةً أَضَرَّ عَلَى الرِّجَالِ مِنْ النِّسَاءِ»[2].

واتە: لەدوای خۆم هیچ فیتنەیەکم بەجێ نەهێشتووە زەرەر و زیانی زۆرتر بێت لەسەر پیاوان، لە فیتنەی ئافرەتان.

لەبەر ئەوەی فیتنەی ئافرەتان، یەکێکە لە گەورەترین و ترسناکترینی فیتنەکان لەسەر پیاوان؛ بۆیە خوای بەرز و بڵند فەرمانی بە ئافرەتان کردووە بە داپۆشینی لاشەیان، تاوەکوو پیاوان بەهۆیانەوە تووشی فیتنە نەبن، خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ-، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕدارانیش بڵێ: با جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە تا هەموو لەشیان بگرێتەوە

[1] «صحيح مسلم» (٢٧٤٢).

[2] «صحيح البخاري» (٥٠٩٦)، و«مسلم» (٢٧٤٠).

و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بناسرێنەوە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە، خۆی دانەدەپۆشی، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە.

ئەو ئایەتە دەقێکە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتان، هەر هەموویان فەرمان پێکراون بە داپۆشینی لاشەیان، لە تۆقی سەریانەوە تاوەکوو پێیەکانیان.

حیکمەتیش لەم فەرزکردنەدا لە دەوری دوو هۆکار دەسوڕێتەوە:

یەکەم: بریتییە لە پارێزگاریکردنی ئافرەت، لە ناموس و ئابڕوو و داوێنپاکی خۆی.

دووەم: پاراستنی گەنجەکانە لە گومڕایی و لادان.

ئینجا با کەس گومانی ئەوە نەبات کە خوای گەورە داپۆشینی لاشەی لەسەر ئافرەت فەرز کردووە؛ بۆ ئەوەی کاری لەسەر قورس و گران بکات؛ چونکە خوای گەورَە لە ئایینداِ هیچ قورسی و گرانییەکی لەسەر دانەناوین، خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ﴾ [المائدة: ٦].

واتە: خوای گەورە نایەوێت هیچ جۆرە تەنگی و ناڕەحەتییەک لەسەرتان دابنێت.

هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج: 78].

واتە: خوای گەورە لە ئایینداا هیچ جۆرە قورسی و گرانییەکی لەسەر دانەناون.

گومان لەوەدا نییە کە خوای گەورە لەسەر ئافرەتی فەرز کردووە، لاشەی دابپۆشێت؛ بۆ پارێزگاریکردن و پاراستنی ڕێز و شکۆی خۆی، بۆ نموونە: ئەگەر پیاوێک گەوهەرێکی گرانبەهای لەلا بێت و بیەوێت بیپارێزێت، چی دەکات؟ دەیبینی لەناو جانتایەکی دادەنێت، جانتایەکەش لەناو سەندووقێک دادەنێت، پاشان سەندووقەکە لەناو گەنجینەیەک دادەنێت،؛ تاوەکوو بزری نەکات، ئەمە گونجاوترین نموونەیە بە ئافرەت، خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە بە داپۆشینی لاشەی و پاراستنی ئابڕوو و ناموسی؛ لەبەر ئەوەی ئافرەت گرانبەهایە، هەروەها تاوەکوو داوێنپاکی و ڕێز و شکۆی خۆی لەدەست نەدات.

بەڵام بەداخەوە! زۆرێک لە ئافرەتان گوێڕایەڵ نییەن بۆ فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی -ﷺ-، هەروەها بە خۆڕازاندنەوەوە دەردەچن بۆ ڕێگە و کۆلێژ و بازاڕەکان، بۆ ئەوەی گەنجەکان تووشی فیتنە بکەن و هەڵیانبخەڵەتێنن، ئەمەش سەری کێشا بۆ ئەوەی گەنجەکان ئازاریان بدەن بە قسە و توانج، بگرە بە دەستدرێژیکردنە سەریان لە هێندێک کاتدا!

چ ئافرەتێکی ژیر خۆی تووشی ئەوە دەکات، تا ئەو ئاستەی کە دەستدرێژی بکرێتە سەری؟

بەڕاستی زۆرێک لە کچە تازەپێگەیشتووەکان، هەست بە ترسناکی ئەو کارە ناکەن، هەروەها ناشزانن کە ڕەنگە کارەکە بگاتە ئەو پلە و ئاستە، بەڵام ئەوە بریتییە لە واقیعە بەئازارەکە.

بۆیە من داوا لە خوشکانم دەکەم، لە ئافرەتان و کچەکان، کەوا پەلە بکەن بۆ پۆشینی «حیجابی شەرعی»[1]، ئەوەی

[١] لە پێناسەی حیجابدا گوتراوە: «الحجاب: لباس شرعي سابغٌ، تستر به المرأة المسلمة؛ ليمنع الرجال الأجانب من رؤية شيء من بدنها». واتە: حیجاب: پۆشاکێکی شەرعی و فرەوان و بەرینە، ئافرەتی موسڵمان خۆی پێ دادەپۆشێت؛ بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێت لەوەی پیاوانی بێگانە هیچ شتێک لە لاشەی ببینن.

هەروەها گوتراوە: «الحجاب: هو ساتر يستر الجسم، فلا يشف، ولا يصف». واتە: حیجاب بریتییە لە: داپۆشەرێک کە لاشە دادەپۆشێت، بەشێوەیەک نە لاشەی تێدا دیارە، نە وەسفی ئەندامەکانی لاشەش دەکات.

شێخ سەعید قەحتانیش دەڵێت: «پێناسەی هەڵبژێردراو بۆ حیجابی شەرعی ئەوەیە: ما يستر جميع بدن المرأة المسلمة عن الرجال الأجانب: من لباس واسع سابغ يغطي جميع بدنها ووجهها، أو حائل يحول بينها وبينهم، ويمنع رؤية شيء من دنها». واتە: ئەو پۆشاکەیە هەموو لاشەی ئافرەتی موسڵمان دادەپۆشێت لە پیاوانی بێگانە: ئەویش برتییە لە پۆشاکێکی فراوان و بەرین و درێژ کە هەموو لاشە و دەموچاوی دابپۆشێت، یان بەربەستێکە دەکەوێتە نێوانی ئافرەت و پیاوانەوە و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بینینی شتێک لە لاشەی.

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، د. سعيد القحطاني، ص: ٧-٨]. -وەرگێڕ-.

کـه هەموو لاشـه دادەپۆشـێت، هەروەهـا ئابـڕوو و داوێنپاکیی ئافرەتیـش دەپارێزێت.

---

* دەربـارەی (مەرجەکانی حیجابی شـەرعیش)، ئەوا زانایـان دەفەرموون بەگوێـرەی بەڵگـەکان، ئەگـەر ئافـرەت لە مـاڵ چـووە دەرەوە، دەبێت پۆشـاکەکەی ئـەو دە مەرجـەی تێـدا بێتەجـێ، ئەگەرنـا بـە حیجابـی شـەرعی دانانـدرێت:

یەکـەم: دەبێـت پۆشـاکەکە هەمـوو لاشـەی بگرێتـەوە و هەمـووی دابپۆشـێت بەتـەواوی.

دووەم: نابێـت پۆشـاکەکە لـە خـودی خۆیـدا ڕازاوە بێت و سـەرنجی پیـاوان بـۆ خۆی ڕابکێشـێت.

سـێیەم: دەبێـت پۆشـاکەکە ئەسـتوور بێـت و نابێـت تەنـک بێـت، بەشـێوەیەک لاشـە لەناویـدا دیـار بێت و وەسـفی ڕەنگی پێسـت بکات.

چـوارەم: دەبێـت پـان و پـۆڕ و فـراوان بێـت و نابێـت تەسـک بێـت، بەشـێوەیەک قەبـارەی لاشـە نیشـان بـدات.

پێنجـەم: نابێـت پۆشـاکەکە بۆنـدار بێـت، جـا بەهـەر جۆرێـک لـە جۆرەکانـی بـۆن بێـت.

شەشەم: نابێت پۆشاکەکە بە پۆشاکی پیاوان بچێت.

حەفتـەم: نابێـت پۆشـاکەکە بـە پۆشـاکی کافـرەکان بچێـت و وەکوو پۆشـاکی ئافرەتـە بێبـاوەڕەکان بێت.

هەشتەم: نابێت پۆشاکی ناوبانگ و بۆ دەرکەوتن بێت.

نۆیەم: نابێت پۆشاکەکە خاچ(سەڵیب)ـی لەسەر بێت.

دەیەم: نابێت پۆشاکەکە وێنەی لەسەر بێت.

[إظهـار الحـق والصـواب فـي حكـم الحجـاب، د. سـعيد القحطانـي، ص:٢٢٣-٢٩٤].

[أدله الحجاب، للشيخ محمد بن إسماعيل المقدم، ص: ١٥١-١٧٥].

[الحجاب في الشرع والفطرة، للطريفي، ص: ٥١-٥٣]. -وەرگێڕ-.

هەروەها داواش لە باوکان و دایکان دەکەم، ئەوانەی کەوا هەستیان بە ترسناکی ئەو بابەتە نەکردووە، پێیان دەڵێم: بەفریای کچەکانتان بکەون، پێش ئەوەی ئابڕوو و ناموووسیان لەکەدار بکرێت و ئێوەش پەشیمان ببنەوە لەکاتێکدا پەشیمانبوونەوە سوودی نییە، هەروەها بە قسەی ئەو کەسە هەڵمەخەڵەتێن کە دەڵێت: (نیقاب بیدعەیە، یان نیقاب بنچینەی نییە لە ئایینی ئێمەدا)، چونکە بێگومان ئەو قسانە هەرگیز هیچ (زانایەکی باوەڕپێکراو) نەیگووتووە و ناشیڵێت؛ چونکە ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، ئەو دوو سەرچاوانەی ڕاستییان بۆ ئێمە هێناوە لەلای پەروەردگارمان، هەر ئەو دووانەش سەرچاوەی ئێمەن، ئەگەر لە هەر شتێکدا جیاوازیمان تێکەوت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا﴾ [الأحزاب: ٣٦].

واتە: بۆ هیچ باوەڕدارێکی پیاو و ئافرەت حەڵاڵ نییە، کە کاتێک خوا و پێغەمبەری خوا -ﷺ-، بڕیارێک بدەن، ئەوان سەرپشک بن لەوەی کە شتێکی تر هەڵبژێرن، بەڵکوو پێویستە لەسەریان پابەندی گوێڕایەڵی فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا بن، هەر کەسێکیش سەرپێچی خوا

و پێغەمبەری خوا بکات، ئەوە گومڕا بووە گومڕابوونێکی زۆر ئاشکرا.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾ [النساء: ٦٥].

واتە: ئەی موحەممەد ﷺ، سوێند بێ بە پەروەردگارت، ئیمان ناهێنن، تا تۆ نەکەنە حاکم و دادوەر لەو ناکۆکییانەی کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، پاشان کە تۆ بڕیارتدا لە نێوانیاندا، نابێ لە نەفس و ناخیشیاندا هیچ پێ ناخۆش بوونێک هەبێ لە ئاست ئەو بڕیارەی کە تۆ داوتە، هەروەها دەبێ لە ناخی دڵیاندا پێی ڕازی بن و دڵیان پێی خۆش بێ، خۆشیان تەسلیم بکەن بەو بڕیارەی تۆ داوتە، تەسلیم بوونێکی تەواو و بەبێ ڕەتکردنەوە.

کەواتە کەس باوەڕ ناهێنێت، ئیللا ئەو کەسە نەبێت کەوا ڕازی بێت بە حوکمی قورئان و سوننەت و بە تەواویش ملکەچ بێت.

هەروەکوو بۆ هیچ کەسێکی ژیر نابێت، کە واز لە فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ- بێنێت و بچێت قسەی فڵان یان فڵان وەربگرێت.

سەیرکە پێشەوایان چۆن شوێنکەوتووەکانیان ئاگەدار دەکەنەوە لە تەقلید و چاولێکردنی کوێرانە، هەروەها لە پێچەوانەکردنی بەڵگە لەبەر قسەی ئەوان:

پێشەوا ئەبوو حەنیفە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: «إذا قلتُ قولاً يخالف كتاب الله تعالى، وخبر الرسول ﷺ؛ فاتركوا قولي»[1].

واتە: ئەگەر قسەیەکم کرد، پێچەوانە بوو لەگەڵ کتێبی خوا و فەرموودەی پێغەمبەری خوا -ﷺ-؛ ئەوا واز لە قسەی من بێنن.

پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: «إنّما أنا بشر أخطئ وأصيب، فانظروا في رأيي؛ فإن وافق الكتاب والسُّنّة فخذوه، وما لم يوافقهما فاتركوه»[2].

واتە: من تەنها مرۆڤێکم هەڵە دەکەم و دەشپێکم، بۆیە سەیری بۆچوونی من بکەن؛ جا ئەگەر موافیقی قورئان و سوننەت بوو، ئەوا وەریبگرن، ئەوەشی موافیقی ئەو دووانە نەبوو، ئەوا وازی لێ بێنن.

---

[1] «الإيقاظ»، للفلاني (٥٠) نقلاً من «أصل صفة صلاة النبي ﷺ»، للألباني.

[2] «مواهب الجليل لشرح مختصر الخليل» (٥٤/٤).

پێشەوا شافیعی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: «إذا صحَّ الحديث، فاضربوا بمذهبي عرض الحائط»[1].

واتە: ئەگەر فەرموودە سەحیح بوو، ئەوا مەزهەبی من بە دیوار دابدەن.

هەروەها فەرموویەتی: «كل مسألة تكلمت فيها، صح الخبر فيها عن النبي -ﷺ- عند أهل النقل بخلاف ما قلت، فأنا راجع عنها في حياتي وبعد موتي»[2].

واتە: هەر بابەتێک کە قسەم تێیدا کرد، بەڵام لە پێغەمبەرەوە فەرموودەی سەحیحی دەربارە هەبوو لەلای فەرموودەناسەکان، بەپێچەوانەی ئەوەی کە من گوتبووم، ئەوا من لێی دەگەڕێمەوە لە ژیانم و دوای مردنیشم.

پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: «لا تقلدني، ولا تقلد مالكًا، ولا الشافعي، ولا الأوزاعي، ولا الثوري، وخذ من حيث أخذوا»[3].

واتە: تەقلیدی من مەکە، تەقلیدی مالیک و شافیعی و ئەوزاعی و سەوریش مەکە، بەڵکوو لەو شوێنە وەربگرە کە ئەوان لێیان وەرگرتووە.

---

[١] «أسنى المطالب في شرح روض الطالب» (٣٦٣/٢).

[٢] «إعلام الموقعين عن رب العالمين»، لابن القيم (٢٨٥/٢).

[٣] «إعلام الموقعين عن رب العالمين»، لابن القيم (٢٠١/٢).

شێخی ئەلبانیش -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لەسەر قسەی ئەو پێشەوایانە دەفەرموێ: «تلك هي أقوال الأئمة -رضي الله تعالى عنهم- في الأمر بالتمسك بالحديث، والنهي عن تقليدهم دون بصيرة، وهي من الوضوح والبيان بحيث لا تقبل جدلاً ولا تأويلاً، وعليه؛ فإن من تمسك بكل ما ثبت في السنة، ولو خالف بعض أقوال الأئمة؛ لا يكون مباينًا لمذهبهم، ولا خارجًا عن طريقتهم؛ بل هو متبع لهم جميعًا، ومتمسك بالعروة الوثقى التي لا انفصام لها، وليس كذلك من ترك السنة الثابتة لمجرد مخالفتها لقولهم؛ بل هو بذلك عاصٍ لهم، ومخالف لأقوالهم المتقدمة»[1].

واتە: ئەوە بریتییە لە قسەی پێشەوایان -ڕەزای خوایان لێبێت- دەربارەی فەرمانکردن بە دەستگرتن بە فەرموودە و ڕێگەگرتن لە تەقلیدکردنیان بەبێ بەڵگە و زانیاری و چاوڕۆشنی، قسەکانیش ئەوەندە ڕوون و ئاشکران، بەشێوەیەک گفتوگۆ و تەئویل بەخۆیانەوە هەڵناگرن، کەواتە بەگوێرەی ئەمە؛ هەر کەسێک دەست بگرێت بە هەر شتێک کە لە سوننەتدا جێگیر بێت، ئەگەرچی پێچەوانەی هێندێک لە قسەی پێشەوایانیش بێت؛ ئەوا جیا نەبۆتەوە لە مەزهەبەکەیان و دەریش نەچووە لە ڕێبازەکەیان؛ بەڵکوو ئەو کەسە شوێن هەموویان کەوتووە و دەستیشی بە پەتە

[1] «أصل صفة صلاة النبي ﷺ»، للألباني (٣٢/١).

بەهێزەکە گرتووە، بەڵام ئەو کەسەی واز لە سوننەتی چەسپاو بێنێت، تەنها لەبەر پێچەوانە بوونی بۆ قسەی ئەو پێشەوایانە، ئەوە وەکوو ئەو کەسەی پێشوو نییە، بەڵکوو بەو کارەی سەرپێچی ئەوانی کردووە و سەرپێچی قسەکانی پێشووی ئەوانیشی کردووە.

کورتە و پوختەی بابەتەکە: هەر قسەیەک کە پەیوەست بێت بە دینەوە، هەر دەبێت بخرێتە بەردەم قورئان و سوننەت: جا ئەگەر موافیقی ئەو دووانە بوو، ئەوا وەری دەگرین، ئەگەریش موخالیف و پێچەوانەیان بوو، ئەوا ڕەتی دەکەینەوە و بە دیواری دادەدەین.

بێگومان لەو دواییانەدا قسە زۆر بووە دەربارەی نیقاب[1]، هەروەها خەڵکانێک دەرکەوتونە کەوا گومان دەخەنە سەر شەرعییەت و داواکراوی نیقاب، بەڵکوو خەڵکانێک دەرچوونە کە دەڵێن: (نیقاب بیدعەیەکی داهێنراوە و بنچینەی نییە)، بێگومان ئەو قسەیە درۆیەکی هەڵبەستراوە، هیچ کەسێک ئەو قسەیە ناکات کە بەرکەوتنی لەگەڵ قورئان

[١] شێخ (عبدالعزيز الطريفي) -خوای گەورە ئازادی بکات- دەڵێت: «ئەوەی کە دەموچاوی پێ داپۆشرێت، عەرەب چەند ناوێکیان لێی ناوە: لەوانە: (الغُدْقَة)، (الوَصواص)، (النَّصيف)، (النقاب)، (البُرْقُع)، (القِناع)، (المَيْساني)، (الخمار)، (الجِلباب)، جگە لەوانەش.

[الحجاب في الشرع والفطرة، للطريفي، ص: ٤٠]. -وەرگێڕ-.

و سوننەتدا هەبێت؛ چونکە زانا لەبۆی نییە هیچ قسەیەک بکات، تەنها ئەوە نەبێت کە پێشینەکانی گوتوویانە لە زانا ڕەببانییەکان[1].

ئینجا ئەوانە ئەو گومانانەیان نەهێناوە، ئیللا بۆ ئەوە نەبێت کە کاروباری ئایین لە خەڵکی بشێوێنن، هەروەها گومانیان بۆ دروست بکەن لەو شتانەی کەوا لەلای ئەوان سالانێکی دوور و درێژە جێگیر و دامەزراوە لەشەرعدا، کەواتە ئەوان دەیانەوێت ئافرەت لە لانە و ماڵەکەی خۆی دەربێنن، بە بانگەشەی: (ئازادی ئافرەت)، هەروەها دەیانەوێت ئافرەت لەگەڵ پیاواندا تێکەڵ ببێت و هاوبەشیان بێت لەهەموو ئەو شتانەی کە تایبەتە بە پیاوانەوە، بەبانگەشەی: (ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە)، ئێستاش تانە لە شەرعییەتی نیقاب دەدەن، ئەو نیقابەی کە خوا -ﷻ- داینـاوە؛ بۆ داپۆشینی ئافرەتی موسڵمان و پاراستنی ناموس و کەسایەتی، هەروەها بۆ پاراستنی گەنجەکان لە گومڕایی و لادان، بەبانگەشەی: پێشکەوتن و گەشەکردن و گۆڕان، بەڵام ئەوەیان شاردەوە کە مەبەستیان کۆتاییهێنان و لەناوبردنی ئیسلامە.

---

[١] پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی: «إيّاك أن تتكلّم في مسألة، ليس لك فيها إمام». [سير أعلام النبلاء، للذهبي (١١/ ٢٩٦)].
واتە: وریابە! قسە لە بابەتێکدا مەکە و قسەیەک مەڵێ، کە پێشەوات نەبێت لەو بابەتە و کەس پێشی تۆ قسەی وای نەکردبێت. -وەرگێر-.

بەداخەوەش! زۆرێک لە خەڵکی بەوانە هەڵخەڵەتاون و لەگەڵ ئەوان سواری کەشتییەکی کونبوو بوونە، ئەوەی کە هەڕەشەی نقوومبوونی لەسەرە، هەروەها لایانداوە لە ڕێگە ڕاستەکە، ئەوەی کەوا خوای گەورە فەرمانی پێکردوون کە دامەزراو بن لەسەری، هەتا پێی دەگەنەوە، پێغەمبەریش ﷺ- ڕاستی کردووە کاتێک کە فەرموویەتی: «إِنَّ اللَه لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنْ الْعِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُؤُوسًا جُهَّالًا، فَسُئِلُوا، فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا»[1].

واتە: بە دڵنیایی خوای گەورە زانست هەڵناگرێت، بەوەی هەڵیبکێشێت و لە بەندەکانی بستێنێتەوە، بەڵام زانست هەڵدەگرێتەوە بە هەڵگرتنەوە و مراندنی زانایان، هەتا وای لێ دێت، خەڵکی کەسانێکی نەزان دەکەن بە پێشەوا و دەمڕاستی خۆیان، ئەوانیش فەتوایان بۆ دەدەن بەبێ زانست، بەمەش خۆیان گومڕا دەبن و خەڵکیش گومڕا دەکەن.

حافزی ئیبنو حەجەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: «في هذا الحديث: الحث على حفظ العلم، والتحذير من ترئيس الجهلة، وفيه: أن الفتوى هي الرياسة الحقيقية، وذم

[١] «صحيح البخاري» (١٠٠)، و«مسلم» (٢٦٧٣).

من يقدم عليها بغير علم، واستدل به الجمهور على القول بخلو الزمان عن مجتهد، ولله الأمر يفعل ما يشاء»[1].

واتە: لەو فەرموودەیەدا سوودی ئەوەی تێدایە: هاندان لەسەر لەبەرکردنی زانست و ئاگەداربوون لەوەی کەسی نەزان بکرێتە گەورە و پێشەوا، سوودی ئەوەشی تێدایە: کە فەتوادان بریتییە لە سەرکردایەتی ڕاستەقینە، هەروەها زەمکردنی ئەو کەسەی کە فەتوا دەدات بەبێ زانست، هەروەها زۆرینەی زانایانیش ئەو فەرموودەیەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوەی دەکرێت سەردەمێک هیچ موجتەهیدێکی تێدا نەبێت، فەرمان و بڕیاریش هەر بۆ خوایە، ئەوەی بیەوێت دەیکات.

ئینجا بە دڵنیایی زانایان لە پێشینەکان و دواییناکان و سەردەمییەکانیش، بۆچوونیان جیاوازە دەربارەی حوکمی داپۆشینی دەموچاو و دەستی ئافرەت، لەکاتێکدا کە پیاوی بێگانە ئامادەیە، ئینجا جیاوازییەکەش هەر لە کۆنەوە تاوەکوو ئەمڕۆمان لەنێوانی واجببوون و سوننەتبوونە، هەرگیز زانایەکی باوەڕپێکراو -نە لە پێشینە و نە لە پاشینەش- نەیگوتووە کە داپۆشینی دەموچاو و دەستی ئافرەت، بیدعەیە، یان حەرامە، یاخود هاوشێوەی ئەمانە،

[1] «فتح الباري» لابن حجر (١/١٩٥).

بەڵکوو ئەو قسانە، ئەو سەردەمیانە هێنایان[1].

[١] تێبینییەکی گرینگ: (ئایا داپۆشینی دەموچاو فەرزە یان سوننەتە؟!)
زانایان دەربارەی ئەو بابەتە دوو بۆچوونیان هەیە و دابەشبوونە بۆ سەر دوو وتە، بۆیە هەرچەندی لەسەر ئەو بابەتە بخوێنیتەوە و لێی بکۆڵیتەوە، لەو دوو قسەیە دەرناچێت، کەچی بەداخەوە ئێستا خەڵکانێکی گومڕا دەڵێن: (نیقاب نە سوننەتە و نە فەرزە، تەنها عورف و عادەتە).
ئەو دوو بۆچوونەش بریتییە لە:
یەکەم: واجببوونی داپۆشینی دەموچاو لەسەر هەموو ئافرەتان، بە خێزانەکانی پێغەمبەریشەوە ﷺ-.
دووەم: سوننەتییەتی داپۆشینی دەموچاو لەسەر هەموو ئافرەتان، جگە لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ-.
کەواتە بەمە دەزاندرێت کە لە شتێکدا یەکدەنگن، لە شتێکیشدا ڕا جیاوازن:
یەکدەنگن لەسەر واجبیەتی داپۆشین لەسەر خێزانەکانی پێغەمبەر.
بەڵام جیاوازن دەربارەی گشتێتی ئافرەتان، لەنێوانی واجببوون و سوننەت بوونداـ
دەبێ ئەوەش بزانین ئەوانەی کە دەڵێن سوننەتە، واتا داپۆشینی باشتر و چاکترە، نەوەک ڕێپێدراو(موباح)بێت لەنێوانی کردن و نەکردنداـ واتە: کردنی و نەکردنی وەکوو یەک نییە، بەڵکوو کردنی باشترەـ
خاڵێکی دیکە گرنگە کە بیزانین، ئەویش ئەوەیە ئەو زانایانەی کە بە دروستیان زانیوە دەموچاو دانەپۆشرێت، دڵنیابوون لە فیتنەیان بە مەرج داناوە، فیتنەش -لێرەدا- بریتییە لەوەی: ئافرەتەکە جوان و گەنج بێت، یان خەڵکی فاسیق و خەراپ زۆر بێت کە چاویان تێی ببڕن، ئەگەر وابوو، ئەوانیش لەو کاتەدا دەڵێن بە کۆدەنگی داپۆشین واجبەـ

بۆیە من وای دەبینم کەوا نابێت بێدەنگ بین لەسەر ئەو بابەتە و هەر دەبێت بەرگری لە ئایینەکەمان بکەین، ئەوەی کە گرینگترین شتە لەلامان، هەروەها خۆشەویستتر و بەڕێزترە لە کەس و کارمان و ماڵ و سامانمان و خودی خۆشمان، ئەوەش پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێک، کە دەبێت بەرگری لە ئایین بکات و بەرگری لە سوننەتی پێغەمبەر -ﷺ- بکات؛ چونکە ئێمە لە ڕۆژی دواییدا پرسیارمان لێ

واتە لێرەدا دووبارە کۆدەنگی دروست بوو لەسەر واجبیەتی داپۆشینی دەموچاو، هەم لەلایەنی ئەوانەی بە واجبی دەزانن، هەمیش لەلایەنی ئەوانەی بە سوننەتی دەزانن، ئەویش لەکاتی فیتنەیە.

کەواتە بەهۆی ئەمەوە دەزانرێت، کە بەدروست دانانیان بۆ دەرخستنی دەموچاو موقەییدە [واتە بەستراوەتەوە بە شتێک]، نەوەک موتڵەق بێت [واتە بە ڕەهایی وبەبێ مەرج نییە]، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە دڵنیابوون لە فیتنە، هەروەها بەستراوەتەوە بەوەی داپۆشین باشترە، کە بەداخەوە ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان دەدەنە پاڵ بۆچوونی ئەو زانایانە، ئەو مەرج و قەیدەیان فەرامۆش کردووە، قسەکەیان وەرگرتن، بەڵام مەرجەکەیان وازلێهێنا و فەرامۆشیان کرد، هەروەها وازیشیان لەو قسەیەی ئەوان هێنا کە دەڵێن سوننەتە و باشترە بکرێت، بەڵکوو قسەیەکی نوێ و داهێنراویان دایە پاڵیان، ئەویش دروستییەتی دەرخستنی دەموچاوە بە ڕەهایی و بەبێ مەرج و قەید، کەواتە ئەمانەتیان نەبوو لە باسکردن و گەیاندنی بابەتەکە.

[الدلالات المحكمة لآيات الحجاب على وجوب غطاء وجه المرأة، تأليف: د. لطف الله خوجه، ص: ٥-٧]. -وەرگێڕ-.

دەکرێت دەربارەی ئەوە، ئەگەر بێدەبگ بووین، بەڵام ئەگەر قسەمان کرد و نکوولێمان لێی کرد و ڕاستییەکەمان ڕوون کردەوە، ئەوە بۆمان دەبێتە بیانوو لەلای خوای گەورە لەو ڕۆژەی کە پێی دەگەینەوە.

هەر بۆیە من ویستم کەوا ڕاستترینی ئەو بەڵگانەی دەربارەی نیقاب هاتوون، کۆیان بکەمەوە، هەروەها ڕوونی بکەمەوە کە نیقاب بیدعە نییە، هەروەکوو خەڵکانێک ئەو گومانە دەبەن، ڕوونیشی بکەمەوە کە شتێکی شەرعی و ناسراو بووە هەر لە سەردەمی پێغەمبەرمان -ﷺ-، بۆیە ئەو نامیلکە کورت و پوختەی بەردەستتم نووسی.

ئا ئەوە نامیلکەکەیە کەوا لەبەر دەستتە، بە جوانی بیخوێنەوە، لە کەموکوڕییەکانیشم مەگرە؛ چونکە تۆێشووم لە زانستدا کەمە و زانیاریشم کورتە، هەروەها من قوتابییەکی بچووکی زانستم، جا ئەگەر ڕێنمایی و ڕاست و دروستی تێدا بوو، ئەوە لەلایەنی خوای میهرەبان و بەخشندەوەیە، ئەگەریش هەڵە یا کەموکوڕی یان لەبیرچوونەوەی تێدا بێت، ئەوا لەلایەن نەفسی خۆم و شەیتانەوەیە و خوا و پێغەمبەرەکەی -ﷺ- لێی بەرینە، وأسأل الله سبحانه وتعالى أن يجعل هذه الرسالة لي زادًا إلى حسن المصير إليه، وعتادًا إلى يمن القدوم عليه، وأن ينفعني بها وجميع المسلمين، وأن

يجعلها في ميزان حسناتي يوم ألقاه، إنه بكل جميل كفيل، وهو مولانا ونعم النصير.

وصلِّي اللهم وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

وكتبه

أبو عبدالملك أحمد بن فتحي البكيري

*****

یەکەم: پێناسەی (نیقاب) لەلای زمانەوانییەکان

(الفيروزآبادي- ٨١٧هـ) دەڵێت: «النِّقابُ بالكسر: ما تَنْتَقِبُ به المرأةُ»[١].

واتە: نیقاب بە کەسرەی نوونەکە: پارچە قوماشێکی تەنکە، کەوا ئافرەت ڕووخساری خۆی پێ دادەپۆشێت و پەچەی پێ دەکات.

(الفرابي) دەڵێت: «والنِّقاب: نِقاب المرأة، وقد انْتَقَبَتْ، وإنَّها لحَسَنَةُ النِّقْبَة»[٢].

واتە: نیقاب: بریتییە لە پەچەی ئافرەت، دەگوترێت ئافرەتەکە نیقابی کردووە و ئافرەتێکە ڕووپۆشەکەی جوان و چاکە.

(الزَّبيدي- ١٢٠٥هـ) دەڵێت: «النِّقابُ: مَا تَنْتَقِبُ به المَرْأَةُ، وهو القِنَاعُ على مارِنِ الأَنف، قاله أَبو زيد، والجَمْعُ نُقُبٌ، وقد تَنَقَّبَتِ المرأةُ، وانْتَقَبَتْ»[٣].

واتە: نیقاب: ئەو شتەیە کەوا ئافرەت ڕووخساری خۆی پێ دادەپۆشێت، کە بریتییە لە پەچە و ڕووپۆشێک بەسەر نەرمایی لووتدا دەهێنرێت، ئەبوو زەید ئەمەی فەرمووە، کۆیەکەشی

---

[١] «القاموس المحيط» (١٣٩).

[٢] «الصحاح في اللغة» (٢٢٧/١).

[٣] «تاج العروس من جواهر القاموس» (٢٩٨/٤)

(نُقُبٌ)ـە، دەگوترێت ئافرەتەکە ڕووی خۆی داپۆشی.

(أبـو عبيـد- ٢٢٤هـ) دەڵێـت: «قـال الفـراء: إذا أَدْنَـت المـرأةُ نقابَهـا إلى عينهـا فتلـك الوَصْوَصـةُ؛ فـإنْ أَنزلَتْـه دون ذلـك إلى المَحْجر فهـو النِّقـابُ، فإنْ كان على طـرَف الأنف فهـو اللِّفام»[1].

وَاتـە: فـەڕِاء گوتوویەتـی: ئەگـەر ئافـرەت پەچەکـەی بـۆ لای چاوەکانـی نزیـک کـردەوە، ئـەوە بریتییـە (الوَصْوَصـة) [واتـە: پەچەکـەی توند کـرد و بەتەنیـا چاوەکانـی دەرکەوتـن لێـوەی]، ئەگەریـش پەچەکەی لە خوار ئـەوە دابەزاند و هێنایە خـوارەوە بـۆ لای دەوروبـەری چـاو و پێڵـوی خـوارەوە، ئـەوە بریتییـە لـە (النِّقاب)، خـۆ ئەگەر پەچەکەشـی بەسـەر لایەکی لووتـی دابـدات، ئەوە بریتییە لـە دەمامـک و دەمپۆش(اللِّفام).

(اللیـث) دەڵێـت: «الوَصْـواص: خـرْقٌ في السِّـتْر ونحوِه على مقـدار العَـين يُنظر منـه»[2].

واتـە: (الوَصْـواص): کونێکـە دەکرێتـە پۆشـار و هاوشـێوەکانی، بـە ئەنـدازەی چـاو کـە تێیـدا سـەیر بکرێـت و شـت ببینرێـت [کونێکـی بچووکـە بـۆ تەماشـاکردن].

(ابـن السِّـكِّيت- ٢٤٤هـ) دەڵێـت: «والمَحجر: مـا خـرج مـن النِّقـاب مـن الجفـن الأسـفل، لا يكـون مـن الأعـلى»[3].

واتـە: (المَحْجـر): ئەوەیـە کـە لـە نیقابـەوە دەردەچێـت لـە پێڵـوی خـواروەی چـاو، نـەوەک لـە پێڵـوی سـەرەوە.

---

[1] «تهذيب اللغة» (١٦٠/٩).

[2] «تهذيب اللغة» (١٨٧/١٢).

[3] «الكنز اللغوي» (١٨١/١).

(أَبُـو عُبَيْـد) دەڵێت: «إنّمـا كان النِّقَابُ لاصقًـا بالعين، وكانت تَبـدُو إحـدَى العينَـيْنِ، والأُخْـرَى مسـتورَةٌ، والنِّقـابُ لا يَبْدُو منه إلاّ العينـان، وكان اسـمه عنْدهُـم الوَصْوَصَـةَ والرُّقْـعَ، وكان مـن لِبَـاسِ النِّسـاءِ، ثُمَّ أَحْدَثْـنَ النِّقَـابَ بَعْدُ»[1].

واتە: نیقاب ئەوەیە کە بە چاوەکانەوە بلکێت، پێشتر یەکێک لە چاوەکان دەردەکەوت و ئەوەی دیکەشیان داپۆشراو دەبوو، بەڵام نیقاب هەردوو چاوی لێ بەدیار دەکەوێت، ناوەکەشی لەلای ئەوان (الوَصْوَصَة) و (الرُّقْع) بوو، کە پۆشاکی ئافرەتان بوو، پاشان دوای ئەوە نیقابیان داهێنا[2].

---

[١] «تاج العروس من جواهر القاموس» (٢٩٨/٤).

[٢] لـەو پێناسـانە و پێناسـەی زانایانـی شـەرع، دەکرێـت بـەو شـێوەیە پێناسـەی نیقـاب بکرێـت: «النقـاب: هـو الخمـار الـذي تشـده المـرأة على الأنـف، أو تحت المحاجر وتستر بها وجهها، ولا يبدو منه ألا عيناها». واتـە: نیقـاب: بریتییـە لـەو ڕووپـۆش و پەچەیـەی کـەوا ئافـرەت لەسـەر لووتـی دەیبەسـتێت، یـان لەژێـر پێڵـوی خـواروو دەیبەسـتێت و دەموچـاوی پـێ دادەپۆشـێت، هیچیشـی لـێ بەدیـار ناکەوێـت، تەنهـا چاوەکانـی نەبێـت.

ئینجـا: «وسـمي النقـاب نقابا؛ لأن فيه نقبيـن على العينيـن، تنظر المرأ منهمـا». واتـە: نیقابیـش بۆیـە پێـی گوتـراوە نیقـاب؛ لەبـەر ئـەوەی لەسـەر دوو چاوەکانـی دوو کونـی تێدایە، کە ئافرەت لێیانەوە سـەیر دەکات.

[إظهـار الحـق والصـواب فـي حكـم الحجـاب، د. سـعيد القحطانـي، ص: ١٦-١٥]. -وەرگێڕ-.

دووەم: بەڵگەکانی واجببوونی نیقاب

یەکەم: بەڵگەکان لە قورئاندا

بەڵگەی یەکەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [النور :٣١].

واتە: بە جوانی خۆیان دەرنەخەن، تەنها ئەوە نەبێ کە خۆی دەردەکەوێت و بەدەرەوەیە و دیارە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەربارە تەفسیری ئەو ئایەتەی خوای گەورە: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [النور :٣١]. فەرموویەتی: «هِيَ الثِّيَابُ»[١].

واتە: ئەوەی کە دەردەکەوێت بریتییە لە پۆشاک [واتە: ڕووکەشی پۆشاک، ئەوەی کە ناکرێت دابپۆشرێت و بشاردرێتەوە][٢].

ئەوە تەفسیری ئیبن مەسعوودە -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ- دەربارەی فەرموویەتی: «وَمَا

---

[١] أخرجه ابن جرير في «تفسيره» (١٥٦/١٩)، وابن أبي حاتم في «تفسيره» (١٤٤٠٠)، وابن أبي شيبة في «المصنف» (١٧٢٨٢)، وهو أثر صحيح.

[٢] مەبەستی ئەو پۆشاکەیە کەوا ڕازاوەیی و فیتنەی تێدا نییە. -وەرگێڕ-.

حَدَّثَكُمْ ابْنُ مَسْعُودٍ، فَصَدِّقُوهُ»[1].

واتە: ئەوەی کە ئیبن مەسعوود بۆی باسکردن، بەڕاستی بزانن و باوەڕی پێ بکەن.

هەروەکوو چۆن تەفسیری هاوەڵان بەڵگەیە، بەڵکوو هێندێک لە زانایان گوتوویانە: تەفسیری هاوەڵان حوکمی مەرفووعی هەیە بۆ پێغەمبەر -ﷺ- [واتە: وەکوو ئەوە وایە کە ئەو فەرموویێتی][2].

---

[1] أخرجه الترمذي (٣٧٩٩)، وأحمد (٢٢٧٦٥)، وقال الترمذي: هذا حديث حسن. وصححه الألباني في «صحيح الترمذي» (٣٧٩٩).

[2] بەڵام ئەوەی کە لە ئیبن عەبباسەوە هاتووە کە گوایە دەربارەی ئەو ئایەتە گوتوویەتی: (ئەوەی کە دەردەکەوێت و دروستە ئافرەت دەری بخات، بریتییە لە: دەموچاو و دەستەکان). ئەوە هێندێک لە زانایان فەرموویانە سەنەدەکەی زەعیفە، ئەگەر سەحیحیش بێت، ئەوا دەبێت بگەڕێندرێتەوە بۆ لای ڕیوایەتە ڕۆشنەکانی دیکەی و لەژێر تیشکی ئەوان واتاکەی لێک بدرێتەوە؛ چونکە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە کە دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ فەرموویەتی: «جوانی دیار و ئاشکرا بریتییە لە: دەموچاو، کلی چاو، خەنەی دەست، ئەنگوستیلە. ئا ئەوانە لە ماڵەکەی خۆیدا دەریدەخات، بۆ ئەو کەسانەی کە دێنە لای [واتە: مەبەستی ئەوەیە کە دروستە ڕووخسار و دەست دەربخرێت بۆ مەحرەمەکانی و خزمە نزیکەکانی، نەک بێگانە]. چونکە لە گێڕانەوەیەکی دیکەشدا دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ﴾ دەڵێت: «خوای گەورە فەرمانی بە ئافرەتانی باوەڕداران کردووە، ئەگەر لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە بۆ پێویستییەک، با

هەروەها لە (أَبِي الأَحْوَص)ـەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «الثِّيَابُ»[1].

واتە: ئەوەی کە دەردەکەوێت و بەدەرەوەیە بریتییە لە: پۆشاک.

لە (إبراهيم النخعي)ـەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «الثياب»[2].

لە (الحسن البصري)ـەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «الثياب»[3].

دەموچاویان دابپۆشن لەسەر سەریانەوە بە لەچک و عەبا، یەک چاوێکیشیان دەربخەن».

یاخود وەکوو ئیبن تەیمییە دەفەرموێت: «ئەوەی کە ئیبن عەببباس باسی دەکات، هی سەرەتایە، واتە: پێشی دابەزینی ئایەتی حیجاب». شێخ ئیبن بازیش دەڵێت: ئەوەی کە ئیبن تەیمییە ئاماژەی پێ کردووە، بریتییە لەو حەقەی کە گومانی تێدا نییە.

[الدلالات المحكمة لآيات الحجاب على وجوب غطاء وجه المرأة، تأليف: د. لطف الله خوجه].

[الحجاب في الشرع والفطرة، للطريفي، ص: ٧٤-٧٦].

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د. سعيد القحطاني، ص: ٨٩-٩٦ و ٣٤٥-٣٤٨].

[أدلة الحجاب، تأليف: محمد بن إسماعيل المقدم، ص: ٢٨٤ و ٢٩٠ و ٣٠٢]. -وەرگێڕ-.

[١] «المصنف» لابن أبي شيبة (١٧٢٩٣).

[٢] أخرجه ابن جرير الطبري في «تفسيره» (١٥٦/١٩)، وإسناده صحيح.

[٣] أخرجه ابن جرير الطبري في «تفسيره» (١٥٦/١٩).

لە (الشَّعْبيّ)ـەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «الْكُحْلُ وَالثِّيَابُ»[١].

واتە: ئەوەی کە بە دەرەوەیە و دیارە، بریتییە لە: کل و پۆشاک.

لە (مَاهَانَ الحنفي)ـەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «الثِّيَابُ»[٢].

پێشەوا (أحمد بن حنبل- ٢٤١هـ)یش فەرموویەتی: «الزينةُ الظاهرةُ: الثياب، وكلُّ شيءٍ منها عورةٌ، حتى الظُّفُر»[٣].

واتە: جوانی دیار و ئاشکرا: پۆشاکە، هەموو شتێک لە ئافرەتدا عەورەتە، هەتا نینۆکیش.

پێشەوا (البغوي- ٥١٠هـ) دەربارەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە: ﴿إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ فەرموویەتی: «أراد به الزينة الظاهرة»[٤].

واتە: مەبەست پێی جوانی ئاشکرا و ڕووکەش و دیوی دەرەوەیە.

شێخی ئیسلام (ابن تيمية- ٧٢٨هـ) دەفەرموێ: «وَحَقِيقَةُ الْأَمْرِ: أنّ الله جعل الزّينة زينتين: زينةً ظاهرةً، وزينةً غير

[١] «مصنف ابن أبي شيبة» (١٧٢٨٦).
[٢] «مصنف ابن أبي شيبة» (١٧٢٨٨).
[٣] «الفروع لابن مفلح» (٤٥٩/٢).
[٤] «تفسير البغوي» (٣٤/٦).

ظاهرة، وجوَّز لها إبداء زينتها الظَّاهرة لغير الزَّوج وذوي المحارم، وكانوا قبل أن تنزل آية الحجاب كان النِّساء يخرجن بلا جلباب يرى الرَّجل وجهها ويديها، وكان إذ ذاك يجوز لها أن تظهر الوجه والكفَّين، وكان حينئذ يجوز النَّظر إليها؛ لأنَّه يجوز لها إظهاره ثمَّ لمَّا أنزل الله عز وجل آية الحجاب بقوله: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩]، حُجب النّساء عن الرِّجال، وكان ذلك لمَّا تزوَّج زينبَ بنت جحش فأرخى السّتر ومنع النِّساء أن ينظرن، ولمَّا اصطفى صفيَّة بنت حييٍّ بعد ذلك عام خيبر قالوا: إن حَجَبَها فهي من أمّهات المؤمنين، وإلّا فهي ممَّا مَلَكت يمينه، فحجبها، فلمَّا أمر الله ألا يُسألن إلا من وراء حجاب، وأمر أزواجه وبناته ونساء المؤمنين أن يدنين عليهنَّ من جلابيبهنَّ - و(الجلباب) هو الملاءة وهو الذي يسمِّيه ابن مسعود وغيره الرِّداء وتسمِّيه العامَّةُ الإزار، وهو الإزار الكبير الَّذي يغطِّي رأسها وسائر بدنها، وقد حكى أبو عبيد وغيره: أنَّها تدنيه من فوق رأسِهَا فلا تظهر إلا عينها، ومن جنسه النِّقاب: فكُنَّ النِّساء ينتقبن»[1].

واتە: ڕاستی بابەتەکە ئاوایە: خوای گەورە ڕازاوەیی و جوانی کردۆتە دوو جوانی: جوانییەکی دیار و ئاشکرا،

[١] «مجموع الفتاوى»، لابن تيمية (١١٠/٢٢).

جوانییەکی نادیار، ئینجا بەدروستی داناوە بۆ ئافرەت، کە جوانییە دیار و ئاشکراکەی بۆ جگە لە هاوسەر و خاوەنی مەحرەمەکان دەربخات، پێشی دابەزینی (ئایەتی حیجاب)، ئافرەتان لە ماڵ دەردەچوون بەبێ عەبا و پەچە، پیاو دەموچاو و دەستەکانی دەبینی، ئەوکاتی دروست بوو بۆ ئافرەت کەوا دەموچاو و دەستەکانی دەربخات، هەروەها ئەوکاتیش دروست بوو سەیری بکرێت؛ چونکە بۆ ئافرەت دروست بوو بەدیاری بخات، پاشان کاتێک خوای گەورە ئایەتی حیجابی دابەزاند، بەو وتەیەی: {ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ-، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ: با جلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بناسرێنەوە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە، خۆی دانەدەپۆشی، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە}. دوای ئەوە ئافرەتان داپۆشران لە پیاوان، ئەمەش ئەو کاتەبوو کە زەینەبی کچی جەحش شووی کرد، ئەوەبوو پەردە و پۆشارەکەی هێنایە خوارەوە و ڕێگری کرد لە ئافرەتان لەوەی سەیری بکەن، هەروەها

کاتێک پێغەمبەر (سەفییەی کچی حوییەی)، دوای ئەوە لە سااڵی خەیبەر هەڵبژارد، گوتیان: ئەگەر دایپۆشی [فەرمانی پێ کرد کە خۆی دابپۆشێت]، ئەوە یەکێکە لە دایکانی باوەڕداران، ئەگەریش نا، ئەوە یەکێکە لە کەنیزەکەکانی، ئەوەبوو دایپۆشی، جا کاتێک خوای گەورە فەرمانی کرد کە پرسیاریان لێ نەکەن، ئیللا لە پشت پەردەوە نەبێت، هەروەها فەرمانیشی بە خێزانەکانی و کچەکانی و ئافرەتانی بڕوادارانکرد، کە جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە تا هەموو لەشیان بگرێتەوە، جیلبابیش بریتییە لە چەرچەف، هەر ئەوەشە کە ئیبن مەسعوود و جگە لەو پێی دەڵێن عەبا، عاممەی خەڵکیش پێێ دەڵێن پۆشاک، کە بریتییە لەو پۆشاکە گەورە و فراوانەی سەری و هەموو لاشەی دادەپۆشێت، ئەبوو عوبەید و جگە لەویش گوتوویانە: جیلباب ئەو پۆشاکەیە ئافرەت لەسە تۆقی سەریەوە دەیهێنێتە خوارەوە، تەنها چاوێکی دەردەخات، هەروەها لە ڕەگەزی جیلبابیش نیقابە: چونکە ئافرەتان ڕووخساری خۆیان دادەپۆشی.

هەروەها (الحافظ ابن كثير- (٧٧٤هـ) دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾. دەفەرموێ: «أي: لا يُظهِرْنَ شيئًا من الزينة للأجانب، إلا ما لا يمكن إخفاؤه، وقال

ابن مسعود: كالرداء والثياب، يعني: على ما كان يتعاناه[1] نساء العرب، من المِقْنَعة التي تُجَلِّل ثيابها، وما يبدو من أسافل الثياب فلا حرج عليها فيه؛ لأن هذا لا يمكن إخفاؤه، ونظيره في زي النساء ما يظهر من إزارها، وما لا يمكن إخفاؤه، وقال بقول ابن مسعود: الحسن، وابن سيرين، وأبو الجوزاء، وإبراهيم النَّخَعي، وغيرهم»[2].

واتە: با هیچ شتێ لە جوانی و ڕازاوەیی بۆ بێگانەکان دەرنەخەن، ئیللا ئەوەی کە ناکرێت بشاردرێتەوە، ئیبن مەسعوود فەرموویەتی: وەکوو عەبا و پۆشاک، واتا: بەو شێوەیەی کەوا ئافرەتانی عەرەب بە خۆیان پێیەوە پەیوەست دەکرد و دەیانپۆشی، لەو سەرپۆشەی کە پۆشاکەکەی دادەپۆشێت و دەیشارێتەوە، ئەوەشی کە لە ژێرەوەی پۆشاک دەردەکەوێت، ئەوە بەهۆیەوە هیچ تاوانێکی لەسەر نییە؛ چونکە شاردنەوەی ئەمە ناکرێت، ئینجا ئەوانەی کە قسەکەی ئیبن مەسعوودیان کردووە، بریتیین لە: حەسەنی بەسڕی، ئیبن سیرین، ئەبوو جەوزاء، ئیبڕاهیمی نەخەعی و جگە لەوانیش.

---

[١] لە هێندێک لە نوسخەکانی تەفسیری ئیبن کەسیر، بە وشەی(يَتَعاطَاه) هاتووە. -وەرگێڕ-.

[٢] «تفسير القرآن العظيم»، لابن كثير (٤٥/٦).

زانـای گـەورە (الشـوكاني- ١٢٥٠هـ) فەرموویەتـی: «ولا يخفـى عليـك أن ظاهـر النظـم القـرآني النهـي عـن إبـداء الزينة، إلا مـا ظهـر منهـا كالجلبـاب والخـمار، ونحوهـما مما عـلى الكف والقدمـين من الحليـة ونحوها، وإن كان المـراد بالزينة: مواضعها كان الاسـتثناء راجعًـا إلى مـا يشـق عـلى المـرأة سـتره كالكفين والقدمـين ونحـو ذلـك، وهكـذا إذا كان النهي عن إظهـار الزينة يسـتلزم النهـي عـن إظهـار مواضعهـا بفحـوى الخطـاب، فإنـه يُحمـل الاسـتثناء على مـا ذكرنـاه في الموضعين، وأمـا إذا كانت الزينـة تشـمل مواضـع الزينـة، ومـا تتزيَّـن بـه النسـاء فالأمـر واضـح، والاسـتثناء يكـون من الجميـع»[1].

واتـە: لێـت شـاراوە نییـە کـە ڕووکەشـی ڕێکخسـتنی قورئانـی، ڕێگریکردنـە لـە دەرخسـتنی ڕازاوەیـی و جوانـی، ئیـلا ئـەوەی کـە دەردەکەوێـت و دیـارە لێـی، وەکـوو عەبـا و پەچـە، هەروەهـا هاوشێوەکانیشـیان ئـەوەی کـە لەسـەر دەسـت و پێیەکانـە، لـە زێـڕ و تفاقـی ئارایشـت و ڕازاندنـەوە و هاوشـێوەی، ئەگەریـش مەبەسـت بـە جوانـی و ڕازاوەیـی: شوێنەکانی بێت، ئەوا لێدەرکردن(الاستثناء)ـەکە، دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەوەی کـە قورسـە لەسـەر ئافـرەت دایپۆشـێت، وەکـوو دوو دەسـتەکان و هـەردوو پێیـەکان و هاوشـێوەی ئەمـە، ئیـتر بـەو شـێوازە ئەگـەر ڕێگریکردنەکـە لـە دەرخسـتنی جوانـی و

[١] «فتح القدير»، للشوكاني (٢٠٨/٥).

ڕازاوەیی بێت، ئەوا ڕێگریکردنەکە دەرخستنی شوێنەکانیشی دەگرێتەوە بە واتا و مەبەستی پەیامەکە، چونکە هەروەکوو باسمانکرد ئیستیسنایەکە هەردوو شوێنەکە دەگرێتەوە و مەبەستییەتی، بەڵام ئەگەر جوانی و ڕازاوەیی شوێنەکانی جوانی بگرێتەوە، هەروەها ئەوەش بگرێتەوە کە ئافرەتان خۆیانی پێ دەڕازێننەوە، ئەوا بابەتەکە ڕوون و ئاشکرایە، ئیستیسنایەکەش بۆ هەمووی دەبێت [واتە: ئەوکاتی نابێت هیچی دەربخرێت].

هەروەها شەوکانی لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرموێ: «ولا يصح الاستدلال على الجواز بأن المرأة تكشف وجهها في إحرامها أو حال صلاتها، فإن ذلك ليس فيه شيء من الدلالة؛ لأن المرأة قد سوغ لها الشارع كشف وجهها عند ذلك، ولم يجوز للرجال النظر إليها في هذه الحالة، بل هم مأمورون بغض البصر في هذه الحال وغيرها، كما أنه لا يجب على الرجال أن يستروا وجوههم عند مخالطتهم للنساء، بل عليهن أن لا ينظرن إليهم؛ لأنهن مأمورات بغض أبصارهن، فاعرف هذا ففيه ما يغني عن الاستدلال بما لا دلالة فيه على الجواز أو عدمه، وبما هو عن الدلالة على المطلوب في أبعد مكان»[1].

[١] «السيل الجرار المتدفق عِلى حدائق الأزهار»، للشوكاني (٧٤١/١).

واتە: ڕاست نییە بەڵگە بهێنرێتەوە لەسەر دروستێتی دەرخستنی دەموچاوی ئافرەت، بەوەی لەکاتی ئیحرامیدا یان لەکاتی نوێژکردنیدا دەریدەخات؛ چونکە ئەمە هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە؛ لەبەر ئەوەی شەرعدانەر بۆ ئافرەتی بەڕەوا داناوە کە لەو حاڵەتەدا دەموچاوی دەربخات، بەڵام بە دروستی دانەناوە بۆ پیاوان کە لەو حاڵەتەدا سەیری ئافرەت بکات، بەڵکوو فەرمانیان پێکراوە لەو حاڵەتە و جگە لەوەش کەوا چاوەکانیان بگرنەوە، هەروەکوو چۆن لەسەر پیاوان واجب نییە کە دەموچاوی خۆیان دابپۆشن لەکاتی تێکەڵاوییان لەگەڵ ئافرەتاندا، بەڵکوو لەسەریان پێویستە کە سەیری پیاوان نەکەن؛ چونکە ئافرەتانیش فەرمانیان پێکراوە بەوەی چاوەکانیان بگرنەوە، کەواتە ئەوە بزانە! چونکە سوودی ئەوەی تێدایە کە بێپێویستت دەکات، بەڵگە بە شتێک بێنیتەوە کەوا بەڵگەی تێدا نییە لەسەر دروستێتی یان دروست نەبوون، هەروەها لەو شتەش کە لە بەڵگایەتی لەسەر داواکراو لە دوورترین شوێنە.

شێخ عەبدوڕەحمان سەعدی دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾. دەفەرموێ: «الثياب الظاهرة، التي جرت العادة بلبسها، إذا لم يكن في ذلك ما يدعو إلى الفتنة بها»[1].

[١] «تفسير السعدي» (٥٦٦/١).

واتـە: مەبەسـت پێـی پۆشـاکی دەرەوە و دیـارە، ئـەوەی کـە عادەتـە لەبـەر بکرێـت، ئەگەر ئەمـە سەرنەکێشـێت بۆ تووش بـوون بـە فیتنـە پێیەوە.

هەروەها (محمد الأمين الشـنقيطي- ١٣٩٣هـ) دەفەرموێ: «الزِّينـة في لغـة العـرب، هـي مـا تتزيَّـن بـه المـرأة مما هـو خارج عـن أصل خلقتهـا: كالحلي، والحلل. فتفسـير الزّينـة ببعض بدن المـرأة خـلاف الظَّاهـر، ولا يجـوز الحمـل عليـه، إلا بدليـل يجب الرجـوع إليـه، وبه تعلـم أنَّ قول من قـال: الزينة الظاهـرة: الوجه والكفَّـان خـلاف ظاهـر معنـى لفظ الآيـة، وذلك قرينـة على عدم صحَّـة هـذا القـول، فـلا يجـوز الحمـل عليـه إلا بدليـل منفصـل يجـب الرجـوع إليه، وأما نـوع البيان الثاني المذكـور، فإيضاحه: أن لفـظ الزينـة يكـثر تكـرره في القـرآن العظيم مـرادًا بـه الزينة الخارجـة عـن أصـل المزيَّـن بهـا، ولا يـراد بهـا بعض أجـزاء ذلك الـشيء المزيَّـن بها»[1].

واتـە: (زینـە) لە زمانی عەرەبـدا، بریتییە لـەوەی کە ئافرەت خـۆی پـێ دەڕازێنێتـەوە، لەو شـتەی کـە لـە دەرەوەی بنچینەی دروسـت بوونیەتـی: وەکوو زێڕ و خشـڵ. کەواتـە لێکدانەوەی (زینـە) بـە هێندێـک لـە لاشـەی ئافرەت، پێچەوانـەی ڕووکەشـی قورئانـە و دروسـت نییـە واتا بکرێتە سـەری، ئیللا بـە بەڵگەیـەک کـە گەڕانـەوە بـۆ لای واجـب بێـت، هەروەهـا

[١] «أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن» (٥١٦/٥).

بەهۆی ئەمەوە دەزانیت کە قسەی ئەو کەسەی دەڵێت: جوانی و ڕازاوەیی دیار و ئاشکرا: دەموچاو و دەستەکانە، پێچەوانەی ڕووکەشی واتای دەربڕینی ئایەتەکەیە، ئەمەش قەرینە و بەڵگەیە لەسەر ڕاست نەبوونی ئەو قسەیە، بۆیە دروست نییە ئاوا لێک بدرێتەوە، ئیللا بە بەڵگەیەکی جیا کە گەڕانەوە بۆ لای پێویست بێت، هەرچی جۆری ڕوونکردنەوەی دووەمیشە، ئەوە ڕوونکردنەوەکەی بەو شێوەیەیە: دەستەواژەی (الزینة)، لە قورئاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە، مەبەست پێی جوانی و ڕازاندنەوەیەکی بەدەرە لە ئەسڵی ئەوەی کە خۆی پێ دەڕازێنێتەوە، نەوەک مەبەستی پێی هێندێک لە بەشەکانی ئەو شتە بێت کە خۆی پێ دەڕازێنێتەوە.

شێخ (ابن باز- ١٤٢٠هـ) دەفەرموێ: «الزينة تشمل الوجه والرأس وبقية البدن، فيجب على المرأة أن تغطي هذه الزينة؛ حتى لا تَفتِن ولا تُفتَن»[1].

واتە: جوانی و ڕازاوەیی؛ دەموچاو و سەر و هەموو لاشە دەگرێتەوە، بۆیە لەسەر ئافرەت واجبە کەوا ئەو جوانییە دابپۆشێت؛ تاوەکوو نە پیاوان تووشی فیتنە بکەن، نە خۆشیان تووشی فیتنە ببن.

[١] «مجموع الفتاوى»، لابن باز (٤٦/٥).

هەروەها شێخ (ابن عثيمين- ١٤٢١هـ) فەرموویەتی: «إن الله تعالى نهى عن إبداء الزينة مطلقًا إلا ما ظهر منها، وهي التي لابد أن تظهر، كظاهر الثياب، ولذلك قال: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾. ولم يقل إلا ما أظهرن منها، ثم نهى مرة أخرى عن إبداء الزينة إلا لمن استثناهم، فدلّ هذا على أن الزينة الثانية غير الزينة الأولى. فالزينة الأولى: هي الزينة الظاهرة التي تظهر لكل أحد ولا يمكن إخفاؤها. والزينة الثانية: هي الزينة الباطنة التي يتزين بها، ولو كانت هذه الزينة جائزة لكل أحد، لم يكن للتعميم في الأولى والاستثناء في الثانية فائدة معلومة. واللهُ تعالى يرخص بإبداء الزينة الباطنة للتابعين غير أولي الإربة من الرجال، وهم الخدم الذين لا شهوة لهم، وللطفل الصغير الذي لم يبلغ الشهوة، ولم يطلع على عورات النساء، فدل هذا على أمرين: أحدهما: أن إبداء الزينة الباطنة لا يحل لأحد من الأجانب، إلا لهذين الصنفين. الثاني: أن علة الحكم ومداره على خوف الفتنة بالمرأة والتعلق بها، ولا ريب أن الوجه مجمع الحسن وموضع الفتنة، فيكون ستره واجبًا؛ لئلا يفتتن به أولو الإربة من الرجال»[1].

واتە: خوای گەورە ڕێگری کردووە لە دەرخستنی جوانی بە ڕەهایی، ئیللا ئەوەی کە دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە

[١] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٤).

هەر دەبێت دەربکەوێت و لە دەرەوە بێت، وەکوو دەرەوە و ڕووکەشی پۆشاک، هەر بۆیەش فەرموویەتی: {با جوانی خۆیان دەرنەخەن، تەنها ئەوە نەبێ کە خۆی دەرکەوتووە و بەدەرەوەیە و دیارە}. نەیفەرموو ئیللا ئەوەی کە خۆیان دەریدەخەن[1]، پاشان جارێکی دیکە ڕێگری کرد لە دەرخستنی جوانی و زینە، ئیللا بۆ ئەو کەسانەی کە جیای کردنەوە، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جوانی دووەم غەیری جوانی یەکەمە؛ چونکە جوانی یەکەم: بریتییە

[١] ئەمە خاڵێکی گرینگە لە ئایەتەکەدا کە جێگای ئاماژە پێکردن و هەلوێستە لەسەر کردنە؛ چونکە وەکوو هێندێک لە زانایان دەفەرموون: خوای گەورە فەرموویەتی: {ظَهَرَ} واتە: ئەوەی کە خۆی بەدەرەوەیە و دەردەکەوێت، نەیفەرموو: {أَظْهَرَ} واتە: ئەوەی کە خۆیان دەریدەخەن، جیاوزیش لەنێوانیان ئەوەیە: کە فیعلی {ظَهَرَ} بەڵگەیە لەسەر نەبوونی مەبەست و هەڵبژارن، ئەوکاتی ئیستیسنایەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جوانی و ڕازاوەییەی کە لە ئافرەت دەردەکەوێت بەبێ مەبەست و ویست و هەڵبژاردنی خۆی، نەوەک دەموچاو؛ چونکە دەموچاو بە مەبەستەوە دەردەخرێت، بەڵام فیعلی {أَظْهَرَ}، بەڵگەیە لەسەر بوون مەبەست و هەڵبژاردن، واتە: ئەوەی بە ویستی خۆی دەریدەخات.

[الدلالات المحكمة لآيات الحجاب على وجوب غطاء وجه المرأة، الشيخ: لطف الله خوجه، ص:٢٠ و ١١٥].

[أدلة الحجاب، تأليف: محمد بن إسماعيل المقدم، ص:٣٠٠ و ٣٠٦-٣٠٧]. -وەرگێڕ-.

لـه جوانـی دیـار و ئاشـکرا، ئـەوەی کەوا بـۆ هەموو کەسـێک دەردەکەوێـت و ناکرێـت بشـاردرێتەوە، بـەڵام جوانـی دووەم: بریتییـه لـه جوانـی نـاوەوە، ئـەوەی خـۆی پـێ جـوان دەکات، خـۆ ئەگـەر ئەو جوانییـه دروسـت بووایە بۆ هەموو کەسـێک، ئـەوا گشـتاندن لە یەکەمیـان و جیاکردنـەوە لـه دووەمیان هیچ سـوودێکی زانـراوی نەدەبـوو. خـوای گـەورەش رێیـداوە بـه دەرخسـتنی جوانـی نـاوەوە بۆ ئـەو پیاوانـەی کە لـه ماڵەکاندا دەژیـن و پێویسـتییان بـه ئافرەتـان نییـه، ئەوانـەش ئـەو خزمەتکارانـەن کـەوا هیـچ شـەهوەتێکیان نییـه، هەروەهـا بـۆ ئـەو منداڵـه بچووکـەش کەوا باڵـغ نەبووە و ئارەزووی جنسـی بـۆ ئافـرەت نییـه و شـارەزاییان لـه عەورەتـی ئافرەتـان نییـه، کەواتـه ئەمـه بەڵگەیـه لەسـەر دوو شـت: یەکەمیـان: ئەوەیـه کـه دەرخسـتنی جوانـی نـاوەوە (الزینـة الباطنة)، دروسـت نییه بـۆ هیـچ یەکێـک لـه بێگانـەکان، تەنهـا بـۆ ئـەو دوو کۆمەڵـه نەبێـت. دووەمیشـیان: ئەوەیە کـه هۆکار و تـەوەری حوکمەکە لەسـەر ترسـی تـووش بوونـه بـه فیتنەی ئافـرەت و پەیوەسـت بوونـه پێیـەوە، هیـچ گومانیـش لـەوەدا نییـه کـه (دەموچـاو) کۆکـەرەوەی جوانـی و شـوێنی فیتنەیـه، کەواتـه داپۆشـینی واجبـه؛ تاوەکـوو ئەو پیاوانەی کـه ئـارەزووی ئافرەتانیان هەیە تووشـی فیتنـه نەبـن پێیانەوە.

شێخ (بكر أبو زيد)یش دەفەرموێ: «وفي الاستثناء ﴿إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾. لم يسند الفعل إلى النساء، إذ لم يجئ متعديًا، بل جاء لازمًا، ومقتضى هذا: أن المرأة مأمورة بإخفاء الزينة مطلقًا، غير مخيرة في إبداء شيء منها، وأنه لا يجوز لها أن تتعمد إبداء شيء منها، إلا ما ظهر اضطرارًا بدون قصد، فلا إثم عليها، مثل: انكشاف شيء من الزينة من أجل الرياح، أو لحاجة علاج لها، ونحوه من أحوال الاضطرار، فيكون معنى هذا الاستثناء: رفع الحرج، كما في قوله تعالى: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [البقرة: ٢٨٦]، وقوله تعالى: ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ﴾ [الأنعام:١١٩]»[1].

واتە: لەو جیاکردنەوەیەدا {ئیللا ئەوەی کە دەردەکەوێت و بەدەرەوەیە} ئەوەی تێدایە: کە فیعلەکەی نەداوەتە پاڵ ئافرەت [واتە: نەیفەرموو ئیللا ئەوەی کە ئافرەت خۆی دەریدەخات]، چونکە فیعلەکە بە تێپەڕی(متعدي) نەهاتووە، بەڵکوو بە تێنەپەڕی(لازم) هاتووە، ئەمەش وا دەخوازێت و ئەوەی لێ وەردەگیرێت: کەوا ئافرەت فەرمان پێکراوە بە شاردنەوەی جوانی بەڕەهایی و بەگشتی، سەرپشک نییە لە دەرخستنی هیچ شتێک لەو جوانییە، هەروەها بۆی دروست نییە کە بە ئەنقەست هیچ شتێک لە جوانی خۆی دەربخات، ئیللا ئەوە نەبێت کەوا بە ناچاری و بەبێ مەبەست

[1] «حراسة الفضيلة» (٥٩).

دەردەکەوێت، ئەوکاتیش هیچ تاوانێکی لەسەر نییە، وەکوو دەرکەوتنی بەشێک لە جوانی بەهۆی باوە، یان دەرخستنی لەبەر پێویستی چارەسەرکردن، هەروەها هاوشێوەی ئەمەش لە بارودۆخەکانی ناچاری، ئەوکاتیش واتای ئەو جیاکردنەوەیە: بریتییە لە لاچوونی تاوان، هەروەکوو لەو فەرمایشتەی خوای گەورەدا هاتووە: {خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێک، تەنها بەگوێرەی توانای خۆی نەبێت}، هەروەها لەو فەرمایشتەشیدا: {لە کاتێک ئەوەی کە خوای گەورە حەرامی کردبوو لەسەرتان، هەمووی بەدرێژی بۆ باسکردن، تەنها لەکاتی ناچاریدا، ئەوەی کە حەرامیشە بۆتان حەڵاڵ دەبێ}.

*****

بەڵگەی دووەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ [النور: ٣١].

واتە: ئەی موحەممەد ﷺ، بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ: با پێچەکانیان یان سەرپۆشەکانیان شۆڕبێتەوە و بیدەن بەسەر سینگ و بەرۆکیاندا و نەبینرێت.

حافزی (ابن حجر- ٨٥٢هـ) لە هۆکاری ناونانی خومڕ بە خومڕ دەفەرموێت: «ومنه خمار المرأة؛ لأنه يستر وجهها»[1].

واتە: بەشێک لە خومڕ، خیمارێ ئافرەتە؛ لەبەر ئەوەی خیمار دەموچاوی دادەپۆشێت[2].

---

[١] «فتح الباري» (١٠/٤٨).

[٢] شێخ سەعید قەحتانی دەڵێت: «بەگوێرەی خوێندنەوە و بەدواداچوون بۆ واتاکانی (الخمار) و پێناسەکانی لەڕووی زاراوەوە، دەتوانین لە پێناسەکەیدا بڵێین: «هو ما تغطي به المرأة رأسها ووجهها، تستتر به عن أعين الرجال الأجانب». واتە: خیمار: بریتییە لەو قوماشەی کەوا ئافرەت سەر و دەموچاوی پێ دادەپۆشێت، بەهۆیەوە خۆی دادەپۆشێت لە چاوەکانی پیاوانی بێگانە.

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، د. سعيد القحطاني، ص: ٢٠].

شێخ (عبدالعزيز الطريفي) دەڵێت: «خیمار بۆ داپۆشینی سێ شوێن بەکاردێت: سەر و سینگ و دەموچاو».

[الحجاب في الشرع والفطرة، للطريفي، ص: ٣٠-٣٢]. -وەرگێڕ-.

هەروەها شێخ (ابن الجبرين- ١٤٣٠هـ) دەفەرموێ: «أما الخمار للمرأة، فهو كل ما تستر به رأسها ووجهها وعنقها»[١].

واتە: هەرچی پەچە و خیمارێ ئافرەتە، ئەوە هەر شتێکە کە ئافرەت سەر و دەموچاو و گەردەنی خۆی پێ دابپۆشێت.

شێخ (محمد الأمين الشنقيطي)یش دەفەرموێ: «وهذا الحديث الصحيح صريح في أنَّ النِّساء الصَّحابيَّات المذكورات فيه فهمن أنَّ معنى قوله تعالى: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، يقتضي ستر وجوههنَّ، وأنَّهنَّ شققن أزرهنَّ فاختمرن، أي: سترن وجوههنَّ بها امتثالاً لأمر الله في قوله تعالى: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ المقتضي ستر وجوههنَّ، وبهذا يتحقَّق المنصف أنَّ احتجاب المرأة عن الرجال وسترها وجهها عنهم ثابت في السّنّة الصحيحة المفسرة لكتاب الله تعالى، وقد أثنت عائشة -رضي الله عنها- على تلك النساء بمسارعتهن لامتثال أوامر الله في كتابه، ومعلوم أنَّهنَّ ما فهمن ستر الوجوه من قوله: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، إلا من النَّبيِّ ﷺ؛ لأنه موجود وهنَّ يسألنه عن كلِّ ما أشكل عليهنَّ في دينهنَّ، والله جلّ وعلا يقول: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ [النحل:٤٤]، فلا يمكن أن يفسرنها من تلقاء أنفسهنَّ»[٢].

---

[١] «فتاوى الشيخ ابن جبرين» (٦٨/١).

[٢] «أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن» (٢٥٠/٦).

واتە: ئەو فەرموودەیە ڕاست و دروست و ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کەوا ئافرەتە هاوەڵەکانی کە باسکران تێیدا، وا تێگەیشتوون کە واتای ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، وا دەخوازێت کە دەبێت دەموچاویان دابپۆشن، هەروەها ئەوان کراسەکانیان درێندووە و کەرتیان کردووە و خیمارِیان پێ کردووە، واتە دەموچاویان پێ داپۆشیوە، وەگوو گوێرایەڵییەک بۆ فەرمانی خوای گەورە کە لەو وتەیەیدا هاتووە: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، کە واتای خوازراو تێیدا: داپۆشینی دەموچاوە، کەواتە بەمە کەسی دادپەروەر ئەوەی بۆ دێتەجێ کە خۆداپۆشینی ئافرەت لە پیاوان و داپۆشینی دەموچاوی، لە هاوەڵانەوە شتێکی چەسپاو و جێگیر بووە، لە سوننەتی سەحیح کە ڕاڤەکار و لێکدەرەوەیە بۆ کتێبی خوای گەورە، بێگومان عائیشە ڕەزای خوای لێبێت ستاییشی ئەو ئافرەتانە دەکات، بەهۆی پەلەکردنیان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا لە کتێبەکەیدا، شتێکی زانراویشە کە ئەو ئافرەتانە داپۆشینی دەموچاو لەو فەرمایشتە خوا ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ تێنەگەیشتوون، ئیللا لە پێغەمبەر ﷺ- نەبێت؛ چونکە ئەو بوونی هەبوو، ئەمانیش دەربارەی هەموو شتێک کە لە ئایینەکەیان کێشەیان بۆ دروست دەبوو، پرسیاریان لەو دەکرد، خوای گەورە دەفەرموێ: [ئەی موحەممەد ﷺ-،

ئەم قورئانەشمان بۆ دابەزاندووین، تا تۆ خۆت بە وتە و کردەوە و سوننەتەکانت، ئەو قورئانەی کە بۆت دابەزیوە بۆیان ڕوون بکەیتەوە}. کەواتە ناکرێت ئەوان لەلایەنی خۆیانەوە ڕاڤەیان کردبێت و لێکیان دابێتەوە.

هەروەها شێخ (بکر أبو زيد) دەفەرموێ: «فكل شيءٍ غطّيْتَه وسترْتَهُ، فقد خَمَّرته، ومنه حديث الذي وقصته راحلته وهو محرم: «وَلَا تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ وَلَا وَجْهَهُ»[1]، ومنه الحديث المشهور: «خَمِّرُوا الآنِيَة»[2]، أي: غطُّوا فوَّهتها ووجهها.

ومنه قول النميري:

يُخَمِّرنَ أطرافَ البَنَان من التّقى

ويَخْرُجْنَ جنح اللَّيل معتجرات

وصفة لبسه: أن تضع المرأة الخمار على رأسها، ثم تلويه على عنقها على صفة التحنّك والإدارة على الوجه، ثم تلقي بما فضل منه على وجهها ونحرها وصدرها، وبهذا تتم تغطية ما جرت العادة بكشفه في منزلها»[3].

واتە: هەر شتێک کە شاردتەوە و داتپۆشی، ئەوە بێگومان خیارت کردووە، هەر لەو بابەتەش فەرموودەی ئەو پیاوەیە کە ولّاخەکەی خستییە خوارەوە و ملی شکا

---

[1] «صحيح مسلم» (١٢٠٦).

[2] «صحيح البخاري» (٣٣١٦).

[3] «حراسة الفضيلة» (٣٤-٣٥).

لەکاتێکدا لە ئیحرامدا بوو، فەرمووی: «نە سەری دابپۆشن، نە دەموچاویشی»، هەروەها فەرموودە بەناوبانگەکەش کە دەفەرموێ: «قاپەکانتان دابپۆشن». واتە: دەمەکە و سەرەکەی دابپۆشن.

قسەکەی نومەیریش هەر لەو بابەتەیە کە دەڵێت:

سەری پەنجەکانیان دادەپۆشن...

چۆنیەتی پۆشینیشی: ئەوەیە کە ئافرەت خیمارەکە لەسەر سەری دادەنێت، پاشان دەیسوڕێنێتەوە و دەیپێچێتەوە سەر گەردەنی، لەسەر شێوەی سوڕاندنەوە بۆ سەر دەموچاو، پاشان ئەوەی کە زیادە لێی بەسەر دەموچاو و گەردەن و سینگی دادەدات، بەو شێوەیە ئەو شوێنانە دادەپۆشێت، کەوا عورف و عادەت وایە لە ماڵەوە بە دیار بخرێن.

هەروەها شێخ (ابن عثیمین) دەفەرموێ: «والخمار ما تخمر به المرأة رأسها وتغطيه به كالغدقة، فإذا كانت مأمورة بأن تضرب بالخمار على جيبها، كانت مأمورة بستر وجهها، إما لأنه من لازم ذلك، أو بالقياس فإنه إذا وجب ستر النحر والصدر، كان وجوب ستر الوجه من باب أولى؛ لأنه موضع الجمال والفتنة. فإن الناس الذين يتطلبون جمال الصورة لا يسألون إلا عن الوجه، فإذا كان جميلاً لم ينظروا إلى ما سواه نظرًا ذا أهمية، ولذلك إذا قالوا فلانة جميلة لم يفهم من هذا الكلام إلا جمال الوجه، فتبين أن الوجه هو موضع الجمال طلبًا

وخبراً، فإذا كان كذلك، فكيف يفهم أن هذه الشريعة الحكيمة تأمر بستر الصدر والنحر، ثم ترخص في كشف الوجه»[1].

واتە: خیمار: ئەوەیە کە ئافرەت سەری خۆی پێ دادەپۆشێت و دەشارێتەوە، وەکوو (چارۆکە)، چونکە ئەگەر ئافرەت فەرمان پێکراو بێت بەوەی خیمار و پەچە بەسەر سینگیدا بدات، ئەوا فەرمان پێکراویشە بە داپۆشینی دەموچاوی، یان لەبەر ئەوەی ئەمە داخوازی خیمارە، یانیش بە (قیاس)، لەبەر ئەوەی ئەگەر داپۆشینی گەردەن و سینگ واجب بێت، ئەوا داپۆشینی دەموچاو لەپێشترە؛ چونکە شوێنی جوانی و فیتنەیە. چونکە خەڵکی کاتێک داوای جوانی وێنەی کەسێک دەکەن، تەنها داوای دەموچاوی دەکەن، جا ئەگەر جوان بێت، سەیری شوێنی دیکە ناکەن؛ لەبەر تێڕوانینیان بۆ گرینگی ئەو شوێنە، هەر بۆیەش ئەگەر گوتیان فلانە ئافرەت جوانە، لەو قسەیە تەنها جوانی دەموچاو دەفامرێتەوە، کەواتە ڕوون بووەوە کە دەموچاو، بریتییە لە شوێنی جوانی، وەکوو داواکردن و وەکوو هەواڵیش، جا ئەگەر بابەتەکە ئاوا بێت، ئیتر چۆن وا تێدەگەین کە ئەو شەریعەتە دانایە، فەرمان بە داپۆشینی سینگ و گەردەن دەکات، پاشان ڕێ دەدات بە دەرخستنی دەموچاو و دانەپۆشینی؟!

*****

[1] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٣).

بەڵگەی سێیەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ [الأحزاب:٥٣].

واتە: ئەگەر داوای شتێکیشتان کرد، یان پرسیارێکی شەرعیتان لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ- هەبوو، ئەوە پرسیاریان لێ بکەن لە پشتی پەردەوە.

پێشەوا (ابنُ جرير- ٣١٠هـ) دەفەرموێ: «من وراء ستر بينكم وبينهن، ولا تدخلوا عليهن بيوتهنَّ، ﴿ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ﴾ [الأحزاب:٥٣]، يقول تعالى ذكره: سؤالكم إياهن المتاع إذا سألتموهن ذلك من وراء حجاب، أطهر لقلوبكم وقلوبهن من عوارض العين فيها التي تعرض في صدور الرجال من أمر النساء، وفي صدور النساء من أمر الرجال، وأحرى من ألا يكون للشيطان عليكم وعليهن سبيل»[1].

واتە: لە پشتەوەی پەردەیەک لەنێوانی ئێوە و ئەوان، هەروەها بەسەریاندا مەچوونە ماڵەکانیان، {ئەو شێوە داواکردنەتان خاوێنترە بۆ دڵی ئێوە و ئەوانیش}، خوای گەورە و بەرز دەفەرموێ: داواکردنی کەلوپەلتان لەوان، ئەگەر داوای ئەو شتەتان لەوان کرد لەپشتی پەردەوە، پاکترە بۆ دڵی ئێوە و دڵی ئەوانیش لە تووشبوون بە تێڕوانین،

[١] «تفسير الطبري» (٣١٤/٢٠).

ئەوەی کەوا دەکەوێتە دڵێ پیاوانەوە دەربارەی ئافرەتانەوە، هەروەها دەکەوێتە دڵی ئافرەتانیش دەربارەی پیاوانەوە، شایستەتر و چاکتریشە لەوەی نەوەکوو شەیتان دەسەڵاتی بەسەر ئێوە و ئەوانیشدا هەبێت.

هەروەها (القرطبي- ٦٧١هـ) دەفەرموێ: «في هذه الآية دليل على أن الله تعالى أذن في مسألتهن من وراء حجاب في حاجة تعرض أو مسألة يستفتين فيها، ويدخل في ذلك جميع النساء بالمعنى، وبما تضمنته أصول الشريعة من أن المرأة كلها عورة؛ بدنها وصوتها كما تقدم، فلا يجوز كشف ذلك إلا لحاجة كالشهادة عليها أو داء يكون ببدنها أو سؤالها عما يعرض وتعيَّن عندها»[1].

واتە: ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە مۆڵەتی داوە بە پرسیارکردن لێیان، لە پشتی پەردەوە، بۆ پێویستییەک کە دێتە پێشەوە، یان پرسیارێک کە داوای فەتوای لێ دەکەن، هەموو ئافرەتان دەچنە ناو ئەو بابەتەوە بە واتا، هەروەها بەوەش کە بنچینەکانی شەریعەت لەخۆی گرتووە، لەوەی کە ئافرەت هەمووی عەورەتە؛ لاشەی و دەنگیشی هەروەکوو پێشتر باسکرا، کەواتە دروست نییە هیچ شوێنێکی لاشەی دەربخات، ئیللا لەبەر پێویستی نەبێت، وەکوو شایەتیدان لەسەری، یان نەخۆشییەک کە بە

[١] «تفسير القرطبي» (٢٢٦/١٤).

لاشەی وەیە، یاخود پرسیارکردن لێی لەوەی کە دێتە پێشەوە و پێویستە لەو بکرێت.

حافزی (ابن کثیر) دەربارەی ئەو فەرمایشتە خوای بەرز و بڵند: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ دەفەرموێ: «أي: وكما نهيتكم عن الدخول عليهن، كذلك لا تنظروا إليهن بالكلية، ولو كان لأحدكم حاجة يريد تناولها منهن فلا ينظر إليهن، ولا يسألهن حاجة إلا من وراء حجاب»[1].

واتە: هەروەکوو چۆن ڕێگریتان لێ کراوە لە چوونە لایان، بەهەمان شێوەش بەهیچ شێوەیەک سەیریان مەکەن، خۆ ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوەش پێداویستییەکتان هەبوو، دەتانویست لەوانی وەربگرن، ئەوا با سەیریان نەکەن و داوای هیچ پێداویستییەکیش نەکەن، ئیللا لە پشت پەردەوە نەبێت.

هەروەها مامۆستامان (مصطفى العدوي) دەفەرموێ: ووجه الاستدلال بهذه الآية الكريمة مبني على أصلين:

الأول: أن خطاب الواحد يشمل خطاب الجماعة.

الثاني: الاشتراك في العلة.

---

[١] «تفسير القرآن العظيم» ابن كثير (٤٥٥/٦).

أما بالنسبة للأصل الأول فيتأيد بقول النبي ﷺ: «إِنَّمَا قَوْلِي لِامْرَأَةٍ وَاحِدَةٍ كَقَوْلِي لِمِائَةِ امْرَأَةٍ»[1]، وقد أمر الله -عز وجل- نساء النبي ﷺ- بالحجاب -ولا نعلم في ذلك خلافًا- فنساء المؤمنين تبع لهن في ذلك؛ لما ذكرناه من أن خطاب الواحد يشمل خطاب الجماعة. ويتأيد هذا الكلام بالأصل الثاني ألا وهو: الاشتراك في العلة، فعلَّة السؤال من وراء حجاب طهارة القلوب، ونساء المؤمنين كنساء النبي ﷺ- في الاحتياج إلى ذلك، ويتأيد هذا الكلام بالعموم الوارد في حديث رسول الله ﷺ: «إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ»[2]. ويتأيد أيضًا بقرينة انضمام نساء المؤمنين إلى نساء النبي ﷺ- وبناته في قوله تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩][3]

واتە: ڕووی بەڵگەهێنانەوە بەو ئایەتە پیرۆزە، لەسەر دوو بنچینە دامەزراوە:

یەکەم: قسەکردن بۆ یەکێک، قسەکردن بۆ کۆمەڵێکیش دەگرێتەوە.

دووەم: هاوبەشبوونە لە هۆکار.

---

[1] أخرجه أحمد (٢٦٤٦٩) وصحح إسناده ابن كثير في «تفسيره» (١٢٢/٨)، وهو كما قال.

[2] «صحيح البخاري» (٥٢٣٢) و«مسلم» (٢١٧٢).

[3] الحجاب «أدلة الموجبين وشبهُ المخالفين» (٥).

لاشەی وەیە، یاخود پرسیارکردن لێی لەوەی کە دێتە پێشەوە و پێویستە لەو بکرێت.

حافزی (ابن کثیر) دەربارەی ئەو فەرمایشتە خوای بەرز و بڵند: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ دەفەرموێ: «أي: وكما نهيتكم عن الدخول عليهن، كذلك لا تنظروا إليهن بالكلية، ولو كان لأحدكم حاجة يريد تناولها منهن فلا ينظر إليهن، ولا يسألهن حاجة إلا من وراء حجاب»[1].

واتە: هەروەکوو چۆن ڕێگریتان لێ کراوە لە چوونە لایان، بەهەمان شێوەش بەهیچ شێوەیەک سەیریان مەکەن، خۆ ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوەش پێداویستییەکتان هەبوو، دەتانویست لەوانی وەربگرن، ئەوا با سەیریان نەکەن و داوای هیچ پێداویستییەکیش نەکەن، ئیللا لە پشت پەردەوە نە بێت.

هەروەها مامۆستامان (مصطفى العدوي) دەفەرموێ: ووجه الاستدلال بهذه الآية الكريمة مبني على أصلين:

الأول: أن خطاب الواحد يشمل خطاب الجماعة.

الثاني: الاشتراك في العلة.

[١] «تفسير القرآن العظيم» ابن كثير (٦/٤٥٥).

أما بالنسبة للأصل الأول فيتأيد بقول النبي ﷺ: «إِنَّمَا قَوْلِي لِامْرَأَةٍ وَاحِدَةٍ كَقَوْلِي لِمِائَةِ امْرَأَةٍ»[1]، وقد أمر الله -عز وجل- نساء النبي ﷺ- بالحجاب -ولا نعلم في ذلك خلافًا- فنساء المؤمنين تبع لهن في ذلك؛ لما ذكرناه من أن خطاب الواحد يشمل خطاب الجماعة. ويتأيد هذا الكلام بالأصل الثاني ألا وهو: الاشتراك في العلة، فعلّة السؤال من وراء حجاب طهارة القلوب، ونساء المؤمنين كنساء النبي ﷺ- في الاحتياج إلى ذلك، ويتأيد هذا الكلام بالعموم الوارد في حديث رسول الله ﷺ: «إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ»[2]. ويتأيد أيضًا بقرينة انضمام نساء المؤمنين إلى نساء النبي ﷺ- وبناته في قوله تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩][3]

واتە: ڕووی بەڵگەهێنانەوە بەو ئایەتە پیرۆزە، لەسەر دوو بنچینە دامەزراوە:

یەکەم: قسەکردن بۆ یەکێک، قسەکردن بۆ کۆمەڵێکیش دەگرێتەوە.

دووەم: هاوبەشبوونە لە هۆکار.

---

[1] أخرجه أحمد (٢٦٤٦٩) وصحح إسناده ابن كثير في «تفسيره» (١٢٢/٨)، وهو كما قال.

[2] «صحيح البخاري» (٥٢٣٢) و«مسلم» (٢١٧٢).

[3] الحجاب «أدلة الموجبين وشبهُ المخالفين» (٥).

ئینجا بە نیسبەت بنچینەی یەکەم، ئەوە بەو وتەیەی پێغەمبەر -ﷺ- پشتگیری دەکرێت: «قسەی من بۆ یەک ئافرەت، وەکوو قسەمە بۆ سەد ئافرەت»، بێگومان خوای گەورەش فەرمانی بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ- کردووە بە حیجاب و خۆداپۆشین، هیچ ڕاجیایەکیش لەو بوارەوە نازانین، ئافرەتان و هاوسەرانی باوەڕدارانیش لەمەدا شوێنکەوتەن بۆ ئەوان؛ لەبەر ئەو بنچینەیەی کە باسمانکرد کە قسەکردن بۆ یەکێک، قسەکردنە بۆ کۆمەڵێک. ئینجا ئەو قسەیەش بە بنچینەی دووەم پشتگیری دەکرێت، ئەویش بریتییە لە: هاوبەش بوون لە هۆکار، چونکە هۆکاری پرسیارکردن لە پشتی پەردەوە، بریتییە لە (پاک و خاوێنی دڵەکان)، ئێ هاوسەرانی باوەڕدارانیش وەکوو ئافرەتانی پێغەمبەرن -ﷺ- لە پێویستییان بەو پاک و خاوێنییە[1]،

[١] زانایان یەکدەنگن کە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر حیجابی تەواو و داپۆشینی دەموچاو، بەڵام ئەوانەی کە دەڵێن دروستە دەموچاو بەدەرەوە بێت، پێیان وایە ئایەتەکە تایبەتە بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ-، ئەمەش ڕاست و دروست نییە، بەڵکوو حوکمی ئایەتەکە گشتییە بۆ هەموو ئافرەتەکان، لەبەر ئەوەی هۆکارەکە بۆ هەموویان یەکێکە، کەواتە حوکمەکەش بۆ هەموویان یەک شت دەبێت. بۆیە بەگوێرەی ئەو یاسا و بنچینەیەی باسمانکرد، دەزانین کە حوکمی ئایەتی حیجاب گشتییە، ئەگەرچی دەربڕینەکەشی تایبەت بێت بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ-؛ چونکە قسەی ئەو بۆ یەکێک لە

ئەو قسەیەش پشتگیری دەکرێت بەو گشتێتییەی کە لە

خێزانەکانی، یان جگە لەوان وەکوو قسەیەتی بۆ سەد ئافرەت.
بێگومان زۆرێکیش لە ڕاڤەکارانی قورئان پێیان وایە حوکمی ئایەتەکە گشتییە و تایبەت نییە بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ-، وەکوو: (ابن جرير، ابن العربي، القرطبي، ابن كثير، الجصاص، الشوكاني، الشنقيطي، حسنين مخلوف) و جگە لەوانەش.
بەڵکوو ئەگەر خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ- فەرمانیان پێ کرابێت بە خۆداپۆشین، لەپێناو بەدەستهێنانی پاک و خاوێنی دڵ، سەرەڕای پاکێتی و هەڵبژێردراوی و ئارەزوو نەبوونی پیاوان بۆیان، ئەوا ئافرەتانی دیکە لەپێشترن بە خۆداپۆشین؛ چونکە زیاتر پێویستییان بە پاک و خاوێنییە(قياس الأولى)!
خۆ ئەگەر بشگوترێت: نا حوکمەکە تایبەتە بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ-، ئەویش لەبەر پلە و پێگە و ڕێز و شکۆیان، چونکە ڕێزیان گەورەترە لە ڕێزی ئافرەتانی باوەڕداران؛ بۆیە (خۆداپۆشینی تەواو) لەسەریان پێویست بوو. لە وەڵامدا دەگوترێت: دەکرێت بابەتەکە پێچەوانە بکەینەوە و بڵێین: بەڵکوو ڕێز و پلەوپایەیان ڕێپێدەرە بۆ دانەپۆشینی دەموچاو؛ لەبەر ئەوەی حیجاب بۆ ئافرەت داندراوە، بۆ پاراستنی ئافرەت، بێگومان خێزانەکانی باوەڕدارانیش پارێزراون و کەس ئارەزووی تێیاندا نییە؛ ئەویش لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان: چونکە خوا مارەبڕینیانی لەسەر موسڵمانان قەدەغە کردووە. دووەمیان: چونکە سەردەمەکەیان باشترین و پاکترین سەردەم بوو، چاکترینی پیاوەکانیش لەو سەردەمەدا بوون، بەهۆی ئەمەشەوە پارێزراوبیان شتێکی بێگومان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوجار فەرمانیان پێ کرا بە حیجابی تەواو.
[الدلالة الحكمة لآيات الحجاب على وجوب غطاء وجه المرأة، تأليف: لطف الله خوجه، ص: ١٧، ٣٦، ٤٠-٤١، ٤٣-٤٥، ٦٧]. -وەرگێڕ-.

فەرمـوودەی پێغەمبەری خـوا هاتـووە ﷺ: «وریابن لە چوونە لای ئافرەتـان». هەروەهـا پشـتگیری دەکرێـت بـە قەرینـەی چوونەپاڵـی هاوسـەرانی بـاوەڕداران، بـۆلای هاوسـەران و کچەکانـی پێغەمبـەر ﷺ، لـەو فەرمایشـتەی خـوای گەورە: {ئـەی پێغەمبـەر ﷺ، بـە هاوسـەرانت و بـە کچانـت و بـە ئافرەتانـی بـڕوادارانبڵـێ: بـا عاباکانیـان بدەن بەسـەر خۆیاندا (خۆیـان و جوانیانـی پـێ دابپۆشـن)؛ ئەوە نزیکـترە بناسرێن (بە داوێنپـاک)؛ تـا بەهۆیـەوە ئـازار نەدرێـن، خـوا لێخـۆش بووی میهرەبانـە}.

*****

بەڵگەی چوارەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ با جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە، تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بە داوێنپاک بناسرێنەوە، (لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە خۆی دانەدەپۆشی)، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە[1].

[١] زانایان یەکدەنگن -چ ئەوانەی کە دەڵێن داپۆشینی دەموچاو واجبە و چ ئەوانەشی کە دەڵێن واجب نییە و سوننەتە- لەسەر ئەوەی کە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ، واجب بووە لەسەریان کەوا (حیجابی تەواو) بکەن و دەست و دەموچاویشیان دابپۆشن و دروست نەبوو بۆیان کەوا دەربیخەن. ئێ خوای گەورەش فەرموویەتی: {ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ با عەبا و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ

لـه «المعجـم الوسـيط»دا هاتـووه: «(الجلبـاب): القميـص والثـوب المشـتمل عـلى الجسـد كلـه، والخـمار وما يلبـس فوق الثيـاب كالملحفـة والملاءة تشـتمل بهـا المـرأة»[1].

واتـه: جيلبـاب: كـراس و پۆشـاكێكه هەمـوو لاشـه داده‌پۆشـێت، هەروەهـا بريتييشـه لـه پەچه و ئەوەشـی لەسـەر پۆشـاک لەبـەر دەكرێـت، وەكـوو داپۆشـەر و چەرچـەف كەوا ئافـرەت لەخـۆی دەگرێـت.

بكەنـەوە، تـا هەمـوو لەشـيان بگرێتـەوە و جوانـی خۆيـان دەرنەخەن و سـينگ و ملیـان داپۆشـن، ئەمـە نزيكتـرە لـەوەی كـە بناسـرێنەوە ئەمـە ئافرەتـی ئـازادە و لەلايـەن كەسـانی خراپـەوە ئـازار نەدرێـن]. لێـرەدا هەمـووان بە يەک شـت قسـەيان لەگـەڵ كـراوە و دوێندراون، ئەسـڵيش ئەوەيـە كـە ناوەرۆكـی خيتـاب بۆ هەمـووان وەكـوو يەک بێـت، مـادام ئيستيسـنا و جياكردنـەوە و دەرهێنـان نەبێـت، لێرەشـدا كـە نييـە، بۆيـە خيتابەكـە بـۆ هەمووياـن يەک شـتە و وەكـوو يەكە و هەمووياـن تێيـدا يەكسـانن. كەواتـە واتـای ئـەو ئايەتـە ئەوەيـە كـە حيجابـی ئافرەتانـی بـاوەڕداران وەكـوو حيجابـی خێزانەكانـی پێغەمبـەرە -ﷺ-، چونكـە فەرمانەكـە يـەک فەرمانـە بـۆ هەمـووان. كەواتـە حيجابـی ئافرەتانـی باوەڕداريش بريتييە لـە حيجابی تەواو و داپۆشـينی دەسـت و دەموچـاو.

[الدلالـة الحكمـة لآيـات الحجـاب علـى وجـوب غطـاء وجـه المـرأة، تأليـف: لطـف اللـه خوجـه]. -وەرگێـڕ-.

[١] «المعجم الوسيط» (١/١٢٨).

زانـای گـەورە (ابـن رجـب الحنبـلي- ٧٩٥هـ) دەفەرمـوویّ: «الجلبـاب: هـي المـلاءة المغطيـة للبـدن كلـه، تُلبـس فـوق الثيـاب»[١].

واتـە: جیلبـاب: بریتییـە لـەو داپۆشـەر و چەرچەفـەی کـە هەموو پۆشـاک دادەپۆشـێت و لەسەر پۆشـاک لەبەر دەکرێت.

هەروەهـا حافـزی ئیـبن کەسـیر دەفەرمـوویّ: «الجلبـاب هـو: الـرداء فـوق الخـمار. قالـه ابـن مسـعود، وعَبيـدة، وقتـادة، والحسـن البصـري، وسـعيد بن جبير، وإبراهيم النخعي، وعطاء الخراسـاني، وغـير واحـد»[٢].

واتـە: جیلبـاب بریتییـە لـە: عەبـا و بالّاپۆشـێک لەسـەر پەچەوە. ئیبن مەسـعوود و عەبیدە و قەتادە و حەسـەنی بەسـڕی و سـەعیدی کـوڕی جوبەیـر و ئیبڕاهیمـی نەخەعـی و عەتائـی خوڕاسـانی و چەندانـی دیکـەش ئەمەیـان فەرمـووە.

دکتـۆر (وهبـة الزحيـلي) دەفەرمـوویّ: «الإدنـاء: التقريـب، والمـراد الإرخـاء والسـدل عـلى الوجـه والبـدن، وسـتر الزينـة، ولـذا عُـدِّي بـ «عَـلَى»، ﴿جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ جمـع جلباب، وهـو الملاءة التـي تشـتمل بهـا المـرأة فـوق القميـص، أو الثـوب الذي يسـتر جميـع البـدن، و«مِـنْ» للتبعيض، فإن المـرأة تغطي بعـض جلبابها

[١] «فتح الباري»، لابن رجب (٥٠٧/١).

[٢] «تفسير القرآن العظيم»، لابن كثير (٤٨١/٦).

وتتلفع ببعض، والمراد: يرخين بعضها على الوجوه إذا خرجن لحاجتهن إلا شيئًا قليلا، كعينٍ واحدة»[1].

واتە: (الإدناء): نزیککردنەوەیە، مەبەستیش شۆڕکردنەوە و هێنانەخوارەوەیە بۆ سەر دەموچاو و لاشە و داپۆشینی جوانییە، هەر بۆیە بە وشەی «عَلَى» تێپەڕی کردووە، ﴿جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾یش کۆی (جلباب)ـە، کە بریتییە لەو داپۆشەر و چەرچەفەی کە ئافرەت لەخۆی دەگرێت لەسەر کراس و پۆشاکی، یاخود ئەو پۆشاکەیە هەموو لاشە دادەپۆشێت، هەروەها «مِنْ»یش بۆ هێندێکییە؛ چونکە ئافرەت هێندێک لە جیلبابەکە دادەپۆشێت و بە هێندێکیشی خۆی دادەپۆشێت، مەبەستیش ئەوەیە: هێندێکی دەهێنێتە خوارەوە و شۆڕی دەکاتەوە بۆ سەر دەموچاو، ئەگەر لە مااڵ دەرچوون بۆ پێداویستییان، مەگەر کەمێکی نەبێت وەکوو یەک چاو.

هەروەها دکتۆر (محمد محمود حجازي) دەفەرموێت: «﴿جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾: جمع جلباب، وهو الثوب الذي يستر جميع البدن...فيسترن أجسامهن كلها حتى وجوههن إلا ما به ترى الطريق، ويرى بعضهم أن ستر الوجه إنما يكون عند الفتنة»[2].

واتە: جەلابیب، کۆی جیلبابە، کە بریتییە لەو پۆشاکەی هەموو لاشە دادەپۆشێت... ئافرەتان هەموو لاشەیان

---

[1] «التفسير المنير»، للزحيلي (١٠٦/٢٢).

[2] «التفسير الواضح»، للدكتور محمد محمود حجازي (١١٥/٣-١١٦).

دادەپۆشی، هەتا دەموچاویشیان، ئیللا ئەوەندە نەبێت کەوا ڕێگەی پێ ببینێت، هێندێکیشیان پێیان وابووە کە داپۆشینی دەموچاو، تەنها لەکاتی فیتنە فەرز دەبێت[1].

[١] لە پێناسەی (الجلباب)دا ئەم پێناسانەش گوتراوە: «قال النووي: وقال آخرون: هو الملاءة التي تلتحف بها المرأة فوق ثيابها، وهذا هو الصحيح». واتە: هێندێکی دیکە گوتوویانە: بریتییە لەو چەرچەفەی کە ئافرەت خۆی پێ دادەپۆشێت لەسەرووی پۆشاکەکەی، ئەمەش پێناسەیەکی ڕاست و دروستە.
هەروەها ئیبن حەزم گوتوویەتی: «والجلباب في لغة العرب التي خاطبنا بها رسول الله -ﷺ-، هو ما غطى جميع الجسم لا بعضه». واتە: جیلباب لە زمانی عەرەبی، ئەو زمانەی کە پێغەمبەری خوا -ﷺ-، قسەی پێ لەگەڵ ئێمە کردووە، بریتییە لەوەی هەموو لاشە دابپۆشێت، نەوەک هێندێکی.
بەڵام پێناسەی هەڵبژێردراو ئەوەیە: «الجلباب: هو الملاءة التي تلتحف بها المرأة فوق ثيابها، تستر جميع بدنها وملابسها، ووجهها، وتبدي عينا واحدة، أو العينين فقط». واتە: جیلباب: ئەو چەرچەفەیە کەوا ئافرەت خۆی پێ دادەپۆشێت لەسەرووی پۆشاکەکانی، هەموو لاشە و پۆشاکی پێ دادەپۆشێت، هەروەها دەموچاویشی، بەڵام یەک چاوی دەردەخات، یان تەنها دوو چاوی.
[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، د. سعيد القحطاني، ص: ١٣-١٤].
شێخ (عبدالعزيز الطريفي)ش دەڵێت: «جیلباب لە عەبای ئەمڕۆ نزیکە، بەڵام ئەوەندە هەیە کەوا جیلباب نەدووراوە». -وەرگێڕ-.

لـه دایکـی سـەلەمەوە هاتووە کـه فەرموویەتـی: «لَـمَّا نَزَلَتْ: ﴿يُدْنِـينَ عَلَيْهِـنَّ مِن جَلَـٰبِيبِهِنَّ﴾ خَرَجَ نِسَـاءُ الْأَنصَـارِ كَأَنَّ عَلَى رُءُوسِـهِنَّ الغِربَانَ مِن الأَكسِيَةِ»[1].

واتـه: کاتێـک ئـەو ئایەتـە دابـەزی: [بـا عەبـا و لەچـک و پۆشـاکەکانیان شـۆڕ بکەنـەوە، تـا هەمـوو لەشـیان بگرێتـەوە و جوانـی خۆیـان دەرنەخـەن و سـینگ و ملیـان دابپۆشـن]، ئافرەتـە ئەنسـارییەکان دەرچـوون وەکـوو ئـەوەی قەلـەڕەش لەسـەر سـەریانەوە بێـت؛ هێندێـک لـە پۆشـاکەکانیان کـرد بە سـەرپۆش و سـەری خۆیـان پـێ داپۆشـی، [واتـە خیمارەکەیان ڕەنگـی زۆر ڕەش بوو، ئەمەش بەڵگەیە لەسـەر سـووربوونیان بـۆ گوێرایەڵـی و جێبەجێکردنـی فەرمانـی خـوای گـەورە].

هەروەهـا لـە ئیـبن عەبباسیشـەوە -ڕەزای خـوای لێبێـت- هاتـووە کە دەربارەی ئەو فەرمایشـتەی خوای گـەورە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِـكَ وَبَنَاتِـكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِـينَ عَلَيْهِنَّ مِـن جَلَـٰبِيبِهِـنَّ﴾ فەرموویەتـی: «أَمَـرَ اللـهُ نِسَـاءَ المؤمنـينَ إذا خَرَجْـنَ مـن بُيُوتهـنَّ في حَاجَـة أن يُغَطِّـينَ وُجُوهَهُـنَّ مـن فَـوق رُءُوسِـهِنَّ بِالجَلَابِيـب وَيُبْدِيـنَ عَينًـا وَاحِـدَة»[2].

---

[١] أخرجه أبو داود (٤١٠١) وصححه المحدث الألباني في «صحيح أبي داود» (٤١٠١) وقال الشيخ ابن باز: إسناده حسن «مجموع الفتاوى» (٢٤٣/٤).

[٢] أخرجه ابن جرير في «تفسيره» (٢٠ / ٣٢٤) وابن أبي حاتم في «تفسيره» (١٧٧٨٣) وإسناده منقطع؛ لأن علي بن أبي طلحة لم يسمع من ابن عباس -رضي الله عنهما-. ولكن يشهد له الأثر الذي بعده.

واتە: خوای گەورە فەرمانی بە ئافرەتانی باوەڕدار کردووە، ئەگەر لە ماڵەکانیان دەرچوون بۆ پێویستییەک، با دەموچاویان دابپۆشن لەسەر سەریانەوە بە عەبا و سەرپۆشەکانیان و یەک چاویشیان دەربخەن.

هەر لە ئیبن عەبباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە فەرموویەتی: «تُدلي عَليها من جَلَابيبها، ولا تَضْربْ به» قلت [عطاء]: وما تَضرب؟ فأشَارَ لي كَما تَجلبب المرأةُ، ثمَ أشَار إلى مَا عَلى خَدِّها من الجلباب، فَقَال: لا تَعطفْه، فتَضرب به على وَجْهها، فذلك الذي يَبقَى عَلَيهَا، ولكن لتُدْله عَلَى وَجههَا كَمَا هُو مسدولًا تقلِّبه، ولا تضرب به، ولا تعطفه»[1].

واتە: ئافرەت عەبا و سەرپۆشەکەی بەسەر خۆیدا شۆڕ دەکاتەوە و دەیهێنێتە خوارەوە، بەڵام با پێیدا نەدات، عەتاء دەڵێت گوتم: چی پێدا نەدات، ئەویش ئاماژەی بۆ کردم هەروەکوو چۆن ئافرەت عەبا بەسەر خۆیدا دەدات، پاشان ئاماژەی کرد بۆ ئەو عەبایەی کەوا لەسەر ڕوومەتی بوو، فەرمووی: با نەیپێچیتەوە و بە دەموچاوی دانەدات، ئا ئەوە لەسەری دەمێنێت، بەڵام بەسەر دەموچاویدا شۆڕی دەکاتەوە هەروەکوو هاتۆتە خوارەوەریدەگێڕێت، بەڵام پێیدا نادات و نایپێچێتەوە.

---

[١] أخرجه الشافعي في «مسنده» (١١٨/١) (٥٤٤) والبيهقي في «معرفة السنن والآثار» (٩٦٠٢) وقال الشيخ مصطفى العدوي في كتابه «الحجاب أدلة الموجبين وشبه المخالفين» (١٢): موقوف صحيح.

هەروەها لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە فەرموویەتی: «رَأَى عُمَرُ جَارِيَةً مُتَقَنِّعَةً فَضَرَبَهَا، وَقَالَ: لاَ تَشَبَّهِينَ بِالْحَرَائِرِ»[1].

واتە: پێشەوا عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- کەنیزەکێکی بینی کە ڕووی خۆی داپۆشی بوو، ئەویش لێیدا و گوتی: خۆت مەچوێنە بە ئافرەتە ئازادەکانەوە.

هەروەها لە (أَبِي قِلاَبَةَ) هاتووە کە فەرموویەتی: «كَانَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ لاَ يَدَعُ فِي خِلاَفَتِهِ أَمَةً تَقَنَّعُ. قَالَ: وَقَالَ عُمَرُ: إِنَّمَا الْقِنَاعُ لِلْحَرَائِرِ، لَكَيْ لاَ يُؤْذَيْنَ»[2].

واتە: پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب لەسەردەمی جێنشینایەتی خۆیدا، ڕێی نەدەدا کەوا هیچ کەنیزەکێک پەچە بکات و ڕووی خۆی دابپۆشێت. ئەبوو قیلابە گوتی: عومەر دەیفەرموو: پەچە و ڕووپۆش تەنها بۆ ئافرەتە ئازادەکانە، ئەویش بۆ ئەوەی بناسرێنەوە[3].

---

[1] «مصنف ابن أبي شيبة» (٢ / ٢٣١) (٦٢٩٤)، وإسناده صحيح.

[2] «مصنف ابن أبي شيبة» (٢٣١/٢) (٦٢٩٧) وإسناده منقطع؛ لأن أبا قلابة لم يدرك عمر -رضي الله عنه-. ولكن يشهد له حديث أنس الذي قبله.

[3] ئیمامی ئیبن تەیمییە دەفەرموێ: «وَالْحِجَابُ مُخْتَصٌّ بِالْحَرَائِرِ دُونَ الْإِمَاءِ، كَمَا كَانَتْ سُنَّةُ الْمُؤْمِنِينَ فِي زَمَنِ النَّبِيِّ -ﷺ- وَخُلَفَائِهِ: أَنَّ الْحُرَّةَ تَحْتَجِبُ وَالْأَمَةُ تَبْرُزُ». واتە: پەچە و ڕووداپۆشین تایبەتە بە ئازادەکان، نەک کەنیزەکەکان، هەروەکوو ئەمە سوننەتی باوەڕداران بوو لەسەردەمی پێغەمبەر و جێنشینەکانی: ئافرەتی

حافزی ئیبن حەجەر دەفەرموێ: «(التَّقَنّعُ) بقاف ونون ثقيلة، وهو تغطية الرأس وأكثر الوجه برداء أو غيره».[1]

واتە: پەچەکردن بریتییە لە: داپۆشینی سەر و زۆربەی دەموچاو بە عەبا یان جگە لەو.

ئینجا ئەگەر بگوترێت: هێندێک لە کەنیزەکەکان هەنە کە جوانترن و زیاتر جێگای فیتنەن لە ئافرەتە ئازادەکان[2]!!

وەڵامەکەی، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەفەرموێ: «الأمة إذا كان يُخاف بها الفتنة، كان عليها أن ترخي من جلبابها وتحتجب، ووجب غض البصر عنها ومنها، وليس في الكتاب والسنة إباحة النظر إلى عامة الإماء ولا ترك احتجابهن وإبداء زينتهن، ولكنَّ القرآن لم يأمرهن بما أمر الحرائر، والسُّنة فرقت بالفعل بينهنَّ وبين الحرائر، ولم تفرق بينهن وبين الحرائر بلفظ عام، بل كانت عادة المؤمنين أن تحتجب منهم الحرائر دون الإماء، واستثنى القرآن من النساء الحرائر القواعد فلم يجعل عليهن احتجابًا، واستثنى بعض

ئازاد ڕووی خۆی دادەپۆشی، کەنیزەکیش دەردەکەوت و دیاربوو. [مجموع الفتاوى (١٥/ ٣٧٢)]. -وەرگێڕ-.

[١] «فتح الباري»، لابن حجر (١٠/٢٧٤).

[٢] پێشەوا ئیبن قودامەی مەقدیسی دەفەرموێ: «قَالَ أَحْمَدُ فِي الأَمَةِ إِذَا كَانَتْ جَمِيلَة: تَنْتَقِبُ». [المغني (٧/ ١٠٣)]. واتە: پێشەوا ئەحمەد دەربارەی جاریە و کەنیزەک فەرموویەتی: ئەگەر جوان بوو، ڕووی خۆی دادەپۆشێت. -وەرگێڕ-.

الرجال وهم غير أولي الإربة فلم يمنع من إبداء الزينة الخفية لهم؛ لعدم الشهوة في هؤلاء وهؤلاء، فأنْ يُستثنى بعض الإماء أولى وأحرى وهنَّ من كانت الشهوة والفتنة حاصلةً بترك احتجابها وإبداء زينتها»[1].

واتە: کەنیزەکیش ئەگەر ترسی تووشبوون بە فیتنەی پێوە بێت، ئەوا لەسەریەتی عەبا و سەرپۆشەکەی بەسەرخۆیدا شۆڕ بکاتەوە و خۆی دابپۆشێت، هەروەها پێویستییشە کەوا چاو لێی بگیرێتەوە و سەیری نەکرێت، لە قورئاندا نەهاتووە کە ڕیی دابێت سەیری هەموو کەنیزەکەکان بکرێت، نەشهاتووە کە خۆیان دانەپۆشن و جوانی خۆیان دەربخەن، بەڵام قورئان ئەو فەرمانەی بە ئازادەکانی کردووە، بەوانی نەکردووە، هەروەها سوننەتیش بە کردەوەیی جیاوازی خستۆتە نێوانی ئەوان و نێوانی ئازادەکانەوە، بەڵام بە دەربڕینێکی گشتی جیاوازی نەخستۆتە نێوانیان، بەڵکوو عورف و عادەتی باوەڕداران وابووە کە ئازادەکان خۆیانیان لێ دابپۆشن نەک کەنیزەکەکان، هەروەها قورئانیش لەناو ئافرەتە ئازادەکان، ئەو ئافرەتانەی جیاکردۆتەوە کە پیرن و ئومێدی شوو کردنیان نەماوە، خۆداپۆشینی تەواوی لەسەریان دانەناوە، هێندێک لە پیاوانیشی جیاکردۆتەوە، ئەوانەی کە ئارەزووی ژنهێنانیان نەماوە، قەدەغەی نەکردووە لە دەرخستنی جوانی

[1] «مجموع الفتاوى» (١٥/٣٧٣).

شاراوە بۆیان؛ لەبەر نەبوونی ئارەزووی ژن و مێردایەتی لەمانە و لەوانی دیکەش، کەواتە بەگوێرەی ئەمە ئەگەر هێندێک لە کەنیزەکەکانیش جیابکرێنەوە لەو حوکمە گشتییە، لەپێشتر و شایستەتترە، ئەوانیش ئەو کەنیزەکانەن کە بەهۆی وازهێنان لە خۆداپۆشینیان و دەرخستنی جوانیان، ئارەزوو و فیتنە دێتەجێ.

لە (محمد بن سیرین)یشەوە هاتووە لە (عَبيدة السَّلماني) یەوە کە دەربارەی ئەو وتەیەی خوا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ فەرموویەتی[1]: «فلَبسَها عندنا ابنُ عون، قال: ولبسَها عندنا محمدٌ، قال محمدٌ: ولبسَها عندي عَبيدةُ، قال ابنُ عون بردائه فتقنع به، فغطى أنفه وعينه اليسرى وأخرج عينه اليمنى، وأدنى رداءه من فوق حتى جعله قريبًا من حاجبه أو على الحاجب»[2].

واتە [ئەمە باس لە چۆنیەتی خۆداپۆشین دەکات بە جیلباب]: ئیبن عەون لەلای ئێمە عەبای لەبەر کرد و پۆشی، ئینجا گوتی: موحەممەد لەلای ئێمە پۆشی، موحەممەدیش

---

[1] عەبیدەی سەلمانی: لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ- موسڵمان بوو، بەڵام نەهاتە لای و نەیبینی، دواتر لە سەردەمی پێشەوا عومەر هاتە مەدینە. -وەرگێڕ-.

[2] أخرجه ابن جرير في «تفسيره» (٣٢٤/٢٠) وإسناده صحيح.

گوتی: عەبیدە لەلای من پۆشی، ئینجا ئیبن عەون ڕووی خۆی بە پۆشاکەکەی داپۆشی، ئەوەبوو لووت و چاوی چەپی داپۆشی و چاوی ڕاستیشی دەرهێنا، هەروەها عەباکەشی لەسەرەوە هێنایە خوارەوە، تاوەکوو نزیکی کردەوە لە برۆی، یان هێنایە سەر برۆی.

هەروەها هەر لە ئیبن سیرینەوە هاتووە کە فەرموویەتی: پرسیارم لە عەبیدە کرد دەربارەی ئەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ ئەویش فەرمووی: «فقال بثوبه، فغطى رأسه ووجهه، وأبرز ثوبه عن إحدى عينيه»[1].

واتە: بە پۆشاکەکەی ئاوای کرد، سەر و دەموچاوی داپۆشی، بەڵام پۆشاکەکەی لە یەکێک لە چاوەکانی لادا و دەریخست.

لە سەعیدی کوڕی جوبەیریشەوە هاتووە کە دەربارەی ئەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾، فەرموویەتی: «يسدلن عليهن من جلابيبهن، وهو القناع فوق الخمار، ولا يحل لمسلمة أن يراها غريب، إلا أن يكون عليها القناع فوق الخمار، وقد شدَّت به رأسها ونحرها»[2].

---

[١] أخرجه ابن جرير في «تفسيره» (٣٢٥/٢٠) وإسناده صحيح.

[٢] أخرجه ابن أبي حاتم في «تفسيره» (٣٢٥/٢٠).

واتـه: جەلابیبەکانیـان بەسـەر خۆیانـدا دێننـه خـوارەوە و شـۆڕی دەکەنـەوە، کـه بریتییـه لـه ڕووپـۆش و پەچـه لەسـەر لەچـک، بـۆ هیـچ ئافرەتێکـی موسـڵمان حـەڵاڵ نییـه کـه نامۆ و بێگانەیەک ببینێت، مەگەر چارشـێوی بەسـەرەوە بێت لەسەر لەچـک، کـه بەهۆیـەوە سـەر و گەردەنـی توند بەسـتابێت.

هەروەها (ابـن جریـر الطبري) دەفەرمـووێ: «یقـول تعـالی ذکـره لنبیـه محمـد -ﷺ-: ﴿یَـٰٓأَیُّهَـا ٱلنَّبِیُّ قُـل لِّأَزۡوَٰجِـكَ وَبَنَاتِـكَ وَنِسَـآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِـینَ یُدۡنِـینَ عَلَیۡهِـنَّ مِـن جَلَـٰبِیبِهِـنَّۚ﴾: أي: لا یتشـبهن بالإمـاء في لباسـهن إذا هـنَّ خرجـن مـن بیوتهن لحاجتهن، فکشـفن شـعورهن ووجوههـن. ولکن لیدنـین علیهن مـن جلابیبهـنَّ؛ لئـلا یعـرض لهـن فاسـق، إذا علـم أنهـنَّ حرائـر، بـأذی مـن قـول»[1].

واتـه: خـوای بـەرز و بڵنـد بـه پێغەمبەرەکـەی -ﷺ- دەفەرمـووێ: ﴿یَـٰٓأَیُّهَـا ٱلنَّبِیُّ قُـل لِّأَزۡوَٰجِـكَ وَبَنَاتِـكَ وَنِسَـآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِـینَ یُدۡنِـینَ عَلَیۡهِـنَّ مِـن جَلَـٰبِیبِهِـنَّۚ﴾، واتـا: بـا لـه پۆشـاکەکانیان خۆیـان نەچوێنـن بـه کەنیزەکـەکان، ئەگـەر بـۆ پێداویسـتییەک لـه ماڵەکانیـان دەرچـوون، بـا پـرچ و دەموچاویـان دەرنەخـەن. بەڵکـوو عەبـا و سەرپۆشـەکانیان بەسـەر خۆیاندا بـدەن؛ بۆ ئـەوەی مرۆڤە فاسـیق و خەراپەکان،

[1] «تفسیر الطبري» (٣٢٤/٢٠).

ڕێیان پێ نەگرن و قسەی خەراپیان پێ نەڵێن، ئەگەر زانیان ئەوان ئافرەتی ئازادن[1].

هەروەها (أبو بكر الجصاص- ٣٧٠هـ) دەفەرموێ: «في هذه الآية دلالة على أن المرأة الشابة، مأمورة بستر وجهها عن الأجنبيين، وإظهار الستر والعفاف عند الخروج؛ لئلا يطمع أهل الرَّيب فيهنَّ»[2].

واتە: ئەو ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ئافرەتی گەنج، فەرمان پێکراوە بە داپۆشینی دەموچاوی لە بێگانەکان، هەروەها دەبێت لەکاتی دەرچوونی، داپۆشراوی و داوێنپاکی خۆی دەربخات؛ تاوەکوو کەسانی خەراپ و گوماناوی ئارەزوویان تێ نەکەن.

هەروەها (النسفي- ٥٣٧هـ) دەفەرموێ: «ومعنى ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ يرخينها عليهن ويغطين بها وجوههن وأعطافهن. يقال: إذا زال الثوب عن وجه المرأة: أدني ثوبك على وجهك. و(من) للتبعيض أي ترخي بعض جلبابها وفضله على وجهها تتقنَّع حتى تتميز من الأمة»[3].

---

[١] پێشەوا شەنقیتی دەڵێت: «مەبەست ئەوە نییە کە شەڕ پێفرۆشتن و ئازاردانی خەراپەکارەکان بۆ کەنیزەکەکان دروست بێت، بەڵکوو ئەو کارە حەرامە و گومانیش لەوەدا نییە کە ئەوانەی ڕێیان پێ دەگرتن و ئازاریان دەدان، لەوانە بوون کە نەخۆشی لە دڵیاندا بوو». -وەرگێڕ-

[٢] «أحكام القرآن» للجصاص (٢٤٥/٥).

[٣] «تفسير النسفي» (١٤١/٣).

واتـە: واتـای ئـەو ئایەتـە: ﴿يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ ئەوەیـە: بـا عەباکانیـان بەسـەر خۆیانـدا شـۆڕ بکەنـەوە و خۆیـان و دەموچـاو و تەنیشـتەکانی خۆیانیـان پـێ دابپۆشـن. ئەگـەر پۆشـاک لـە دەموچـاوی ئافـرەت لاکـەت، دەگوترێـت: پۆشـاکەکەت بەسـەر دوموچاوتدا بهێنە خوارەوە. وشەی (مِن) یـش بـۆ هێندێکییـە، واتـا: هێندێک لـە عەبا و سەرپۆشـەکەی و زیادەکەی بەسـەر دەموچاویدا شـۆڕ بکاتـەوە و ڕووی خۆی دابپۆشـێت، تاوەکـوو لـە کەنیـزەک جیابێتەوە

هەروەهـا (الزمخشـري- ٥٣٨هـ) دەڵێـت: «ومعنـى ﴿يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ يرخينها عليهنّ، ويغطين بها وجوههنّ وأعطافهنّ»[1].

واتـە: واتـای ﴿يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ ئەوەیـە: با عەباکانیان بەسـەر خۆیاندا شـۆڕ بکەنەوە و خۆیان و دەموچاو و تەنیشـتەکانی خۆیانیان پێ دابپۆشـن.

پێشـەوا بەغەویـش دەفەرموێـت: «الجلباب: هـو الملاءة التـي تشـتمل بهـا المرأة فـوق الدّرع والخـمار»[2].

واتـە: جیلبـاب: ئـەو چەرچەفەیـە کـەوا ئافـرەت لەخـۆی وەردەگرێـت، لەسـەر کـراس و لەچـک.

[١] «تفسير الكشاف» (٥٦٠/٣).

[٢] «تفسير البغوي» (٣٧٦/٦).

هەروەها (ابن الجوزي- ٥٩٧هـ) دەفەرمووێ: «قوله تعالى: ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ﴾ قال ابن قتيبة: (يَلْبَسْنَ الأَرْدِية). وقال غيره: (يغطِّين رؤوسهنّ ووجوههن)»[١].

واتە: دەربارەی ئەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ﴾، ئیبن قوتەیبە فەرموویەتی: واتا: عەبا و باڵاپۆشەکان لەبەر دەکەن. جگە لەویش گوتوویەتی: واتا: سەر و دەموچاویان دادەپۆشن.

پێشەوا (القرطبي) دەفەرمووێ: «لما كانت عادة العربيات التبذُّل، وكنَّ يكشفن وجوههن كما يفعل الإماء، وكان ذلك داعية إلى نظر الرجال إليهن، وتشعب الفكرة فيهن؛ أمر الله رسوله -ﷺ- أن يأمرهن بإرخاء الجلابيب عليهن إذا أردن الخروج إلى حوائجهن، وكنَّ يتبرزن في الصحراء قبل أن تُتَّخذ الكنف، فيقع الفرق بينهن وبين الإماء، فتُعرف الحرائر بسترهن، فيَكُفَّ عن معارضتهن من كان أعزب أو شابًا، وكانت المرأة من نساء المؤمنين قبل نزول هذه الآية تتبرز للحاجة فيتعرض لها بعض الفجار، يظن أنَّها أمة فتصيح به فيذهب، فشكوا ذلك إلى النبي -ﷺ-، ونزلت الآية بسبب ذلك»[٢].

---

[١] «زاد المسير في علم التفسير» (٤٢٢/٦).

[٢] «تفسير القرطبي» (٢٤٢/١٤)

واتـە: لەبەر ئەوەی نەریتی ئافرەتانی عەرەب شـەرم نەکردن و خۆنەپاراسـتن بـوو، هەروەهـا دەموچاوی خۆیان دەردەخسـت وەکـوو کەنیزەکـەکان، ئەمـەش هـۆکار بـوو بۆ ئـەوەی پیاوان تێیـان بڕوانـن و بیـر پەلبهاوێژێـت بـۆ لایـان؛ بۆیـە خـوا و پێغەمبەرەکـەی -ﷺ- فەرمانیان کردووە، بـەوەی فەرمانیان پێ بکرێـت بـە هێنانـە خـوارەوەی عەباکانیـان بەسـەریاندا، ئەگەر وێسـتیان لـە مـاڵ دەربچـن بـۆ پێداویسـتییەکانیان، ئافرەتـان پێشـتر پێشـی ئەوەی ئاوەدەسـتخانە دروسـت بکرێت، دەچوونە (سـەرئاو) لـە دەشـت و چۆڵەوانـی، جـا جیـاوازی لەنێوانـی ئـەوان و نێوانـی کەنیزەکەکان دروسـت دەبوو، ئیـتر ئازادەکان بەخۆداپۆشـینیان دەناسرانـەوە، ئەوکاتیـش ئـەو کەسـەی بێژن بووایـە یـان گەنـج بوویـە، خـۆی دەگرتـەوە لـە ڕێگەپێگرتنیان و ئازاردانیـان، ئافرەتێـک لـە ئافرەتانـی بـاوەڕداران پێشـی دابەزینـی ئـەو ئایەتە، کاتێک کە دەردەچوون بۆ سـەرئاوکردن، تووشـی هێدێـک لـە خەڕاپـەکارەکان دەبـوو و ڕێیـان پـێ دەگـرت، کـە وای گومان دەبـرد کەنیزەکە، ئەویش هـاواری لێ دەکـرد و کابـراش دەڕۆیـی، بۆیە سـکاڵای ئەوەیـان هێنا بۆ لای پێغەمبـەر -ﷺ-، ئیـتر بەهـۆی ئەمـەوە ئـەو ئایەتـە دابەزی.

هەروەهـا (البيضـاوي- ٦٩١هــ) دەفەرمـووێ: «يغطِّين وجوههـن وأبدانهـن بملاحفهـن، إذا بـرزن لحاجـة»[1].

[١] «تفسير البيضاوى» (٣٨٦/٤).

واتە: دەموچاو و لاشەیان بە پۆشاک و عەبا و جوببەکانیان دابپۆشن، ئەگەر دەرچوون بۆ پێداویستی.

شێخی ئسلام ئیبن تەیمییە دەفەرمووێ: «الوجه واليدان والقدمان ليس لها [أي: المرأة] أن تبدي ذلك للأجانب على أصحِّ القولين، بخلاف ما كان قبل النّسخ بل لا تبدي إلا الثِّياب»[1].

واتە: ئافرەت بۆی نییە کە دەموچاو و دەستەکان و قاچەکانی دەربخات بۆ بێگانەکان، لەسەر ڕاستترینی دوو قسەکان، بەپێچەوانەی ئەوەی کە پێشی نەسخ بوونەوە، بەڵکوو هیچ شتێک دەرناخات، تەنها پۆشاک نەبێت.

بەهەمان شێوە شێخی ئیسلام دەفەرمووێ: «ولهذا أمرت المرأة أن تختمر في الصَّلاة، وأمَّا وجهها ويداها وقدماها، فهي إنَّما نُهيت عن إبداء ذلك للأجانب، ولم تُنه عن إبدائه للنّساء ولا لذوي المحارم»[2].

واتە: هەر بۆیە ئافرەت فەرمانی پێ کراوە بەوەی خۆی دابپۆشیت لەناو نوێژدا، بەڵام دەموچاو و دەستەکانی و پێیەکانی، ئەوە ڕێگری لێ کراوە لە دەرخستنی ئەمانە بۆ کەسی بێگانە، بەڵام ڕێگری لێ نەکراوە لە دەرخستنیان بۆ ئافرەتان و خاوەنی مەحرەمەکان.

---

[١] «مجموع الفتاوى» (١١٤/٢٢).

[٢] «مجموع الفتاوى» (١١٧/٢٢).

هەروەها (السّيوطيّ- ٩١١هـ) دەفەرموێ: «هذه آية الحجاب في حقِّ سائر النِّساء، ففيها وجوب ستر الرَّأس والوجه عليهنَّ»[١].

واتە: ئەوە ئایەتی حیجاب و خۆداپۆشینە دەربارەی هەموو ئافرەتان، کەواتە ئەوەی تێدایە کە واجبە لەسەریان داپۆشینی سەر و دەموچاو.

هەروەها (أبو السُّعود- ٩٨٢هـ) دەفەرموێ: «أي يغطين بها وجوههنَّ وأبدانهنَّ إذَا برزن لداعية من الدَّواعي، و(مِنْ) للتبعيض؛ لما مرَّ منْ أنَّ المعهودَ التَّلفُّعُ ببعضها وإرخاءُ بعضها»[٢].

واتە: بە عەباکانیان دەموچاو و لاشەیان دادەپۆشن، ئەگەر بۆ پێویستییەک لە پێداویستییەکانیان دەرچوون، هەروەها وشەی (مِنْ) بۆ هێندێکییە؛ لەبەر ئەوەی پێشتر باسمان کرد کە ئەوەی زانراوە خۆداپۆشین بە هێندێکی دەبێت و هێندێکیشی شۆڕ دەکرێتەوە دەهێندرێتە خوارەوە.

هەروەها (العظيم آبادي- ١٣١٠هـ) دەربارەی ئەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ دەفەرموێ: (ذَلِكَ أَدْنَى) أَقْرَبُ إِلَى (أَنْ يُعْرَفْنَ) بِأَنَّهُنَّ حَرَائِرُ؛ (فَلَا يُؤْذَيْنَ) بِالتَّعَرُّضِ لَهُنَّ، بِخِلَافِ الْإِمَاءِ، فَلَا يُغَطِّينَ وُجُوهَهُنَّ. وَكَانَ الْمُنَافِقُونَ يَتَعَرَّضُونَ لَهُنَّ»[٣].

---

[١] «عون المعبود» (١١/١٥٨).

[٢] «تفسير أبي السعود» (٥/٣٥٢).

[٣] «عون المعبود» (١١/١٥٨).

واتە: ئەوە نزیکترە تاوەکوو بناسرێنەوە بەوەی ئازادەکانن و ئازار نەدرێن بە شەڕ پێفرۆشتنیان، بەپێچەوانەی کەنیزەکەکان، چونکە ئەوان دەموچاویان داناپۆشن، دووڕووەکانیش ڕووبەڕوویان دەبوونەوە و شەڕیان پێ دەفرۆشتن و ئازاریان دەدان.

هەروەها (إسماعيل حقي) دەفەرموێ: «والمعنى يغطِّين بها وجوههن وأبدانهن وقت خروجهن من بيوتهن لحاجة، ولا يخرجن مكشوفات الوجوه والأبدان كالإماء حتى لا يتعرض لهن السفهاء ظنًا بأنهن إماءً»[1].

واتا: بە عەباکانیان دەموچاو و لاشەیان دادەپۆشن، لەکاتی دەرچوونیان لە ماڵەکانیان بۆ پێداویستیی، بەڵام نابێت دەربچن لەکاتێکدا دەموچاو و لاشەیان بەدەرەوە بێت، وەکوو کەنیزەکەکان، تاوەکوو گەمژە و دووڕووەکان شەڕیان پێ نەفرۆشن بەگومانی ئەوەی کەنیزەکن.

شێخی سەعدیش دەفەرموێ: «وهنَّ اللاتي يكنَّ فوق الثياب من ملحفة وخمار ورداء ونحوه، أي: يغطين بها وجوههن وصدورهن»[2].

[١] «تفسير روح البيان»، لإسماعيل حقي (١٣١/٧).
[٢] «تفسير السعدي» (٦٧١/١).

واتە: ئەو شتانەن کەوا لەسەر پۆشاکن، لە جوببە و پەچە و عەبا و هاوشێوەکانی، واتە: بەو شتانە دەموچاو و سینگیان دادەپۆشن.

شێخ (أبو بكر الجزائري) دەفەرموێ: ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾: أي: «يرخين على وجوههن الجلباب، حتى لا يبدو من المرأة إلا عين واحدة تنظر بها الطريق، إذا خرجت لحاجة»[1].

واتە: ئەو ئایەتە ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ واتا: پەچە و عەباکانیان بەسەر دەموچاویاندا شۆڕ بکەنەوە، تاوەکوو هیچ شتێک لە ئافرەتدا دەرنەکەوێت، تەنها یەک چاو نەبێت بۆ ئەوەی سەیری ڕێگای پێ بکات، ئەگەر بۆ پێویستییەک دەرچوو.

هەروەها دکتۆر (عبد الكريم الخطيب)یش دەربارەی ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾، «دعوة لنساء النبيّ ﷺ- وبناته، ولنساء المؤمنين عامة أن يحموا أنفسهنَّ من ألسنة السوء، وذلك بأن يدنين عليهن من ثيابهن، وأن يرسلنها حتى تكسو أجسامهنَّ إلى

[1] «أيسر التفاسير»، للجزائري (٣٠٢/٣).

مواقع أقدامهنَّ.. وهذا هو لباس المحتشمات، على خلاف ما كان عليه لباس المتبرجات، الداعيات للرجال إلى أنفسهن...»[1].

واتە: ئەمە بانگەوازێکە بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ- و کچەکانی، هەروەها بۆ ئافرەتانی باوەڕدارانیش بەگشتی کە خۆیان بپارێزن لە زمانی خەراپ، ئەمەش بەوەی لە پۆشاکەکانیان بدەن بەسەر خۆیان و بیهێننە خوارەوە، تاوەکوو لاشەیان دادەپۆشێت هەتا پێیەکانیان.. ئا ئەوە پۆشاکی بەشەرمەکانە، بەپێچەوانەی پۆشاکی ئەوانەی جوانی خۆیان دەردەخەن، ئەوانەی بانگی پیاوان دەکەن بۆ لای خۆیان.

دکتۆر (محمد سيد طنطاوي) دەفەرموێ: «والجلابيب: جمع جلباب، وهو ثوب يستر جميع البدن، تلبسه المرأة، فوق ثيابها. والمعنى: يا أيها النبي قل لأزواجك اللائي في عصمتك، وقل لبناتك اللائي هنَّ من نسلك، وقل لنساء المؤمنين كافة، قل لهن: إذا ما خرجن لقضاء حاجتهن، فعليهن أن يسدلن الجلابيب عليهن، حتى يسترن أجسامهن سترًا تامًا، من رؤوسهن إلى أقدامهن، زيادة في التستر والاحتشام، وبعدًا عن مكان التهمة والريبة»[2].

واتە: جەلابیب: کۆی جیلبابە، بریتییە لە پۆشاکێک کە هەموو لاشە دادەپۆشێت، ئافرەت لەبەری دەکات، لەسەر

[1] «التفسير القرآني للقرآن» (٧٥١/١١).

[2] «التفسير الوسيط»، للدكتور محمد سيد طنطاوي (٢٤٥/١١).

پۆشاکەکەی. واتای ئایەتەکەش ئەوەیە: ئەی پێغەمبەر -ﷺ-، بەو هاوسەرانەت بڵێ کەوا لەژێر نیکاحی تۆدان، هەروەها بەو کچانەشت بڵی کەوا لە نەوەی تۆن و منداڵی تۆن، هەروەها بە ئافرەتانی باوەڕدارانیش بڵێ بە تێکڕایی: ئەگەر بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەک لە ماڵ دەرچوون، ئەوە لەسەریان پێویستە کە عەباکانیان بەسەرخۆیاندا شۆڕ بکەنەوە، لەسەریانەوە تاوەکوو پێیەکانیان، ئەمە وەکوو زیادە خۆداپۆشینێک و شەرمێک، هەروەها بۆ دووربوونیش لە شوێنی تۆمەت و گومان.

*****

بەڵگەی پێنجەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ [النور: ٦٠].

واتە: ئەو ئافرەتە پیرانەی [پیرێژنانەی]، کە لە سووڕی مانگانە و لە منداڵ بوون بوونەتەوە و ئومێد و ئارەزووی شووکردنیان نییە، لەبەر گەورەیی تەمەنیان، ئەمانە تاوانبار نابن ئەگەر پۆشاکەکانیان دابنێن، واتە: عەبا و پەچەش نەکەن ئاساییە، بەڵام نابێت جوانی خۆیان، یان عەورەتی خۆیان دەربخەن، یان خۆیان برازێننەوە بۆ پیاوانی نامەحرەم، بەڵام ئەم پیرەژنانەش هێشتا ئەگەر عەبا بکەن و حیجاب بکەن و خۆیان دابپۆشن، ئەمە بۆیان باشترە (ئەمە سەبارەت بە پیرێژن، ئەی ئافرەتی گەنج چۆن دروستە جوانی خۆی دەربخات و پۆشاکی تەنک و کورت و تەسک و ڕەنگاو ڕەنگ و ناشەرعی بپۆشێت!؟) خوای گەورەش زۆر بیسەر و زانایە.

لـه ئیـبن عەبباسـەوە -ڕەزای خوایـان لێبێـت- هاتـووە کـەوا ئـەو ئایەتـەی دەخوێنـدەوە: ﴿أَن يَضَعْـنَ ثِيَابَهُـنَّ﴾ دەیفەمـوو: «الجلبـاب»[1].

واتە: مەبەست بەو پۆشاکەی کە دایدەنێن، عەبایە[2].

هەروەهـا لـه (عاصم الأحول)ـەوە هاتووە کـه فەرموویەتی: كنَّـا ندخـل على حفصة بنت سـيرين وقـد جعَلَت الجلبـاب هكذا، وتنقبـت بـه، فنقول لها: رحمك اللـهُ، قال الله تعـالى: ﴿وَٱلْقَوَٰعِدُ مِـنَ ٱلنِّسَـآءِ ٱلَّـٰتِى لَا يَرْجُـونَ نِكَاحًـا فَلَيْسَ عَلَيْهِـنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْـنَ ثِيَابَهُـنَّ غَـيْرَ مُتَبَرِّجَـٰتٍۭ بِزِينَـةٍ﴾ وهـو الجلبـاب، قـال:

[1] أخرجـه البيهقـي فـي «السـنن الكبـرى» (١٣٣١٠) (٩٣/٧) وقـال الألبانـي إسناده جيـد «جلبـاب المـرأة المسـلمة» (٨٦).

[2] شـێخ (عبدالعزيـز الطريفي) دەڵێـت: «ڕاڤەکارانی قورئـان لە هاوەڵان و تابیعییـەکان یەکدەنگـن لەسـەر ئـەوەی کـە ئەو پۆشـاکەی خوای گـەورە مۆڵەتـی داوە بـۆ ئافرەتـی پیـر و بـە تەمـەن دابینێـت، بریتییە لـە عەبـا... هەروەهـا دەرخسـتنی دەموچاو بەبـێ خۆڕازاندنـەوە، ئیتر دەبێـت چ شـتێک بـە حـەڵاڵ بزانـن بـۆ ئافرەتێکـی گەنـج بەرانبـەر بـە پیـاوە بێگانـەکان؟!». هەروەهـا دەڵێـت: «ئەگـەر خـوای گـەورە خۆڕازاندنـەوەی بـۆ ئافرەتی پیر حـەرام کردبێت، لەکاتی دەرخسـتنی دەموچـاوی، هەروەهـا خۆنەڕازاندنەوەشـی کردبێتـە مەرجـی مۆڵەت بـۆ دەرخسـتنی دەموچاوی، ئـەوا لە پێشـترە کە دەرخسـتنی دەموچاو بـۆ ئافرەتێکی گەنج حەرام بکرێت، ئەگەرچـی بەبێ خۆڕازاندنەوەش بێت».

[الحجاب في الشرع والفطرة، للطريفي، ص: ٨٤-٨٥ و٩٢]. -وەرگێڕ-.

فتقول لنا: أي شيء بعد ذلك؟ فنقول: ﴿وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ﴾ فتقول: «هو إثبات الجلباب»[1].

واتە: ئێمە دەچووینە لای حەفسەی کچی سیرین، کە جیلبابەکەی ئاوا لێ کردبوو، ڕووی خۆی پێ داپۆشیبوو، ئێمەش پێمان گوت: ڕەحمەتی خوات لێبێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِى لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍ﴾، ئەوەی کە دایدەنێت بریتییە لە جیلباب، دەڵێت: ئەویش بە ئێمەی گوت: دوای ئەوە چ شتێک؟ ئێمەش گوتمان: ﴿وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ﴾، ئەویش گوتی: ئەمە جێگیرکردنی جیلبابە.

شێخ (ابن عثيمين) دەفەرموێ: «وجه الدِّلالة من هذه الآية الكريمة أن الله تعالى نفى الجناح -وهو: الإثم- عن القواعد -وهنَّ العجائز- اللاتي لا يرجون نكاحًا لعدم رغبة الرجال بهن لكبر سنهنَّ، نفى الله الجناح عن هؤلاء العجائز في وضع ثيابهن، بشرط ألا يكون الغرض من ذلك التبرج بالزينة، ومن المعلوم بالبداهة أنه ليس المراد بوضع الثياب أن يبقين عاريات، وإنما المراد: وضع الثياب التي تكون فوق الدرع ونحوه، مما لا يستر ما يظهر غالبًا كالوجه والكفين،

[1] أخرجه البيهقي في «السنن الكبرى» (١٣٣١٢) (٩٣/٧) وإسناده صحيح.

فالثياب المذكورة المرخص لهذه العجائز في وضعها هي الثياب السابقة التي تستر جميع البدن، وتخصيص الحكم بهؤلاء العجائز دليل على أن الثوابَّ اللاتي يرجون النكاح يخالفنهن في الحكم، ولو كان الحكم شاملاً للجميع في جواز وضع الثياب ولبس درع ونحوه لم يكن لتخصيص القواعد فائدة، وفي قوله تعالى: ﴿غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ دليلٌ آخر على وجوب الحجاب على الشابة التي ترجو النكاح؛ لأن الغالب عليها إذا كشفت وجهها، أن تريد التبرج بالزينة وإظهار جمالها وتطلع الرجال لها ومدحهم إياها ونحو ذلك، ومن سوى هذه نادرة، والنادر لا حكم له»[1].

واتە: ڕووی بەڵگایەتی لەو ئایەتە پیرۆزە ئەوەیە کە خوای گەورە و بەرز نەفی تاوانی کردووە لە پیرەژنەکان، ئەوانەی ئارەزووی شوکردنیان نییە؛ لەبەر ئەوەی پیاوان ئارەزوویان ناچێتە سەریان؛ لەبەر گەورەیی تەمەنیان، خوای گەورە نەفی تاوانی کردووە لەو پیرەژنانە، لەوەی پۆشاکەکانیان دابنێن، بەمەرجێک مەبەست لەمەدا خۆدەرخستن نەبێت بە جوانی و ڕازاوەیی، شتێکی زانراویشە بەبێ گومان کە مەبەست بە دانانی پۆشاک، ئەوە نییە کە بە ڕووتی بمێننەوە، بەڵکوو مەبەست: دانانی ئەو پۆشاکەیە کە لەسەر

[1] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٦).

کراس و هاوشێوەیەتی، ئەوەی کە داپۆشەری ئەو شوێنە نییە کە بەزۆری دەردەکەوێت، وەکوو دەموچاو و دوو دەستەکان، کەواتە ئەو پۆشاکەی کە باسکراوە و ڕێگەی پێدراوە بۆ ئەو پیرەژنانە کە دایبنێن، بریتییە لەو پۆشاکەی پێشتر باسمان کرد کە هەموو لاشە دادەپۆشێت، ئینجا تایبەتکردنی حوکم بەو پیرەژنانە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتە گەنجانەی ئارەزووی شووکردنیان هەیە، پێچەوانەی ئەوانن لە حوکمدا، خۆ ئەگەر حوکمەکە گشتگیر بوایە بۆ هەمووان لە دروستێتی دانانی پۆشاک و لەبەرکردنی کراس و هاوشێوەکانی، ئەوا تایبەتکردنی پیرەژنەکان هیچ سوودێکی نەبوو، هەروەها لەو وتەی خوای گەورەدا: ﴿غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾، بەڵگەیەکی دیکەی تێدایە لەسەر واجبیەتی حیجابکردن لەسەر ئەو ئافرەتە گەنجەی ئارەزووی شووکردنی هەیە؛ لەبەر ئەوەی بەزۆری وایە ئەگەر دەموچاوی دەرخست، دەیەوێت خۆی بڕازێنێتەوە و جوانی خۆی دەربخات و پیاوان سەیری بکەن و ستایشی بکەن و هاوشێوەی ئەمانە، جگە لەمە حاڵەتێکی دەگمەنە، دەگمەنیش هیچ حوکمێکی نییە.

شێخ (بكر أبو زيد) دەفەرموێ: «رخَّص الله سبحانه للقواعد من النساء، أي: العجائز، اللائي تقدم بهن السنّ، فقعدن عن الحيض والحمل ويئسن من الولد، أن يضعن

ثيابهن الظاهرة من الجلباب والخمار، التي ذكرها الله سبحانه في آيات ضرب الحجاب على نساء المؤمنين، فيكشفن عن الوجه والكفين، ورفع تعالى الإثم والجناح عنهن في ذلك بشرطين:

الشرط الأول: أن يَكُنَّ من اللاتي لم يبق فيهن زينة ولا هنَّ محل للشهوة، وهن اللائي لا يرجون نكاحًا، فلا يَطْمعن فيه، ولا يُطْمَع فيهن أن يُنكحن؛ لأنهن عجائز لا يَشتهين ولا يُشتَهين، أما من بقيت فيها بقية من جمال، ومحل للشهوة، فلا يجوز لها ذلك.

الشرط الثاني: أن يكنَّ غير متبرجات بزينة، وهذا يتكون من أمرين:

أحدهما: أن يكنَّ غير قاصدات بوضع الثياب التبرج، ولكن التخفيف إذا احتجن إليه.

والثاني: أن يكن غير متبرجات بزينة من حلي وكحل وأصباغ وتجمل بثياب ظاهرة، إلى غير ذلك من الزينة التي يفتن بها.

ثم قال ربنا جل وعلا: ﴿وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ﴾ وهذا تحريض للقواعد على الاستعفاف وأنه خير لهن وأفضل، وإن لم يحصل تبرج منهن بزينة.

فدلَّت هذه الآية على فرض الحجاب على نساء المؤمنين لوجوههن وسائر أبدانهن وزينتهن؛ لأن هذه الرخصة للقواعد،

الـلاتي رُفـع الإثـم والجناح عنهـن، إذ التهمة في حقهـن مرتفعة، وقـد بلغـن هـذا المبلغ من السـن والإياس، والرخصـة لا تكون إلا مـن عزيمة، والعزيمـة فرض الحجـاب في الآيات السـابقة.

وبدلالـة أن استعفاف القواعـد خير لهنَّ مـن الترخص بوضع الثيـاب عـن الوجـه والكفـين، فوجـب ذلـك في حق مـن لم تبلغ سـن القواعـد مـن نسـاء المؤمنـين، وهـو أولى في حقهـن، وأبعد لهـن عن أسـباب الفتنـة والوقوع في الفاحشـة، وإن فعلن فالإثم والحـرج والجنـاح، ولـذا فـإن هـذه الآيـة مـن أقـوى الأدلـة على فـرض الحجاب للوجه والكفين وسـائر البـدن، والزينة بالجلباب والخمار»[1].

واتـه: خـوای گـەورە مۆڵەتـی داوە بـۆ ئافرەتـە پیـر و لەکارکەوتـووەکان، واتـا: پیرەژنـەکان، ئەوانـەی بـە تەمەنـدا چوونـە، دانیشـتوون و کۆتاییـان پـێ هاتووە لە خوێنـی حەیز و سـکپڕبوون و بێئومێـد بوونە لە منداڵبوون، کەوا پۆشـاکەکانی دەرەوەیـان دابنێـن وەکـوو عەبـا و پەچـە، ئەوەی خـوای گەورە لـە ئایەتەکانـی واجبکردنـی حیجـاب لەسـەر موسـڵمانانی دانـاوە، بۆیـە ئەوانـە دەتوانـن ئـەو پۆشـاکانە لەسـەر دەموچاو و دوو دەسـتەکان لابـەن، خوای گـەورە تاوانی ئەوەی لەسـەر لابـردوون بـە دوو مـەرج:

---

[1] «حراسة الفضيلة» (٦٤-٦٥).

مەرجی یەکەم: لەو ئافرەتانە بن کەوا هیچ جوانییەکیان نەماوە و جێگای ئارەزوو و چاوتێبڕینیش نییەن، هەروەها ئەوانەن کە ئارەزووی شووکردنیان نەماوە، نە ئەوان ئارەزووی شووکردنیان هەیە، نە خەڵکیش ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکەن؛ لەبەر ئەوەی پیرەژنن، نە ئارەزوویان هەیە و نە ئارەزووشیان تێ دەکرێت، بەڵام ئەوەی شتێک لە جوانی تێدا مابێتەوە و جێگای شەهوەت بێت، ئەوە بۆی دروست نییە کە ئەو پۆشاکانەی دابنێت.

مەرجی دووەم: ئەوەیە خۆیان نەڕازێننەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن، ئەمەش بە دوو شت دەبێت:

یەکەمیان: نابێت ئەو ئافرەتانە مەبەستیان بە دانانی پۆشاک دەرخستنی جوانی بێت، بەڵکوو دەبێت مەبەستیان خۆسووککردن بێت، ئەگەر پێویستییان بەوە بوو.

دووەمیان: نابێت خۆیان بڕازێننەوە بە جوانییەکانی وەکوو خشڵ و کل و بۆیە و جوانکردنی پۆشاکی دەرەوە، جگە لەوانەش لەو جوانییەی کە خەڵکی پێیەوە تووشی فیتنە دەبن.

پاشان خوای پەروەردگارمان دەفەرموێ: {هێشتا ئەگەر عەبا بکەن و حیجاب بکەن و خۆیان دابپۆشن}، ئەمەش هاندانە بۆ ئەو جۆرە ئافرەتانە لەسەر خۆپارێزی و

داوێنپاکی، کە ئەمە بۆ ئەوان باشترە، ئەگەرچی خۆشیان جوان نەکردبێت و نەڕازندبێتەوە.

کەواتە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فەرزە لەسەر ئافرەتانی باوەڕداران حیجاب بکەن و دەموچاو و تەواوی لاشەیان و جوانیان دابپۆشن؛ چونکە ئەمە مۆڵەتێکە بۆ پیرەژنەکان، ئەوانەی تاوانی ئەو کارەیان لەسەر هەڵگیراوە؛ چونکە تۆمەتیان لەسەر هەڵگیراوە، لەکاتێکدا گەیشتوونەتە ئەو تەمەن و بێئومێدبوونە، مۆڵەتیش نادرێت تەنها لە بوونی عەزیمەتدا نەبێت، عەزیمەتیش بریتییە لە فەرزبوونی حیجاب لە ئایەتەکانی پێشوو.

هەروەها بە بەڵگەی ئەوەی ئەو ئافرەتانە هێشتا ئەگەر عەبا بکەن و خۆیان دابپۆشن، باشترە بۆیان لە مۆڵەت وەرگرتن بە دانانی پۆشاک لە دەموچاو و دەستەکان، کەواتە ئەمە واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە نەگەیشتۆتە تەمەنی پیرەژنەکان لە ئافرەتانی باوەڕداران، ئەمەش لەپێشترە بۆ ئەوان، هەروەها دوورترە بۆیان لە هۆکارەکانی فیتنە و کەوتنە ناو کاری خەراپە و بەدڕەوشتی، خۆ ئەگەر کردیان، ئەوا تووشی تاوان و گوناح دەبن، هەر بۆیە ئەو ئایەتە یەکێکە لە بەهێزترینی بەڵگەکان لەسەر فەرزبوونی حیجاب و داپۆشینی دەموچاو و دەستەکان و هەموو لاشە و

جوانییەکان بە عەبا و پەچە[1].

[١] بەڵگەیەکی دیکەی بەهێز لە قورئاندا لەسەر داپۆشینی دەموچاو، کە دەکرێت بیکەینە (بەڵگەی شەشەم) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ﴾ [النور: ٣١]. واتە: هەروەها با ئافرەتان لەکاتی ڕۆیشتندا پێیان بە زەویدا نەدەن و ئەوەی کە شاردوویانەتەوە لە دەنگی خرخاڵەکەیان، یان دەنگی پێڵاوەکەیان با دەرنەکەوێت و سەرەنجی پیاو ڕانەکێشن، (کە ئافرەتانی سەردەمی نەفامی وابوونە و پیشەی ئەوان بووە). کەواتە خوای گەورە قەدەغەی کردن لەوەی پێیەکانیان لە زەوی بدەن ئەگەرچی ئەو کارە لە بنچینەشدا دروستە، تاوەکوو نەبێتە هۆکارێک کە پیاوان گوێیان لە دەنگی خرخاڵ و پاوانەکانیان بێت، بەمەش ئارەزوویان بچێتە سەریان.

شێخ ئەبوو بەکر جەزائیری دەفەرموێ: «بەڵگایەتی ئەو ئایەتە لەسەر حیجابی تەواو، ئاشکراتر و بەهێزترە لە ئایەتەکانی پێشوو؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی وروژاندنی فیتنە بە بیستنی دەنگی خرخاڵ لە پێدا، ئەگەر ئافرەت پێیەکانی لە زەویدا لەکاتێکدا دەڕوات، زۆر کەمترە لە فیتنەی سەیرکردنی دەموچاوی و گوێگرتن لە قسەکانی، جا ئەگەر خوای گەورە بەو ئایەتە حەرامی کردبێت لەسەر ئافرەت کە پێیەکانی لە زەوی بدات، لەترسی ئەوەی پیاوان گوێیان لە دەنگی خشڵ و زێڕەکەی ببێت و بە بیستنیشی تووشی فیتنە ببن، ئەوا جەرامکردنی سەیرکردنی دەموچاوی -کە جێگەی جوانییەکەیەتی- لەپێشتر و تووندترە بە حەرامکردن».

هەروەها شێخ ئیبن عوسەیمین دەفەرموێ: «ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ﴾

*****

واتا: با ئافرەت بە پێیەکانی لە زەوید انەدات، بەو هۆیەوە بزانرێت کە چی شاردۆتەوە لە خرخاڵ و هاوشێوەکانی، ئەوەی کە قاچی پێ دەڕازێندرێتەوە، جا ئەگەر ئافرەت ڕێگری لێ کرابێت لەوەی پێیەکانی لە زەوی بدات، لەترسی ئەوەی پیاوان تووشی فیتنە ببن، بەوەی کە دەیبیستن لە دەنگی خرخاڵ و هاوشوەکانی، ئەی دەبێت دەرخستنی دەموچاو چۆن بێت؟ کامەیان فیتنەکەی گەورەترە، پیاو گوێی لە خرخاڵ ببێت لە قاچی ئافرەت، کە نازانێت چییە و جوانییەکەی چۆنە؟ نازانێت گەنجە یان پیرەژنە؟ نازانێت ڕووی ناشیرینە، یاخود ڕووخساری جوانە؟ کامەیان فیتنەکەی گەورەترە؟ ئەوە گەورەترە یان سەیرکردنی دەموچاوێکی دیار و جوان و گەنج و درەوشاوە و جوانکراو بەشێوەیەک ڕاکێشەری فیتنە بێت و بانگەواز بکات بۆ سەیرکردنی؟ هەموو مرۆڤێک کە پێویستی و ئارەزووی بۆ ئافرەت هەبێت، باش دەزانێت کامە فیتنە لەو دووانە گەورەترن و شایستەترن بە شاردنەوە و داپۆشین؟»

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د. سعيد القحطاني، ص: ١٠٤-١٠٥]. -وەرگێڕ-.

دووەم: بەڵگەکان لە سوننەتدا

بەڵگەی یەکەم: فەرموودەی ئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت-:

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕەزای خوای لێبێت هاتووە کە دەفەرموێت: پێغەمبەر -ﷺ- فەرموویەتی: «وَلَا تَنتَقِبِ المَرْأَةُ المُحْرِمَةُ، وَلَا تَلْبَسِ الْقُفَّازَيْنِ»[1].

واتە: با ئافرەتێک کە لە ئیحرامدایە نیقاب نەکات و بە نیقاب دەموچاوی خۆی دانەپۆشێت، هەروەها با دەستکێشیش و پەنجەوانەش لە دەست نەکات[2].

---

[١] «صحيح البخاري» (١٨٣٨).

[٢] شێخ (صفي الرحمن المباركفوري) دەفەرموێ: «ئەو فەرموودەیە چاکترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نیقاب خوونەریتی ئافرەتان بووە، بەشێوەیەک نەچوونەتە دەرەوە مەگەر بە نیقابەوە نەبێت، ئینجا واتای قەدەغەکردنی نیقابیش بۆ ئافرەتێک کە لە ئیحرامدایە، واتای ئەوە نییە کە دەموچاوی دانەپۆشێت، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە نابێت نیقاب بکاتە پۆشاکێکی سەربەخۆ، بەڵکوو دەموچاوی دادەپۆشێت بە بەشێک لە پۆشاکەکەی، پێغەمبەر -ﷺ- ڕێگری نەکردووە لە داپۆشینی دەموچاوی ئافرەتان کە لە ئیحرامدان، بەڵام ڕێگری تەنها لە پۆشینی نیقاب و دەستکێش کردووە».

هەروەها شێخ (أبو الأعلى المودودي)یش دەفەرموێ: «ئەو فەرموودەیە بەڵگایەتییەکەی ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا، خوونەریتیان بە نیقاب پۆشین و لەدەستکردنی دەستکێش گرتبوو، بۆیە لەکاتی

شـيخ (ابن العـربي المالكي- ٥٤٣هـ) دەفەرموويـت: «وذلك؛ لأن ستر وجهها بالبرقع فرضٌ إلا في الحج، فإنها تُرخي شيئًا من خمارها على وجهها غير لاصق به وتعرض عن الرجال، ويعرضون عنها»[1].

واتـە: بۆيـە ئەمـە دەفەرمـووێ؛ لەبـەر ئـەوەی داپۆشـینی دەموچـاوی بـە پەچـە و نیقـاب فـەرزە، تەنهـا لـە حـەج نەبێت، چونکـە لـە حەجـدا هێندێـک لـە سـەرپۆش و چارۆکەکـەی بەسـەر دەموچاویـدا دەدات، بەبـێ پێوەنووسـاندن[2]، هەروەهـا پشـت لـە پیـاوان دەکات و پیاوانیـش پشـتی تـێ دەکـەن.

شـێخی ئیسـلام ئیـبن تەیمییـە دەفەرمـووێ: «فـإذا كـنَّ مأمـورات بالجلبـاب لئـلّا يُعرفـن، وهـو ستر الوجـه أو ستر الوجـه بالنّقـاب: كان الوجـه واليـدان مـن الزِّينة التـي أمرت ألا

ئیحرامدا ڕێگرییان لێی کرا».

[إظهـار الحق والصـواب فـي حكـم الحجـاب، تأليـف: د.سـعيد القحطانـي، ص: ١٥٦، ٣٤٠]. -وەرگێڕ-.

[١] «عارضة الأحوذي» (٥٦/٤).

[٢] پێشەوا شـەوکانی دەفەرموێ: «ڕووکەشـی فەرموودەکەی عائیشە پێچەوانـەی ئەمەیـە؛ چونکـە پۆشـاکی شـۆڕکراوە و هێنراوەخـوار، هـەر بـە پێسـت دەکەوێت، خـۆ ئەگەر دووربـوون لە پێسـت و بەبەر نەکەوتنـی مـەرج بووایە، ئـەوە پێغەمبـەر ﷺ- ڕوونی دەکـردەوە». [نيـل الأوطـار، للشـوكاني (٦/٥)]. کەواتە ئەو پۆشـاک و لەچکەی کـە ئافـرەت لەکاتی ئیحرامدا بە ڕووخسـاری خۆیدا دەدات، ئاسـاییە کە بە دەموچاویشـەوە بنووسـێت. -وەرگێڕ-.

تظهرها للأجانب، فما بقي يحلّ للأجانب النَّظر إلا إلى الثِّياب الظّاهرة»[1].

واتە: ئەگەر بێتوو ئافرەتان فەرمانپێکراو بن بە پۆشینی جیلباب؛ بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، کە بریتییە لە داپۆشینی دەموچاو، یان شاردنەوەی دەموچاو بە پەچە و ڕووپۆش، ئەوا دەموچاو و دەستەکان کە جوانییەکی وایان تێدایە فەرمانکراوە بەوەی بۆ بێگانەکان دەرنەخرێن، کەواتە هیچ شتێک نەماوەتەوە کە حەڵاڵ بێت بۆ بێگانەکان سەیری بکەن، تەنها سەیریکردنی پۆشاکی دەرەوە نەبێت.

هەروەها شێخی ئیسلام دەفەرموێ: «وهذا ممَّا يدل على أنَّ النِّقاب والقفَّازين كانا معروفين في النِّساء اللَّاتي لم يُحرمن، وذلك يقتضي ستر وجوههنَّ وأيديهنّ»[2].

واتە: ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نیقاب و دەستکێش، دوو شتی ناسراو بوونە لەلای ئەو ئافرەتانەی کەوا لە ئیحرامدا نەبوونە، ئەمەش وا دەخوازێت کە دەبێت دەموچاو و دەستەکانیان دابپۆشرێت.

زانای گەورە (ابن القيم- ٧٥١هـ) دەفەرموێ: «وأما نهيه ﷺ- في حديث ابن عمر المرأةَ أن تنتقب وأن تلبس القفازين؛ فهو دليل على أن وجه المرأة كبدن الرجل لا كرأسه، فيحرم

[١] «مجموع الفتاوى»، لابن تيمية (١١٠/٢٢).

[٢] «مجموع الفتاوى»، لابن تيمية (٣٧١/١٥).

عليها فيه ما وُضع وفُصِّل على قدر الوجه كالنقاب والبرقع، ولا يحرم عليها ستره بالمقنعة والجلباب ونحوهما، وهذا أصح القولين، فإن النبيَّ ﷺ- سوَّى بين وجهها ويديها ومنعها من القفازين والنقاب، ومعلوم أنه لا يحرم عليها ستر يديها وأنهما كبدن المحرم، يحرم سترهما بالمفصل على قدرهما وهما القفازان، فهكذا الوجه إنما يحرم ستره بالنقاب ونحوه، وليس عن النبي ﷺ- حرف واحد في وجوب كشف المرأة وجهها عند الإحرام إلا النهي عن النقاب، وهو كالنهي عن القفازين، فنسبة النقاب إلى الوجه كنسبة القفازين إلى اليد سواء، وهذا واضح بحمد الله»[1].

واتە: هەرچی ئەو ڕێگەگرتنەی پێغەمبەرە ﷺ- کە لە فەرموودەکەی ئیبن عومەردا هاتووە، کە نابێت ئافرەت نیقاب بکات و دەستکێشیش لە دەست بکات؛ ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەموچاوی ئافرەت وەکوو لاشەی پیاو وایە، نەک وەکوو سەری، بۆیە حەرامە لەسەر ئافرەت لەکاتی حەجدا ئەو پارچە پەڕۆیەی کە بڕاوە و داندراوە و دووراوە بە ئەندازەی دەموچاو بیپۆشێت، وەکوو نیقاب و پەچە، بەڵام لەسەری حەرام نییە کە بە سەرپۆشی ژنان و لەچک و عەبا و هاوشێوەکانی دایبپۆشێت، ئەوەش ڕاستترینی دوو وتەکەیە، چونکە پێغەمبەر ﷺ- دەموچاو و دەستەکانی

[1] «تهذيب السنن»، لابن القيم (١٩٨/٥).

وەکوو یەک لێ کرد و یەکسانی کرد و ڕێگرشی لێ کرد لە دەستکێش و نیقاب، شتێکی زانراویشە کە لەسەری حەرام نییە دەستەکانی داپۆشێت و وەکوو لاشەی پیاوێکە کە لە ئیحرامدا بێت، حەرامە لەسەری کە بە شتێکی بڕاو و دووراو بە ئەندازەی دەستەکانی دایپۆشێت، ئەوانیش بریتیین لە دوو دەستکێش، بەهەمان شێوە دەموچاویش، داپۆشینی تەنها بە نیقاب و هاوشێوەی حەرامە، یەک پیتیش لە پێغەمبەرەوە -ﷺ- نەهاتووە دەربارەی واجیبیەتی دەرخستنی دەموچاوی ئافرەت لەکاتی ئیحرامدا، تەنها ڕێگەگرتن لە نیقاب نەبێت، ئەویش وەکوو ڕێگەگرتنە لە دەستکێش، کەواتە دانەپاڵی نیقاب بۆلای دەموچاو، وەکوو دانەپاڵی دەستکێشە بۆلای دەست وەکوو یەک، ئەمەش شتێکی ڕوون و ئاشکرایە سوپاس بۆ خوا.

پێشەوا (ابن المنذر- ٣١٩هـ) دەفەرموێ: «أجمعوا على أن المرأة تلبس المخيط كله والخفاف، وأن لها أن تغطي رأسها وتستر شعرها، إلا وجهها، فتسدل عليه الثوب سدلاً خفيفا، تستتر به عن نظر الرجال، ولا تخمِّره»[1].

واتە: زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئافرەت بۆی هەیە هەموو دووڕاوێک لەبەر بکات و خوف و گۆرەویش لە پێ بکات، هەروەها بۆی هەیە کەوا سەری دابپۆشێت

[١] «فتح الباري» (٤٠٦/٣).

و پرچیشی دابپۆشێت، تەنها دەموچاوی نەبێت، ئەویش پۆشاکێک دێنێتە خوارەوە بە هێنانەخوارەوەیەکی سووک، کە خۆی پێ دادەپۆشێت لە سەیرکردنی پیاوان، بەڵام بە پەچە داناپۆشێت.

ئیبنو ڕوشدیش (٥٩٥هـ) فەرموویەتی: «وأجمعوا على أن إحرام المرأة في وجهها، وأن لها أن تغطي رأسها وتستر شعرها، وأن لها أن تسدل ثوبها على وجهها من فوق رأسها سدلاً خفيفًا، تستتر به عن نظر الرجال إليها»[1].

واتە: زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئیحرامی ئافرەت لە ڕووخساریدایە، هەروەها بۆی هەیە کەوا سەری دابپۆشێت و پرچیشی دابپۆشێت، هەروەها بۆشی هەیە پۆشاکەکەی لەسەر سەریەوە شۆڕ بکاتەوە و بیهێنێتە خوارەوە بەسەر دەموچاویدا بە هێنانەخوارەوەیەکی سووک، کە خۆی پێ دادەپۆشێت لە تێڕوانینی پیاوان بۆی.

هەروەها (الأمير الصنعاني- ١١٨٢هـ) دەفەرموێ: «فلا تَلبس المرأة في الإحرام ما فُصِّل وقُطِّع وخُيِّط لأجل الوجه كالنقاب، ولأجل اليدين كالقفازين، لا لأن المراد أنها لا تغطي وجهها وكفيها كما تُوهِم، فإنه يجب سترهما، لكن بغير النقاب والقفازين»[2].

---

[١] «بداية المجتهد»، لابن رشد (٣٢٧/١).

[٢] «حاشية الصنعاني على العدة» (٤٧٦/٣).

واتە: ئافرەت لە ئیحرامدا، نابێت ئەو پارچە قوماشە بپۆشێت کەوا بڕاوە و پارچەکراوە و دووراوە بۆ دەموچاو وەکوو نیقاب، هەروەها ئەو پارچە قوماشەشی کە بڕاوە و دووراوە بۆ دەستەکان وەکوو دەستکێش، نەک مەبەستی ئەوە بێت کە نابێت ڕووخسار و دەستەکانی دابپۆشێت، هەروەکوو وا گومان دەبردرێت؛ چونکە بێگومان داپۆشینیان واجبە، بەڵام بەبێ نیقاب و دەستکێش.

دەڵێم: ئەگەر حوکمێک پەیوەستکرا بە وەسفێکەوە، ئەوا حوکمەکە بۆ وەسفەکە دەبێت و لە جگە لەو وەسفە دوور دەخرێتەوە، لێرەشدا حوکمەکە بریتییە لە: دەرخستنی دەموچاو. وەسفەکەش بریتییە لە: ئیحرام.

کەواتە حوکمەکە دوورخرایەوە لە جگە لەو وەسفە، واتا: دەرخستنی دەموچاو لە جگە لە حاڵەتی ئیحرام نەفی کرا، ئەمەش وا دەخوازێت کەوا [جگە لەو حاڵەتە] دابپۆشرێت.

*****

بەڵگەی دووەم: فەرموودەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت-:

لە دایکە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەفەرموێت: «كَانَ الرُّكْبَانُ يَمُرُّونَ بِنَا وَنَحْنُ مَعَ رَسُولِ اللهِ -ﷺ- مُحْرِمَاتٌ، فَإِذَا حَاذَوْا بِنَا أَسْدَلَتْ إِحْدَانَا جِلْبَابَهَا مِنْ رَأْسِهَا عَلَى وَجْهِهَا، فَإِذَا جَاوَزَنَا كَشَفْنَاهُ»[1].

واتە: کاروانەکان بەلای ئێمەی ئافرەتاندا تێدەپەڕین، ئێمەش لەگەڵ پێغەمبەری خوا -ﷺ- لە ئیحرامدا بووین، جا ئەگەر بگەیشتنابە بەرانبەری ئێمە، ئەوا هەر یەکێک لە ئێمە سەرپۆشەکەی لەسەری شۆڕ دەکردەوە و بەسەر دەموچاوی دادە، کاتێکیش لەلامان تێدەپەڕین لامان دەدا.

هەروەها لە ئیبن و ئەبی شەیبەوە لە «المصنَّف»دا هاتووە، لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- فەرموویەتی: «كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ -ﷺ- وَنَحْنُ مُحْرِمُونَ، فَإِذَا لَقِينَا الرَّكْبَ سَدَلْنَا ثِيَابَنَا مِنْ فَوْقِ رُؤُوسِنَا عَلَى وُجُوهِنَا، فَإِذَا جَاوَزْنَا رَفَعْنَاهَا»[2].

---

[1] أخرجه أبو داود (١٨٣٣) وأحمد (٢٣٥٠١)، وابن ماجه (٢٩٣٥) والبيهقي في «السنن الكبرى» (٨٨٣٣) وفيه يزيد بن أبي زياد وهو ضعيف، ولكن له شاهد من حديث أسماء -رضي الله عنها-. وقال الألباني: إسناده حسن في الشواهد. ينظر: «تخريج مشكاة المصابيح» (٢٦٢٢).

[2] أخرجه ابن أبي شيبة في «المصنف» (٣/٧٢٠) رقم (١٤٤٤٦) وفيه يزيد بن أبي زياد وهو ضعيف، كما أن مجاهدًا لم يسمع من عائشة،

واتـه: ئیمـه لەگـەڵ پێغەمبەر ﷺ- لـه ئیحرامـدا بووین، جا ئەگەر بگەیشتباین بە کاروان و قافڵەکان، ئەوا پۆشاکەکانمان لەسـەر سـەرمانەوە دەهێنایـە خـوارەوە بـۆ سـەر دەموچاومـان، کاتێکیـش تێدەپەڕیـن بەرزمان دەکردەوە و لامـان دەدا[1].

هەروەهـا لە (صَفِيَّة)شـەوە هاتـووە کە فەرموویەتـی: «رَأَيْتُ عَائِشَـةَ طَافَـتْ بِالْبَيْتِ، وَهِـيَ مُنتَقِبَةٌ»[2].

قـال أبـو حاتـم: روى عـن عائشـة مرسـلا، ولـم يسـمع منهـا، سـمعت يحيـى بـن معيـن يقول: لم يسـمع مجاهـد عن عائشـة. ينظـر: «تهذيب الكمـال» (٢٣٢/٢٧). ولكـن يشـهد لـه حديـث صفيـة الـذي بعده.

[١] شـيخ (صفـي الرحمـن المباركفـوري) دەڵێـت: «ئـەو فەرموودەیـە حوکەکـەی گشـتییە بـۆ هەمـوو ئافرەتانـی بـاوەڕداران؛ چونکـە مەبەسـت بـە (جێنـاوە کۆیـەکان)، تەنهـا دایکانـی بـاوەڕداران نییـە، بەڵکـوو هەمـوو ئافرەتانـی باوەڕدارانـە، بـە بەڵگەی ئەوەی عائیشـە کـە ئـەو فەرموودەیەی گێڕاوەتـەوە، هەر ئەویش فەتـوای دەدا: کەوا ئافـرەت لـە ئیحرامـدا سەرپۆشـەکەی بەسـەر دەموچاویـدا دەهێنێتـە خـوارەوە. هەروەهـا (فاتیمـەی کچـی مونزیر)یـش دەڵێـت: «ئێمـە دەموچـاوی خۆمـان دادەپۆشـی، لەگاتێکـدا لـە ئیحرامـدا بووییـن و ئێمـە لەگـەڵ ئەسـمائی کچی ئەبـوو بەکری سـددیق بووییـن، ئەویش نکوولـی لـێ نەدەکردیـن».

[إظهـار الحـق والصـواب فـي حكـم الحجـاب، تأليـف: د.سـعيد القحطانـي، ص:١٦٥]. -وەرگێـڕ-.

[٢] أخرجـه ابن سـعد فـي «الطبقات الكبـرى» (٧١/٨) رقـم (٩٩٨٦) وقال الألبانـي: رجالـه ثقـات غيـر أن ابـن جريـج مدلـس. ينظـر: «جلبـاب المـرأة» (١٠٨).

واتـە: عائیشـەم بینی کـە تەوافی بەدەوری کەعبـەدا دەکرد، لەکاتێکدا ڕووی خۆی داپۆشـیبوو.

شێخ (ابن الهمام السيواسي- ٨٦١هـ) دەڵێت: «ودلَّت المسألة على أن المرأة منهية عن إبداء وجهها للأجانب، بلا ضرورة»[١].

واتە: بابەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت ڕێگری لێ کراوە لە دەرخستنی دەموچاوی بۆ بێگانەکان، بەبێ پێویستی.

پێشـەوا (ابـن قدامـة- ٦٨٢هـ) دەفەرمـوێ: «إذا احتاجت إلى ستر وجهها لمرور الرجال قريبًا منها، فإنها تسدل الثوب من فوق رأسها على وجهها، روي عن عثمان وعائشة -رضي الله عنهما-، وبه قال عطاء ومالك والثوري والشافعي وإسحاق ومحمد بن الحسن، ولا نعلمُ فيه خلافًا»[٢].

واتە: ئەگەر ئافرەت پێویستی بە داپۆشینی دەموچاوی بوو؛ لەبەر تێپەڕبوونی پیاوان لە نزیکییەوە، ئەوە پۆشاکەکەی لەسەر سەریەوە دەهێنێتە خوارەوە بۆ سەر دەموچاوی، ئەمە گێڕدراوەتەوە لە عوسمان و عائیشەوە -ڕەزای خوایان لێبێت-، هەروەها (عطاء) و (مالك) و (الثوري) و (الشافعي) و (إسحاق) و (محمد بن الحسن)یش ئاوایان گوتووە و هیچ ڕاجیاییەکیش لە بابەتەکەدا نازانین.

---

[١] «شرح فتح القدير»، لابن الهمام السيواسي (٥١٤/٢)

[٢] «المغني»، لابن قدامة (٣١١/٣).

هەروەها شێخ ئیبن عوسەیمەین دەفەرموێ: «فيه دليل على وجوب ستر الوجه؛ لأن المشروع في الإحرام كشفه، فلولا وجود مانع قوي من كشفه حينئذ، لوجب بقاؤه مكشوفًا، وبيان ذلك: أن كشف الوجه في الإحرام واجب على النساء عند الأكثر من أهل العلم، والواجب لا يعارضه إلا ما هو واجب، فلولا وجوب الاحتجاب وتغطية الوجه عن الأجانب، ما ساغ ترك الواجب من كشفه حال الإحرام»[1].

واتە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر واجبیەتی داپۆشینی دەموچاو؛ چونکە لەکاتی ئیحرامدا دەرخستنی شەرعییە، خۆ ئەگەر بوونی ڕێگرێک نەبێت لە دەرخستنی لەو کاتەدا، ئەوە واجب بوو کە [دوای ئەوەش] بە دەرخراوەیی بمێنێتەوە، ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەش ئاوایە: کە دەرخستنی دەموچاو لە ئیحرامدا، لەلای زۆرینەی زانایان واجبە لەسەر ئافرەتان، واجبیش هیچ شتێک بەربەرەکانێی ناکات، تەنها واجب نەبێت، خۆ ئەگەر واجبیەتی حیجابکردن و داپۆشینی دەموچاو لە ئاستی بێگانە نەبێت، ئەوە دروست نەبوو کە واز لە واجب بهێنرێت و دەموچاو دەربخرێت لەکاتی ئیحرامدا.

---

[١] «رسالة الحجاب» (١١).

بەڵگەی سێیەم: فەرموودەکەی ئەسمائە -ڕەزای خوای لێبێت-:

لە ئەسمائی کچی ئەبوو بەکرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- هاتووە کە دەڵێت: «كُنَّا نُغَطِّي وجُوهَنَا مِنَ الرِّجالِ، وكنَّا نَتَمَشَّطُ قَبْل ذلك في الإحْرَام»[1].

واتە: ئێمە دەموچاوی خۆمان لە پیاوان دادەپۆشی، هەروەها ئێمە پێشی ئەوە قژیشمان شانە دەکرد لە ئیحرامدا.

هەروەها لە فاتیمەی کچی مونزیریشەوە هاتووە کە گوتوویەتی: «كُنَّا نُخَمِّرُ وُجُوهَنَا وَنَحْنُ مُحْرِمَاتٌ، وَنَحْنُ مَعَ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ»[2].

واتە: «ئێمە دەموچاوی خۆمان دادەپۆشی، لەکاتێکدا لە ئیحرامدا بووین و ئێمە لەگەڵ ئەسمائی کچی ئەبوو بەکری سددیق بووین.

لەو فەرموودەیەدا وەڵام و بەرپەرچدانەوەی تێدایە لەسەر ئەو کەسەی کە بانگەشەی ئەوە دەکات، داپۆشینی دەموچاو تایبەتە بە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ-؛ چونکە

---

[1] أخرجه ابن خزيمة في «صحيحه» (٢٦٩٠) (٢٠٣/٤)، والحاكم في «المستدرك» (١٦٦٨) وقال: هذا حديث صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه. وقال الألباني: صحيح على شرط مسلم. ينظر: «إرواء الغليل» (٢١٢/٤).

[2] أخرجه مالك في «الموطأ» (٧٢٦) وقال المحدث الألباني: إسناده صحيح. ينظر: «إرواء الغليل» (٢١٢/٤).

ئەسماء یەکێک نەبووە لە هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ، کەواتە بەمە پووچەڵیەتی ئەو بانگەشەیە ڕوون دەبێتەوە، هەروەها دووریشە لە ڕاستییەوە.

*****

بەڵگەی چوارەم: فەرموودەکەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت- دەربارەی دابەزینی ئایەتی حیجاب:

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەفەرموێت: «يَرْحَمُ اللهُ نِسَاءَ الْمُهَاجِرَاتِ الأُوَلَ؛ لَمَّا أَنْزَلَ اللهُ: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ [النور: ٣١]. شَقَّقْنَ مُرُوطَهُنَّ فَاخْتَمَرْنَ بِهِ»[1].

واتە: ڕەحمەتی خوا لە ئافرەتە کۆچکردووەکانی یەکەمین و پێشووەکان بێت؛ کاتێک خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند: {ئەی موحەممەد -ﷺ-، بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ: با پێچەکانیان یان سەرپۆشەکانیان شۆڕبێتەوە و بیدەن بەسەر سینگ و بەرۆکیاندا و نەبینرێت}. ئەوان پۆشاکەکانیان لەتکرد و سەر و دەموچاوی خۆیان پێ داپۆشی [وەکوو گوێڕایەڵییەک بۆ خوای گەورە].

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: لە سەفییەی کچی شەیبەوە کە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، دەیگووت: «أَخَذْنَ أُزُرَهُنَّ فَشَقَّقْنَهَا مِنْ قِبَلِ الْحَوَاشِي، فَاخْتَمَرْنَ بِهَا»[2].

---

[١] «صحيح البخاري» (٤٧٥٨).

[٢] «صحيح البخاري» (٤٧٥٩).

واتە: ئەوان پۆشاکەکانیان هێنا و لە تەنیشت و لێوارەکانی لەتیانکرد، ئینجا دەموچاوی خۆیان پێ داپۆشی.

حافزی ئیبن حەجەر دەفەرموێ: «قولە: (فاختمرن) أي غطين وجوههن، وصفة ذلك: أن تضع الخمار على رأسها وترميه من الجانب الأيمن على العاتق الأيسر وهو التقنع»[1].

واتە: (فاختمرن) واتا: دەموچاوی خۆیان داپۆشی، چۆنیەتی ئەوەش ئاوایە: لەچکەکە لەسەر سەری دابنێت، ئینجا لەلای ڕاستەوە هەڵیبداتە سەر شانی چەپی، ئەمەش بریتییە لە ڕووپۆشین و پەچەکردن.

هەروەها (العظيم آبادي) دەڵێت: «(فَاخْتَمَرْنَ بِهَا)، أَيْ: تَقَنَّعْنَ بِهَا»[2].

واتە: (فَاخْتَمَرْنَ بِهَا) واتا: ڕووخساریان پێ داپۆشی.

شێخ (محمد الأمين الشنقيطي) دەفەرموێت: «وهو دليل واضح على أنَّ فهمهنَّ لزوم ستر الوجوه من قوله تعالى: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ من تصديقهنَّ بكتاب الله وإيمانهنَّ بتنزيله، وهو صريح في أنَّ احتجاب النِّساء عن الرِّجال وسترهنَّ وجوههنَّ تصديق بكتاب الله وإيمان بتنزيله كما ترى، فالعجب كل العجب، ممن يدَّعي من المنتسبين للعلم أنه لم يرد في الكتاب ولا السُّنَّة ما يدلُّ على ستر المرأة وجهها

[1] «فتح الباري لابن حجر» (٨/٤٩٠).

[2] «عون المعبود شرح سنن أبي داود» (١١/١٦٠).

عن الأجانب، مع أنَّ الصحابيَّات فعلن ذلك؛ ممتثلات أمر الله في كتابه إيمانًا بتنزيله.. وهذا من أعظم الأدلّة وأصرحها في لزوم الحجاب لجميع نساء المسلمين، كما ترى»[1].

واتە: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تێگەیشتنییان لە پەیوەستبوون بە داپۆشینی دەموچاو، لەو فەرمایشتە خوای گەورە: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، بەشێکە لە بەڕاستدانانیان بۆ کتێبی خوا و باوەڕهێنانیان بە دابەزینەکەی، هەروەها ڕاشکاویشە لەسەر ئەوەی خۆداپۆشینی ئافرەتان لە پیاوان و داپۆشینی دەموچاویان، بەڕاستدانانی کتێبی خوایە و باوەڕهێنانە بە دابەزاندنەکەی، هەروەکوو دەیبینی، کەواتە سەرسامییەکی زۆر بۆ ئەو کەسەی کە دەدرێتە پاڵ زانست و بانگەشەی ئەوەش دەکات، کەوا لە قورئان و سوننەتدا شتێک نەهاتووە بەڵگە بێت لەسەر داپۆشینی دەموچاوی ئافرەت لەبەرانبەر بێگانەکان، لەگەڵ ئەوەی ئافرەتە هاوەڵەکان ئەو کارەیان کردووە؛ وەکوو گوێرایەڵییەک بۆ فەرمانی خوا لە کتێبەکەیدا، وەکوو باوەڕهێنانەک بە دابەزاندنەکەی.. ئەمەش یەکێکە لە گەورەترینی بەڵگەکان و ڕاشکاوترینیان، دەربارەی پەیوەستبوون بە حیجاب و ڕووپۆشین بۆ هەموو ئافرەتانی باوەڕداران، هەروەکوو دەبینی.

*****

[1] «أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن»، للشنقيطي (٦/٢٥٠).

بەڵگەی پێنجەم: فەرموودەکەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت- لە ڕووداوی بوهتان بۆ کردنی (قصة الإفك):

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێت: «...وَكَانَ صَفْوَانُ بْنُ الْمُعَطَّلِ السُّلَمِيُّ ثُمَّ الذَّكْوَانِيُّ مِنْ وَرَاءِ الْجَيْشِ، فَأَصْبَحَ عِنْدَ مَنْزِلِي، فَرَأَى سَوَادَ إِنْسَانٍ نَائِمٍ فَعَرَفَنِي حِينَ رَآنِي، وَكَانَ رَآنِي قَبْلَ الْحِجَابِ، فَاسْتَيْقَظْتُ بِاسْتِرْجَاعِهِ حِينَ عَرَفَنِي، فَخَمَّرْتُ وَجْهِي بِجِلْبَابِي..»[1].

واتە: سەفوانی کوڕی موعەتتەلی سولەمی زەکوانی، لە دواوەی سوپاوە بوو، [لە شەودا بەڕێ کەوتووە] بەیانی لەلای جێگەکەی منداکردەوە، ئەوەبوو تارمایی مرۆڤێکی نووستووی بینی، منی ناسییەوە کاتێک منی بینی؛ چونکە پێشی فەرزبوونی حیجاب و داپۆشینی دەموچاو منی بینی بوو، ئیتر بەهۆی گوتنی (إنا لله وإنا إليه راجعون) لەلایەن سەفوانەوە کاتێک منی بینی، من لە خەو هەستام، منیش بە سەرپۆشەکەم دەموچاوی خۆم داپۆشی.

دەڵێم: ئەو قسەیەی: «وَكَانَ رَآنِي قَبْلَ الْحِجَابِ»، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دوای دابەزینی حیجاب، بۆ ئافرەت دروست نییە دەموچاوی خۆی دەربخات و خەڵکیش ببینن، بەپێچەوانەی حاڵەتی پێش دابەزینی.

---

[1] «صحيح البخاري» (٤١٤١) و«مسلم» (٢٧٧٠).

هەروەها پێشەوا (النووي- ٦٧٦هـ) دەفەرموێت: «قولها (خَمَّرْتُ وَجْهِي)، أي: غطيته.[١]

واتە: قسەکەی عائیشە: (خَمَّرْتُ وَجْهِي)، واتا: دامپۆشی.

بەهەمان شێوە نەوەوی لە سوودەکانی ئەو فەرموودەیەدا دەفەرموێت: «وفيه تغطية المرأة وجهها عن نظر الأجنبي، سواء كان صالحًا أو غيره»[٢].

واتە: هەروەها سوودی ئەوەی تێدایە کە ئافرەت دەموچاوی دابپۆشێت لە تێڕوانینی پیاوی بێگانە، جا یەکسانە پیاوی چاک بێت، یان چاک نەبێت.

*****

[١] «شرح النووي على صحيح مسلم» (١٠٥/١٧).

[٢] «شرح النووي على صحيح مسلم» (١١٦/١٧).

بەڵگەی شەشەم: فەرموودەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت- لەگەڵ مامی (ئەفلەح):

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە: «أَنَّ أَفْلَحَ أَخَا أَبِي الْقُعَيْسِ جَاءَ يَسْتَأْذِنُ عَلَيْهَا -وَهُوَ عَمُّهَا مِنْ الرَّضَاعَةِ- بَعْدَ أَنْ نَزَلَ الْحِجَابُ فَأَبَيْتُ أَنْ آذَنَ لَهُ، فَلَمَّا جَاءَ رَسُولُ الله -ﷺ- أَخْبَرْتُهُ بِالَّذِي صَنَعْتُ، فَأَمَرَنِي أَنْ آذَنَ لَهُ»[1].

واتە: ئەفلەحی برای ئەبوو قوعەیس، هاتە لای عائیشە و مۆڵەتی خواست کە بچێتە لای -ئەفلەح مامی شیریەتی- ئەمە دوای ئەوەی حیجاب دابەزی، منیش مۆڵەتم پێی نەدا کە بێتە لام، جا کاتێک پێغەمبەری خوا -ﷺ- هات، هەواڵم پێدا دەربارەی ئەو کارەی کە کردبووم، ئەویش فەرمانی پێ کردم کە مۆڵەتی بدەم بێتە لام.

حافزی ئیبن حەجەر دەفەرموێ: «وفيه وجوب احتجاب المرأة من الرجال الأجانب»[2].

واتە: فەرموودەکە واجبیەتی خۆداپۆشینی ئافرەتی تێدایە، لە پیاوانی بێگانە.

---

[1] «صحيح البخاري» (٥١٠٣) و«مسلم» (١٤٤٥).

[2] «فتح الباري» (١٥٢/٩).

شێخ بەکر ئەبوو زەیدیش دەفەرموێ: «وهذا اختيار من الحافظ في عموم الحجاب، وهو الحق»[1].

واتە: ئەمە هەڵبژاردنێکە لەلایەنی حافزەوە دەربارەی گشتێتی خۆداپۆشین، کە شتێکی حەق و ڕاستییشە.

*****

[١] «حراسة الفضيلة» (٧٢).

بەڵگەی حەفتەم: فەرموودەکانی مۆڵەتدان بۆ (خوازبێنیکەر) بۆ ئەوەی سەیری (خوازبێنیکراو) بکات.

لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرموویەتی: «إِذَا خَطَبَ أَحَدُكُمُ الْمَرْأَةَ، فَإِنِ اسْتَطَاعَ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى مَا يَدْعُوهُ إِلَى نِكَاحِهَا، فَلْيَفْعَلْ»، قَالَ: «فَخَطَبْتُ جَارِيَةً، فَكُنْتُ أَتَخَبَّأُ لَهَا حَتَّى رَأَيْتُ مِنْهَا مَا دَعَانِي إِلَى نِكَاحِهَا وَتَزَوَّجْتُهَا، فَتَزَوَّجْتُهَا»[1].

واتە: ئەگەر یەکێک لە ئێوە خوازبێنی ئافرەتێکی کرد، ئەگەر توانی سەیری ئەو شوێنەی بکات کە دەبێتە هۆی هاوسەرگیری لەگەڵی [وەکوو دەست و دەموچاوی]، ئەوا با بیکات، جابر دەڵێت: منیش کچێکم خوازبێنی کرد، جا خۆم بۆی دەشاردەوە؛ تاوەکوو ئەوەم لێی بینی کە وای لێ کردم بیخوازم و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم، ئەوەبوو هاوسەرگیریم لەگەڵیدا کرد[2].

---

[١] أخرجه أبو داود (٢٠٨٢) وأحمد (١٤١٧٦) والحاكم في «المستدرك» (٢٦٩٦) وقال: صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه، وقال الذهبي في «التلخيص»: على شرط مسلم. وحسنه الشيخ الألباني في «صحيح أبي داود» (٢٠٨٢).

[٢] ئەو کارەی جابر کردی لە خۆشاردنەوە لەژێر ناڕەحەتی، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتان وازیان لە داپۆشینی دەموچاو نەهێناوە، ئیللا ئەگەر زانیبێتیان و دڵنیابوونە لە تێڕوانینی پیاوان بۆیان.

شێخ ئیبن عوسەیمین دەفەرموێ: «وجه الدلالة منه أن النبي -ﷺ-، نفى الجُناح -وهو الإثم- عن الخاطب خاصة، إذا نظر من مخطوبته بشرط أن يكون نظره للخطبة، فدل هذا على أن غير الخاطب آثم بالنظر إلى الأجنبية بكل حال، وكذلك الخاطب إذا نظر لغير الخطبة، مثل أن يكون غرضه بالنظر التلذذ والتمتع به نحو ذلك.

فإن قيل: ليس في الحديث بيان ما ينظر إليه. فقد يكون المراد بذلك نظر الصدر والنحر، فالجواب أن كل أحد يعلم أن مقصود الخاطب المريد للجمال، إنما هو جمال الوجه وما سواه تبع لا يقصد غالبًا، فالخاطب إنما ينظر إلى الوجه؛ لأنه المقصود بالذات لمريد الجمال بلا ريب»[1].

واتە: ڕووی بەڵگایەتی لەو فەرموودەیە ئەوەیە کە پێغەمبەر -ﷺ-، تاوانی دوورخستۆتەوە لە خوازبێنیکەر بەتایبەت، ئەگەر سەیری خوازبێنیکراوەکەی کرد، بەمەرجێک سەیرکردنەکەی بۆ خوازبێنیکردن بێت، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جگە لە خوازبێنیکەر تاوانبارە بە سەیرکردنی بۆ ئافرەتی بێگانە بەهەموو شێوەیەک، بەهەمان شێوەش خوازبێنیکەر ئەگەر بۆ جگە لە خوازبێنی بێت، وەکوو

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د.سعيد القحطاني، ص: ١٩٣]. -وەرگێڕ-.

[١] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٨).

ئەوەی مەبەستی بە سەیریکردن چێژ بینین و خۆشی بینین بێت لە ئافرەتەکە و هاوشێوەی ئەمەش.

ئەگەر بشگوترێت: لە فەرموودەکەدا ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنە نەهاتووە کە سەیری دەکات. چونکە ڕەنگە مەبەست بەمە سەیرکردنی سینگ و گەردەن بێت، وەڵامەکەی ئەوەیە: هەموو کەسێک دەزانێت کە مەبەستی خوازبێنیکەر، ئەوەی مەبەستی جوانی بێت، بریتییە لە جوانی دەموچاو، جگە لەوە شوێنکەوتەیە و بەزۆری وایە مەبەست نییە، لەبەر ئەوەی خوازبێنیکەر سەیری دەموچاو دەکات؛ چونکە خودی دەموچاو مەبەستەکەیە، بۆ ئەو کەسەی مەبەستی جوانی بێت بەبێ گومان.

هەروەها شێخ بەکر ئەبوو زەید دەفەرموێ: «ودلالة هذه السنة، ظاهرة من وجوه: أن الأصل هو تستر النساء واحتجابهن عن الرجال، والرخصة للخاطب برؤية المخطوبة، دليل على وجود العزيمة وهو الحجاب، ولو كنَّ سافرات الوجوه لما كانت الرخصة، وتكلف الخاطب -جابر ﷺ- بالاختباء لها، لينظر منها ما يدعوه إلى نكاحها، ولو كن سافرات الوجوه خرَّاجات ولَّاجات، لما احتاج إلى الاختباء لرؤية المخطوبة، والله أعلم»[1].

[١] «حراسة الفضيلة» (٧٥-٧٦).

واتە: بەڵگایەتی ئەو سوننەتە، دیار و ئاشکرایە لە چەند ڕوویکەوە: ئەویش ئەوەیە کە ئەسڵ بریتییە لە خۆداپۆشینی ئافرەتان و دەپۆشینی دەموچاویان لە پیاوان، مۆڵەتدانیش بۆ خوازبێنیکەر بە بینین و سەیرکردنی خوازبێنیکراو، بەڵگەیە لەسەر بوونی عەزیمەت ئەویش داپۆشینی دەموچاوە، خۆ ئەگەر دەموچاویان بەدەرەوە بووایە، ئەوا پێویستی بە مۆڵەت نەبوو، هەروەها پێویستیشی بە زۆرلەخۆکردنی خوازبێنیکەر نەبوو -کە جابر بوو -ڕەزای خوای لێبێت- بە خۆشارنەوە و خۆدانوساندن لە ئافرەتەکە، تاوەکوو سەیری ئەو شوێنەی بکات کە دەبێتە هۆی هاوسەرگیریی لەگەڵی، ئەگەر بێتوو ڕووخساریان بەدەرەوە بووایە و بهاتبان و بچووبان، هیچ پێویستی بە خۆشاردنەوە نەبوو بۆ بینینی خوازبێنیکراو، خواش زاناترە[1].

[١] شێخ (أبو هشام الأنصاري) دەفەرموێت: «ئەو ڕووداوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئافرەتان، خۆیان داپۆشی بوو بەشێوەیەک پیاو نەیدەتوانی بیانبینێت، ئیللا بە فێڵ و شێوازێک لە ڕەفتار نەبێت، یان ئافرەتەکان مۆڵەتی پێ بدەن بە بینینی، ئەگەر لە ماڵ دەرچووبانە بە ڕووخسار بەدەرەوەیی و ڕوومەتیان دیار بووایە و کلیان لە چاوەکانیان بکردبایە و دەستەکانیان خەناوی بووایە، ئەوا پیاوان پێویستییان بە چێشتنی ئەو ناڕەحەتییە نەبوو لە بینینیان». [إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د.سعيد القحطاني، ص: ١٩٢]. -وەرگێڕ-.

بەڵگەی هەشتەم: فەرموودەکەی ئیبن مەسعوودە -ڕەزای خوای لێبێت-:

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، لە پێغەمبەرەوە -ﷺ- کە دەفەرموویی: «الْمَرْأَةُ عَوْرَةٌ، فَإِذَا خَرَجَتْ اسْتَشْرَفَهَا الشَّيْطَانُ»[1].

واتە: ئافرەت عەورەتە [واتە: دەبێت دابپۆشرێت]، جا ئەگەر لە ماڵ دەرچوو، ئەوە شەیتان جوانی دەکات و دەیڕازێنێتەوە لەبەر چاوی پیاوان و تووشی فیتنەیان دەکات.

هەروەها ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت-، دەفەرموویت: «الْمَرْأَةُ عَوْرَةٌ، وَأَقْرَبُ مَا تَكُونُ مِنْ رَبِّهَا، إِذَا كَانَتْ فِي قَعْرِ بَيْتِهَا، فَإِذَا خَرَجَتِ، اسْتَشْرَفَهَا الشَّيْطَانُ»[2].

---

[1] أخرجه الترمذي (١١٧٣)، وأخرجه ابن خزيمة في «صحيحه» (١٦٨٥)، والطبراني في «المعجم الأوسط» (٢٨٩٠)، وابن أبي شيبة في «المصنف» (٧٦٩٨)، بزيادة: (وَأَقْرَبُ مَا تَكُونُ مِنْ وَجْهِ رَبِّهَا وَهِيَ فِي قَعْرِ بَيْتِهَا). وقال الترمذي: حَسَنٌ غَرِيبٌ. وقال المنذري في «الترغيب والترهيب» (١/١٨٠): رجاله رجال الصحيح. وقال الهيثمي في «المجمع» (٢/٣٨): رجاله موثقون. وصحح إسناده الألباني في «السلسلة الصحيحة» (٢٦٨٨).

[2] أخرجه ابن أبي شيبة في «المصنف» (٢/٣٨٤) رقم (٧٦٩٨) بإسناد صحيح.

واتە: ئافرەت عەورەتە، نزیکترین کاتی لە خوای گەورە، ئەوکاتەیە کەوا لەناو قوڵایی ماڵەکەیدایە، بۆیە ئەگەر لە ماڵ دەرچوو، شەیتان دەیڕازێنێتەوە لەبەر چاوی پیاواندا.

بەهەمان شێوە ئیبن مەسعوود فەرموویەتی: «إنَّمَا النِّسَاءُ عَوْرَةٌ»[1].

واتە: بە دڵنیایی ئافرەتان عەورەتن.

ئەو فەرموودانە بەڵگایەتییەکەیان ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت هەرهەمووی عەورەتە، بە دەموچاو و دەستەکانیشی، خۆ ئەگەر دەرخستنی ڕووخسار و دوو دەستەکان دروست بووایە، ئەوا پێغەمبەر -ﷺ- جیای دەکردەوە لە فەرموودەکەدا [واتە: دەیفەرموو: ئافرەت عەورەتە، تەنها دەموچاو و دەستەکانی نەبێت].

*****

[1] أخرجه الطبراني في «المعجم الكبير» (١٨٥/٩) رقم (٨٩١٤) وقال الهيثمي في «المجمع» (٣٨/٢): رجاله ثقات. وقال الألباني: صحيح موقوف. وينظر: «صحيح الترغيب والترهيب» (٣٤٨).

بەڵگەی نۆیەم: فەرموودەکەی عوقبەی کوڕی عامڕە -ڕەزای خوای لێبێت-:

لە عوقبەی کوڕی عامڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرموویەتی: «إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ»، فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ: يَا رَسُولَ اللهِ أَفَرَأَيْتَ الْحَمْوَ؟ قَالَ: «الْحَمْوُ الموتُ»[1].

واتە: ئامۆژگاری وریا بن لە چوونە لای ئافرەتانی بێگانە و بەتەنها مانەوە لەگەڵیاندا! پیاوێک لە پشتیوانەکان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا چی دەڵێی دەربارەی برای مێرد [واتە: چی دەڵێی ئەگەر برای مێردی ژنەکە بچێتە لای و بە تەنها لەگەڵی بێت][2]؟ فەرمووی: برای مێرد ئەوە هەر مردنە و وەکوو مردن وایە، یان با بمرێت، بەس ئەو کارە نەکات [چونکە سەردەکێشێت بۆ مردنی دین لە دڵدا، یان سەردەکێشێت بۆ ڕەجمکردن، ئەگەر تاوانی زینا ڕووبدات، یاخود سەردەکێشێت بۆ تەڵاقدانی ژنەکە].

[1] «صحيح البخاري» (٥٢٣٢) و«مسلم» (٢١٧٢).

[2] تێبینی: (الْحَمْوَ): خزم و کەس و کاری نزیکی مێردی ژنە، وەکوو برا و مامی مێرد. -وەرگێڕ-.

زانـای گـەورە شـەنقیتی دەفەرمـوویّ: «فهـذا الحديـث الصّحيـح صرَّح فيـه النَّبـيُّ -ﷺ- بالتَّحذير الشَّـديد مـن الدّخول عـلى النِّسـاء، فهـو دليـل واضـح عـلى منـع الدّخـول عليهـنَّ وسـؤالهنَّ متاعًا إلا من وراء حجاب؛ لأنَّ من سـألها متاعًا لا من وراء حجـاب، فقـد دخـل عليها، والنّبـيُّ -ﷺ- حذَّره مـن الدّخول عليهـا، ولمّـا سـأله الأنصـاريُّ عـن الحمو الـذي هو قريـب الزَّوج الَّـذي ليـس محرمًـا لزوجته، كأخيه وابـن أخيه وعمِّـه وابن عمِّه ونحـو ذلك، قال لـه -ﷺ-: «الْحَمْـوُ المَوتُ»، فسـمّى -ﷺ- دخول قريـب الرّجـل عـلى امرأته وهـو غير محرم لها باسـم المـوت، ولا شـكّ أنَّ تلـك العبـارة هي أبلـغ عبـارات التّحذيـر؛ لأنَّ الموت هو أفظـع حـادث يـأتي عـلى الإنسـان في الدّنيا، كـما قال الشّـاعر:

والموت أعظم حادث ... ممّا يمرُّ على الجبلّة

والجبلّـة: الخلـق، ومنه قوله تعـالى: ﴿وَٱتَّقُـواْ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلْجِبِلَّـةَ ٱلْأَوَّلِـينَ﴾ [الشـعراء: ١٨٤]، فتحذيـره -ﷺ- هـذا التَّحذيـر البالـغ مـن دخـول الرِّجـال عـلى النِّسـاء، وتعبـيره عـن دخـول القريـب عـلى زوجـة قريبـه باسـم المـوت، دليـل صحيـح نبـويٌّ عـلى أنَّ قولـه تعـالى: ﴿فَسْـَٔلُوهُنَّ مِـن وَرَآءِ حِجَـابٍ﴾ [الأحـزاب: ٥٣] عـامّ في جميـع النِّسـاء، كـما تـرى؛ إذ لـو كان حكمـه خاصًّـا بأزواجـه -ﷺ-، لمـا حـذَّر الرِّجـال هـذا التّحذيـر البالـغ العـام مـن الدُّخول على النِّسـاء، وظاهر الحديـث التَّحذير مـن الدّخـول عليهـنَّ ولـو لم تحصـل الخلـوة بينهما، وهـو كذلك،

فالدُّخول عليهنَّ والخلوة بهنَّ كلاهما محرّم تحريمًا شديدًا بانفراده، كما قدَّمنا أنَّ مسلمًا -رحمه الله- أخرج هذا الحديث في باب تحريم الخلوة بالأجنبية والدخول عليها، فدلَّ على أنَّ كليهما حرام»[1].

واتە: ئەو فەرموودە سەحیحە، پێغەمبەر -ﷺ- تێیدا بەڕاشکاوی هۆشداریيەکی تونـد دەدات لە چوونە لای ئافرەتان، کەواتە ئەمە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر قەدەغەکردنی چوونە لای ئافرەتان و داوالێکردنی کەلوپەل لێیان، مەگەر لە پشتی پەردەوە بێت؛ چونکە ئەوەی داوای کەلوپەلێکیان لێ بکات و لە پشتی پەردەوەش نەبێت، ئەوە چۆتە لایان، پێغەمبەریش -ﷺ- هۆشداری داوە لە چوونە لایان، ئینجا کاتێک پیاوە ئەنسارییەکە پرسیاری لێ کرد دەربارەی (الحمو)، کە بریتییە لە خزمە نزیکەکانی مێرد، ئەوەی کە مەحرەمی خێزانەکەی نییە و لێی حەرام نییە، وەکوو برایەکەی و کوڕی برایەکەی و مامی و کوڕی مامی و هاوشێوەی ئەمانە، پێغەمبەر -ﷺ- پێی فەرموو: «خزمە نزیکەکانی مێرد، ئەوە مردنە»، پێغەمبەر -ﷺ- چوونەلای خزمە نزیکەکانی پیاو بۆ لای هاوسەرەکەی، لەکاتێکدا حەرام نییە لە ئافرەتەکە، ناوبرد بە ناوی مردن، گومانیشی تێدا نییە کە ئەو دەستەواژەیە کاریگەرترینی دەستەواژەکانی

[1] «أضواء البيان» (٦/٢٤٩).

ئاگەدارکردنەوەیە؛ چونکە مردن، بریتییە لە مەترسیدارترین ڕووداو کە بەسەر مرۆڤدا دێت لە دونیادا، هەروەکوو شاعیر دەڵێت:

مردن گەورەترین ڕووداوە
لەوەی کە بەسەر دروستکراوەکاندا دێت

(الجبلّة) واتا: دروستکراو، هەر لەو بابەتەوەیە ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلْجِبِلَّةَ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ [الشعراء: ١٨٤]، واتە: بترسن لەو زاتەی کە ئێوە و خەڵکان و دروستکراوەکانی پێشووتریشی دروست کردووە. کەواتە هۆشداریدانی پێغەمبەر -ﷺ- بەو هۆشداریيە تونده، لە چوونی پیاوان بۆ لای ئافرەتان، هەروەها دەربڕینی لە چوونی خزمە نزیکەکان بۆ لای خێزانی نزیکی، بە ناوی مردن، بەڵگەیەکی ڕاست و دروستە لەسەر ئەوەی کە فەرمایشتی خوای گەورە: {لە پشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن}، گشتییە بۆ هەموو ئافرەتان، هەروەکوو دەیبینی؛ چونکە ئەگەر حوکمەکەی تایبەت بووایە بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ-، ئەوا پیاوانی ئاگەدار نەدەکردەوە بەو ئاگەدارکردنەوە توند و گشتییە لە چوونە لای ئافرەتان، ڕووکەشی فەرموودەکەش هۆشداریيە لە چوونە لایان، ئەگەرچی بەتەنها مانەوەش لەنێوانیاندا ڕوو نەدات، هەر ئاواشە، چونکە چوونە لایان و بەتەنها مانەوە لەگەڵیان، هەردووکیان حەرامکراون بە

سەربەخۆیی و بە تەنهایی، بە حەرامکردنێکی تونديش، هەروەکوو پێشتر باسمانکرد کە پێشەوا موسلیم -ڕەحمەتی خوای لێبێت- ئەو فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە لە (باسی حەرامکردنی بەتەنهابوون لەگەڵ ئافرەتی بێگانە و چوونە لای)، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەردووکیان حەرامن.

هەروەها شێخ بەکر ئەبوو زەید دەفەرموێ: «فهذا الحديث دال على فرض الحجاب؛ لأن النبيَّ -ﷺ- حذَّر من الدخول على النساء، وشَبَّه -ﷺ- قريب الزوج بالموت، وهذه عبارة بالغة الشدة في التحذير، وإذا كان الرجال ممنوعين من الدخول على النساء، وممنوعين من الخلوة بهنَّ بطريق الأولى، كما ثبت بأحاديث أخر، صار سؤالهن متاعًا لا يكون إلا من وراء حجاب، ومَن دخل عليهن فقد خرق الحجاب، وهذا أمرٌ عام في حق جميع النساء، فصار كقوله تعالى: ﴿فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ [الأحزاب:٥٣] عامًا في جميع النساء»[1].

واتە: ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فەرزبوونی حیجاب؛ لەبەر ئەوەی پێغەمبەر -ﷺ- هۆشداری داوە لە چوونە لای ئافرەتان، هەروەها پێغەمبەر -ﷺ- خزمی نزیکی مێردی بە مردن چووانە، ئەو دەستەواژەیەش زۆر تونده لە

[1] «حراسة الفضيلة» (٧٤-٧٥).

ئاگەدارکردنەوە، جا ئەگەر پیاوان ڕێگرییان لێ کرابێت لە چوونە لای ئافرەتان، هەروەها ڕێگرییان لێ کرابێت لە مانەوە لەگەڵیان بە تەنهایی بەڕێگەی لەپێشتر، هەروەکوو ئەمە بە فەرمووەی دیکە جێگیر بووە، ئەوە داواکردنی کەلوپەل لێیان، تەنها لەپشتی پەردەوە دەبێت، هەر کەسێک بچێتە لایان، ئەوا حیجابی خستۆتە ئەولاوە، ئەمەش فەرمانێکی گشتییە دەرحەق بەهەموو ئافرەتان، کەوابوو وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوای لێ هات: {لە پشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن}، گشتییە بۆ هەموو ئافرەتان.

*****

بەڵگەی دەیەم: فەرموودەکەی دایکی عەتییەیە -ڕەزای خوای لێبێت-:

لە (أُمّ عَطِيَّة) هاتووە کە فەرموویەتی: «أَمَرَنَا رَسُولُ الله -ﷺ- أَنْ نُخْرِجَهُنَّ فِي الْفِطْرِ وَالْأَضْحَى -الْعَوَاتِقَ وَالْحُيَّضَ وَذَوَاتِ الْخُدُورِ-، فَأَمَّا الْحُيَّضُ فَيَعْتَزِلْنَ الصَّلَاةَ وَيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُسْلِمِينَ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ إِحْدَانَا لَا يَكُونُ لَهَا جِلْبَابٌ، قَالَ: «لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا»[1].

واتە: پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرمانی پێ کردین کەوا بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربانداتەو کچە گەنجانەی تازە باڵغ دەبن و ئەو ئافرەتانەشی لە سووڕی مانگانەن و ئەوانەش لە ماڵەکانیانن، بیانهێنینە دەرەوە، جا هەرچی ئافرەتە حەیزدارەکانن، ئەوانە دوورەکەونەوە لە نوێژ و نوێژەکە ناکەن، بەڵام ئامادەی چاکە و پاڕانەوە و بانگەوازی موسڵمانان دەبن، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ-، یەکێک لە ئێمە چی بکات ئەگەر عەبای نەبێت، فەرمووی: «با خوشکەکەی لە عەباکەی خۆی بیپۆشێت و پێی بدات».

زانای گەورە (ابن رجب الحنبلي- ٧٩٥هـ) فەرموویەتی: «قد كنَّ قبل الحجاب يظهرن بغير جلباب، ويُرى من المرأة وجهها وكفاها، وكان ذلك ما ظهر منها من الزينة في قوله:

[١] «صحيح البخاري» (٣٢٤) و«مسلم» (٨٩٠).

﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [النور: ٣١]، ثم أُمرت بستر وجهها وكفيها، ولهذا قال تعالى: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ [الأحزاب:٥٩]، يعني: حتى تعرف الحرة فلا يتعرض لها الفساق، فصارت المرأة الحرة لا تخرج بين الناس إلا بالجلباب، فلهذا سئل النبي -ﷺ- لما أمر النساء بالخروج في العيدين، وقيل له: المرأة منا ليس لها جلباب؟ فقال: «لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا». يعني تعيرها جلبابًا تخرج فيه»[1].

واتە: بێگومان ئافرەتان پێشی دابەزینی ئایەتی حیجاب، بەبێ عەبا دەردەکەوتن و دەموچاو و دەستی ئافرەتیش دەبینرا، ئەمەش ئەو جوانییە بوو کە لە ئافرەت بەدەردەکەوت و کەوا لەو فەرمایشتەی باسکراوە: {با جوانی خۆیان دەرنەخەن، تەنها ئەوەی کە بەدەرەوەیە و خۆی دەردەکەوێت}، پاشان فەرمانی پێ کرا بە داپۆشینی دەموچاو و دەستەکانی، هەر بۆیە خوای گەورە فەرمووی: {ئەوە نزیکترە کە بە داوێنپاک بناسرێن، تا بەهۆیەوە ئازار نەدرێن}، واتا: تاوەکوو ئافرەتی ئازاد بناسرێتەوە و فاسیقەکان رێگەی پێ نەگرن و ئازاری نەدەن، بۆیە وای لێهات ئافرەتی ئازاد دەرنەدەچوو بۆ ناو خەڵکی، تەنها بە عەباوە نەبێت، هەر بۆیەش پێغەمبەر -ﷺ- کاتێک فەرمانی بە ئافرەتان کرد کەوا دەربچن بۆ نوێژی

[1] «فتح الباري»، لابن رجب (١٣٨/٢).

دوو جەژنە کە، پرسیاری لێ کرا و پێی گوترا: ئافرەتێک لە ئێمە ئەگەر عەبای نەبوو، چی بکات؟ ئەویش فەرمووی: «لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا». واتا: عەبایەکی پێ دەدات و پێیەوە دەردەچێت.

هەروەها شێخ ئیبن عوسەیمین فەرموویەتی: «فهذا الحديث يدل على أن المعتاد عند نساء الصحابة ألا تخرج المرأة إلا بجلباب، وأنها عند عدمه لا يمكن أن تخرج. ولذلك ذكرن هذا المانع لرسول الله -ﷺ-، حينما أمرهن بالخروج إلى مصلى العيد، فبيَّن النبي -ﷺ- لهن حل هذا الإشكال بأن تلبسها أختها من جلبابها، ولم يأذن لهن بالخروج بغير جلباب، مع أن الخروج إلى مصلى العيد مشروع مأمور به للرجال والنساء، فإذا كان رسول الله -ﷺ-، لم يأذن لهن بالخروج بغير جلباب فيما هو مأمور به، فكيف يرخص لهن في ترك الجلباب لخروج غير مأمور به ولا محتاج إليه؟! بل هو التجول في الأسواق والاختلاط بالرجال والتفرج الذي لا فائدة منه، وفي الأمر بلبس الجلباب، دليل على أنه لابد من التستر. والله أعلم»[1].

واتە: ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا خو و نەریتی ئافرەتانی هاوەڵان وابووە کە لەماڵ دەرنەچوونە، ئیللا بە عەباوە نەبێت، هەروەها لەکاتی نەبوونیدا، نەدەکرا کە دەربچن. بۆیە ئەوانیش باسی ئەو ڕێگریەیان کرد بۆ

[١] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٨).

پێغەمبەری خوا -ﷺ-، ئەمەش کاتێک کە فەرمانی پێ کردن دەربچن بۆ شوێنی نوێژی جەژن، پێغەمبەریش -ﷺ- چارەسەری ئەو کێشەیەی بۆ ڕوون کردنەوە، بەوەی با خوشکەکەی لە عەباکەی خۆی پێی بدات، مۆڵەتی پێ نەدان کەوا بەبێ عەبا دەربچن، لەگەڵ ئەوەی کە دەرچوون بۆ شوێنی نوێژکردنی جەژن شەرعییە و فەرمانپێکراوە بۆ پیاوان و ئافرەتانیش، جا ئەگەر پیغەمبەری خوا -ﷺ-، مۆڵەتیان پێ نەدات بە دەرچوون بەبێ عەبا لە شتێکدا کە فەرمانپێکراوە، ئەدی چۆن مۆڵەتیان پێ دەدات لە وازهێنان لە پۆشینی عەبا بۆ دەرچوونیش بۆ شتێکی فەرمانپێنەکراو و ناپێویست؟! بەڵکوو بۆ کاری گەڕان و سوڕان لە بازاڕەکان و تێکەڵاوبوون لەگەڵ پیاوان و گەڕانێک کە هیچ سوودێکی نییە، هەروەها فەرمانکردن بە پۆشینی عەبا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر دەبێت ئافرەتان خۆیان دابپۆشن. خواش زاناترە.

*****

سێیەم: بەڵگەکانی قیاس

بەڵگەی یەکەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [النور: ٣١].

واتە: ئەی موحەممەد -ﷺ-، بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ: با چاوی خۆیان بپۆشن لە تێڕوانینی پیاوانی نامەحرەم و با دامێنی خۆشیان بپارێزن لە زینا و لەوەی کە کەس نەیبینێت، هەروەها با جوانی خۆیان، یان بازن و گوارە و ملوانکە و خرخاڵ و خشڵی خۆیان دەرنەخەن، تەنها ئەوە نەبێ کە خۆی دەرکەوتووە و دیارە.

بەڵگایەتی ئەو ئایەتە ئەوەیە کە خوای گەورە فەرمان بە ئافرەتە باوەڕدارەکان دەکات بە پاراستنی دامێنیان، فەرمانکردنیش بە پاراستنی دامێن، فەرمانکردنە بە خۆداپۆشین، ڕەنگە هۆکارێکیش بێت بۆ پاراستنی دامێن، هیچ ژیرێکیش گومانی لەوەدا نییە کە یەکێک لە هۆکارەکانی پاراستنی دامێن، داپۆشینی دەموچاوە؛ چونکە دەرخستنی دەموچاو هۆکارێکە بۆ سەیرکردنی و بیرکردنەوە لە جوانییەکانی و چێژ لێ بینینی، دوای ئەوەش بەرەو گەیشتن پێی و پەیوەندی، لە فەرموودەشدا هاتووە لە ئەبوو هوڕەیرەوە لە پێغەمبەرەوە -ﷺ- کە فەرموویەتی: «كُتِبَ عَلَى

ابْـنَ آدَمَ نَصِيبُـهُ مِـنْ الزِّنَا، مُـدْرِكٌ ذَلِـكَ لَا مَحَالَةَ، فَالْعَيْنَـانِ زِنَاهُمَا النَّظَـرُ، وَالْأُذُنَـانِ زِنَاهُـمَا الاسْـتِمَاعُ، وَاللِّسَـانُ زِنَـاهُ الْـكَلَامُ، وَالْيَدُ زِنَاهَـا الْبَطْـشُ، وَالرِّجْـلُ زِنَاهَـا الْخُطَـا، وَالْقَلْـبُ يَهْـوَى وَيَتَمَنَّـى، وَيُصَـدِّقُ ذَلِـكَ الْفَـرْجُ وَيُكَذِّبُـهُ»[1].

واتـه: نەوەی ئادەم بەشـی خۆی لە زینا لەسـەری نووسراوە، تووشـی دەبێـت هیـچ چـاری نییـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە زینای چـاوەکان سـەیرکردنە، زینـای گوێیـەکان گوێگرتنـە، زینـای زمـان قسـەکردنە، زینـای دەسـت دەسـت لێدانـە، زینـای پێـش هەنگاونانـە، دڵیـش پێـی خۆشـە و ئاواتەخـوازە، دامێنیش ئەو شـتە بەڕاسـت دەخاتـەوە یـان بـەدرۆی دەخاتەوە.

مادام داپۆشـینی ڕووخسـار، یەکێـک بێت لـە هۆکارەکانی پاراسـتنی دامێن، کەواتـە فەرمان پێکـراوە؛ چونکە هۆکارەکان حوکمی مەبەسـتەکانیان هەیە(الوسـائل لها أحكام المقاصد).[2].

*****

[1] «صحيح مسلم» (٢٦٥٧).

[2] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٣).

بەڵگەی دووەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە:

﴿وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ [النور: ٣١].

واتە: ئافرەتان با پێیان نەدەن بە زەویدا و ئەوەی کە شاردوویانەتەوە لە دەنگی خرخاڵەکەیان یان دەنگی پێڵاوەکەیان با دەرنەکەوێت و سەرەنجی پیاو ڕانەکێشن، ئێوە هەر هەمووتان ئەی باوەڕداران، تەوبە بکەن و بۆ لای خوای گەورە بگەڕێنەوە بەڵکوو سەرکەوتوو و سەرفراز بن.

واتا با ئافرەت بە پێیەکانی لە زەویدا نەدات، بەو هۆیەوە بزانرێت کە چی شاردۆتەوە لە پاوانە و خرخاڵ و هاوشێوەکانی، ئەوەی کە قاچی پێ دەڕازێندرێتەوە، جا ئەگەر ئافرەت ڕێگری لێ کرابێت لەوەی پێیەکانی لە زەوی بدات، لەترسی ئەوەی پیاوان تووشی فیتنە ببن، بەوەی کە دەیبیستن لە دەنگی خرخاڵ و هاوشوەکانی، ئەی دەبێت دەرخستنی دەموچاو چۆن بێت؟ کامەیان فیتنەکەی گەورەترە، پیاو گوێی لە دەنگی خرخاڵ بێت لە قاچی ئافرەت، کە نازانێت چییە و جوانییەکەی چۆنە؟ نازانێت گەنجە یان پیرەژنە؟ نازانێت ڕووی ناشیرینە، یاخود ڕووخساری جوانە؟ کامەیان فیتنەکەی گەورەترە؟ ئەمە گەورەترە یان سەیرکردنی

دەموچاوێکی دیار و جوان و گەنج و دەروشاوە و جوانکراو بەشێوەیەک ڕاکێشەری فیتنە بێت و بانگەواز بکات بۆ سەیرکردنی؟ هەموو مرۆڤێک کە پێویستی و ئارەزووی بۆ ئافرەت هەبێت، باش دەزانێت کامە فیتنە لەو دووانە گەورەترن و شایستەترن بە شاردنەوە و داپۆشین؟[1].

*****

[١] انظر: «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٥).

بەڵگەی سێیەم: فەرموودەی ئیبن عومەڕە -ڕەزای خوایان لێبێت-:

لە ئیبن عومەڕەوە هاتووە دەڵێت: پێغەمبەر -ﷺ- فەرموویەتی: «مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلَاءَ، لَمْ يَنْظُرِ اللهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ». فَقَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ: فَكَيْفَ يَصْنَعْنَ النِّسَاءُ بِذُيُولِهِنَّ؟ قَالَ: «يُرْخِينَ شِبْرًا»، فَقَالَتْ: إِذًا تَنْكَشِفُ أَقْدَامُهُنَّ، قَالَ: «فَيُرْخِينَهُ ذِرَاعًا لَا يَزِدْنَ عَلَيْهِ»[1].

واتە: هەر کەسێک پۆشاک و شەڕواڵەکەی درێژ بکات بەمەبەستی فیز و خۆبەگەورەزانین، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا سەیری ناکات، دایکی سەلەمەش گوتی: ئەی باشە ئافرەتان چی لە داوێنی کراس و پۆشاکیان بکەن؟ فەرمووی: «با بستێک درێژی بکەنەوە»، گوتی: کەواتە پێیەکانیان بەدیار دەکەوێت، فەرمووی: «با باڵێک شۆڕی بکەنەوە و لەوە زیاتر شۆڕی نەکەنەوە».

کەواتە ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر واجبیەتی داپۆشینی پێی ئافرەت [هەروەکوو پێشەوا بەیهەقی وای فەرموە]، کە ئەمەش شتێکی زانراو بووە لەلای ئافرەتانی هاوەڵان، ئێ بەبێ گومان (پێ) فیتنەی کەمترە لە (دەموچاو)

[1] أخرجه الترمذي (١٧٣١) وقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ. وأخرجه النسائي (٥٣٣٦) وصححه الألباني في «صحيح النسائي» (٥٣٥١).

و (دوو دەستەکان)، کەوابوو ئەمە ئاگەدارکردنەوەیە بە نزمتر، ئاگەدارکردنەوەیە بە شتێک کە لە سەرووی ئەوە و لەپێشترە لەو بە حوکمەکە، حیکمەت و دانایی شەرعیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە داپۆشینی شتێک فیتنەی کەمترە واجب بکات، بەڵام مۆڵەت بدات بە دەرخستنی شتێک کە فیتنەکەی لەو گەورەترە؛ چونکە ئەمە شتێکی دژبەیەکی نەگونجاوە لەسەر حیکمەت و شەرعی خوای گەورە[1].

[١] شێخ (حمود التويجري) دەفەرموێت: «ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت هەرهەموو عەورەتە لە ئاست پیاوانی بێگانە؛ هەر بۆیەش پێغەمبەر -ﷺ- کاتێک ڕێگەی بە ئافرەتاندا لەوەی داوێنی پۆشاکەکانیان بستێک بهێننە خوارەوە، پێیان گوت: بستێک عەورەت داناپۆشێت، عەورەتیش لێرەدا پێیە، هەروەکوو ئەمە ڕوونە لە ڕیوایەتەکانی دیکە لە ئیبن عومەر و دایکی سەلەمە -ڕەزای خوایان لێبێت-. کەواتە پێغەمبەر -ﷺ- دانی بەوەدانا بۆ ئافرەتەکان کە پێیەکان بەشێکن لە عەورەت، جا ئەگەر کارەکە بۆ پێیەکان ئاوا بێت، ئەی دەبێت بۆ سەرووی پێیەکان لە بەشەکانی دیکەی لاشە چۆن بێت؟ بەتایبەتی دەموچاو، ئەوەی کە کۆکەرەوەی جوانی ئافرەتە؟ هەروەها گەورەترین ئەندامیشە کە پیاوان بەهۆیەوە تووشی فیتنە دەبن و پێشبڕکی دەکەن بۆ بەدەست هێنانی، ئەگەر جوان بێت. شتێکی زانراویشە ئەو عیشقەی کەوا زۆرێک لە خەڵکی تووشی ئازار و ناڕەحەتی کرد، زۆرێکیشی لەوان کوشت، تەنها بەهۆی سەیرکردنی ڕووخسارە جوانەکان بوو، نەوەک سەیرکردنی پێیەکان و سەرەپەنجەکان، یان سەیرکردنی خشڵی زێڕ و پۆشاک، ئینجا ئەگەر پێی ئافرەت عەورەت بێت و

هەروەها یەکێکی دیکە لە بەڵگەکانی قیاس: دانپێدانانی بەرژەوەندییەکان و هۆکارەکانی و هاندانە لەسەری، هەروەها نکوولێکردنی خەراپەکان و هۆکارەکانی و ڕێگریکردنە لێی، بۆیە هەر شتێک (سوود و بەرژەوەندییەکەی) پاک و تەواو بێت، یان بەرژەوەندییەکەی زاڵ بێت بەسەر (خەراپە و زیانی)، ئەوە فەرمان پێکراوە بە فەرمانی واجب بوون یان فەرمانی سوننەت بوون.

هەر شتێکیش خەراپە و زیانەکەی تەواو بێت، یان زاڵ بێت بەسەر بەرژەوەندییەکەی، ئەوە قەدەغەکراوە بە قەدەغەکردنی حەرامکردن، یان قەدەغەکردنی مەکرووە.

ئینجا ئەگەر ئێمە بیر لە نیشاندانی ڕووخسار و دەرخستنی دەموچاو بکەینەوە بۆ پیاوە بێگانەکان، دەبینین خەراپە و زیانێکی زۆر لەخۆی دەگرێت، خۆ ئەگەر واش دابنرێت کە بەرژەوەندییەکی تێدا بێت، ئەوە کەمە و نوقم بووە لەچاو خەراپە و زیانەکانی.

واجب بێت دابپۆشرێت، ئەوە ڕووخساری لەپێشترە کە دابپۆشرێت، خواش زاناترە».

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، د. سعيد القحطاني، ص: ١٦٧]. -وەرگێڕ-.

هێندێک لە خەراپە و زیانەکانی دەرخستنی دەموچاو:

تووشبوون بە فیتنە: چونکە ئافرەت خۆی تووشی فیتنە دەکات بە جوانکردنی دەموچاوی و ڕازاندنەوەی و دەرخستنی بە شێوازێکی دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش، ئەمەش گەورەترین هۆکاری خەراپە و بەدڕەوشتییە.

نەمانی شەرم لە ئافرەت: کە بەشێکە لە ئیمان و لە داخوازییەکانی فیترەتی ئافرەتیشە. چونکە ئافرەت نموونەی هەرە بەرزە لە شەرم و حەیا، هەروەکوو دەگوترێت: (بە شەرمترە لە کچێکی شوونەکردوو لە ماڵەکەی خۆیدا)، نەمانی شەرمیش لە ئافرەت، کەمبوونی ئیمانیەتی، هەروەها دەرچوونیشە لەو فیترەتەی کە لەسەری دروستکراوە.

شەیدابوون و فریوخواردنی پیاوان پێیان: بەتایبەتی ئەگەر هاتوو جوان بوو، هەروەها ئەگەر نەرمی نووواندن و پێکەنین و گاڵتەکردنی لێ هاتەجێ، بێگومان گوتراویشە: (تێڕوانینێک، دوایی سڵاوێک، دوای قسەیەک، دوایی ژوانێک، ئینجا بەیەکتر گەیشتن)، شەیتانیش لە نەوەی ئادەمدا بە دەمارەکانی خوێنیدا دەڕوات، چەند قسە و پێکەنین و دڵخۆشییەک، بووە هۆی پەیوەستبوونی دڵی پیاو بە ئافرەت و پەیوەستبوونی دڵی ئافرەتیش بە پیاوەوە، بەهۆی ئەمەشەوە خەراپەی وا هاتۆتە کایەوە کە ناتوانرێت

لابدرێت و دوور بخرێتەوە، داوای سەلامەتی و پارێزراوی لە خوا دەکەین.

تێکەڵاوی ئافرەتان لەگەڵ پیاوانەوە: چونکە ئافرەت ئەگەر خۆی بینی یەکسانە بە پیاو، لە دەرخستنی دەموچاو و گەردان بە ڕووخسار دەرخراوەییەوە، ئەوە شەرم و ئابڕووی نامێنێت لە کێبەرکێکردندا، ئەمەش فیتنەیەکی گەورە و خەراپەکارییەکی بەربڵاوی تێدایە.[1]

*****

[1] انظر: «رسالة الحجاب» لابن عثيمين (١٣).

چوارەم: وتەکانی سەلەف و چوار مەزهەبەکە

لە (أبو بكر بن عبد الرحمن بن الحارث بن هشام)ـەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «كل شيءٍ من المرأة عورةٌ، حتى ظفرها»[1].

واتە: هەموو شتێکی ئافرەت عەورەتە، هەتا نینۆکەکانیشی.

هەروەها ئەبوو تاڵب لە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە ئەو وتەیە دەگوازێتەوە: «ظفر المرأة عورة، فإذا خرجت فلا يبين منها شيء ولا خفّها، فإنّ الخفّ يصف القدم، وأحبُّ إليَّ أن تجعل لكمّها زرًّا عند يدها لا يبين منها شيء»[2].

واتە: نینۆکی ئافرەت عەورەتە، بۆیە ئەگەر لە ماڵ دەرچوو، با هیچ شتێکی دەرنەکەوێت، هەتا گۆرەوییەکەشی چونکە گۆرەوی وەسفی پێیەکان دەکات و قەبارەی پێ نیشان دەدات، پێشم خۆشە کە ئافرەت قۆپچە بۆ سەرەقۆڵەکەی دابنێت لەلای دەستییەوە؛ تاوەکوو هیچ شتێکی دەرنەکەوێت.

---

[١] أخرجه ابن أبي شيبة في «المصنف» (١٨٠٠٨) وإسناده صحيح.

[٢] «الفروع»، لابن مفلح (١٨٦/٨).

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییەش لە پێشەوا ئەحمەدەوە دەگوازێتەوە کە فەرموویەتی: «كل شيء منها عورة، حتى ظفرها». وقال شيخ الإسلام: «وهو قول مالك»[1].

واتە: هەموو شتێکی ئافرەت عەورەتە، هەتا نینۆکەکەشی. هەروەها شێخی ئیسلام فەرموویەتی: «ئەمە قسەی پێشەوا مالیکیشە».

هەروەها (أبو حامد الغزالي- ٥٥٠هـ) دەڵێت: «لم يَزَل الرِّجَالُ على ممرِّ الزَّمان مكشوفي الوجوه، والنِّساء يخرجن منتَقِبَات»[2].

واتە: بەردەوام و بە درێژایی زەمان، پیاوان ڕووخساریان بەدەرەوە بووە، بەڵام ئافرەتان بە ڕووپۆشراوی لە ماڵ دەردەچوون.

هەروەها (السندي- ١١٣٨هـ) دەڵێت: «والنِّقابُ معروف للنِّساء، لا يَبدُو منه الا العَينَان»[3].

واتە: پەچە و نیقاب شتێکی ناسراو بووە لەلای ئافرەتان، کە تەنها دوو چاوەکانی لە نیقابەکەوە دیار بووە.

هەروەها (أبو حيان الأندلسي- ٧٤٥هـ) دەڵێت: «عادةُ بلادِ الأندلُس، لا يظهرُ من المرأةِ إلا عينُها الواحِدة»[4].

---

[١] «حجاب المرأة ولباسها في الصلاة» (١٥).

[٢] «إحياء علوم الدين» (٢/ ٣١٦).

[٣] «حاشية السندي على النسائي» (١٣٣/٥)

[٤] «البحر المحيط» (٢٠٦/٧).

واتە: خو و نەریتی وڵاتی ئەندەلووس وابوو، کە هیچ شتێکی ئافرەت دەرنەدەکەوت، تەنها یەک چاوی نەبێت».

پێشەوا (ابن قدامة المقدسي) دەفەرموێ: «ولا بأس للمرأة أن تطوف منتقبة، إن لم تكن محرمة، فعلته عائشة -رضي الله عنها-، وكره ذلك عطاء ثم رجع عنه»[1].

واتە: هیچی تێدا نییە و ڕێپێدراوە بۆ ئافرەت کە بە نیقابەوە تەواف بکات، ئەگەر لە ئیحرامدا نەبێت، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەمەی کردووە، عەتاء [سەرەتا] ئەو کارەی پێ ناپەسەند بوو، پاشان لێی پەشیمان بوویەوە.

هەروەها (الرُّعيني المالكي- ٩٤٥هـ) دەفەرموێت: «ولا يُمنعن من الخروج والمشي في حوائجهن، ولو كن معتدات وإلى المسجد، وإنما يمنعن من التبرج والتكشف والتطيب للخروج والتزين، بل يخرجن وهنَّ منتقبات، ولا يخففن في المشي في الطرقات، بل يلصقن بالجدران»[2].

واتە: نابێت ئافرەتان ڕێگرییان لێ بکرێت لە چوونەدەر و ڕۆیشتن بۆ پێداویستییەکانیان، ئەگەرچی لە عیدەدە(ماوەی چاوەڕوانی)ش دابن، یان ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت، بەڵام ڕێگرییان لێ دەکرێت لە خۆدەرخستن و ڕووخسار دەرخستن و بۆن لەخۆدان بۆ دەرچوون و خۆجوانکردن، بەڵکوو دەبێت

[1] «الشرح الكبير»، لابن قدامة (٣/٣٢٤).

[2] «مواهب الجليل لشرح مختصر الخليل» (٥/٢٢).

بـە نیقابەوە دەربچن، ئینجا ناشـبێت لە ڕۆیشـتن لـە ڕێگەکاندا جووڵـە جـووڵ و ئەمـلاو ئەولا بکـەن و لـە ناوەڕاسـتی ڕێگادا بـڕۆن، بەڵکـوو دەبێت خۆیـان بە دیوارەوە بلکێنن و لەتەنیشت دیـوارەوە بڕۆن.

هەروەهـا شـێخی ئیسـلام ئیـبن تەیمییـە دەفەرمـووێ: «وكشـف النِّسـاء وجوههنَّ بحيـث يراهنّ الأجانب، غـير جائز»[1].

واتـە: دەرخسـتنی دەموچـاو لەلایـەن ئافرەتانـەوە، بەشـێوەیەک پیـاوە بێگانـەکان بیانبینـن، دروسـت نییـە[2].

پێشـەوا ئیبن قەییم فەرموویەتی: «إن الشـارع شرع للحرائر أن يسـترن وجوههـن عـن الأجانـب، وأمـا الإمـاء فلـم يوجـب عليهـن ذلـك، لكـن هـذا في إمـاء الاسـتخدام والابتـذال، وأمـا إمـاء التـسري اللاتي جرت العـادة بصونهن وحجبهـن، فأين أباح الله ورسـوله لهنَّ أن يكشـفن وجوههن في الأسـواق والطرقات ومجامـع النـاس، وأذن للرجـال في التمتـع بالنظـر إليهـن؟ فهذا غلـط محـض عـلى الشريعة. وأكـد هذا الغلـط أن بعـض الفقهاء سـمع قولهـم: إن الحـرة كلهـا عـورة إلا وجههـا وكفيهـا، وعـورة الأمـة مـا لا يظهـر غالبًـا كالبطـن والظهـر والسـاق، فظـن أن ما

---

[1] «الآداب الشرعية»، لابن مفلح (٢٩٧/١).

[2] هەروەهـا لـە وتەیەکی دیکـەی گرنگیدا دەفەرمـووێ: «وَإِنَّمَـا ضُرِبَ الْحِجَـابُ عَلَـى النِّسَـاءِ؛ لِئَـلَّا تُـرَى وُجُوهُهُـنَّ وَأَيْدِيهِـنَّ». واتـە: بۆیـە حیجاب لەسـەر ئافرەتان دانـدراوە و فەرزکراوە؛ بۆ ئەوەی ڕووخسـار و دەسـتەکانیان نەبینرێـت. [مجمـوع الفتـاوى (٣٧٢/١٥)]. -وەرگێڕ-.

يظهر غالبًا حكمه حكم وجه الرجل. وهذا إنما هو في الصلاة لا في النظر، فإن العورة عورتان: عورة في النظر، وعورة في الصلاة، فالحرة لها أن تصلي مكشوفة الوجه والكفين، وليس لها أن تخرج في الأسواق ومجامع الناس كذلك. والله أعلم»[1].

واتە: شەرعدانەر لەسەر ئافرەتە ئازادەکانی فەرز کردووە کەوا دەموچاویان دابپۆشن لە ئاست پیاوە بێگانەکان، بەڵام کەنیزەکەکان ئەوەیان لەسەر واجب نەکراوە، بەڵام ئەمە بۆ ئەو کەنیزەکانەیە کە بەکاردەهێنرێن و ئیشیان پێ دەکرێت و ماندوو و شڕوشەپڕێو و بێسەروبەرن [کە کەس ئارەزووی ناچێتە سەریان]، بەڵام ئەو کەنیزەکەی کە بەڕێزە و گەورەی هەیە و دەچێتە لای، ئەوانە عادەت وابووە کە پارێزراو بوونە و ڕووی خۆیان داپۆشیوە، لەکوێ خوا و پێغەمبەرەکەی ڕێگەی پێداون کەوا ڕووخساری خۆیان دەربخەن لە بازاڕەکان و ڕێگەکان و شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی، هەروەها لەکوێش ڕێگەی بە پیاوان داوە بە چێژ بینین بە سەیرکردنیان؟ ئەوە هەڵەیەکی ڕوونە بەسەر شەریعەتەوە دەکرێت. ئەوەی کە ئەو هەڵەیەی دووپاتکردەوە، ئەوەبوو هێندێک لە شەرعزانەکان گوێیان لەو قسەیەیان بوو: ئافرەتی ئازاد هەرهەمووی عەورەتە، تەنها دەموچاو و دەستی نەبێت،

[1] «إعلام الموقعين» (٢ / ٨٠).

عەورەتی کەنیزەکیش ئەوەی کە بەزۆری وایە دەرناکەوێت وەکوو سک و پشت و لاق، بۆیە وای گومان برد کە ئەوەی بەزۆری وایە بەدەردەکەوێت، حوکمەکەی وەکوو حوکمی دەموچاوی پیاو وایە. ئەمە تەنها لەناو نوێژدایە، نەوەک لە سەیرکردندا؛ چونکە دوو جۆر عەورەت هەیە: عەورەتێک بۆ سەیرکردن، عەورەتێکیش لەناو نوێژدا، ئافرەتی ئازاد بۆی دروستە کە نوێژ بکات، لەکاتێکدا دەموچاو و دەستەکانی بەدەرەوە بن و دیاربن، بەڵام بۆی نیە کە دەربچێت بۆ بازاڕەکان و شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی. خواش زاناترە.

هەروەها (الخطيب الشربيني- ٩٧٧هـ) دەفەرموێت: «ويكره أن يصلي في ثوب فيه صورة، وأن يصلي الرجل متلثمًا والمرأة منتقبة، إلا أن تكون في مكان وهناك أجانب، لا يحترزون عن النظر إليها، فلا يجوز لها رفع النقاب»[1].

واتە: ناپەسەندە نوێژ بکات بە پۆشاکێک کە وێنەی تێدا بێت، هەروەها ناپەسەندە پیاو نوێژ بکات بە دەمامکەوە، ئافرەتیش بە پێچەوە، ئیللا ئەگەر لەو شوێنەی نوێژی تێدا دەکات پیاوی بێگانەی لێبێت و خۆیان نەپارێزن لە

[١] «الإقناع في حل ألفاظ أبي شجاع» (١ / ١١٣)

سەیرکردنی، ئەو کاتی دروست نییە بۆی کە نیقابەکەی لاببات[1].

هەروەها (العظيم آبادي) لەسەر فەرمووەی فەرمانکردنی پێغەمبەر -ﷺ- بە خێزانەکانی بە خۆداپۆشین و ڕووگرتنەوە لە (ابن أم مكتوم) دەفەرموێ: «الأمر بالاحتجاب من ابن أمّ مكتوم؛ لعلَّه لكون الأعمى مظنّة أن ينكشف منه شيء ولا يشعر به، فلا يستلزم عدم جواز النّظر مطلقًا، قال ويؤيّد الجواز، استمرار العمل على جواز خروج النِّساء إلى المساجد والأسواق والأسفار منتقبات؛ لئلّا يراهنّ الرّجال، ولم يؤمر الرّجالُ قطُّ بالانتقاب لئلّا يراهم النِّساء، فدلَّ على مغايرة الحكم بين الطَّائفتين، وبهذا احتجَّ الغزاليُّ»[2].

---

[1] شێخ (عبدالعزيز الطريفي) دەڵێت: «هێندێک لە شەرعزانەکانی هەر چوار مەزهەبەکان گوتوویانە: ئافرەت ئەگەر لەناو نوێژدابوو و خەڵکی بێگانەشی لەلابوو، ئەوە ڕووخساری خۆی دادەپۆشێت، لە شافیعییەکان خەتیبی شەربینی وای گوتووە... [ئینجا ئەو وتەیەی سەرەوە دێنێتەوە]، لە مالیکییەکان (اللخمي)، لە حەنبەلییەکان ئیبن تەیمییە و جگە لەویش، (الطحطاوي) و جگە لەویش لە حەنەفییەکان ئاماژەیان پێکردووە... ئینجا دەڵێت: «کەواتە ئافرەت بۆی هەیە ڕووخساری دابپۆشێت لەناو نوێژدا، بەهۆی تێپەڕبوونی پیاو بەلایدا، یان بەهۆی تۆز و خۆڵەوە، یاخود بەهۆی باوە، نوێژەکەشی بەمە بەتاڵ نابێتەوە».

[الحجاب في الشرع والفطرة، للطريفي، ص: ٤٦-٤٥]. -وەرگێڕ-.

[2] «عون المعبود شرح سنن أبي داود» (١٧١/١١).

واتـه: فەرمانکردن بە خۆداپۆشـین و ڕووگرتنـەوە لە (ابن أمّ مکتـوم)؛ ڕەنگـە لەبـەر ئەوە بێت کـە نابینا جێگـەی ئەوەیە کە شـتێک لـە لاشـەی بەدەربکەوێـت و هەستیشـی پـێ نـەکات، بۆیـە ئەمـە وا ناخوازێـت کـە سـەیرکردنی پیـاوان بـە ڕەهایـی دروسـت بێـت، فەرمـووی ئـەوەی کە پشـتگیری دروسـتیەتی دەکات، بەردەوامـی کارە لەسـەر دروسـتێتی دەرچوونـی ئافرەتـان بـۆ مزگەوت و بازاڕ و گەشـتەکان بە ڕووپۆشـییەوە؛ تاوەکـوو پیـاوان نەیانبینن، بـەڵام هەرگیز پیـاوان فەرمانیان پێ نەکـراوە بـە ڕووداپۆشـین نەوەکوو ئافرەتـان بیانبینـن، کەواتە ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر جیـاوازی حوکمـدان لەنێـوان ئـەو دوو دەسـتەیە، غەزالیـش ئەمـەی کردۆتـە بەڵگە.

شـێخ ئیبن بازیـش دەفەرموێ: «یحرم علی المرأة أن تکشـف وجههـا لغـیر محارمها، بل یجب علیها سـتره»[1].

حەرامە لەسەر ئافرەت کەوا ڕووخساری خۆی دەربخات بۆ جگە لە مەحرەمەکانی، بەڵکوو واجبە لەسەری کە دایبپۆشێت.

هەروەهـا زانایانـی لێژنـەی دائیمـەش فەرموویانـە: «المـرأة إذا کانـت مأمـورة بسـدل الخـمار مـن رأسـها علی جیبها لتسـتر صدرهـا، فهـي مأمـورة بدلالـة التضمـن أن تسـتر ما بـین الرأس والصـدر، وهـو الوجه والرقبـة»[2].

---

[١] «مجموع فتاوى الإمام عبد العزيز ابن باز» (٤/ ٢٥٦).

[٢] «فتاوى اللجنة الدائمة» (١٧/ ١٤٢).

واتە: ئەگەر ئافرەت فەرمانی پێ کرابێت بە هێنانە خوارەوەی سەرپۆشەکەی لەسەر سەریەوە بۆ سەر سینگی؛ تاوەکوو سینگی دابپۆشێت، ئەوە بە «دلالة التضمن»[1] فەرمانی پێ کراوە کە نێوانی سەر و سینگیشی دابپۆشێت، کە بریتییە لە دەموچاو و گەردەنی.

دووبارە زانایانی لێژنەی دائیمە دەفەرموون: «تغطية المرأة وجهها وكفيها عن الرجال الأجانب واجب، ويحرم عليها كشفها لغير محارمها»[2].

واتە: داپۆشینی ئافرەت بۆ ڕووخسار و دەستەکانی لە پیاوانی بێگانە، واجبە، هەروەها حەرامیشە لەسەری دەریانبخات بۆ جگە لە مەحرەمەکانی.

هەروەها شێخی دکتۆر (صالح الفوزان) دەفەرموێ: «الصحيح الذي تدل عليه الأدلة، أن وجه المرأة من العورة التي يجب سترها، بل هو أشدّ المواضع الفاتنة في جسمها؛ لأن الأبصار أكثر ما توجه إلى الوجه؛ لأنه مركز الجمال، ومحل مدح الشعراء أكثره في محاسن الوجه؛ فالوجه أعظم عورة في المرأة، مع ورود

---

[١] (دلالة التضمن): بریتییە لە بەڵگایەتی گوفتار و وشەیەک لەسەر هێندێک لەوەی کە بۆی دانداوە، وەکوو بەڵگایەتی وشەی (نوێژ) لەسەر (کڕنووش) یان (سوژدە)، یاخود بەڵگایەتی (خانوو) لەسەر بەشێک لە بەشەکانی وەکوو (ژوور). -وەرگێڕ-.

[٢] «فتاوى اللجنة الدائمة» (١٧ /١٦٠).

الأدلة الشرعية على وجوب ستر الوجه»[1].

واتە: ئەو بۆچوونەی کە ڕاست و دروستە و بەڵگەکان بەڵگەنە لەسەری، ئەوەیە کە ڕووخساری ئافرەت بەشێکە لەو عەورەتەی کە واجبە دابپۆشرێت، بەڵکوو بریتییە لە گرینگترینی شوێنە دڵڕفێن و سەرنجڕاکێشەکان لە لاشەی ئافرەت؛ چونکە چاوەکان زیاتر ڕوو لە دەموچاون؛ لەبەر ئەوەی سەنتەری جوانییە، هەروەها شوێنی ستاییشی شاعیران زۆرینەی دەربارەی جوانییەکانی دەموچاوە؛ بۆیە دەموچاو گەورەترین عەورەتە لە ئافرەت، ئەمە سەرەڕای هاتنی بەڵگە شەرعییەکانیش لەسەر واجبیەتی داپۆشینی دەموچاو[2].

*****

[1] «المنتقى من فتاوى الفوزان» (٩/٥٢).

[2] هەروەها پێسەوا ئیبن حەجەر دەفەرموێ: «استمرار العمل على جواز خروج النساء إلى المساجد والأسواق والأسفار منتقبات؛ لئلاَّ يراهنَّ الرجال». [فتح الباري (٩/ ٣٢٧)]. واتە: بەردەوام کار لەسەر ئەوە کراوە کە دروستە ئافرەتان لە ماڵ بچنە دەرەوە بۆ مزگەوت و بازاڕ و گەشتەکان بە ڕووداپۆشراوی؛ تاوەکوو پیاوان نەیانبینن. پێشەوا شەوکانیش لە ئیبن ڕەسلان دەگوازێتەوە کەوا گوتوویەتی: «اتفاق المسلمين على مَنع النساء أن يخرجن سافرات الوجوه، لا سيما عند كثرة الفسَّاق». [نيل الأوطار (٦/ ١١٤)]. واتە: یەکدەنگی موسڵمانان [واتە ئیجماعی عەمەلی [لەسەر ئەوە بووە کەوا قەدەغەیە ئافرەتان لە ماڵ بچنە دەرەوە لەکاتێکدا ڕووخساریان بەدەرەوەیە، بەتایبەتی لەکاتی زۆربوونی خەڵاپەکارەکان. -وەرگێڕ-.

پێرستی بابەتەکان

پێشەکیی نووسەر ٥
یەکەم: پێناسەی (نیقاب) لەلای زمانەوانییەکان..... ٢٥
دووەم: بەڵگەکانی واجبوونی نیقاب..... ٢٨
یەکەم: بەڵگەکان لە قورئاندا ٢٨
بەڵگەی یەکەم: ٢٨
بەڵگەی دووەم: ٤٦
بەڵگەی سێیەم:..... ٥٢
بەڵگەی چوارەم: ٥٩
بەڵگەی پێنجەم:..... ٨٢
دووەم: بەڵگەکان لە سوننەتدا ٩٣
بەڵگەی یەکەم: ٩٣
بەڵگەی دووەم: ١٠٠
بەڵگەی سێیەم: ١٠٤
بەڵگەی چوارەم: ١٠٦
بەڵگەی پێنجەم: ١٠٩
بەڵگەی شەشەم: ١١١
بەڵگەی حەفتەم: ١١٣
بەڵگەی هەشتەم: ١١٧
بەڵگەی نۆیەم: ١١٩

بەڵگەی دەیەم: ١٢٥
سێیەم: بەڵگەکانی قیاس ١٢٩
بەڵگەی یەکەم: ١٢٩
بەڵگەی دووەم: ١٣١
بەڵگەی سێیەم: ١٣٣
هێندێک لە خەراپە و زیانەکانی دەرخستنی دەموچاو: ١٣٦
چوارەم: وتەکانی سەلەف و چوار مەزهەبەکە ١٣٨

چەکی نیقابپۆشەکان
بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاوەنی گومانەکان

(نامیلکەیەکی زانستییە بۆ وەڵامدانەوەی گومانەکانی سەردەمییەکان دەربارەی نیقاب)

نووسینی

د.أحمد فتحي البُـكَيْرِيّ

وەرگێڕانی

عەبدوڵڵا عەلی موحەممەد

پێشەکیی شێخی بەڕێز
د. ناصـــر بن محمـد الأحمـد

الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده، وبعد:

بە دڵنیایی ئافرەتی موسڵمان ئەمرۆ، دەناڵێنێت بەدەست گەورەترین هێرشی درندانە بۆ سەری، ئەمەش لەلایەنی بانگخوازانی خۆڕازاندنەوە و خۆدەرخستنی ئافرەت و تێکەڵاوییەوە، لەلایەن ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشە زینا و کاری بەدڕەوشتی لەناو باوەڕداران بڵاو ببێتەوە.

بەڕاستی کەسی ژیر، دەزانێت ئەوەی کە ئەمڕۆ عەلمانییەکان و لیبڕالییەکان بانگەوازی بۆ دەکەن لە کۆمەڵگاکانی ئێمە، لەڕێگەی ئافرەتەوە، ئەوە وێران بوون و تیاچوونە لە دونیا و دواڕۆژدا.

هەروەها ئەو کەسەی بە دادپەروەرییەوە تێدەڕوانێت، دەبینێت کە ئەوەی لە کۆمەڵگاکانی خۆراوا ڕووەدات، لەلایەن ئەوانەی پێشی ئێمە کەوتن بۆ عەلمانییەت و لیبڕالییەت، گەیشتوون بە کوێ، واقیعی ئەمڕۆیان چییە، لە

نەگبەتی و بەدبەختی و ناخۆشی، هەروەها زیادبوونی ڕێژە و ئەندازەی خۆکوشتن و دەستدرێژی و تاوانە ناشیرینەکان.

پاشان ئەمرۆ لەنێو ئێمەدا، کەسانێک دێن کەوا هێرش دەکەنە سەر حیجاب و عەبا و داوای سفووری[1] و خۆڕازاندنەوە و تێکەڵاوی دەکەن، هەروەها داوای یەکسانی پیاو و ئافرەت و کارکردنی ئافرەت و ئازادی ئافرەت و لێخوڕینی ئافرەت بۆ ئۆتۆمبێل دەکەن[2].

ئەوان چ یەکسانییەکیان دەوێت؟! چ کارکردنێکیان دەوێت؟! داوای چ ئازادییەک دەکەن؟! ئایا ئەو یەکسانییەیە کەوا لەگەڵ فیترەت دەگونجێت و لەگەڵ سروشتی ئافرەت ڕێکدەکەوێت، یان بریتییە لە یەکسانیی شاز و لەڕێ دەرچووەکان؟!

بێگومان یەکسانی لەلای ئەوان، بریتییە لەوەی ئافرەت کالایەک بێت لە دەستی ماددە و سەروەت و سامان پەرستەکان، کۆیلە بێت لە دەستی پیاوان، تام و چێژی لێ

[1] شێخ (عبدالعزیز الطریفي) دەڵێت: «واتای (السفور) لەلای عەرەب بریتییە لە: دەرخستنی دەموچاو لەلایەن ئافرەتەوە، نەک مەبەستی پێی ئەوە بێت پرچی یان سینگی دەربخات». بەکورتی بەواتای ڕووت و قوتی نایەت.
[الحجاب في الشرع والفطرة، للطریفي، ص: ٤٠]. -وەرگێڕ-.

[2] تێبینی: ئەو بابەتە (واتە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن ئافرەتەوە)، بابەتێکی خیلافییە و زانایان جیاوازن تێیدا. -وەرگێڕ-.

ببینن و لەکەدار و پیسی بکەن و ڕێز و شکۆی بشکێنن و ڕیسوای بکەن، هەروەها ناموس و ئابڕووی ببەن، پاشانیش فڕێی بدەن وەکوو فڕێدانی ناوک.

ئافرەت لەلای ئەوان نماییشکارێکە لە هۆڵەکاندا جل و بەرگ بۆ خەڵکی دەخاتەڕوو، سەماکەرێکە لە یانە و شوێنەکانی زیناکردن، گۆرانیبێژێکە لە شوێنەکانی داوێنپیسی و تەمسیل، کارکەرێکە بە پێیەکان و مەمکەکانی خۆی، هاوشێوەی پیاوە و هاووێنەیەتی، زۆرانبازی لەگەڵدا دەکات و کێبەرکێکار و پێشبڕکێکاریەتی. ئا ئەوە بریتییە لە یەکسانی لەلای ئەوان.

بەڵام یەکسانی لە ئیسلامدا ئاوایە: گوێیەکانت ڕادێرە بۆ فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ﴾ [البقرة: ٢٢٨].

واتە: چۆن پیاوان مافیان لەسەر ئافرەتان هەیە، بەهەمان شێوە ئافرەتانیش مافیان لەسەر پیاوان هەیە، بەڵام پیاوان پلەیەکیان لەسەرووی ئافرەتانەوە هەیە؛ لەبەر ئەوەی نەفەقەیان لەسەر پێویستە، هەروەها بەڕێوەبردنی کاروباری خێزانیان لەسەرە.

یەکسانی لە ئیسلامدا لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە -ﷺ-: «إِنَّمَا النِّسَاءُ شَقَائِقُ الرِّجَالِ»[1].

واتە: بە دڵنیایی ئافرەتان هاوشێوە و هاووێنەی پیاوانن لە ڕەوشت و سروشت و هەروەها لەو حوکمانەشی کە تێیدا هاوبەشن.

کەواتە ئافرەت هاوشێوەی پیاوە، ئەو پیاو تەواو دەکات و پیاویش ئەو تەواو دەکات، پیاو بە پیاوەتی و سەرپەرشتیاریەتی خۆی پیاوە، ئافرەتیش بە مێینەیەتی و داوێنپاکییەکەی ئافرەتە.

ئافرەت لەلای خۆرئاوا و کلکەکانیان لە «عەلمانییەکان»، داوێنپیسێکە لە داوێنپیسەکان، کەنیزەکێکە لە کەنیزەکەکان، بەڵام ئافرەت لەلای ئێمە دایکێکی دڵسۆز و هاوسەرێکی میهرەبان و خوشکێکی بەڕێزە، پاکیی و شکۆ و داوێنپاکی و شەرمە، گەورەیی و شانازی و کۆڵنەدانە، پەروەردەکەری نەوەکانە، دروستکەر و پێگەیەنەری پاڵەوانەکانە، چێنەری کردەوە چاک و گەورەکانە، شیردەری ڕەوشتە تەواو و جوانەکانە، دروستکەری نەتەوەکان و شکۆداری و سەربەرزییە.

[1] أخرجه أحمد في «المسند» (٢٦٥٧٧) والدارمي (٧٦٤) من حديث أنس بإسناد صحيح، بلفظ: «هن شقائق الرجال». وأخرجه أبو داود (٢٣٦) والترمذي (١١٣) من حديث عائشة -رضي الله عنها- وفيه عبد الله العمري، وهو ضعيف من قبل حفظه.

ئا ئەوە بریتییە لە ئافرەت لەلای ئێمە، بۆیە با جیهانی بێباوەڕ لە یاسا و دەستوور و داپەروەری و حیکمەت و ڕەحمەتەکەی ئیسلام بخۆنەوە و شت وەربگرن، ئێمە جیهان بانگ دەکەین بۆ ئەوەی ئەو ستەمەی خستوویەتییانەتە سەر ئافرەت لایببەن، لەو ڕۆژەی کردیان بە کۆیلە و بەدبەخت و سەرگەردانیان کرد، هەروەها مرۆڤایەتیشیان لەگەڵیدا بەدبەخت کرد.

هەروەها بۆ ئەوەی پیلانگێڕی بەخۆرئاواییکردن و بە عەلمانیکردن و تێکدانی ئافرەت لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە بۆیان دارشتووە بڕوات و جێبەجێ ببێت، پێویستە هێندێک کار دابهێنن بۆ پشتگیریکردنی مەبەستەکەیان، بۆیە تانە و تەشەر لە زانایان و پیاوچاکان دەدەن، گاڵتە و سووکایەتی دەکەن، دژایەتی دەستە و پیاوانی فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خەراپە دەکەن و تۆمەتیان دەدەنە پاڵ و هەڵەکانیان گەورە دەکەن و بەرهەمەکانیان دەشارنەوە و لە چاکەکانیشیان بێدەنگ دەبن، هەموو ئەمەش لە ڕێگەی کورتە وتار و نامیلکە و پەرتووکەکان بڵاو دەکەنەوە.

هەموو کەسێکی ژیر دەزانێت و هەست دەکات کەوا ئێستا هێرشێکی دڕندانە و ژەهراوی هەیە لەسەر ئافرەت، هەروەها تەوژم و شەپۆلی بەخۆرئاواییکردن، باش دەزانێت کەوا گۆڕینی کۆمەڵگاکان و تێکدانی خەڵکی، ئیللا

دەبێت بە دەرگای ئافرەتدا تێبپەڕێت، ئەوان زانیان کە ئافرەت یەکێکە لە گەورەترینی هۆکارەکانی هێز و توانا لە کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەوان دەزانن کە ئافرەت چەکێکی دوو سەرە، هەروەها دەکرێت و ئامادەیی ئەوەی تێدایە کە ببێت بە ترسناکترین چەکی ئاژاوە و کاولکردن، ئیتر لێرەوەیە کە پشکی گەورەی بەرکەوتووە، لە ئەندازەی پلانگێڕییەکان بۆ پارچە پارچەکردنی ئوممەت و بەفیڕۆدانی تواناکانی.

بە دڵنیایی ئەوانە ویستیان کەوا موسڵمانان تووشی فیتنە بکەن لە ئایینەکەیان، بۆیە ئافرەتیان کرد بە گرینگترین هۆکاری لەناوبردن، لەکاتێکدا ئەوان وای دەردەخەن کە بەبەزەیین بەرانبەر بە ئافرەت و سوورن لەسەر مافەکانی، هەروەها ئافرەتانێکیش لە ئافرەتە موسڵمانەکان فریویان خوارد بەوە؛ لەبەر نەزانینیان بە ئایینەکەیان لەگەڵ هەموو داخێک.

هەموو ئەوەش لەکاتێکدایە کەوا نەزانترین کەس بە شەریعەت و لاوازترین کەس لەڕووی دیینەوە، هاتوونەتە پێشەوە بۆ گفتوگۆکردنی بابەتەکانی حیجاب و خۆڕازاندنەوەی ئافرەت و تەنیایی لەگەڵ ئافرەت و تێکەڵاوی و گەشتکردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم، ئینجا گفتوگۆیەکی زانستییانە و بابەتیانەش نا بۆ دەرخستنی ڕاستی و پووچەڵکردنەوەی ناڕەوا، بەڵکوو لەپێناو تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی شەریعەت و پووچەڵکردنەوەی قورئان

و سوننەت، هەروەها ڕەشکردنەوەی ئەو بەرنامەیەی کە ئوممەتی موسڵمان لە سەردەمەکانی پێشووی لەسەری ڕۆیشتووە، هەروەها خستنەجێی یاسا و عادەتە خۆرئاواییەکان لەشوێنی شەریعەتی خوای گەورە، لە بەگەورەدانان و گوێڕایەڵیکردن و جێبەجێکردن، بەناوی کرانەوە و سەرکەوتن و پێشکەوتن.

ئینجا یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەو کۆکردنەوەی سوپای ڕاگەیاندنە بۆ بەتاڵ و ناڕەوا، هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەو کارە خەراپ و ناشیرینانە بەشێوەیەکی زۆر فرەوان، ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکی بەردەوام دەبینین لەناو زۆرێک لە ماڵەکانی موسڵمانان، ئەمەش لە چەند دیاردەیەک دەردەکەوێت، هەروەها کۆمەڵێک ڕەوشتی جێگرەوە کە موسڵمانان نەیاندەناسی، پێشی جەنگی ڕاگەیاندن، وەکوو کەمتەرخەمیکردن لە حیجاب و گەشتکردنی کچ بۆ خوێندن بەبێ مەحرەم و کێبەرکێکردنی ئافرەت لەگەڵ پیاواندا لە کارکردن و تێکەڵاوبوونی ئافرەت لەگەڵ پیاوان لە زۆرێک لە بوارەکان و کارەکاندا، بەبێ شەرمکردن.

ئینجا خەڵکی خەراپەکاریش بازنەی خەراپەکاری و بەدڕەوشتی فرەوان دەکەن؛ تاوەکوو ئوممەت هەرهەمووی لەناو بیات و بەسەر هەموو ماڵەکان و خێزانەکاندا بێت، ئەگەر موسڵمانان هەوڵ نەدەن بۆ وەستاندنی ئەو

نەخۆشییانەی کەوا کۆمەڵگاکان لەناو دەبات، هەروەها ئەگەر دەستی بانگەشەکەرانی خەراپەکاری و بڵاوکەرەوەی بەدڕەوشتی نەگرن، ئەوا بێگومان ڕۆژێک دا دێت پیاو دەسەڵاتی لە دەست دەدات لەسەر خێزان و کچەکانی، کەی بیانەوێت دەردەچن، کێی بیانەوێت هاوەڵایەتی دەکەن، ئەوەی پێیان خۆش بێت ئەنجامی دەدەن، هەروەکوو لە زۆرێک لە وڵاتانی موسڵمانان ئەوە ڕوویدا، ئەو وڵاتانەی شەیتانە مرۆڤەکان بە بیروبۆچوونەکانیان داگیریانکرد و بە پڕۆژە بەخۆرئاواییکردن و تێکدەرانەکانیان لەناویان برد، ئەوکاتیش پەشیمانبوونەوە سوودی نابێت، هەروەها گریانیش بۆ ئەو داوێنپاکییەی لەدەستدرا سوودی نابێت، واللە المستعان.

ئینجا یەکێک لەو هەوڵە پیرۆزانە، ئەوەیە کە شێخی برامان/ أحمد بن فتحي البكيري -خوا بیپارێزێت- نووسویەتییەوە، لە تۆژینەوە زۆر باشەکەی «شبهات المعاصرين حول النقاب»، لەکاتێکدا بانگخوازانی تێکەڵاوی و خۆدەرخستن و خۆڕازاندنەوەی ئافرەت تێیدا چالاک بوونە و لە هەوڵدانن بۆ خۆخزاندنە ناو کۆمەڵگا خۆپارێزەکان، تاوەکوو گومانەکانیان و کارە بەدڕەوشتییەکانیان بڵاوبکەنەوە.

هەروەها تۆژینەوەکەشی پاڵپشتیکراوە، بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و قسەی سەلەفی سالح، لەگەڵ وەڵامدانەوەی زۆرێک لە گومانەکان.

فأسأل الله له التوفيق والسداد وأن يستعملنا جميعًا في طاعته، وأن نكون مفاتيح للخير مغاليق للشر وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

كتبه

د. ناصر بن محمد الأحمد

المملكة العربية السعودية- الخبر

في ١٤٣١/٥/١هـ

*****

پێشەکیی شێخی بەڕێز
وحيد بن عبد السلام بالي

الحمد لله الذي أسبغ علينا نعمه ظاهرة وباطنة، والصلاة والسلام على عبد الله ورسوله محمد ﷺ .... وبعد.

بە دڵنیایی ئافرەتی موسڵمان پلە و پێگەیەکی بەرزی هەیە لەناو کۆمەڵگادا، بەشێوەیەک ئیسلام ئامۆژگاری کردووین، کەوا چاکەی لەگەڵدا بکەین، وەکوو کچ و هاوسەر و دایکیش.

ئینجا وەکوو کچ: پێغەمبەر -ﷺ- فەرموویەتی: «مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ، حَتَّى تَبْلُغَا، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ، وَضَمَّ أَصَابِعَهُ»[1].

واتە: هەر کەسێک دوو کچۆڵە بەچاکی پەروەردە بکات و چاودێرییان بکات، تاوەکوو دەگەنە تەمەنی باڵغ بوون، یان تاوەکوو شوو دەکەن، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا کە دێت من و ئەو کەسە بەیەکەوەین، پەنجەکانی کۆکردەوە.

[1] «صحيح مسلم» (٢٦٣١) من حديث أنس.

هەرچی هاوسەرە: ئەوا پێغەمبەر -ﷺ- دەفەرموێ: «خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ، وَأَنَا خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي...»[1].

واتە: باشترینتان، باشترینتانن بۆ کەس و کارتان، منیش باشترینتانم بۆ کەس و کارم.

هەرچی دایکیشە: ئەوە پێغەمبەر -ﷺ- فەرمووی: «أُمَّكَ ثُمَّ أُمَّكَ ثُمَّ أُمَّكَ، ثُمَّ أَبُوكَ»، لمن سأله: مَنْ أَحَقُّ النَّاسِ بِحُسْنِ الصُّحْبَةِ؟[2].

واتە: لەپێشترین و شایستەترین کەس کەوا چاکەی لەگەڵدا بکەیت دایکتە، پاشان دایکت، پاشان دایکت، پاشان باوکت، ئەمەشی بۆ کەسێک فەرموو کە پرسیاری کرد: کێ شایستەترین کەسە بە چاکی هاوەڵایەتی بکەم و چاکەی لەگەڵدا بکەم.

هەروەها یەکێک لە دیاردەکانی گرینگیدانی ئیسلام بە ئافرەت: فەرمان پێکردنیەتی بە حیجاب؛ ئەمەش بۆ ئەوەی بەردەوام پارێزراو و بەڕێز و سەنگین و داپۆشراو بن لە چاوی بێگانەکان، هەروەها فەرمان پێکردنیەتی بەوەی

---

[1] أخرجه الترمذي (٣٨٩٥) وابن ماجه (١٩٧٧) من حديث عائشة -رضي الله عنها-، وقال الترمذي: حسن غريب، وقال العلامة أحمد شاكر: إسناده صحيح «عمدة التفسير» (٤٧٧/١)، وصححه المحدث الألباني في «صحيح الترمذي» (٣٨٩٥).

[2] «صحيح البخاري» (٥٩٧١) و«مسلم» (٢٥٤٨) من حديث أبي هريرة.

گەشت نەکات، ئیللا لەگەڵ کەسێک کە لێی حەرامە، دەیپارێزێت و ئاگەداری دەبێت.

بۆیە حیجابی خوشکی موسڵمان، نیشانەی شەرم و ڕێز و شکۆ و ئابڕوویەتی، هەروەها شانازی پێوە دەکات لەناو نەتەوەکاندا.

أُخْتَاهُ يَا أَمَـــةَ الْإِلَه تَحـــــجَّبِي
لَا تَرفَعِي عَنكِ النِّقَابَ فَتَنْدَمِي
صُونِيْ جَمَالَكِ إِنَّ أَرَدْت كَرَامَةً
كَيْ لَا يَصُول عَلَيْكِ أَدْنَى ظَالِم
حُلَلُ التَّبرُّج إِن أَرَدت رَخِيْـصَةٌ
أَمَّا الْحِجَابُ فَثَوبُ كُلِّ مُكَـرَّم
لَكَنَّنِـــيْ أُمْسِي وَأُصبحُ قَائِـــلاً
أُخْتَـاهُ يَا أَمَـــةَ الْإِلَـــهِ تَنَقَّبِـــي

لەدوای ئەمە،

نامیلکەی (شبهات المعاصرين حول النقاب)ـی شێخ: (أحمد بن فتحي البكيري)م بینی و کەوتە بەرچاوم، -خوا بیپارێزێت-، بینیم نامیلکەیەکی بەسوود بوو لە بابەتی خۆی، یەکلاییکەرەوە و دڵسارێژکەرە لە بابەتی خۆی، بێگومان ڕێنماییکراو و یارمەتیدراو بووە لە بەرپەرچدانەوە و پووچەڵکردنەوەی گومانەکان بە بەرپەرچدانەوەیەکی زانستییانە، دوور لە قسەی هەڵە و پووچ و بێ مانا و بێ

سـوود، بۆیـه خـوای گـەورە بە پاداشـتی چاکـەکاران پاداشـتی بداتـەوە، داواش لـە خـوای گـەورە دەکـەم زیاتـر ڕێنمایـی و چاکـەی لەگەڵـدا بـکات.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

وكتبه

الفقير إلى عفو ربه

وحيـد بن عبد السـلام بن بـالي

السعودية – الخبر في ٢٥/ ٣/ ١٤٣١هـ

*****

پێشەکیی نووسەر

إن الحمد لله نحمده، ونستعين به ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهد الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ [آل عمران:١٠٢].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ [النساء: ١].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا﴾ [الأحزاب:٧١].

أما بعـــــد.

فإن أصدق الحديث كتاب الله تعالى، وخير الهدي هدي محمد -ﷺ-، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

بێگومان خوای گەورە و بەرز فەرموویەتی: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ [آل عمران:١٤].

واتە: بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە و جوانکراوە و لەلایان خۆشەویستکراوە ئەو شتانەی کە ئارەزووی تێدایە و دڵ پێی خۆشە لە ئافرەتان.

حافزی ئیبنو حەجەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: «فجعلهن من حب الشهوات، وبدأ بهنَّ قبل بقية الأنواع إشارة إلى أنهن الأصل في ذلك»[1].

واتە: خوای گەورە ئافرەتانی کردووە بە بەشێک لە خۆشەویستی ئارەزووەکان، ئینجا سەرەتا بەوانەوە دەستی پێکردووە، پێشی تەواوی جۆرەکانی دیکە، وەکوو ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ئافرەتان بنچینەن لەو بوارەوە.

هەروەها زانای گەورە شەوکانی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: «وبدأ بالنساء لكثرة تشوّق النفوس إليهنّ؛ لأنهنَّ حبائل الشيطان»[2].

واتە: خوای گەورە بۆیە سەرەتا بە ئافرەتان دەستی پێ کرد؛ لەبەر ئەوەی ئافرەتان تەڵە و داوی شەیتانن.

لە فەرمودەی ئەبوو سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە، لە پێغەمبەری خواوە -ﷺ- کە فەرموویەتی:

---

[١]« فتح الباري» (١٣٨/٩).

[٢]« فتح القدير» (٥٣٩/١).

«إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وَإِنَّ اللهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا فَيَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ، فَاتَّقُوا الدُّنْيَا وَاتَّقُوا النِّسَاءَ، فَإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَانَتْ فِي النِّسَاءِ»[1].

واتە: بە دڵنیایی دونیا شیرین و سەوز و تەڕە، خوای گەورە ئێوەی کردۆتە جێنشین تێیدا [هێندێکیان جێنشینی هێندێکیانین]، تاوەکوو سەیر بکات چۆن کاروکردەوە دەکەن، بۆیە خۆتان لە دونیا بپارێزن و خۆتان لە ئافرەتان بپارێزن، چونکە یەکەم فیتنەی نەوەی ئیسرائیل بەهۆی ئافرەتانەوە بوو.

هەروەها لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە، لە پێغەمبەرەوە -ﷺ- کە فەرموویەتی: «مَا تَرَكْتُ بَعْدِي فِتْنَةً أَضَرَّ عَلَى الرِّجَالِ مِنْ النِّسَاءِ»[2].

واتە: لەدوای خۆم هیچ فیتنەیەکم بەجێ نەهێشتووە زەرەر و زیانی زۆرتر بێت لەسەر پیاوان، لە فیتنەی ئافرەتان.

لەبەر ئەوەی فیتنەی ئافرەتان، یەکێکە لە گەورەترین و ترسناکترینی فیتنەکان لەسەر پیاوان؛ بۆیە خوای بەرز و بڵند فەرمانی بە ئافرەتان کردووە بە داپۆشینی لاشەیان، تاوەکوو پیاوان بەهۆیانەوە تووشی فیتنە نەبن.

[1]« صحيح مسلم» (٢٧٤٢).
[2] «صحيح البخاري» (٥٠٩٦) و«مسلم» (٢٧٤٠).

خوای بەرز و بڵند فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ-، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ: با جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بناسرێنەوە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە، خۆی دانەدەپۆشی، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە.

ئەو ئایەتە دەقێکە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتان هەر هەموویان فەرمان پێکراون بە داپۆشینی لاشەیان، لە تۆقی سەریانەوە تاوەکوو پێیەکانیان.

هەروەکوو چۆن بەڵگەشە لەسەر ئەوەی خوای گەورە بۆیە حیجابی فەرز کرد؛ لەبەر چەند حیکمەتێکی گەورە، لەوانە:

پارێزگاریکردن لە ئافرەت لە دەستدرێژیی ئارەزووباز و چاوچنۆکەکان بۆ سەری، هەروەها پارێزگاریکردنیشە لە پیاوان، لە کەوتنە ناو فیتنە، ئەگەر ئافرەتیان بینی بەبێ حیجابەکەی.

بەڵام بەداخەوە! زۆرێک لە ئافرەتان فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی -ﷺ- جێبەجێ ناکەن بە پۆشینی حیجاب، هەروەها بە خۆڕازاندنەوەوە دەردەچن بۆ ڕێگە و کۆلێژ و بازاڕەکان، بەهۆی ئەمەشەوە پیاوان تووشی فیتنە بوون پێیانەوە، هەروەها ئەمەش سەری کێشا بۆ ئەوەی گەنجەکان ئازاریان بدەن بە قسە و توانج، بگرە بە دەستدرێژی و شەڕ پێفرۆشتنی لاشەییش لە هێندێک جارا!

کەواتە سەرسامی بۆ ئافرەتێک کە فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی -ﷺ- واز لێ دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەی ئەمە پاراستنی ناموس و داوێنپاکی ئەوی تێدایە، کەچی لە ماڵ دەردەچێت بە خۆڕازاندنەوە و خۆدەرخستنەوە، بەمەش خۆی تووشی ئازاردان دەکات و پیاوانیش تووشی فیتنە دەکات!

بەڕاستی زۆرێک لە کچە تازەپێگەیشتووەکان هەست بە ترسناکی ئەو شتانە ناکەن کەوا دێتە ئاراوە، لە ئەنجامی

دەرچوونیان بە خۆڕازاندنەوەوە، هەروەها چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە ڕەنگە کارەکە بگاتە پلەی ئازاردانی لاشەیی، چجای ئازاردانی زاری!

ئەوەشی کە ئێمە دەیبیستین لە ڕووداوەکانی شەڕپێفرۆشتن و دەستدێژیکردن لە هێندێک لە شار و وڵاتەکان، شایەتە بۆ ئەمە، خوای گەورەش هەواڵێ داوە بەوە حیجاب، کە پارێزەرە لەو بابەتانە، ئەویش لەو فەرمایشتەیدا:﴿ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ [الأحزاب: ٥٩].

واتە: ئەمە نزیکترە لەوەی کە بناسرێنەوە، تاوەکوو ئازار نەدرێن.

بۆیە من داوا لە خوشکانی موسڵمانم دەکەم، کەوا پەلە بکەن بۆ پۆشینی حیجابی شەرعی، ئەوەی کە هەموو لاشە دادەپۆشێت و ناموووس و داوێنپاکییش بۆ ئافرەت دەپارێزێت.

هەروەها داواش لە باوکان و دایکان دەکەم، ئەوانەی کەوا هەستیان بە ترسناکی ئەو بابەتە نەکردووە، پێیان دەڵێم: (بەفریای کچەکانتان بکەون، پێش ئەوەی تووشی ئازاردانی لاشەیی ببنەوە، یاخود ناموووسیان لەکەدار بکرێت و کاری ناڕەوایان لەگەڵدا بکرێت، ئەوکاتیش پشکی ئەو تاوانە لەسەر ئێوەیە، پێش ئەوەی لەسەر ئەوان بێت، ئینجا ئێوەش پەشیمان دەبنەوە لەکاتێکدا پەشیمانبوونەوە سوودی نییە!).

هەروەها بە قسەی ئەو کەسە هەڵمەخەڵەتێن کە دەڵێت: (نیقاب بیدعەیە)، یان (نیقاب بنچینەی نییە لە شەرعدا)، یاخود (نیقاب عورف و عادەتە و عیبادەت نییە)، بێگومان ئەو دەستەواژە و دەربڕینانە هەرگیز هیچ «زانایەکی باوەڕپێکراو» نەیگوتووە و نایڵێت؛ چونکە ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە لە فەرمانکردن بە حیجاب و داپۆشین.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا﴾ [الأحزاب: ٣٦].

واتە: بۆ هیچ باوەڕدارێکی پیاو و ئافرەت حەڵاڵ نییە، کە کاتێک خوا و پێغەمبەری خوا -ﷺ-، بڕیارێک بدەن، ئەوان سەرپشک بن لەوەی کە شتێکی تر هەڵبژێرن، بەڵکوو پێویستە لەسەریان پابەندی گوێڕایەڵی فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا بن، هەر کەسێکیش سەرپێچی خوا و پێغەمبەری خوا بکات، ئەوە گومڕا بووە بە گومڕابوونێکی زۆر ئاشکرا.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾ [النساء: ٦٥].

واتە: ئەی موحەممەد -ﷺ-، سوێند بێ بە پەروەردگارت، ئیمان ناهێنن، تا تۆ نەکەنە دادوەر لەو ناکۆکییانەی کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، پاشان کە تۆ بڕیارتدا لە نێوانیاندا، نابێ لە نەفس و ناخیشیاندا هیچ پێ ناخۆش بوونێک هەبێ لە ئاست ئەو بڕیارەی کە تۆ داوتە، هەروەها دەبێ لە ناخی دڵیاندا پێی ڕازی بن و دڵیان پێی خۆش بێ، خۆشیان تەسلیم بکەن بەو بڕیارەی تۆ داوتە، تەسلیم بوونێکی تەواو و بەبێ ڕەتکردنەوە.

کەواتە ئەو دوو ئایەتە بەڵگەنە لەسەر ئەوەی کە کەس باوەڕ ناهێنێت بە حەقیقی، ئیللا ئەو کەسە نەبێت کەوا ڕازی بێت بە حوکمی قورئان و سوننەت، هەروەها بە تەواویش ملکەچ بێت.

ئینجا زانایانیش یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە بۆ مرۆڤ دروست نییە دوای ئەوەی کە بەڵگەی بۆ ڕوون بووەوە، قسەی هیچ یەکێک وەربگرێت!

پێشەوا شافیعی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: «أجمع المسلمون على أن من استبانت له سنة رسول الله -ﷺ-، لم يكن له أن يدعها لقول أحد من الناس»[1].

واتە: موسڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێک سوننەتی پێغەمبەری خوای بۆ ڕوون بوویەوە، بۆی

[1] «إعلام الموقعين»، لابن القيم (٦/١).

دروست نییە کە وازی لێ بێنێت لەبەر قسەی هیچ یەکێک لە خەڵکی.

سەیر بکە پێشەوایان چۆن شوێنکەوتووەکانیان ئاگەدار دەکەنەوە لە تەقلید و چاولێکردنی کوێرانە، هەورەها لە سەرپێچیکردنی بەڵگە لەبەر قسەی ئەوان:

پێشەوا ئەبوو حەنیفە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرمووێ: «إذا قلتُ قولاً يخالف كتاب الله تعالى، وخبر الرسول ﷺ؛ فاتركوا قولي»[1].

واتە: ئەگەر قسەیەکم کرد، پێچەوانە بوو لەگەڵ کتێبی خوا و فەرمووەی پێغەمبەری خوا -ﷺ-؛ ئەوا واز لە قسەی من بێنن.

پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرمووێ: «إنّما أنا بشر أخطئ وأصيب، فانظروا في رأيي؛ فإن وافق الكتاب والسُّنّة فخذوه، وما لم يوافقهما فاتركوه»[2].

واتە: من تەنها مرۆڤێکم هەڵە دەکەم و دەشپێکم، بۆیە سەیری بۆچوونی من بکەن؛ جا ئەگەر موافیقی قورئان و سوننەت بوو، ئەوا وەریبگرن، ئەوەشی موافیقی ئەو دووانە نەبوو، ئەوا وازی لێ بێنن.

---

[1] «الإيقاظ»، للفلاني (٥٠) نقلاً من «أصل صفة صلاة النبي ﷺ»، للألباني.

[2] «مواهب الجليل لشرح مختصر الخليل» (٥٤/٤).

پێشەوا شافیعی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: «إذا صحَّ الحديث، فاضربوا بمذهبي عرض الحائط»[1].

واتە: ئەگەر فەرموودە سەحیح بوو، ئەوا مەزهەبی من بە دیوار دابدەن.

هەروەها فەرموویەتی: «كل مسألة تكلمت فيها، صح الخبر فيها عن النبي -ﷺ- عند أهل النقل بخلاف ما قلت، فأنا راجع عنها في حياتي وبعد موتي»[2].

واتە: هەر بابەتێک کە قسەم تێیدا کرد، بەڵام لە پێغەمبەرەوە فەرموودەی سەحیحی دەربارە هەبوو لەلای فەرموودەناسەکان، بەپێچەوانەی ئەوەی کە من گوتبووم، ئەوا من لێی دەگەڕێمەوە لە ژیانم و دوای مردنیشم.

پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: «لا تقلدني، ولا تقلد مالكًا، ولا الشافعي، ولا الأوزاعي، ولا الثوري، وخذ من حيث أخذوا»[3].

واتە: تەقلیدی من مەکە، تەقلیدی مالیک و شافیعی و ئەوزاعی و سەوریش مەکە، بەڵکوو لەو شوێنە وەربگرە کە ئەوان لێیان وەرگرتووە.

---

[١] «أسنى المطالب في شرح روض الطالب» (٣٦٣/٢).

[٢] «إعلام الموقعين عن رب العالمين»، لابن القيم (٢٨٥/٢).

[٣] «إعلام الموقعين عن رب العالمين»، لابن القيم (٢٠١/٢).

شێخی ئەلبانیش -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لەسەر قسەی ئەو پێشەوایانە دەفەرموێ: «تلك هي أقوال الأئمة -رحمهم الله- في الأمر بالتمسك بالحديث، والنهي عن تقليدهم دون بصيرة، وهي من الوضوح والبيان بحيث لا تقبل جدلاً ولا تأويلاً، وعليه؛ فإن من تمسك بكل ما ثبت في السنة، ولو خالف بعض أقوال الأئمة؛ لا يكون مباينًا لمذهبهم، ولا خارجًا عن طريقتهم؛ بل هو متبع لهم جميعًا، ومتمسك بالعروة الوثقى التي لا انفصام لها، وليس كذلك من ترك السنة الثابتة لمجرد مخالفتها لقولهم؛ بل هو بذلك عاصٍ لهم، ومخالف لأقوالهم المتقدمة»[1].

واتە: ئەوە بریتییە لە قسەی پێشەوایان -ڕەزای خوایان لێبێت- دەربارەی فەرمانکردن بە دەستگرتن بە فەرموودە و ڕێگەگرتن لە تەقلیدکردنیان بەبێ بەڵگە و زانیاری و چاوڕۆشنی، قسەکانیش ئەوەندە ڕوون و ئاشکران، بەشێوەیەک گفتوگۆ و تەئویل بەخۆیانەوە هەڵناگرن، کەواتە بەگوێرەی ئەمە؛ هەر کەسێک دەست بگرێت بە هەر شتێک کە لە سوننەتدا جێگیر بێت، ئەگەرچی پێچەوانەی هێندێک لە قسەی پێشەوایانیش بێت؛ ئەوا جیا نەبۆتەوە لە مەزهەبەکەیان و دەریش نەچووە لە ڕێبازەکەیان؛ بەڵکوو ئەو کەسە شوێن هەموویان کەوتووە و دەستیشی بە پەتە

[1] «أصل صفة صلاة النبي ﷺ»، للألباني (٣٢/١).

بەهێزەکە گرتووە، بەڵام ئەو کەسەی واز لە سوننەتی چەسپاو بێنێت، تەنها لەبەر پێچەوانە بوونی بۆ قسەی ئەو پێشەوایانە، ئەوە وەکوو ئەو کەسەی پێشوو نییە، بەڵکوو بەو کارەی سەرپێچی ئەوانی کردووە و سەرپێچی قسەکانی پێشووی ئەوانیشی کردووە.

کورتە و پوختەی بابەتەکە: هەر قسەیەک کە پەیوەست بێت بە دینەوە، هەر دەبێت بخرێتە بەردەم قورئان و سوننەت: جا ئەگەر موافیقی ئەو دووانە بوو، ئەوا وەری دەگرین، ئەگەریش موخالیفیان بوو، ئەوا بە دیواری دادەدەین.

بێگومان لەو دواییانەدا قسە زۆر بووە دەربارەی نیقاب، هەروەها خەڵکانێک دەرکەوتوونە کەوا گومان دەخەنە سەر شەرعییەت و داواکراوی نیقاب، بەڵکوو خەڵکانێک دەرچوونە کە دەڵێن: (نیقاب بیدعەیەکی داهێنراوە و بنچینەی نییە، یاخود دەڵێن: نیقاب عورف و عادەتێکی جوولەکەیە، یان عورف و عادەت و تەقلیدە و هاوشێوەی ئەمانە)، بێگومان ئەو قسانە هەڵبەستراو و درۆیە، لە زانایەکی باوەڕپێکراوەوە دەرناچێت؛ چونکە زانا لەبۆی نییە هیچ قسەیەک بکات، تەنها ئەوە نەبێت کە موافیقی قورئان و سوننەت نەبێت، هەروەها ئەوەشی کەوا پێشینەکانی لەسەری بوونە لە زانا ڕەبانییەکان.

ئینجا ئەوانە ئەو گومانانەیان نەهێناوە، تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە کاروباری ئایین لە خەڵکی بشێوێنن، هەروەها گومانیان بۆ دروست بکەن لەو شتانەی کەوا لەلای ئەوان سااڵنێکی دوور و درێژە جێگیر و دامەزراوە لەشەرعدا.

کەواتە ئەوان دەیانەوێت ئافرەت لە لانە و ماڵەکەی خۆی دەربێنن، بە بانگەشەی: (ئازادی ئافرەت)!

هەروەها دەیانەوێت ئافرەت لەگەڵ پیاواندا تێکەڵ بێت و هاوبەشیان بێت لەهەموو ئەو شتانەی کە تایبەتە بە پیاوانەوە، بەبانگەشەی: (ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە)!

ئێستاش تانە لە شەرعییەتی نیقاب دەدەن، ئەو نیقابەی کە خوا -ﷻ- داینارە؛ بۆ داپۆشینی ئافرەتی موسڵمان و پاراستنی ناموس و کەسایەتی، هەروەها بۆ پاراستنی گەنجەکان لە گومڕایی و لادان، بەبانگەشەی: (پێشکەوتن و ئازادبوون)، بەڵام مەبەستە ڕاستەقینەکەی خۆیان شاردەوە، کە بریتییە لە لادانی شەریعەت و دوورخستنەوەی لە ژیان.

بەداخەوەش! زۆرێک لە عەوامی خەڵکی هەڵخەڵەتاون بەو بانگەشەکارانەی گومڕایی و لەگەڵ ئەوان سواری کەشتییە کونبووەکەیان بوونە، ئەوەی کە هەڕەشەی نقوومبوونی لەسەرە، هەروەها لایانداوە لە ڕێگە ڕاستەکە، ئەوەی کەوا خوای گەورە فەرمانی پێ کردوون کە دامەزراو بن لەسەری، هەتا پێی دەگەنەوە.

پێغەمبەریش -ﷺ- ڕاستی کرد کاتێک کە فەرمووی: «إِنَّ اللهَ لَا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا يَنْتَزِعُهُ مِنْ الْعِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُؤُوسًا جُهَّالًا، فَسُئِلُوا، فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا»[1].

واتە: بە دڵنیایی خوای گەورە زانست هەڵناگرێت، بەوەی هەڵیبکێشێت و لە بەندەکانی بستێنێتەوە، بەڵام زانست هەڵدەگرێتەوە بە هەڵگرتنەوە و مراندنی زانایان، هەتا وای لێ دێت، خەڵکی کەسانێکی نەزان دەکەن بە پێشەوا و دەمڕاستی خۆیان، ئەوانیش فەتوایان بۆ دەدەن بەبێ زانست، بەمەش خۆیان گومڕا دەبن و خەڵکیش گومڕا دەکەن.

حافزی ئیبنو حەجەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- فەرموویەتی: «في هذا الحديث: الحث على حفظ العلم، والتحذير من ترئيس الجهلة، وفيه: أن الفتوى هي الرياسة الحقيقية، وذم من يقدم عليها بغير علم»[2].

واتە: لەو فەرموودەیەدا سوودی ئەوەی تێدایە: هاندان لەسەر لەبەرکردنی زانست و ئاگەداربوون لەوەی کەسی نەزان بکرێتە گەورە و پێشەوا، سوودی ئەوەشی تێدایە: کە فەتوادان بریتییە لە سەرکردایەتی ڕاستەقینە، هەروەها زەمکردنی ئەو کەسەی کە فەتوا دەدات بەبێ زانست.

---

[1] «صحيح البخاري» (١٠٠) و«مسلم» (٢٦٧٣).
[2] «فتح الباري»، لابن حجر (١/١٩٥).

بـە دڵنیایـی زانایـان بۆچوونیان جیـاوازە دەربـارەی حوکمی داپۆشـینی دەموچـاو و دەسـتی ئافـرەت، لەکاتێکـدا کـە پیاوی بێگانـە ئامادەیـە، ئینجـا جیاوازییەکـەش هـەر لـە کۆنـەوە تاوەکـوو ئەمڕۆمـان لەنێوانـی واجبـوون و سـوننەتبوونە، هەرگیـز زانایەکـی باوەڕپێکـراو -نـە لـە پێشـینە و نـە لـە پاشـینەش- نەیگوتـووە کـە داپۆشـینی دەموچـاو و دەسـتی ئافـرەت، بیدعەیـە، یـان حەرامـە، یاخـود هاوشـێوەی ئەمانـە، بەڵکـوو ئـەو قسـانە ئـەو سـەردەمیانە هێنایـان.

هـەر بۆیە ویسـتم کەوا گومانـەکان لابـدەم و بیانڕەوێنمەوە، ئـەو گومانانـەی کـەوا لـەو سـاڵانەی دوایـی دەوروژێندرێـت دەربـارەی نیقـاب، هەروەهـا ئـەوەش بەبیـر دێنمـەوە کـە نیقـاب بیدعـە نییـە هەروەکوو ئـەوان گومـان دەبـەن، بەڵکوو نیقـاب شـتێکی شـەرعی و نـاسراو بـووە، هـەر لـە سـەردەمی پێغەمبەرمانـەوە ﷺ-.

بۆیـە ئـەو نامیلکەیـە کـورت و پوختـەم نووسـی، کـە تێیـدا گرینگتریـن گومانەکانـی سـەردەمییەکانم کۆکردۆتـەوە، هەروەهـا ئەوانەشـی کـەوا لەهەمووپـان زۆرتـر بـاڵاون و کاریگەرییـان زۆرتـرە، لەگـەڵ بەدرۆخسـتنەوە و بەڕەچدانـەوە و هەڵوەشـاندنەوەیان، بـە بەڕەچدانەوەیەکی زانسـتییانە، داوای یارمەتـی و ڕاسـت و دروسـتییش لـە

خـوای گـەورە دەکـەم[1].

ئـا ئـەوەش نامیلکەکەیـە، لەبـەر دەسـتتە ئـەی خوێنـەری بەڕێـز، جـا ئەگـەر پێکان و ڕاست و دروستی تێدا بـوو، ئەوە لەلایەنـی خـوای میهرەبـان و بەخشـندەوەیە، ئەگەریـش هەڵـە یـا کەموکـوڕی یـان لەبیرچوونـەوەی تێـدا بێـت، ئـەوا لەلایەن نەفسـی خـۆم و شـەیتانەوەیە.

وأسـأل اللـه تعـالى أن يجعـل مـا كتبتـه يـدي زادًا لي إلى حسـن المصـير إليـه، وعتـادًا إلى يمن القـدوم عليـه، وأن ينفعني بذلـك وجميـع المسـلمين، وأن يجعلـه في ميـزان حسـناتي يـوم ألقـاه، إنـه بـكل جميـل كفيـل، وهـو حسـبنا ونعـم الوكيل.

وصلَّ اللهم وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

وكتبه

د. أَحْمَدبْنفَتْحِيالْبُكَيْرِيّ

[1] شـێخ (لطـف اللـه خوجـه) دەڵێـت: «ئەگـەر موحکەمیەتـی دەقەکان لـەڕووی بەڵگایەتییـەوە ڕوون بـووەوە، ئەوا موحکەم بە موتەشـابیە هەڵناوەشـێتەوە؛ چونکـە ئـەو دەقانـەی کـەوا دەیکەنـە بەڵگـە بـۆ دەرخسـتنی دەموچـاو؛ یـان سـەحیحە، بـەڵام پێشـی دابەزینـی ئایەتـی حیجابـە، یانیـش دوای دابەزینـی ئایەتـی حیجابـە، بـەڵام سـەنەدەکەی جێگیـر نەبـووە و سـیحیح نییـە، یاخـود سـەنەدەکەی جێگیـر و سـەحیحە، بـەڵام بەڵگایەتییەکـەی گوماناوییە». [الكشـف عـن مذاهـب العلمـاء فـي إبـدا الوجـه والكـف، تأليـف: د. لطـف الله الخوجـه، ص: ٤١]. -وەرگێـڕ-.

گومانی یەکەم

(نیقاب بیدعەیە، بنچینەی نییە لە ئایینداا!)

منیش دەڵێم:

ئەگەر ئەوان مەبەستیان ئەوە بێت کە زاراوەی (نیقاب)، پێشتر ناسراو نەبووە، ئەوا وەڵامدانەوەیان لە قسەی زمانەوانییەکان دەبێت:

(الجوهري- ٣٩٣هـ) دەڵێت: «والنِّقاب: نِقاب المرأة، وقد انْتَقَبَتْ، وإنَّها لحَسَنَةُ النِّقْبَة»[١].

واتە: نیقاب: بریتییە لە پەچەی ئافرەت، دەگوترێت ئافرەتەکە نیقابی کردووە و ئافرەتێکە ڕووپۆشەکەی جوان و چاکە.

(الفيروزآبادي- ٨١٧هـ) دەڵێت: «النِّقابُ بالكسر: ما تَنْتَقِبُ به المرأةُ»[٢].

واتە: نیقاب بە کەسرەی نوونەکە: پارچە قوماشێکی تەنکە کەوا ئافرەت ڕووخساری خۆی پێ دادەپۆشێت و پەچەی پێ دەکات.

---

[١] «الصحاح في اللغة» (٢٢٧/١).

[٢] «القاموس المحيط» (١٣٩).

(الزَّبيدي- ١٢٠٥هـ) دەڵێت: «النِّقابُ: مَا تَنْتَقِبُ به المَرْأَةُ، وهو القِنَاعُ على مارن الأَنف، قاله أَبو زيد، والجَمْعُ نُقُبٌ، وقد تَنَقَّبَت المرأَةُ، وانْتَقَبَتْ»[1].

واتە: نیقاب: ئەو شتەیە کەوا ئافرەت ڕووخساری خۆی پێ دادەپۆشێت، کە بریتییە لە پەچە و ڕووپۆشێک بەسەر نەرمایی لووتدا دەهێنرێت، ئەبوو زەید ئەمەی فەرموە، کۆیەکەشی (نُقُبٌ)ـە، دەگوترێت ئافرەتەکە ڕووی خۆی داپۆشی.

(أَبو عبيد- ٢٢٤هـ) دەڵێت: «قال الفراء: إذا أَدْنَت المرأَةُ نقابَها إلى عينها فتلك الوَصْوَصةُ؛ فإنْ أَنزلَتْه دون ذلك إلى المَحْجر فهو النِّقابُ، فإنْ كان على طرَف الأنف فهو اللِّفام»[2].

واتە: فەڕاء گوتوویەتی: ئەگەر ئافرەت پەچەکەی بۆ لای چاوەکانی نزیک کردەوە، ئەوە بریتییە (الوَصْوَصة) [واتە: پەچەکەی توند کرد و بەتەنیا چاوەکانی دەرکەوتن لێوەی]، ئەگەریش پەچەکەی لەخوار ئەوە دابەزاند و هێنایە خوارەوە بۆ لای دەوروبەری چاو و پێڵوی خوارەوە، ئەوە بریتییە لە (النِّقاب)، خۆ ئەگەر پەچەکەشی بەسەر لایەکی لووتی دابدات، ئەوە بریتییە لە دەمامک و دەمپۆش(اللِّفام).

[1] «تاج العروس من جواهر القاموس» (٢٩٨/٤).
[2] «تهذيب اللغة» (١٦٠/٩).

(الليث) دەڵێت: «الوَصْواص: خرْقٌ في السِّترْ ونحوه على مقدار العَين يُنظر منه»[1].

واتە: (الوَصْواص): کونێکە دەکرێتە پۆشار و هاوشێوەکانی، بە ئەندازەی چاو کە تێیدا سەیر بکرێت و شت ببینرێت [کونێکی بچووکە بۆ تەماشاکردن].

(ابن السِّكِّيت- ٢٤٤هـ) دەڵێت: «والمَحجر ما خرج من النِّقاب من الجفن الأسفل لا يكون من الأعلى»[2].

واتە: (المَحْجر): ئەوەیە کە لە نیقابەوە دەردەچێت لە پێڵوی خواروی چاو، نەوەک لە پێڵوی سەرەوە.

(أَبُو عُبَيْد) دەڵێت: «إنّما كان النِّقَابُ لاصقًا بالعين، وكانت تَبدُو إحدَى العينَيْن، والأُخْرَى مستورَةٌ، والنِّقابُ لا يَبْدُو منه إلاّ العينان، وكان اسمه عِنْدهُم الوَصْوَصَةَ والرُّقْعَ، وكان من لِبَاسِ النِّساءِ، ثُمَّ أَحْدَثْنَ النِّقَابَ بَعْدُ»[3].

واتە: نیقاب ئەوەیە کە بە چاوەکانەوە بلکێت، پێشتر یەکێک لە چاوەکان دەردەکەوت و ئەوەی دیکەشیان داپۆشراو دەبوو، بەڵام نیقاب هەردوو چاوی لێ بەدیار دەکەوێت، ناوەکەشی لەلای ئەوان (الوَصْوَصَة) و (الرُّقْع) بوو، کە پۆشاکی ئافرەتان بوو، پاشان دوای ئەوە نیقابیان داهێنا.

---

[١] «تهذيب اللغة» (١٨٧/١٢).

[٢] «الكنز اللغوي» (١٨١/١).

[٣] «تاج العروس من جواهر القاموس» (٢٩٨/٤).

کەواتە بەو وتانە ڕوون بووەوە کەوا نیقاب شتێکی ناسراو بووە، لەلای پێشینەکان و دواینەکانیش لە زمانزانەکان.

بەڵام ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت کە (داپۆشینی دەم و چاو) بیدعەیە، ئەوە وەڵامدانەوەیان بە گواستنەوەی وتەی زانایان و مێژوو دەبێت.

لێرە تەنها هێندێک وتەی زانایان دێنمەوە، ئەوەی کە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی نیقاب شتێکە بوونی هەبووە بەدێژایی تێپەڕبوونی سەردەمەکان، هەروەها لە (وەڵامدانەوەی گومانی سێیەم)یش لە باسکردنی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت، ئەوەندە بەڵگەی تێدایە کە بەس بێت بۆ پووچەڵکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو گومانە:

(أبو حامد الغزالي- ٥٠٥هـ) دەڵێت: «لم يَزَلِ الرِّجَالُ على ممرِّ الزَّمان مكشوفي الوجوه والنِّساء يخرجن منتَقِبَات»[١].

واتە: بەردەوام و بە درێژایی ڕۆژگار، پیاوان ڕووخساریان بەدەرەوە بووە، بەڵام ئافرەتان بە ڕووپۆشراوی لە ماڵ دەردەچوون.

(أبو حيان الأندلسي- ٧٤٥هـ) دەڵێت: «عادةُ بلادِ الأندلُس، لا يظهرُ من المرأةِ إلا عينُها الواحِدة»[٢].

---

[١] «إحياء علوم الدين» (٢/ ٣١٦).

[٢] «البحر المحيط» (٧/ ٢٠٦).

واتـه: خـو و نەریتـی ولّاتـی ئەندەلـووس وابـوو، کـه هیـچ شـتێکی ئافـرەت دەرنەدەکـەوت، تەنهـا یـەک چـاوی نەبێـت.

(السـندي- ١١٣٨هــ) دەڵێـت: «والنِّقـابُ معـروف للنِّسـاءِ لا يَبـدُو منـه الا العَينَـان»[1].

واتـه: پەچـه و نیقاب شـتێکی نـاسراو بووە لـەلای ئافرەتان، کە تەنهـا دوو چاوەکانـی لە نیقابەکـەوە دیاربوو.

(أبـو عبـد اللـه محمد بـن أحمد بن مـوسى القـاضي) دەڵێت: «ئامـادەی کـۆڕی مووسـای کـوڕی ئیسـحاقی قـازی بـووم لە (ڕەی)، سـاڵی (٢٨٦)ـی کۆچـی، ئەوەبـوو ئافرەتێـک هاتـه پێشـەوە، سەرپەرشتیکارەکەی بانگەشـەی ئەوەی کرد کە ئەو ئافرەتـه (٥٠٠) دینـار مارەیـی لەلای مێردەکەیەتـی، پیاوەکەش نکوولّـی لـێ کرد!

قازی گوتی: شایەتەکانت کێن؟

گوتـی: ئامـادەم کـردوون، ئینجـا هێندێـک لـه شـایەتەکان داوایـان کـرد کـه سـەیری ئافرەتەکـه بکـەن؛ تاوەکـوو لەکاتی شـایەتییەکەیدا ئامـاژە بۆ ئافرەتەکە بکات، ئەوەبوو شـایەتەکە هەسـتا و بـه ئافرەتەکـەی گوت: هەسـتەوە!

مێردەکەی گوتی: ئەوە چی دەکەن؟

وەکیلەکەش گوتی: سـەیری خێزانەکـەت دەکەن لەکاتێکدا دەموچـاوی بەدەرەوە بێت؛ تاوەکوو بیناسـنەوە!

---

[١] «حاشية السندي على النسائي» (١٣٣/٥).

مێردەکەشی گوتی: من قازی دەکەمە شایەت کە ئەو ئافرەتە، ئەو بڕە مارەییەی کە بانگەشەی دەکات لەسەر منە، بەڵام با دەموچاوی بەدیار نەخات.

ئەوەبوو ئافرەتەکەش هەواڵی دا بەو شتەی کە پیاوەکەی گوتی، ئینجا گوتی: منیش قازی دەکەمە شایەت کە ئەو بڕە مارەییەم بەخشییە پیاوەکەم و گەردەنیشم ئازاد کرد لە دونیا و دوارۆژدا!

قازیش گوتی: پێویستە ئەو ڕووداوە لە باسی ڕەوشتە بەرز و باش و تەواوەکان بنووسرێتەوە»[1].

ئەوەش هێندێک وێنەی مێژوویی، لە دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییە جیاوازەکان، ئەو وێنانەی کەوا بەڵگەنە لەسەر ئەوەی نیقاب بوونی هەبووە لە سەردەمەکانی ڕابردوو، بەڵکوو نیقاب بڵاوترین پۆشاک بووە لە وڵاتانی ئیسلام:

[١] «المنتظم في تاريخ الأمم والملوك» لابن الجوزي (١٨/٦).

وێنەیەکی ئافرەتان لە جەزائیر

وێنەیەک لە تورکیا ساڵی ١٩٠٩ زایینی

وێنەیەک لە تەڕابلووس

وێنەیەک لە بۆسنە ساڵی ١٩١٢ زایینی



وێنەی ئافرەتێکی میسڕی کۆن



وێنەی ئافرەتە
تووندڕەوەکان ساڵی
١٩٠٥ زایینی

ویّنەی ئافرەتێک لە
یوغسلافیا

ویّنەیِ ئافرەتان لە مەغریب

کەواتە بەگوێرەی ئەو وێنانە: ئەگەر نیقاب بیدعە بێت وەکوو ئەو خەڵکانە گومان دەبەن، دەبێ چ شتێک زامانزانەکان و زاناکانی پێشوو و دواییەنیشی شارەزا کردبێت پێی؟!

هەروەها چی وای لێ کردن کە سووربن لەسەر گواستنەوەی پێناسەکانی بۆ خەڵکی؟!

هەروەها چ شتێک شارەزای کردن بە مێژووی نیقاب و ئافرەتانیش لەپێشتردا چۆن نیقابیان دەپۆشی؟!

ئەی چی لەو وێنانە بکەین، کەوا ئافرەتانێکی تێدا دەردەکەوێت لەکاتێکدا ڕووداپۆشراون و بە عەبای پان و پۆڕ و بەرینیش داپۆشراون؟!

*****

گومانی دووەم

(نیقاب نەریت و عادەتە و عیبادەت نییە!)

دەڵێم:

هەر شتێک کە شەرعدانەر فەرمانی پێ کردبێت، یان ڕێگری لێ کردبێت، ئەوە دەچێتە ناو عیبادەتەکانەوە، ئەگەرچی لە بنچینەشدا یەکێک بێت لە نەریت و عادەتەکان[1].

پۆشاک لە بنچینەدا نەریت و عادەتە، پیاویش بۆی دروستە ئەوەی کە پێی خۆشە لەبەری بکات، تەنها ئەوەی شەرعدانەر ڕێگری کردبێت لە لەبەرکردنی، وەکوو لەبەرکردنی پۆشاکێک کە ڕەنگ کرابێت بە ڕەنگی زەعفەران(المزعفر)، یان پۆشاکێک بە ڕەنگی زەرد ڕەنگ کرابێ و سۆریشی لەگەڵ بێت [پرتەقالییەکی کراوە](المعصفر)؛ چونکە ئەمە

[١] شێخ (عبدالعزیز الطریفي) دەڵێت: «لەبەر ئەوەی خۆداپۆشین بەشێوەیەکی گشتی -حیجابی ئافرەتیش بەتایبەتی- عیبادەتێکی خواییە و تێکەڵ دەبێت لەگەڵ فیترەتی مرۆڤایەتی، ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانی شەیتان و یارمەتیدەرەکانی: دەرکردنیەتی لە عیبادەتی حیجاب و هێشتنەوەی لە بازنەی عادەت، تاوەکوو ئاسان بێت بۆیان کە بە هەواوئاڕەزوو حوکمی بەسەردا بدەن... هێندێک بانگەواز سەریان هەڵداوە کە حیجابی ئافرەت و خۆداپۆشین بە گشتی، دەکەن بە عادەت و تەقلید، نەک عیبادەت و دیین». [الحجاب في الشرع والفطرة، للطریفي، ص: ١٦]. -وەرگێڕ-.

خۆچواندنە بە ئافرەتان، یان لەبەرکردنی پۆشاکێک کە وێنەی خاوەن گیانەکانی تێدا بێت.

ئینجا وازهێنانی موسڵمانیش لەو پۆشاکەی کە شەرعدانەر قەدەغەی کردووە، پاداشتی لەسەر دەدرێتەوە؛ چونکە دوورکەوتنەوە لەو شتەی کە شەرعدانەر قەدەغەی کردووە، پەرستشە، بەمەرجێک ئەگەر مەبەست بە وازهێنانەکە گوێڕایەڵی بێت بۆ فەرمانی شەرعدانەر بە وازهێنان.

ئافرەتیش خوای بەرز و بڵند فەرمانی پێ کردووە بە داپۆشینی هەموو لاشەی، ئەگەر پیاوانی بێگانە ئامادە بن.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ با جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە، تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بە داوێنپاک بناسرێنەوە، (لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە خۆی دانەدەپۆشی)، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و

لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

پێغەمبەریش ﷺ- دەفەرموویت: «الْمَرْأَةُ عَوْرَةٌ»[1].

واتە: ئافرەت عەورەتە و دەبێت دابپۆشرێت.

گوێڕایەڵیکردنی ئافرەتیش بۆ ئەو شتانەی کەوا خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ- فەرمانیان پێ کردووە، پەرستشە و پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، پێچەوانەکردن و سەرپێچیکردنیشی، تاوانە و شایستەی سزایە لەسەری، ئەمەش حاڵی پەرستشەکانە، نەوەک حاڵی نەریت و عادەتەکان!

*****

[1] رواه الترمذي (١١٧٣) وصححه الألباني في صحيح الترمذي.

گومانی سێیەم
(دەقێکی ڕاشکاو و ڕوون نەهاتووە
کە بەڵگە بێت لەسەر شەرعییەتی نیقاب)

دەڵێم:

چەندان بەڵگە لە قورئان و سوننەت هەیە کە بەڵگەنە لەسەر شەرعییەتی نیقاب، بەڵکوو هێندێکیان بەڵگەنە لەسەر واجبیەتی نیقاب، بەڵام هەموو کەس لەو بەڵگانە تێناگات؛ بۆیە ئەوانەی گومانیان هەیە لێیان تێناگەن، عەقڵ لاوازەکان، دڵنەخۆشەکان، بەڵکوو تەنها ژیرەکان و ئەوانەی خاوەنی فیترەتێکی ساغ و پاکن لێیان تێدەگەن، چجای لە تێگەیشتنی زانایان و قوتابیانی زانست بۆ ئەو بەڵگانە!

ئەمەش بەڵگەکانی شەرعییەتی نیقابە، کە هێندێکیان بەڵگەنە لەسەر واجبیەتی:

یەکەم: بەڵگەکان لە قورئاندا

بەڵگەی یەکەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵند: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [النور :٣١].

واتە: با جوانی خۆیان دەرنەخەن، تەنها ئەوە نەبێ کە خۆی دەردەکەوێت و بەدەرەوەیە و دیارە.

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەربارە تەفسیری ئەو ئایەتەی خوای گەورە: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [النور :٣١]. فەرموویەتی: «ئەوەی کە دەردەکەوێت بریتییە لە پۆشاک [واتە: ڕووکەشی پۆشاک، ئەوەی کە ناکرێت دابپۆشرێت و بشاردرێتەوە]»[1].

ئا ئەوە تەفسیری ئیبن مەسعوودە -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەوەی کە پێغەمبەر -ﷺ- دەربارەی فەرموویەتی: «وَمَا حَدَّثَكُمْ ابْنُ مَسْعُودٍ، فَصَدِّقُوهُ»[2].

---

[١] أخرجه ابن جرير في «تفسيره» (١٥٦/١٩)، وابن أبي حاتم في «تفسيره» (١٤٤٠٠)، وابن أبي شيبة في «المصنف» (١٧٢٨٢)، وهو أثر صحيح.

[٢] أخرجه الترمذي (٣٧٩٩)، وأحمد (٢٢٧٦٥)، وقال الترمذي: هذا حديث حسن. وصححه الألباني في «صحيح الترمذي» (٣٧٩٩).

واتـه: ئـەوەی کە ئیبن مەسـعوود بۆی باسـکردن، بەڕاسـتی بزانـن و باوەڕی پـێ بکەن.

ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە تەفسـیری هـاوەڵان بەڵگەیـە، بەڵکـوو هێندێـک لـە زانایـان گوتوویانـە: تەفسـیری هـاوەڵان حوکمـی مەرفووعـی هەیـە بـۆلای پێغەمبـەر -ﷺ- [واتـە: وەکـوو ئـەوە وایـە کـە ئـەو فەرمـوو بێتـی].

هەروەهـا لـە (أَبِي الأَحْوَص)ـــەوە هاتـووە کـە فەرموویەتی: «الثِّيَابُ»[1].

لـە (إبراهيـم النخعي)ـــەوە هاتـووە کـە فەرموویەتـی: «الثيـاب»[2].

لـە (الحسـن البصري)ـــەوە هاتـووە کـە فەرموویەتـی: «الثيـاب»[3].

لـە (الشَّعْبيّ)ـــەوە هاتـووە کـە فەرموویەتـی: «الْكُحْـلُ وَالثِّيَـابُ»[4].

واتـە: ئـەوەی کـە بـە دەرەوەیـە و دیـارە، بریتییـە لـە: کل و پۆشاک.

---

[1] «المصنف» لابن أبي شيبة (١٧٢٩٣).
[2] أخرجه ابن جرير الطبري في «تفسيره» (١٥٦/١٩)، وإسناده صحيح.
[3] أخرجه ابن جرير الطبري في «تفسيره» (١٥٦/١٩).
[4] «مصنف ابن أبي شيبة» (١٧٢٨٦).

لە (مَاهَانَ الحنفي)ـەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «الثِّيَابُ»[1].

پێشەوا (أحمد بن حنبل- ٢٤١هـ)یش فەرموویەتی: «جوانی دیار و ئاشکرا: پۆشاکە، هەموو شتێک لە ئافرەتدا عەورەتە، هەتا نینۆکیش»[2].

پێشەوا (البغوي- ٥١٠هـ) دەربارەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە: ﴿إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ فەرموویەتی: «مەبەست پێی جوانی ئاشکرا و ڕووکەش و دیوی دەرەوەیە»[3].

شێخی ئیسلام (ابن تيمية- ٧٢٨هـ) دەفەرموێ: «ڕاستی بابەتەکە ئاوایە: خوای گەورە ڕازاوەیی و جوانی کردۆتە دوو جوانی: جوانییەکی دیار و ئاشکرا، جوانییەکی نادیار، ئینجا بەدروستی داناوە بۆ ئافرەت، کە جوانییە دیار و ئاشکراکەی بۆ جگە لە هاوسەر و خاوەنی مەحرەمەکان دەربخات، پێشی دابەزینی (ئایەتی حیجاب)، ئافرەتان لە ماڵ دەردەچوون بەبێ عەبا و جیلباب، پیاو دەموچاو و دەستەکانی دەبینی، ئەوکاتی دروست بوو بۆ ئافرەت کەوا دەموچاو و دەستەکانی دەربخات، هەروەها ئەوکاتیش دروست بوو سەیری بکرێت؛ چونکە بۆ ئافرەت دروست بوو بەدیاری

[1] «مصنف ابن أبي شيبة» (١٧٢٨٨).
[2] «الفروع لابن مفلح» (٤٥٩/٢).
[3] «تفسير البغوي» (٣٤/٦).

بخات، پاشان کاتێک خوای گەورە ئایەتی حیجابی دابەزاند، بەو وتەیەی: {ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ-، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ: با جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بناسرێنەوە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە، خۆی دانەدەپۆشی، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو بەبەزەییە}. دوای ئەوە ئافرەتان داپۆشران لە پیاوان، ئەمەش ئەو کاتەبوو کە زەینەبی کچی جەحش شووی کرد، ئەوەبوو پەردە و پۆشارەکەی هێنایە خوارەوە و ڕێگری کرد لە ئافرەتان لەوەی سەیری بکەن، هەروەها کاتێک پێغەمبەر سەفییەی کچی حویەی دوای ئەوە لە سااڵی خەیبەر هەڵبژارد، گوتیان: ئەگەر دایپۆشی [فەرمانی پێ کرد کە خۆی دابپۆشێت]، ئەوە یەکێکە لە دایکانی باوەڕداران، ئەگەریش نا ئەوە یەکێکە لە کەنیزەکانی، ئەوەبوو دایپۆشی، جا کاتێک خوای گەورە فەرمانی کرد کە پرسیاریان لێ نەکەن، ئیللا لە پشت پەردەوە نەبێت، هەروەها فەرمانیشی بە خێزانەکانی و کچەکانی و ئافرەتانی بڕوادارن کرد، کە جیلباب و لەچک

و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە تا هەموو لەشیان بگرێتەوە، جیلبابیش بریتییە لە چەرچەف، هەر ئەوەشە کە ئیبن مەسعوود و جگە لەو پێی دەڵێن عەبا، عاممەی خەڵکیش پێێ دەڵێن پۆشاک، کە بریتییە لەو پۆشاکە گەورە و فراوانەی سەری و هەموو لاشەی دادەپۆشێت، ئەبوو عوبەید و جگە لەویش گوتوویانە: جیلباب ئەو پۆشاکەیە ئافرەت لەسە سەریەوە دەیهێنێتە خوارەوە، تەنها چاوێکی دەردەخات، هەروەها لە ڕەگەزی جیلبابیش نیقابە: چونکە ئافرەتان ڕووخساری خۆیان دادەپۆشی»[1].

هەروەها (الحافظ ابن کثیر- (۷۷هـ) دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾. دەفەرموێ: «واتا: با هیچ شتێ لە جوانی و ڕازاوەیی بۆ بێگانەکان دەرنەخەن، ئیللا ئەوەی کە ناکرێت بشاردرێتەوە، ئیبن مەسعوود فەرموویەتی: وەکوو عەبا و پۆشاک، واتا: بەو شێوەیەی کەوا ئافرەتانی عەرەب خۆیان پێیەوە پەیوەست دەکرد و دەیانپۆشی، لەو سەرپۆشەی کە پۆشاکەکەی دادەپۆشێت و دەیشارێتەوە، ئەوەشی کە لە ژێرەوەی پۆشاک دەردەکەوێت، ئەوە بەهۆیەوە هیچ تاوانێکی لەسەر نییە؛ چونکە ئەمە شاردنەوەی ناکرێت، ئینجا ئەوانەی کە قسەکەی ئیبن مەسعوودیان کردووە، بریتیین لە: حەسەنی

[1] «مجموع الفتاوى»، لابن تيمية (۲۲/۱۱۰).

بەسڕی، ئیبن سیرین، ئەبوو جەوزاء، ئیبڕاهیمی نەخەعی و جگە لەوانیش»[1].

زانای گەورە (الشوكاني- ١٢٥٠هـ) فەرموویەتی: «لێت شاراوە نییە کە ڕووکەشی ڕێکخستنی قورئانی، ڕێگریکردنە لە دەرخستنی ڕازاوەیی و جوانی، ئیللا ئەوەی کە دەردەکەوێت و دیارە لێی، وەکوو عەبا و پەچە(الخمار)، هەروەها هاوشێوەکانیشیان ئەوەی کە لەسەر دەست و پێیەکانە، لە زێڕ و تفاقی ئارایشت و ڕازاندنەوە و هاوشێوەی، ئەگەریش مەبەست بە جوانی و ڕازاوەیی: شوێنەکانی بێت، ئەوا لێدەرکردن(الاستثناء)ـەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قورسە لەسەر ئافرەت دایبپۆشێت، وەکوو دوو دەستەکان و هەردوو پێیەکان و هاوشێوەی ئەمە، ئیتر بەو شێوازە ئەگەر ڕێگریکردنەکە لە دەرخستنی جوانی و ڕازاوەیی بێت، ئەوا ڕێگریکردنەکە دەرخستنی شوێنەکانیشی دەگرێتەوە بە واتا و مەبەستی پەیامەکە، چونکە هەروەکوو باسمان کرد ئیستیسنایەکە هەردوو شوێنەکە دەگرێتەوە و مەبەستییەتی، بەڵام ئەگەر جوانی و ڕازاوەیی شوێنەکانی جوانی بگرێتەوە، هەروەها ئەوەش بگرێتەوە کە ئافرەتان خۆیانی پێ دەڕازێننەوە، ئەوا بابەتەکە ڕوون و ئاشکرایە، ئیستیسنایەکەش بۆ هەمووی دەبێت [واتە: ئەوکاتی نابێت

[١] «تفسير القرآن العظيم»، لابن كثير (٤٥/٦).

هیچی دەربخرێت]»[1].

شێخ عەبدوڕەحمان سەعدی دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾. دەفەرموێ: «مەبەست پێی پۆشاکی دەرەوە و دیارە، ئەوەی کە عادەتە لەبەر بکرێت، ئەگەر ئەمە سەرنەکێشێت بۆ تووش بوون بە فیتنە پێیەوە»[2].

هەروەها (محمد الأمين الشنقيطي- ١٣٩٣هـ) دەفەرموێ: «(الزينة) لە زمانی عەرەبدا، بریتییە لەوەی کە ئافرەت خۆی پێ دەڕازێنێتەوە، لەو شتەی کە لە دەرەوەی بنچینەی دروست بوونیەتی: وەکوو زێڕ و خشڵ. کەواتە لێکدانەوەی (زینە) بە هێندێک لە لاشەی ئافرەت، پێچەوانەی ڕووکەشی قورئانە و دروست نییە واتا بکرێتە سەری، ئیللا بە بەڵگەیەک کە گەڕانەوە بۆ لای واجب بێت، هەروەها بەهۆی ئەمەوە دەزانیت کە قسەی ئەو کەسەی دەڵێت: جوانی و ڕازاوەیی دیار و ئاشکرا: دەموچاو و دەستەکانە، پێچەوانەی ڕووکەشی واتای دەربڕینی ئایەتەکەیە، ئەمەش قەرینە و بەڵگەیە لەسەر ڕاست نەبوونی ئەو قسەیە، بۆیە دروست نییە ئاوا لێک بدرێتەوە، ئیللا بە بەڵگەیەکی جیا کە گەڕانەوە بۆ لای پێویست بێت، هەرچی جۆری ڕوونکردنەوەی دووەمیشە، ئەوە ڕوونکردنەوەکەی بەو شێوەیەیە: دەستەواژەی (الزينة)،

[١] «فتح القدير»، للشوكاني (٢٠٨/٥).
[٢] «تفسير السعدي» (٥٦٦/١).

لە قورئاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە، مەبەست پێی جوانی و ڕازاندنەوەیەکی بەدەرە لە ئەسڵی ئەوەی کە خۆی پێ دەڕازێنێتەوە، نەوەک مەبەستی پێی هێندێک لە بەشەکانی ئەو شتە بێت کە خۆی پێ دەڕازێنێتەوە»[1].

شێخ (ابن باز- ١٤٢٠هـ) دەفەرموێ: «جوانی و ڕازاوەیی، دەموچاو و سەر و هەموو لاشە دەگرێتەوە، بۆیە لەسەر ئافرەت واجبە کەوا ئەو جوانییە دابپۆشێت؛ تاوەکوو نە پیاوان تووشی فیتنە بکەن، نە خۆشیان تووشی فیتنە ببن»[2].

هەروەها شێخ (ابن عثیمین- ١٤٢١هـ) فەرموویەتی: «خوای گەورە ڕێگری کردووە لە دەرخستنی جوانی بە ڕەهایی، ئیللا ئەوەی کە دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە هەر دەبێت دەربکەوێت و لە دەرەوە بێت، وەکوو دەرەوە و ڕووکەشی پۆشاک، هەر بۆیەش فەرموویەتی: {با جوانی خۆیان دەرنەخەن، تەنها ئەوە نەبێ کە خۆی دەرکەوتووە و بەدەرەوەیە و دیارە}. نەیفەرموو ئیللا ئەوەی کە خۆیان دەریدەخەن، پاشان جارێکی دیکە ڕێگری کرد لە دەرخستنی جوانی و زینە، ئیللا بۆ ئەو کەسانەی کە جیای کردنەوە، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جوانی دووەم غەیری جوانی.یەکەمە؛ چونکە جوانی یەکەم: بریتییە لە

[١] «أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن» (٥١٦/٥).
[٢] «مجموع الفتاوى»، لابن باز (٤٦/٥).

جوانی دیار و ئاشکرا، ئەوەی کەوا بۆ هەموو کەسێک دەردەکەوێت و ناکرێت بشاردرێتەوە، بەڵام جوانی دووەم: بریتییە لە جوانی ناوەوە، ئەوەی خۆی پێ جوان دەکات، خۆ ئەگەر ئەو جوانییە دروست بووایە بۆ هەموو کەسێک، ئەوا گشتاندن لە یەکەمیان و جیاکردنەوە لە دووەمیان هیچ سوودێکی زانراوی نەدەبوو. خوای گەورەش ڕێیداوە بە دەرخستنی جوانی ناوەوە بۆ ئەو پیاوانەی کە لە ماڵەکاندا دەژین و پێویستییان بە ئافرەتان نییە، ئەوانەش ئەو خزمەتکارانەن کەوا هیچ شەهوەتێکیان نییە، هەروەها بۆ ئەو منداڵە بچووکەش کەوا باڵغ نەبووە و ئارەزووی جنسی بۆ ئافرەت نییە و شارەزاییان لە عەورەتی ئافرەتان نییە، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر دوو شت: یەکەمیان: ئەوەیە کە دەرخستنی جوانی ناوەوە (الزينة الباطنة)، دروست نییە بۆ هیچ یەکێک لە بێگانەکان، تەنها بۆ ئەو دوو کۆمەڵە نەبێت. دووەمیشیان: ئەوەیە کە هۆکار و تەوەری حوکمەکە لەسەر ترسی تووش بوونە بە فیتنەی ئافرەت و پەیوەست بوونە پێیەوە، هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە (دەموچاو) کۆکەرەوەی جوانی و شوێنی فیتنەیە، کەواتە داپۆشینی واجبە؛ تاوەکوو ئەو پیاوانەی کە ئارەزووی ئافرەتانیان هەیە تووشی فیتنە نەبن پێیانەوە»[1].

[١] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٤).

شێخ (بكر أبو زيد)یش دەفەرموێ: «لەو جیاکردنەوەیەدا {ئیللا ئەوەی كە دەردەكەوێت و بەدەرەوەیە} ئەوەی تێدایە: كە فیعلەكەی نەداوەتە پاڵ ئافرەت [واتە: نەیفەرموو ئیللا ئەوەی كە ئافرەت خۆی دەریدەخات]، چونكە فیعلەكە بە تێپەڕی نەهاتووە، بەڵكوو بە تێنەپەڕی هاتووە، ئەمەش وا دەخوازێت و ئەوەی لێ وەردەگیرێت: كەوا ئافرەت فەرمان پێكراوە بە شاردنەوەی جوانی بە ڕەهایی و بەگشتی، سەرپشک نییە لە دەرخستنی هیچ شتێک لەو جوانییە، هەروەها بۆی دروست نییە كە بە ئەنقەست هیچ شتێک لە جوانی خۆی دەربخات، ئیللا ئەوە نەبێت كەوا بە ناچاری و بەبێ مەبەست دەردەكەوێت، ئەوكاتیش هیچ تاوانێكی لەسەر نییە، وەكوو دەركەوتنی بەشێک لە جوانی بەهۆی باوە، یان دەرخستنی لەبەر پێویستی چارەسەركردن، هەروەها هاوشێوەی ئەمەش لە بارودۆخەكانی ناچاریدا، ئەوكاتیش واتای ئەو جیاكردنەوەیە: بریتییە لە لاچوونی تاوان، هەروەكوو لەو فەرمایشتەی خوای گەورەدا هاتووە: {خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەرشانی هیچ كەسێک، تەنها بەگوێرەی توانای خۆی نەبێت}، هەروەها لەو فەرمایشتەشیدا: {لە كاتێک ئەوەی كە خوای گەورە حەرامی كردبوو لەسەرتان، هەمووی بەدرێژی بۆ باسكردن، تەنها لەكاتی ناچاریدا، ئەوەی كە حەرامیشە بۆتان حەڵاڵ دەبێ}»[1].

[١] «حراسة الفضيلة» (٥٩).

بەڵگەی دووەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ [النور: ٣١].

واتە: ئەی موحەممەد ﷺ، بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ: با پێچەکانیان یان سەرپۆشەکانیان شۆڕبێتەوە و بیدەن بەسەر سینگ و بەرۆکیاندا و نەبینرێت.

حافزی (ابن حجر- ٨٥٢هـ) لە هۆکاری ناونانی خومڕ بە خومڕ دەفەرموێت: «بەشێک لە خومڕ، خیمارِی ئافرەتە؛ لەبەر ئەوەی خیمارِ دەموچاوی دادەپۆشێت»[١].

هەروەها شێخ (ابن الجبرين- ١٤٣٠هـ) دەفەرموێ: «هەرچی پەچە و خیمارِی ئافرەتە، ئەوە هەر شتێکە کە ئافرەت سەر و دەموچاو و گەردەنی خۆی پێ دابپۆشێت»[٢].

شێخ (محمد الأمين الشنقيطي)یش دەفەرموێ: «ئەو فەرموودەیە ڕاست و دروست و ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کەوا ئافرەتە هاوەڵەکانی کە باسکران تێیدا، وا تێگەیشتوون کە واتای ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، وا دەخوازێت کە دەبێت دەموچاویان دابپۆشن، هەروەها ئەوان کراسەکانیان درێندووە و کەرتیان کردووە و خیمارِیان پێ کردووە، واتە دەموچاویان پێ داپۆشیوە،

---

[١] «فتح الباري» (٤٨/١٠).

[٢] «فتاوى الشيخ ابن جبرين» (٦٨/١).

وەگوو گوێرایەڵییەک بۆ فەرمانی خوای گەورە کە لەو وتەیەیدا هاتووە: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، کە واتای خوازراو تێیدا: داپۆشینی دەموچاوە، کەواتە بەمە کەسی دادپەروەر ئەوەی بۆ دێتەجێ کە خۆداپۆشینی ئافرەت لە پیاوان و داپۆشینی دەموچاوی، لە هاوەڵانەوە شتێکی چەسپاو و جێگیر بووە، لە سوننەتی سەحیح کە ڕاڤەکار و لێکدەرەوەیە بۆ کتێبی خوای گەورە، بێگومان عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ستاییشی ئەو ئافرەتانە دەکات، بەهۆی پەلەکردنیان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا لە کتێبەکەیدا، شتێکی زانراویشە کە ئەو ئافرەتانە داپۆشینی دەموچاو لەو فەرمایشتە خوا ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ تێنەگەیشتوون، ئیللا لە پێغەمبەر ﷺ- نەبێت؛ چونکە ئەو بوونی هەبوو، ئەمانیش دەربارەی هەموو شتێک کە لە ئایینەکەیان کێشەیان بۆ دروست دەبوو، پرسیاریان لەو دەکرد، خوای گەورە دەفەرموێ: {ئەی موحەممەد ﷺ-، ئەم قورئانەشمان بۆ دابەزاندوویت، تا تۆ خۆت بە وتە و کردەوە و سوننەتەکانت، ئەو قورئانەی کە بۆت دابەزیوە بۆیان ڕوون بکەیتەوە}. کەواتە ناکرێت ئەوان لەلایەنی خۆیانەوە ڕاڤەیان کردبێت و لێکیان دابێتەوە»[1].

[١] «أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن» (٦/٢٥٠).

هەروەها شێخ (بکر أبو زید) دەفەرموێ: «هەر شتێک کە شاردتەوە و داتپۆشی، ئەوە بێگومان خیارت کردووە، هەر لەو بابەتەش، فەرموودەی ئەو پیاوەیە کە ولّاخەکەی خستییە خوارەوە و ملی شکا لەکاتێکدا لە ئیحرامدا بوو، فەرمووی: «وَلَا تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ وَلَا وَجْهَهُ»[1]، واتە: «نە سەری دابپۆشن، نە دەموچاویشی»، هەروەها فەرموودە بەناوبانگەکەش کە دەفەرموێ: «خَمِّرُوا الآنِيَة»[2]، واتە: «قاپەکانتان دابپۆشن». واتا: دەمەکە و سەرەکەی دابپۆشن.

قسەکەی نومەیریش هەر لەو بابەتەیە کە دەڵێت:

يُخَمِّرنَ أطرافَ البَنَان من التّقى

ويَخْرجُنَ جنح اللَّيل معتجرات

سەری پەنجەکانیان دادەپۆشن...

چۆنیەتی پۆشینیشی: ئەوەیە کە ئافرەت خیمارەکە لەسەر سەر دادەنێت، پاشان دەیسوڕێنێتەوە و دەیپێچێتەوە سەر گەردەنی، لەسەر شێوەی سوڕاندنەوە بۆ سەر دەموچاو، پاشان ئەوەی کە زیادە لێی، بەسەر دەموچاو و گەردەن و سینگی دادەدات، بەو شێوەیە ئەو شوێنانە دادەپۆشێت، کەوا عورف و عادەت وایە لە ماڵەوە بە دیار بخرێن»[3].

---

[1] «صحيح مسلم» (١٢٠٦).

[2] «صحيح البخاري» (٣٣١٦).

[3] «حراسة الفضيلة» (٣٤-٣٥).

هەروەها شێخ (ابن عثیمین) دەفەرموێ: «خیمار: ئەوەیە کە ئافرەت سەری خۆی پێ دادەپۆشێت و دەشارێتەوە، وەکوو (چارۆکە)، چونکە ئەگەر ئافرەت فەرمان پێکراو بێت بەوەی خیمار و پەچە بەسەر سینگیدا بدات، ئەوا فەرمان پێکراویشە بە داپۆشینی دەموچاوی، جا یان لەبەر ئەوەی ئەمە داخوازی خیمارە، یانیش بە (قیاس)، لەبەر ئەوەی ئەگەر داپۆشینی گەردەن و سینگ واجب بێت، ئەوا داپۆشینی دەموچاو لەپێشترە؛ چونکە شوێنی جوانی و فیتنەیە. چونکە خەڵکی کاتێک داوای جوانی وێنەی کەسێک دەکەن، تەنها داوای دەموچاوی دەکەن، جا ئەگەر جوان بێت، سەیری شوێنی دیکە ناکەن؛ لەبەر تێڕوانینیان بۆ گرینگی ئەو شوێنە، هەر بۆیەش ئەگەر گوتیان فلانە ئافرەت جوانە، لەو قسەیە تەنها جوانی دەموچاو دەفامرێتەوە، کەواتە ڕوون بووەوە کە دەموچاو، بریتییە لە شوێنی جوانی، وەکوو داواکردن و وەکوو هەواڵیش، جا ئەگەر بابەتەکە ئاوا بێت، ئیتر چۆن وا تێدەگەین کە ئەو شەریعەتە دانایە، فەرمان بە داپۆشینی سینگ و گەردەن دەکات، پاشان ڕێ دەدات بە دەرخستنی دەموچاو و دانەپۆشینی؟!»[1].

*****

[١] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٣).

بەڵگەی سێیەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ [الأحزاب:٥٣].

واتە: ئەگەر داوای شتێکیشتان کرد، یان پرسیارێکی شەرعیتان لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ- هەبوو، ئەوە پرسیاریان لێ بکەن لە پشتی پەردەوە.

پێشەوا (ابنُ جرير- ٣١٠هـ) دەفەرموێ: «واتا: لە پشتەوەی پەردەیەک لەنێوانی ئێوە و ئەوان، هەروەها بەسەریاندا مەچوونە ماڵەکانیان، {ئەو شێوە داواکردنەتان خاوێنترە بۆ دڵی ئێوە و ئەوانیش}، خوای گەورە و بەرز دەفەرموێ: داواکردنی کەلوپەلتان لەوان، ئەگەر داوای ئەو شتەتان لەوان کرد لەپشتی پەردەوە، پاکترە بۆ دڵی ئێوە و دڵی ئەوانیش لە تووشبوون بە تێڕوانین، ئەوەی کەوا دەکەوێتە دڵی پیاوانەوە دەربارەی ئافرەتانەوە، هەروەها دەکەوێتە دڵی ئافرەتانیش دەربارەی پیاوانەوە، شایستەتر و چاکتریشە لەوەی نەوەکوو شەیتان دەسەڵاتی بەسەر ئێوە و ئەوانیشدا هەبێت»[1].

هەروەها (القرطبي- ٦٧١هـ) دەفەرموێ: «ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە مۆڵەتی داوە بە پرسیارکردن لێیان، لە پشتی پەردەوە، بۆ پێویستییەک کە

[١] «تفسير الطبري» (٣١٤/٢٠).

دێتە پێشەوە، یان پرسیارێک کە داوای فەتوای لێ دەکەن، هەموو ئافرەتان دەچنە ناو ئەو بابەتەوە بە واتا، هەروەها بەوەش کە بنچینەکانی شەریعەت لەخۆی گرتووە، لەوەی کە ئافرەت هەمووی عەورەتە؛ لاشەی و دەنگیشی هەروەکوو پێشتر باسکرا، کەواتە دروست نییە هیچ شوێنێکی لاشەی دەربخات، ئیللا لەبەر پێویستی نەبێت، وەکوو شایەتیدان لەسەری، یان نەخۆشییەک کە بە لاشەی وەیە، یاخود پرسیارکردن لێی لەوەی کە دێتە پێشەوە و پێویستە لەو بکرێت»[1].

حافزی (ابن کثیر) دەربارەی ئەو فەرمایشتە خوای بەرز و بڵند: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ دەفەرموێ: «واتا: هەروەکوو چۆن ڕێگریتان لێ کراوە لە چوونە لایان، بەهەمان شێوەش بەهیچ شێوەیەک سەیریان مەکەن، خۆ ئەگەر هەر یەکێک لە ئێوەش پێداویستییەکتان هەبوو، دەتانویست لەوانی وەربگرن، ئەوا با سەریریان نەکەن و داوای هیچ پێداویستییەکیش نەکەن، ئیللا لە پشت پەردەوە نەبێت»[2].

[1] «تفسير القرطبي» (٢٢٦/١٤).
[2] «تفسير القرآن العظيم»، لابن كثير (٤٥٥/٦).

هەروەها مامۆستامان (مصطفى العدوي) دەفەرموێ: «ڕووی بەڵگەهێنانەوە بەو ئایەتە پیرۆزە، لەسەر دوو بنچینە دامەزراوە:

یەکەم: قسەکردن بۆ یەکێک، قسەکردن بۆ کۆمەڵێکیش دەگرێتەوە.

دووەم: هاوبەشبوونە لە هۆکار.

ئینجا بە نیسبەت بنچینەی یەکەم، ئەوە بەو وتەیەی پێغەمبەر ﷺ- پشتگیری دەکرێت: «إِنَّمَا قَوْلِي لِامْرَأَةٍ وَاحِدَةٍ كَقَوْلِي لِمِائَةِ امْرَأَةٍ».[1] واتە: «قسەی من بۆ یەک ئافرەت، وەکوو قسەمە بۆ سەد ئافرەت»، بێگومان خوای گەورەش فەرمانی بە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ- کردووە بە حیجاب و خۆداپۆشین، هیچ ڕاجیایەکیش لەو بوارەوە نازانین، ئافرەتان و هاوسەرانی باوەڕدارانیش لەمەدا شوێنکەوتەن بۆ ئەوان؛ لەبەر ئەو بنچینەیەی کە باسمانکرد کە قسەکردن بۆ یەکێک، قسەکردنە بۆ کۆمەڵێک. ئینجا ئەو قسەیەش بە بنچینەی دووەم پشتگیری دەکرێت، ئەویش بریتییە لە: هاوبەشبوون لە هۆکار، چونکە هۆکاری پرسیارکردن لە پشتی پەردەوە، بریتییە لە (پاک و خاوێنی دڵەکان)، ئێ هاوسەرانی باوەڕدارانیش وەکوو ئافرەتانی پێغەمبەرن ﷺ-

[1] أخرجه أحمد (٢٦٤٦٩) وصحح إسناده ابن كثير في «تفسيره» (١٢٢/٨)، وهو كما قال.

لە پێویستییان بەو پاک و خاوێنییە، ئەو قسەیەش پشتگیری دەکرێت بەو گشتێتییەی کە لە فەرمووەی پێغەمبەری خوا هاتووە -ﷺ-: «إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ»[1]. واتە: «وریابن لە چوونە لای ئافرەتان». هەروەها پشتگیری دەکرێت بە قەرینەی چوونەپاڵی هاوسەرانی باوەڕداران، بۆلای هاوسەران و کچەکانی پێغەمبەر -ﷺ-، لەو فەرمایشتەی خوای گەورە: {ئەی پێغەمبەر -ﷺ-، بە هاوسەرانت و بە کچانت و بە ئافرەتانی بڕوادارانبڵێ: با عاباکانیان بدەن بەسەر خۆیاندا (خۆیان و جوانیانی پێ دابپۆشن)؛ ئەوە نزیکترە بناسرێن (بە داوێنپاک)؛ تا بەهۆیەوە ئازار نەدرێن، خوا لێخۆش بووی میهرەبانە}»[2].

*****

[1] «صحيح البخاري» (٥٢٣٢) و«مسلم» (٢١٧٢).
[2] الحجاب «أدلة الموجبين وشبه المخالفين» (٥).

بەڵگەی چوارەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ-، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ با جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە، تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بە داوێنپاک بناسرێنەوە، (لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە خۆی دانەدەپۆشی)، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

لە «المعجم الوسیط»دا هاتووە: «جیلباب: کراس و پۆشاکێکە هەموو لاشە دادەپۆشێت، هەروەها بریتییشە لە پەچە و ئەوەشی لەسەر پۆشاک لەبەر دەکرێت، وەکوو داپۆشەر و چەرچەف کەوا ئافرەت لەخۆی دەگرێت»[1].

[١] «المعجم الوسیط» (١٢٨/١).

زانای گەورە (ابن رجب الحنبلي- ٧٩٥هـ) دەفەرموێ: «جیلباب: بریتییە لەو داپۆشەر و چەرچەفەی کە هەموو پۆشاک دادەپۆشێت و لەسەر پۆشاک لەبەر دەکرێت»[١].

هەروەها حافزی ئیبن کەسیر دەفەرموێ: «جیلباب بریتییە لە: عەبا و باڵاپۆشێک لەسەر پەچەوە. ئیبن مەسعوود و عەبیدە و قەتادە و حەسەنی بەسڕی و سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئیبڕاهیمی نەخەعی و عەتائی خوراسانی و چەندانی دیکەش ئەمەیان فەرموە»[٢].

دکتۆر (وهبة الزحيلي) دەفەرموێ: «(الإدناء): نزیککردنەوەیە، مەبەستیش شۆڕکردنەوە و هێنانەخوارەوەیە بۆ سەر دەموچاو و لاشە و داپۆشینی جوانییە، هەر بۆیە بە وشەی «عَلَى» تێپەڕی کردووە، ﴿جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾یش کۆی (جلباب)ـە، کە بریتییە لەو داپۆشەر و چەرچەفەی کە ئافرەت لەخۆی دەگرێت لەسەر کراس و پۆشاکی، یاخود ئەو پۆشاکەیە هەموو لاشە دادەپۆشێت، هەروەها «مِنْ»یش بۆ هێندێکییە؛ چونکە ئافرەت هێندێک لە جیلبابەکە دادەپۆشێت و بە هێندێکیشی خۆی دادەپۆشێت، مەبەستیش ئەوەیە: هێندێکی دەهێنێتە خوارەوە و شۆڕی دەکاتەوە بۆ سەر دەموچاو، ئەگەر لە ماڵ دەرچوون بۆ پێداویستییان،

[١] «فتح الباري»، لابن رجب (٥٠٧/١).
[٢] «تفسير القرآن العظيم»، لابن كثير (٤٨١/٦).

مەگەر کەمێکی نەبێت وەکوو یەک چاو»[1].

هەروەها دکتۆر (محمد محمود حجازي) دەفەرموێت: «جەلابیب، کۆی جیلبابە، کە بریتییە لەو پۆشاکەی هەموو لاشە دادەپۆشێت... ئافرەتان هەموو لاشەیان دادەپۆشی، هەتا دەموچاویشیان، ئیللا ئەوەندە نەبێت کەوا ڕێگەی پێ ببینێت، هێندێکیشیان پێیان وابووە کە داپۆشینی دەموچاو، تەنها لەکاتی فیتنە فەرز دەبێت»[2].

لە دایکی سەلەمەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی: {با عەبا و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە، تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن}، ئافرەتە ئەنسارییەکان دەرچوون وەکوو ئەوەی قەلەڕەش لەسەر سەریانەوە بێت؛ هێندێک لە پۆشاکەکانیان کرد بە سەرپۆش و سەری خۆیان پێ داپۆشی، [واتە خیمارەکەیان ڕەنگی زۆر ڕەش بوو، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سووربوونیان بۆ گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە]»[3].

---

[1] «التفسير المنير»، للزحيلي (١٠٦/٢٢).

[2] «التفسير الواضح»، للدكتور محمد محمود حجازي (١١٥/٣-١١٦).

[3] أخرجه أبو داود (٤١٠١) وصححه المحدث الألباني في «صحيح أبي داود» (٤١٠١) وقال الشيخ ابن باز: إسناده حسن «مجموع الفتاوى» (٢٤٣/٤).

هەروەها لە ئیبن عەباسیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەربارەی ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ فەرموویەتی: «خوای گەورە فەرمانی بە ئافرەتانی باوەڕدار کردووە، ئەگەر لە ماڵەکانیان دەرچوون بۆ پێویستییەک، با دەموچاویان دابپۆشن لەسەر سەریانەوە بە عەبا و سەرپۆشەکانیان و یەک چاویشیان دەربخەن»[1].

هەر لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە فەرموویەتی: «ئافرەت عەبا و سەرپۆشەکەی بەسەر خۆیدا شۆڕ بکاتەوە و بهێنێتە خوارەوە، بەڵام با پێیدا نەدات، عەتاء دەڵێت گوتم: چی پێدا نەدات، ئەویش ئاماژەی بۆ کردم هەروەکوو چۆن ئافرەت عەبا بەسەر خۆیدا دەدات، پاشان ئاماژەی کرد بۆ ئەو عەبایەی کەوا لەسەر ڕوومەتی بوو، فەرمووی: با نەیپێچیتەوە و بە دەموچاوی دانەدات، ئا ئەوە لەسەری دەمێنێت، بەڵام بەسەر دەموچاویدا شۆڕی دەکاتەوە هەروەکوو هاتۆتە خوارە وەریدەگێڕێت، بەڵام پێیدا نادات و نایپێچێتەوە»[2].

---

[1] أخرجه ابن جرير في «تفسيره» (٢٠ / ٣٢٤) وابن أبي حاتم في «تفسيره» (١٧٧٨٣) وإسناده منقطع؛ لأن علي بن أبي طلحة لم يسمع من ابن عباس ڤ ولكن يشهد له الأثر الذي بعده.

[2] أخرجه الشافعي في «مسنده» (١١٨/١) (٥٤٤) والبيهقي في «معرفة السنن والآثار» (٩٦٠٢) وقال الشيخ مصطفى العدوي في كتابه «الحجاب أدلة الموجبين وشبه المخالفين» (١٢): موقوف صحيح.

هەروەها لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە فەرموویەتی: «پێشەوا عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- کەنیزەکێکی بینی کە ڕووی خۆی داپۆشی بوو، ئەویش لێیدا و گوتی: خۆت مەچوێنە بە ئافرەتە ئازادەکانەوە»[1].

هەروەها لە (أَبِي قِلاَبَة) هاتووە کە فەرموویەتی: «پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب لەسەردەمی جێنشینایەتی خۆیدا، ڕێی نەدەدا کەوا هیچ کەنیزەیەک پەچە بکات و ڕووی خۆی دابپۆشێت. ئەبوو قیلابە گوتی: عومەر دەیفەرموو: پەچە و ڕووپۆش تەنها بۆ ئافرەتە ئازادەکانە، ئەویش بۆ ئەوەی بناسرێنەوە»[2].

حافزی ئیبن حەجەر دەفەرموێ: «(التَّقَنّعُ) بقاف ونون ثقيلة، وهو تغطية الرأس وأكثر الوجه برداء أو غيره»[3].

واتە: پەچەکردن بریتییە لە: داپۆشینی سەر و زۆربەی دەموچاو بە عەبا یان جگە لەو.

ئینجا ئەگەر بگوترێت: هێندێک لە کەنیزەکەکان هەنە کە جوانترن و زیاتر جێگای فیتنەن لە ئافرەتە ئازادەکان!!

---

[١] «مصنف ابن أبي شيبة» (٢ / ٢٣١) (٦٢٩٤)، وإسناده صحيح.

[٢] «مصنف ابن أبي شيبة» (٢٣١/٢) (٦٢٩٧) وإسناده منقطع؛ لأن أبا قلابة لم يدرك عمر ﷺ. ولكن يشهد له حديث أنس الذي قبله.

[٣] «فتح الباري»، لابن حجر (٢٧٤/١٠).

وەڵامەکەی، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەفەرموێ: «کەنیزەکیش ئەگەر ترسی تووشبوون بە فیتنەی پێوە بێت، ئەوا لەسەریەتی کەوا عەبا و سەرپۆشەکەی بەسەرخۆیدا شۆڕ بکاتەوە و خۆی دابپۆشێت، هەروەها پێویستیشە کەوا چاو لێی بگیرێتەوە و سەیری نەکرێت، لە قورئانیدا نەهاتووە کە ڕێگی دابێت سەیری هەموو کەنیزەکەکان بکرێت، نەشهاتووە کە خۆیان دانەپۆشن و جوانی خۆیان دەربخەن، بەڵام قورئان ئەو فەرمانەی بە ئازادەکانی کردووە، بەوانی نەکردووە، هەروەها سوننەتیش بە کردەوەیی جیاوازی خستۆتە نێوانی ئەوان و نێوانی ئازادەکانەوە، بەڵام بە دەربڕینێکی گشتی جیاوازی نەخستۆتە نێوانیان، بەڵکوو عورف و عادەتی باوەڕداران وابووە کە ئازادەکان خۆیانیان لێ دابپۆشن نەک کەنیزەکەکان، هەروەها قورئانیش لەناو ئافرەتە ئازادەکان، ئەو ئافرەتانەی جیاکردۆتەوە کە پیرن و ئومێدی شوو کردنیان نەماوە، خۆداپۆشینی تەواوی لەسەریان دانەناوە، هێندێک لە پیاوانیشی جیاکردۆتەوە، ئەوانەی کە ئارەزووی ژنانیان نەماوە، قەدەغەی نەکردووە لە دەرخستنی جوانی شاراوە بۆیان؛ لەبەر نەبوونی ئارەزووی ژن و مێردایەتی لەمانە و لەوانی دیکەش، کەواتە بەگوێرەی ئەمە ئەگەر هێندێک لە کەنیزەکەکانیش جیابکرێنەوە لەو حوکمە گشتییە، لەپێشتر و شایستەتر، ئەوانیش ئەو کەنیزەکانەن

کـه بەهـۆی وازهێنان له خۆداپۆشـینیان و دەرخسـتنی جوانیان، ئـارەزوو و فیتنـه دێتەجـێ»[1].

لـه (محمـد بـن سیرین)یشـەوه هاتووه لـه (عَبيدة السَّـلماني) یـەوه کـه دەربـارەی ئـەو وتەیـەی خـوا: ﴿يَـٰٓأَيُّهَـا ٱلنَّـبِيُّ قُـل لِّأَزۡوَٰجِـكَ وَبَنَاتِـكَ وَنِسَـآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِـينَ يُدۡنِـينَ عَلَيۡهِـنَّ مِـن جَلَٰبِيبِهِـنَّ﴾ فەرموویەتـی: « [ئەمـه بـاس لـه چۆنیەتـی خۆداپۆشـین دەکات بـه جیلبـاب]: ئیـبن عـەون لـەلای ئێمـه عەبـای لەبەری کرد و پۆشـی، ئینجـا گوتـی: موحەممەد لەلای ئێمـه پۆشـی، موحەممەدیش گوتـی: عەبیدە لەلای من پۆشـی، ئینجـا ئیـبن عـەون ڕووی خـۆی بـه پۆشـاکەکەی داپۆشـی، ئەوەبـوو لـووت و چـاوی چەپـی داپۆشـی و چـاوی ڕاستیشـی دەرهێنـا، هەروەهـا عەباکەشـی لەسـەرەوه هێنایـه خـوارەوه، تاوەکـوو نزیکـی کـردەوه له بـرۆی، یان هێنایه سـەر بـرۆی»[2].

هەروەهـا هـەر له ئیبن سیرینەوه هاتـووه کـه فەرموویەتی: پرسـیارم لـه عەبیـده کرد دەربـارەی ئەو وتەیەی خـوای گەوره: ﴿قُـل لِّأَزۡوَٰجِـكَ وَبَنَاتِـكَ وَنِسَـآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِـينَ يُدۡنِـينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِـنَّ﴾ ئەویـش فەرمـووی: «به پۆشـاکەکەی ئـاوای کرد، سـەر و دەموچـاوی داپۆشـی، بـەڵام پۆشـاکەکەی لـه یەکێک

[1] «مجموع الفتاوى» (٣٧٣/١٥).
[2] أخرجه ابن جرير في «تفسيره» (٣٢٤/٢٠) وإسناده صحيح.

لـه چاوه‌كانی لادا و ده‌ریخسـت»[1].

لـه سـه‌عیدی كـوڕی جوبه‌یریشـه‌وه هاتـووه كـه ده‌ربـاره‌ی ئـه‌و وته‌یـه‌ی خوای گـه‌وره: ﴿يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ﴾، فه‌رموویه‌تـی: «جه‌لابیبه‌كانیـان به‌سـه‌ر خۆیاندا دێننـه خواره‌وه و شـۆڕی ده‌كه‌نـه‌وه، كـه بریتییه لـه ڕووپۆش و پەچه له‌سـه‌ر له‌چـک، بـۆ هیـچ ئافره‌تێكـی موسـڵمان حـه‌ڵاڵ نییه كـه نامۆ و بێگانه‌یـه‌ک ببینێـت، مه‌گـه‌ر پەچه‌ی به‌سـه‌ره‌وه بێت له‌سـه‌ر له‌چـک، كـه به‌هۆیه‌وه سـه‌ر و گه‌رده‌نـی توند به‌سـتابێت»[2].

هه‌روه‌هـا (ابـن جریـر الطبري) ده‌فه‌رمـووێ: «خـوای بـه‌رز و بڵنـد بـه پێغه‌مبه‌ره‌كـه‌ی ﷺ- ده‌فه‌رمـووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ﴾، واتـا: بـا لـه پۆشـاكه‌كانیان خۆیـان نه‌چوێنـن بـه كه‌نیزه‌كـه‌كان، ئه‌گـه‌ر بـۆ پێداویسـتییه‌ک لـه ماڵه‌كانیـان ده‌رچـوون، بـا پـرچ و ده‌موچاویـان ده‌رنه‌خـه‌ن. به‌ڵكـوو عه‌بـا و سه‌رپۆشـه‌كانیان به‌سـه‌ر خۆیانـدا بـده‌ن؛ بـۆ ئـه‌وه‌ی مرۆڤـه فاسـیق و خه‌راپـه‌كان ڕێیان پـێ نه‌گرن و قسـه‌ی خه‌راپیان پێ نه‌ڵێـن، ئه‌گـه‌ر زانیـان ئـه‌وان ئافره‌تـی ئـازادن»[3].

---

[١] أخرجه ابن جرير في «تفسيره» (٣٢٥/٢٠) وإسناده صحيح.
[٢] أخرجه ابن أبي حاتم في «تفسيره» (٣٢٥/٢٠).
[٣] «تفسير الطبري» (٣٢٤/٢٠).

هەروەها (أبو بكر الجصاص- ٣٧٠هـ) دەفەرموێ: «ئەو ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ئافرەتی گەنج، فەرمان پێکراوە بە داپۆشینی دەموچاوی لە بێگانەکان، هەروەها دەبێت لەکاتی دەرچوونیدا داپۆشراوی و داوێنپاکی خۆی دەربخات؛ تاوەکوو کەسانی خەراپ و گوماناوی ئارەزوویان تێ نەکەن»[١].

هەروەها (النسفي- ٥٣٧هـ) دەفەرموێ: «واتای ئەو ئایەتە: ﴿يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ ئەوەیە: با عەباکانیان بەسەر خۆیاندا شۆڕ بکەنەوە و خۆیان و دەموچاو و تەنیشتەکانی خۆیانیان پێ دابپۆشن. ئەگەر پۆشاک لە دەموچاوی ئافرەت لاکەت، دەگوترێت: پۆشاکەکەت بەسەر دوموچاوتدا بهێنە خوارەوە. وشەی (من)یش بۆ هێندێکییە، واتا: هێندێک لە عەبا و سەرپۆشەکەی و زیادەکەی بەسەر دەموچاویدا شۆڕ بکاتەوە و ڕووی خۆی دابپۆشێت، تاوەکوو لە کەنیزەک جیابێتەوە»[٢].

هەروەها (الزمخشري- ٥٣٨هـ) دەڵێت: «واتای ﴿يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ ئەوەیە: با عەباکانیان بەسەر خۆیاندا شۆڕ بکەنەوە و خۆیان و دەموچاو و تەنیشتەکانی خۆیانیان پێ دابپۆشن»[٣].

---

[١] «أحكام القرآن»، للجصاص (٢٤٥/٥).
[٢] «تفسير النسفي» (١٤١/٣).
[٣] «تفسير الكشاف» (٥٦٠/٣).

پێشەوا بەغەویش دەفەرموێت: «جیلباب: ئەو چەرچەفەیە کەوا ئافرەت لەخۆی وەردەگرێت، لەسەر کراس و لەچک»[1].

هەروەها (ابن الجوزي- ٥٩٧هـ) دەفەرموێ: «دەربارەی ئەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ﴾، ئیبن قوتەیبە فەرموویەتی: واتا: عەبا و باڵاپۆشەکان لەبەر دەکەن. جگە لەویش گوتوویەتی: واتا: سەر و دەموچاویان دادەپۆشن»[2].

پێشەوا (القرطبي) دەفەرموێ: «لەبەر ئەوەی نەریتی ئافرەتانی عەرەب شەرم نەکردن و خۆنەپاراستن بوو، هەروەها دەموچاوی خۆیان دەردەخست وەکوو کەنیزەکەکان، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی پیاوان تێیان بڕوانن و بیر پەلبهاوێژێت بۆ لایان؛ بۆیە خوا و پێغەمبەرەکەی -ﷺ- فەرمانیان کردووە، بەوەی فەرمانیان پێ بکرێت بە هێنانە خوارەوەی عەباکانیان بەسەریاندا، ئەگەر ویستیان لە ماڵ دەربچن بۆ پێداویستییەکانیان، ئافرەتان پێشتر پێشی ئەوەی ئاوەدەستخانە دروست بکرێت، دەچوونە (سەرئاو) لە دەشت و چۆڵەوانی، جا جیاوازی لەنێوانی ئەوان و نێوانی کەنیزەکەکان دروست دەبوو، ئیتر ئازادەکان بەخۆداپۆشینیان دەناسرانەوە، ئەوکاتیش ئەو کەسەی بێژن بووایە یان گەنج

[1] «تفسير البغوي» (٣٧٦/٦).
[2] «زاد المسير في علم التفسير» (٤٢٢/٦).

بوویە، خۆی دەگرتەوە لە ڕێگەپێگرتنیان و ئازاردانیان، ئافرەتێک لە ئافرەتانی باوەڕداران پێشی دابەزینی ئەو ئایەتە، کاتێک کە دەردەچوو بۆ سەرئاوکردن، تووشی هێدێک لە خەراپەکارەکان دەبوو و ڕێیان پێ دەگرت، کە وای گومان دەبرد کەنیزەکە، ئەویش هاواری لێ دەکرد و کابراش دەڕۆیی، بۆیە سکاڵای ئەوەیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر ﷺ-، ئیتر بەهۆی ئەمەوە ئەو ئایەتە دابەزی»[1].

هەروەها (البيضاوي- ٦٩١هـ) دەفەرموێ: «دەموچاو و لاشەیان بە پۆشاک و عەباکانیان دابپۆشن، ئەگەر دەرچوون بۆ پێداویستی»[2].

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەفەرموێ: «ئافرەت بۆی نییە کە دەموچاو و دەستەکان و قاچەکانی دەربخات بۆ بێگانەکان، لەسەر ڕاستترینی دوو قسەکان، بەپێچەوانەی ئەوەی کە پێشی نەسخ بوونەوە، بەڵکوو هیچ شتێک دەرناخات، تەنها پۆشاک نەبێت»[3].

بەهەمان شێوە شێخی ئیسلام دەفەرموێ: «هەر بۆیە ئافرەت فەرمانی پێ کراوە بەوەی خۆی دابپۆشیت لەناو نوێژدا، بەڵام دەموچاو و دەستەکانی و پێیەکانی، ئەوە ڕێگری لێ کراوە لە

[١] «تفسير القرطبي» (٢٤٢/١٤).
[٢] «تفسير البيضاوى» (٣٨٦/٤).
[٣] «مجموع الفتاوى» (١١٤/٢٢).

دەرخستنی ئەمانە بۆ کەسی بێگانە، بەڵام ڕێگری لێ نەکراوە لە دەرخستنیان بۆ ئافرەتان و خاوەنی مەحرەمەکان»[1].

هەروەها (السّيوطيّ- ٩١١هـ) دەفەرموێ: «ئەوە ئایەتی حیجاب و خۆداپۆشینە دەربارەی هەموو ئافرەتان، کەواتە ئەوەی تێدایە کە واجیبە لەسەریان داپۆشینی سەر و دەموچاو»[2].

هەروەها (أبو السُّعود- ٩٨٢هـ) دەفەرموێ: «بە عەباکانیان دەموچاو و لاشەکانیان دادەپۆشن، ئەگەر بۆ پێویستییەک لە پێداویستییەکانیان دەرچوون، هەروەها وشەی (مِنْ) بۆ هێندێکییە؛ لەبەر ئەوەی پێشتر باسمانکرد کە ئەوەی زانراوە خۆداپۆشین بە هێندێکی دەبێت و هێندێکیشی شۆڕ دەکرێتەوە و دەهێندرێتە خوارەوە»[3].

هەروەها (العظيم آبادي- ١٣١٠هـ) دەربارەی ئەو وتەیەی خوای گەورە: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ دەفەرموێ: «ئەوە نزیکترە تاوەکوو بناسرێنەوە بەوەی ئازادەکانن و ئازار نەدرێن بە شەڕ پێفرۆشتنیان، بەپێچەوانەی کەنیزەکەکان، چونکە ئەوان دەموچاویان داناپۆشن، دووڕووەکانیش ڕووبەڕوویان دەبوونەوە و

[1] «مجموع الفتاوى» (١١٧/٢٢).
[2] «عون المعبود» (١٥٨/١١).
[3] «تفسير أبي السعود» (٣٥٢/٥).

شــەڕیان پــێ دەفرۆشــتن و ئازاریــان دەدان»[1].

هەروەها (إسماعيل حقي) دەفەرمووێ: «بــە عەباکانیــان دەموچاو و لاشــەیان دادەپۆشــن، لەکاتــی دەرچوونیــان لــە ماڵەکانیــان بــۆ پێداویستیی، بەڵام نابێت دەربچن لەکاتێکدا دەموچاو و لاشــەیان بــەدەرەوە بێت، وەکــوو کەنیزەکــەکان، تاوەکــوو گەمــژە و دووڕووەکان شــەڕیان پــێ نەفرۆشــن بەگومانــی ئــەوەی کەنیزەکــن»[2].

شــێخی ســەعدیش دەفەرموێ: «ئەو شــتانەن کەوا لەســەر پۆشــاکن، لــە جوببە و پەچــە و عەبا و هاوشــێوەکانی، واتە: بەو شــتانە دەموچاو و ســینگیان دادەپۆشن»[3].

شــێخ (أبو بكر الجزائري) دەفەرموێ: ﴿يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾: «واتــا: پەچــە و عەباکانیــان بەســەر دەموچاویاندا شــۆڕ بکەنەوە، تاوەکوو هیچ شــتێک لە ئافرەتــدا دەرنەکەوێت، تەنهــا یــەک چــاو نەبێت بــۆ ئەوەی ســەیری ڕێگای پــێ بکات، ئەگــەر بۆ پێویســتییەک دەرچوو»[4].

هەروەها دکتۆر (عبد الكريم الخطيب)یش دەربارەی ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل

---

[1] «عون المعبود» (١١/١٥٨).
[2] «تفسير روح البيان»، لإسماعيل حقي (٧/١٣١).
[3] «تفسير السعدي» (١/٦٧١).
[4] «أيسر التفاسير»، للجزائري (٣/٢؛ ٣).

﴿لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾، «ئەمە بانگەوازێکە بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ- و کچەکانی، هەروەها بۆ ئافرەتانی باوەڕدارانیش بەگشتی کە خۆیان بپارێزن لە زمانی خەراپ، ئەمەش بەوەی لە پۆشاکەکانیان بدەن بەسەر خۆیان و بیهێننە خوارەوە، تاوەکوو لاشەیان دادەپۆشێت هەتا پێیەکانیان.. ئا ئەوە پۆشاکی بەشەرمەکانە، بەپێچەوانەی پۆشاکی ئەوانەی جوانی خۆیان دەردەخەن، ئەوانەی بانگی پیاوان دەکەن بۆ لای خۆیان»[1].

دکتۆر (محمد سيد طنطاوي) دەفەرموێ: «جەلابیب: کۆی جیلبابە، بریتییە لە پۆشاکێک کە هەموو لاشە دادەپۆشێت و ئافرەت لەبەری دەکات، لەسەر پۆشاکەکەی. واتای ئایەتەکەش ئەوەیە: ئەی پێغەمبەر -ﷺ-، بەو هاوسەرانەت بڵێ کەوا لەژێر نیکاحی تۆدان، هەروەها بەو کچانەشت بڵێ کەوا لە نەوەی تۆن و منداڵی تۆن، هەروەها بە ئافرەتانی باوەڕدانیش بڵێ بە تێکڕایی: ئەگەر بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەک لە ماڵ دەرچوون، ئەوە لەسەریان پێویستە کە عەباکانیان بەسەرخۆیاندا شۆڕ بکەنەوە، لەسەر سەریانەوە تاوەکوو پێیەکانیان، ئەمە وەکوو زیادە خۆداپۆشینێک و شەرمێک، هەروەها بۆ دوورخستنەوەیش لە شوێنی تۆمەت و گومان»[2].

---

[١] «التفسير القرآني للقرآن» (٧٥١/١١).

[٢] «التفسير الوسيط»، للدكتور محمد سيد طنطاوي (٢٤٥/١١).

بەڵگەی پێنجەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ [النور: ٦٠].

واتە: ئەو ئافرەتە پیرانەی [پیرێژنانەی]، کە لە سووڕی مانگانە و لە منداڵ بوون بوونەتەوە و ئومێد و ئارەزووی شووکردنیان نییە، لەبەر گەورەیی تەمەنیان، ئەمانە تاوانبار نابن ئەگەر پۆشاکەکانیان دابنێن، واتە: عەبا و پەچەش نەکەن ئاساییە، بەڵام نابێت جوانی خۆیان، یان عەورەتی خۆیان دەربخەن، یان خۆیان بڕازێننەوە بۆ پیاوانی نامەحرەم، بەڵام ئەم پیرەژنانەش هێشتا ئەگەر عەبا بکەن و حیجاب بکەن و خۆیان دابپۆشن، ئەمە بۆیان باشترە (ئەمە سەبارەت بە پیرێژن، ئەی ئافرەتی گەنج چۆن دروستە جوانی خۆی دەربخات و پۆشاکی تەنک و کورت و تەسک و ڕەنگاو ڕەنگ و ناشەرعی بپۆشێت!؟) خوای گەورەش زۆر بیسەر و زانایە.

لـه ئیـبن عەبباسـەوە -ڕەزای خوایـان لێبێـت- هاتـووە کـەوا ئـەو ئایەتـەی دەخوێنـدەوە: ﴿أَن يَضَعْـنَ ثِيَابَهُـنَّ﴾ دەیفەمـوو: الجلبـاب[1].

واتە: مەبەست بەو پۆشاکەی کە دایدەنێن، عەبایە.

هەروەهـا لـه (عاصم الأحول)ـەوە هاتووە کـه فەرموویەتی: «ئێمە دەچووینە لای حەفسـەی کچی سیرین، کـه جیلبابەکەی ئـاوا لـێ کردبـوو، ڕووی خـۆی پـێ داپۆشـیبوو، ئێمـەش پێیان گـوت: ڕەحمەتـی خـوات لێبێـت، خـوای گـەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْقَوَٰعِـدُ مِـنَ ٱلنِّسَـآءِ ٱلَّـٰتِى لَا يَرْجُونَ نِكَاحًـا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَـاحٌ أَن يَضَعْـنَ ثِيَابَهُـنَّ غَـيْرَ مُتَبَرِّجَـٰتٍۭ بِزِينَـةٍ﴾، ئەوەی کە دایدەنێـت بریتییـه له جیلباب، دەڵێت: ئەویـش به ئێمەی گوت: دوای ئـەوە چ شـتێک؟ ئێمـەش گوتمـان: ﴿وَأَن يَسْـتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُـنَّ﴾، ئەویـش گوتی: ئەمـه جێگیرکردنـی جیلبابە»[2].

شـێخ (ابـن عثیمـین) دەفەرمـووێ: «ڕووی بەڵگایەتـی لەو ئایەتـه پیـرۆزە ئەوەیـه کە خـوای گـەورە و بەرز نەفـی تاوانی کـردووە لـه پیرەژنـەکان، ئەوانەی ئـارەزووی شـوکردنیان نییە؛ لەبـەر ئـەوەی پیـاوان ئارەزوویـان ناچێتـه سـەریان؛ لەبـەر

[1] أخرجـه البيهقـي فـي «السـنن الكبـرى» (١٣٣١٠) (٩٣/٧) وقـال الألبانـي إسناده جيـد «جلبـاب المرأة المسـلمة» (٨٦).
[2] أخرجـه البيهقـي فـي «السـنن الكبـرى» (١٣٣١٢) (٩٣/٧) وإسـناده صحيـح.

گەورەیی تەمنیان، خوای گەورە نەفی تاوانی کردووە لەو پیرەژنانە، لەوەی پۆشاکەکانیان دابنێن، بەمەرجێک مەبەست لەمەدا خۆدەرستن نەبێت بە جوانی و ڕازاوەیی، شتێکی زانراویشە بەبێ گومان کە مەبەست بە دانانی پۆشاک، ئەوە نییە کە بە ڕووتی بمێننەوە، بەڵکوو مەبەست: دانانی ئەو پۆشاکەیە کە لەسەر کراس و هاوشێوەیەتی، ئەوەی کە داپۆشەری ئەو شوێنە نییە کە بەزۆری دەردەکەوێت، وەکوو دەموچاو و دوو دەستەکان، کەواتە ئەو پۆشاکەی کە باسکراوە و ڕێگەی پێدراوە بۆ ئەو پیرەژنانە کە دایبنێن، بریتییە لەو پۆشاکەی پێشتر باسمانکرد کە هەموو لاشە دادەپۆشێت، ئینجا تایبەتکردنی حوکم بەو پیرەژنانە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتە گەنجانەی ئارەزووی شووکردنیان هەیە، پێچەوانەی ئەوانن لە حوکمدا، خۆ ئەگەر حوکمەکە گشتگیر بوایە بۆ هەمووان لە دروستێتی دانانی پۆشاک و لەبەرکردنی کراس و هاوشێوەکانی، ئەوا تایبەتکردنی پیرەژنەکان هیچ سوودێکی نەبوو، هەروەها لەو وتەی خوای گەورەدا: ﴿غَيْرَ مُتَبَرِّجَٰتٍۭ بِزِينَةٍۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾، بەڵگەیەکی دیکەی تێدایە لەسەر واجبیەتی حیجابکردن لەسەر ئەو ئافرەتە گەنجەی ئارەزووی شووکردنی هەیە؛ لەبەر ئەوەی بەزۆری وایە ئەگەر دەموچاوی دەرخست، دەیەوێت خۆی بڕازێنێتەوە و

جوانی خۆی دەربخات و پیاوان سەیری بکەن و ستایشی بکەن و هاوشێوەی ئەمانە، جگە لەمە حاڵەتێکی دەگمەنە، دەگمەنیش هیچ حوکمێکی نییە»[1].

شێخ (بکر أبو زید) دەفەرموێ: «خوای گەورە مۆڵەتی داوە بۆ ئافرەتە پیر و لەکارکەوتووەکان، واتا: پیرەژنەکان، ئەوانەی بە تەمەندا چوونە، دانیشتوون و کۆتاییان پێ هاتووە لە خوێنی حەیز و سکپڕبوون و بێئومێد بوونە لە منداڵبوون، کەوا پۆشاکەکانی دەرەوەیان دابنێن وەکوو عەبا و پەچە، ئەوەی خوای گەورە لە ئایەتەکانی واجبکردنی حیجاب لەسەر موسڵمانانی داناوە، بۆیە ئەوانە دەتوانن ئەو پۆشاکانە لەسەر دەموچاو و دوو دەستەکان لابەن، خوای گەورە تاوانی ئەوەی لەسەر لابردوون بە دوو مەرج:

مەرجی یەکەم: لەو ئافرەتانە بن کەوا هیچ جوانییەکیان نەماوە و جێگای ئارەزوو و چاوتێبڕینیش نییەن، هەروەها ئەوانەن کە ئارەزووی شووکردنیان نەماوە، نە ئەوان ئارەزووی شووکردنیان هەیە، نە خەڵکیش ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکەن؛ لەبەر ئەوەی پیرەژنن، نە ئارەزوویان هەیە و نە ئارەزووشیان تێ دەکرێت، بەڵام ئەوەی شتێک لە جوانی تێدا مابێتەوە و جێگای شەهوەت بێت، ئەوە بۆی دروست نییە کە ئەو پۆشاکانەی دابنێت.

---

[1] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٦).

مەرجی دووەم: ئەوەیە خۆیان نەڕازێننەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن، ئەمەش بە دوو شت دەبێت:

یەکەمیان: نابێت ئەو ئافرەتانە مەبەستیان بە دانانی پۆشاک دەرخستنی جوانی بێت، بەڵکوو دەبێت مەبەستیان خۆسووککردن بێت، ئەگەر پێویستییان بەوە بوو.

دووەمیان: نابێت خۆیان بڕازێننەوە بە جوانییەکانی وەکوو خشڵ و کل و بۆیە و جوانکردنی پۆشاکی دەرەوە، جگە لەوانەش لەو جوانییەی کە خەڵکی پێیەوە تووشی فیتنە دەبن.

پاشان خوای پەروەردگارمان دەفەرموێ: {هێشتا ئەگەر عەبا بکەن و حیجاب بکەن و خۆیان دابپۆشن}، ئەمەش هاندانە بۆ ئەو جۆرە ئافرەتانە لەسەر خۆپارێزی و داوێنپاکی، کە ئەمە بۆ ئەوان باشترە، ئەگەرچی خۆشیان جوان نەکردبێت و نەڕازندبێتەوە.

کەواتە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فەرزە لەسەر ئافرەتانی باوەڕداران حیجاب بکەن و دەموچاو و تەواوی لاشەیان و جوانیان دابپۆشن؛ چونکە ئەمە مۆڵەتێکە بۆ پیرەژنەکان، ئەوانەی تاوانی ئەو کارەیان لەسەر هەڵگیراوە؛ چونکە تۆمەتیان لەسەر هەڵگیراوە، لەکاتێکدا گەیشتوونەتە ئەو تەمەن و بێئومێدبوونە، مۆڵەتیش نادرێت

تەنها لە بوونی عەزیمەتدا نەبێت، عەزیمەتیش بریتییە لە فەرزبوونی حیجاب لە ئایەتەکانی پێشوو.

هەروەها بە بەڵگەی ئەوەی ئەو ئافرەتانە هێشتا ئەگەر عەبا بکەن و خۆیان دابپۆشن، باشترە بۆیان لە مۆڵەت وەرگرتن بە دانانی پۆشاک لە دەموچاو و دەستەکان، کەواتە ئەمە واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە نەگەیشتۆتە تەمەنی پیرەژنەکان لە ئافرەتانی باوەڕداران، ئەمەش لەپێشترە بۆ ئەوان، هەروەها دوورترە بۆیان لە هۆکارەکانی فیتنە و کەوتنە ناو کاری خەراپە و بەدڕەوشتی، خۆ ئەگەر کردیان، ئەوا تووشی تاوان و گوناح دەبن، هەر بۆیە ئەو ئایەتە یەکێکە لە بەهێزترینی بەڵگەکان لەسەر فەرزبوونی حیجاب و داپۆشینی دەموچاو و دەستەکان و هەموو لاشە و جوانییەکان بە عەبا و پەچە»[1].

*****

[١] «حراسة الفضيلة» (٦٤-٦٥).

دووەم: بەڵگەکان لە سوننەتدا

بەڵگەی یەکەم: فەرموودەی ئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت-

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ڕەزای خوای لێبێت هاتووە کە دەفەرموێت: پێغەمبەر -ﷺ- فەرموویەتی: «وَلَا تَنتَقِبُ المَرْأَةُ المُحْرِمَةُ، وَلَا تَلْبَسِ الْقُفَّازَيْنِ»[1].

واتە: با ئافرەتێک کە لە ئیحرامدایە نیقاب نەکات و بە نیقاب دەموچاوی خۆی دانەپۆشێت، هەروەها با دەستکێش و پەنجەوانەش لە دەست نەکات.

شێخ (ابن العربي المالكي- ٥٤٣هـ) دەفەرموێت: «بۆیە ئەمە دەفەرموێ؛ لەبەر ئەوەی داپۆشینی دەموچاوی بە پەچە و نیقاب فەرزە، تەنها لە حەجدا نەبێت، چونکە لە حەجدا هێندێک لە سەرپۆش و چارۆکەکەی بەسەر دەموچاویدا دەدات، بەبێ پێوەنووساندن، هەروەها پشت لە پیاوان دەکات و پیاوانیش پشتی تێ دەکەن»[2].

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەفەرموێ: «ئەگەر بێتوو ئافرەتان فەرمانپێکراو بن بە پۆشینی جیلباب؛ بۆ

---

[1] «صحيح البخاري» (١٨٣٨).

[2] «عارضة الأحوذي» (٥٦/٤).

ئەوەی نەناسرێنەوە، کە بریتییە لە داپۆشینی دەموچاو، یان شاردنەوەی دەموچاو بە پەچە و ڕووپۆش، ئەوا دەموچاو و دەستەکان کە جوانییەکی وایان تێدایە فەرمانکراوە بەوەی بۆ بێگانەکان دەرنەخرێن، کەواتە هیچ شتێک نەماوەتەوە کە حەڵاڵ بێت بۆ بێگانەکان سەیری بکەن، تەنها سەیریکردنی پۆشاکی دەرەوە نەبێت»[1].

هەروەها شێخی ئیسلام دەفەرموێ: «ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نیقاب و دەستکێش، دوو شتی ناسراو بوونە لەلای ئەو ئافرەتانەی کەوا لە ئیحرامدا نەبوونە، ئەمەش وا دەخوازێت کە دەبێت دەموچاو و دەستەکانیان دابپۆشرێت»[2].

زانای گەورە (ابن القیم- ٧٥١هـ) دەفەرموێ: «هەرچی ئەو ڕێگەگرتنەی پێغەمبەرە ﷺ- کە لە فەرموودەکەی ئیبن عومەردا هاتووە، کە نابێت ئافرەت نیقاب بکات و دەستکێشیش لە دەست بکات؛ ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەموچاوی ئافرەت وەکوو لاشەی پیاو وایە، نەک وەکوو سەری، بۆیە حەرامە لەسەر ئافرەت لەکاتی حەجدا ئەو پارچە پەڕۆیەی کە بڕاوە و داندراوە و دووراوە بە ئەندازەی دەموچاو بیپۆشێت، وەکوو نیقاب و پەچە، بەڵام لەسەری حەرام نییە کە بە سەرپۆشی

[1] «مجموع الفتاوى»، لابن تيمية (١١٠/٢٢).
[2] «مجموع الفتاوى»، لابن تيمية (٣٧١/١٥).

ژنان و لەچک و عەبا و هاوشێوەکانی دایبپۆشێت، ئەوەش ڕاستترینی دوو وتەکەیە، چونکە پێغەمبەر -ﷺ- دەموچاو و دەستەکانی وەکوو یەک لێ کرد و یەکسانی کرد و ڕێگرشی لێ کرد لە دەستکێش و نیقاب، شتێکی زانراویشە کە لەسەری حەرام نییە دەستەکانی دابپۆشێت و وەکوو لاشەی پیاوێکە کە لە ئیحرامدا بێت، حەرامە لەسەری کە بە شتێکی بڕاو و دووراو بە ئەندازەی دەستەکانی دایبپۆشێت، ئەوانیش بریتیین لە دوو دەستکێش، بەهەمان شێوە دەموچاویش، داپۆشینی تەنها بە نیقاب و هاوشێوەی حەرامە، یەک پیتیش لە پێغەمبەرەوە -ﷺ- نەهاتووە دەربارەی واجبیەتی دەرخستنی دەموچاوی ئافرەت لەکاتی ئیحرامدا، تەنها ڕێگەگرتن لە نیقاب نەبێت، ئەویش وەکوو ڕێگەگرتنە لە دەستکێش، کەواتە دانەپاڵی نیقاب بۆلای دەموچاو، وەکوو دانەپاڵی دەستکێشە بۆلای دەست وەکوو یەک، ئەمەش شتێکی ڕوون و ئاشکرایە سوپاس بۆ خوا»[1].

پێشەوا (ابن المنذر- ٣١٩هـ) دەفەرموێ: «زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئافرەت بۆی هەیە هەموو دووراوێک لەبەر بکات و خوف و گۆرەویش لە پێ بکات، هەروەها بۆی هەیە کەوا سەری دابپۆشێت و پرچیشی دابپۆشێت، تەنها دەموچاوی نەبێت، ئەویش پۆشاکێک دێنێتە خوارەوە بە هێنانەخوارەوەیەکی سووک، کە خۆی پێ دادەپۆشێت لە

[1] «تهذيب السنن»، لابن القيم (٦٩٨/٥).

سەیرکردنی پیاوان، بەڵام بە پەچە داینا‌پۆشێت»[1].

پێشەوا (ابن رشد- ٥٩٥هـ) فەرموویەتی: «زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئیحرامی ئافرەت لە ڕووخساریدایە، هەروەها بۆی هەیە کەوا سەری دابپۆشێت و پرچیشی دابپۆشێت، هەروەها بۆشی هەیە پۆشاکەکەی لەسەر سەریەوە شۆڕ بکاتەوە و بهێنێتە خوارەوە بەسەر دەموچاویدا بە هێنانەخوارەوەیەکی سووک، کە خۆی پێ دادەپۆشێت لە تێڕوانینی پیاوان بۆی»[2].

هەروەها پێشەوا (الشَّوكاني) دەفەرموێ: «ڕاست نییە بەڵگە بهێنرێتەوە لەسەر دروستێتی دەرخستنی دەموچاوی ئافرەت، بەوەی لەکاتی ئیحرامیدا یان لەکاتی نوێژکردنیدا دەریدەخات؛ چونکە ئەمە هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە؛ لەبەر ئەوەی شەرعدانەر بۆ ئافرەتی بە ڕەوا داناوە کە لەو حاڵەتەدا دەموچاوی دەربخات، بەڵام بە دروستی دانەناوە بۆ پیاوان کە لەو حاڵەتەدا سەیری ئافرەت بکەن، بەڵکوو فەرمانیان پێکراوە لەو حاڵەتە و جگە لەوەش کەوا چاوەکانیان بگرنەوە، هەروەکوو چۆن لەسەر پیاوان واجب نییە کە دەموچاوی خۆیان دابپۆشن لەکاتی تێکەڵاوییان لەگەڵ ئافرەتاندا، بەڵکوو لەسەریان پێویستە کە سەیری پیاوان نەکەن؛ چونکە ئافرەتانیش فەرمانیان

[1] «فتح الباري» (٤٠٦/٣).
[2] «بداية المجتهد»، لابن رشد (٣٢٧/١).

پێکراوە بەوەی چاوەکانیان بگرنەوە، کەواتە ئەوە بزانە! چونکە سوودی ئەوەی تێدایە کە بێپێویستت دەکات بەڵگە بە شتێک بێنیتەوە کەوا بەڵگەی تێدا نییە لەسەر دروستێتی یان دروست نەبوون، هەروەها لەو شتەش کە لە بەڵگایەتی لەسەر داواکراو لە دوورترین شوێنە»[1].

هەروەها (الأمير الصنعاني- ١١٨٢هـ) دەفەرموێ: «ئافرەت لە ئیحرامدا، نابێت ئەو پارچە قوماشە بپۆشێت کەوا بڕاوە و پارچەکراوە و دووراوە بۆ دەموچاو وەکوو نیقاب، هەروەها ئەو پارچە قوماشەشی کە بڕاوە و دووراوە بۆ دەستەکان وەکوو دەستکێش، نەک مەبەستی ئەوە بێت کە نابێت ڕووخسار و دەستەکانی دابپۆشێت، هەروەکوو وا گومان دەبردرێت، چونکە بێگومان داپۆشینیان واجبە، بەڵام بەبێ نیقاب و دەستکێش»[2].

دەڵێم: ئەگەر حوکمێک پەیوەستکرا بە وەسفێکەوە، ئەوا حوکمەکە بۆ وەسفەکە دەبێت و لە جگە لەو وەسفە دوور دەخرێتەوە، لێرەشدا حوکمەکە بریتییە لە: دەرخستنی دەموچاو. وەسفەکەش بریتییە لە: ئیحرام.

کەواتە حوکمەکە دوورخرایەوە لە جگە لەو وەسفە، واتا: دەرخستنی دەموچاو لە جگە لە حاڵەتیٔ ئیحرام نەفی کرا، ئەمەش وا دەخوازێت کەوا دابپۆشرێت.

---

[١] «السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار» (١ / ٧٤١).

[٢] «حاشية الصنعاني على العدة» (٤٧٩/٣).

بەڵگەی دووەم: فەرموودەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت-

لە دایکە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەفەرموێت: «كَانَ الرُّكْبَانُ يَمُرُّونَ بِنَا وَنَحْنُ مَعَ رَسُولِ اللهِ -ﷺ- مُحْرِمَاتٌ، فَإِذَا حَاذَوْا بِنَا أَسْدَلَتْ إِحْدَانَا جِلْبَابَهَا مِنْ رَأْسِهَا عَلَى وَجْهِهَا، فَإِذَا جَاوَزَنَا كَشَفْنَاهُ»[1].

واتە: کاروانەکان بەلای ئێمەی ئافرەتاندا تێدەپەڕین، ئێمەش لەگەڵ پێغەمبەری خوا -ﷺ- لە ئیحرامدا بووین، جا ئەگەر بگەیشتنابە بەرانبەری ئێمە، ئەوا هەر یەکێک لە ئێمە سەرپۆشەکەی لەسەری شۆڕ دەکردەوە و بەسەر دەموچاوی دادە، کاتێکیش لەلامان تێدەپەڕین لامان دەدا.

هەروەها لە ئیبن و ئەبی شەیبەوە لە «المصنَّف»دا هاتووە، لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- فەرموویەتی: «كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ -ﷺ- وَنَحْنُ مُحْرِمُونَ، فَإِذَا لَقِينَا الرَّكْبَ سَدَلْنَا ثِيَابَنَا مِنْ

[1] أخرجه أبو داود (١٨٣٣) وأحمد (٢٣٥٠١)، وابن ماجه (٢٩٣٥) والبيهقي في «السنن الكبرى» (٨٨٣٣) وفيه يزيد بن أبي زياد وهو ضعيف، ولكن له شاهد من حديث أسماء -رضي الله عنها-. وقال الألباني: إسناده حسن في الشواهد. ينظر: «تخريج مشكاة المصابيح» (٢٦٢٢).

فَـوْقِ رُؤُوسِـنَا عَـلَى وُجُوهِنَا، فَـإِذَا جَاوَزْنَـا رَفَعْنَاهَا»[1].

واتـه: ئێمـه لەگـەڵ پێغەمبەر -ﷺ- لـه ئیحرامـدا بووین، جا ئەگەر بگەیشـتباین بە کاروان و قافڵەکان، ئەوا پۆشاکەکانمان لەسـەر سـەرمانەوە دەهێنایـە خـوارەوە بـۆ سـەر دەموچاومـان، کاتێکیـش تێدەپەڕیـن بەرزمان دەکـردەوە و لامان دەدا.

هەروەهـا لە (صَفِيَّة)شـەوە هاتـووە کە فەرموویەتـی: «رَأَيْتُ عَائِشَـةَ طَافَـتْ بِالْبَيْتِ، وَهِـيَ مُنتَقِبَةٌ»[2].

واتـه: عائیشـەم بینی کـە تەوافی بەدەوری کەعبـەدا دەکرد، لەکاتێکدا ڕووی خۆی داپۆشـیبوو.

شـێخ (الكمال بن الهمام- ٨٦١هـ) دەڵێـت: «بابەتەکە بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کـە ئافـرەت ڕێگـری لـێ کـراوە لە دەرخسـتنی دەموچـاوی بۆ بێگانـەکان، بەبێ پێویسـتی»[3].

---

[١] أخرجـه ابن أبي شـيبة فـي «المصنـف» (٧٢٠/٣) رقـم (١٤٤٤٦) وفيه يزيـد بـن أبي زيـاد وهو ضعيف، كما أن مجاهدًا لم يسـمع من عائشـة، قـال أبـو حاتـم: روى عـن عائشـة مرسـلا، ولـم يسـمع منهـا، سـمعت يحيـى بـن معيـن يقول: لم يسـمع مجاهـد عن عائشـة. ينظـر: «تهذيب الكمـال» (٢٣٢/٢٧). ولكـن يشـهد لـه حديث صفية الـذي بعده.

[٢] أخرجـه ابن سـعد فـي «الطبقات الكبـرى» (٧١/٨) رقـم (٩٩٨٦) وقال الألبانـي: رجالـه ثقـات غيـر أن ابـن جريـج مدلـس. ينظـر: «جلبـاب المـرأة» (١٠٨).

[٣] «شرح فتح القدير»، لابن الهمام السيواسي (٥١٤/٢)

پێشەوا (ابن قدامة- ٦٨٢هـ) دەفەرموێ: «ئەگەر ئافرەت پێویستی بە داپۆشینی دەموچاوی بوو؛ لەبەر تێپەڕبوونی پیاوان لە نزیکییەوە، ئەوە پۆشاکەکەی لەسەر سەریەوە دەهێنێتە خوارەوە بۆ سەر دەموچاوی، ئەمە گێڕدراوەتەوە لە عوسمان و عائیشەوە -ڕەزای خوایان لێبێت-، هەروەها (عطاء) و (مالك) و (الثوري) و (الشافعي) و (إسحاق) و (محمد بن الحسن)یش ئاوایان گوتووە و هیچ ڕاجیاییەکیش لە بابەتەکەدا نازانین»[1].

هەروەها شێخ ئیبن عوسەیمەین دەفەرموێ: «فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر واجبیەتی داپۆشینی دەموچاو؛ چونکە لەکاتی ئیحرامدا دەرخستنی شەرعییە، خۆ ئەگەر بوونی ڕێگرێک نەبێت لە دەرخستنی لەو کاتەدا، ئەوە واجب بوو کە [دوای ئەوەش] بە دەرخراوەیی بمێنێتەوە، ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەش ئاوایە: کە دەرخستنی دەموچاو لە ئیحرامدا، لەلای زۆرینەی زانایان واجبە لەسەر ئافرەتان، واجبیش هیچ شتێک بەربەرەکانێی ناکات، تەنها واجب نەبێت، خۆ ئەگەر واجبیەتی حیجابکردن و داپۆشینی دەموچاو لە ئاستی بێگانە نەبێت، ئەوە دروست نەبوو کە واز لە واجب بهێنرێت و دەموچاو دەربخرێت لەکاتی ئیحرامدا»[2].

---

[١] «المغني»، لابن قدامة (٣١١/٣).
[٢] «رسالة الحجاب» (١١).

بەڵگەی سێیەم: فەرموودەکەی ئەسمائە -ڕەزای خوای لێبێت-

لە ئەسمائی کچی ئەبوو بەکرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- هاتووە کە دەڵێت: «كُنَّا نُغَطِّي وجُوهَنَا مِنَ الرِّجالِ، وكنَّا نَتَمَشَّطُ قَبْل ذلك في الإحْرَامِ»[1].

واتە: ئێمە دەموچاوی خۆمان لە پیاوان دادەپۆشی، هەروەها ئێمە پێشی ئەوە قژیشمان شانە دەکرد لە ئیحرامدا.

هەروەها لە فاتیمەی کچی مونزیریشەوە هاتووە کە گوتوویەتی: «كُنَّا نُخَمِّرُ وُجُوهَنَا وَنَحْنُ مُحْرِمَاتٌ، وَنَحْنُ مَعَ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ»[2].

واتە: «ئێمە دەموچاوی خۆمان دادەپۆشی، لەکاتێکدا لە ئیحرامدا بووین و ئێمە لەگەڵ ئەسمائی کچی ئەبوو بەکری سددیق بووین.

لەو فەرموودەیەدا وەڵام و بەرپەرچدانەوەی تێدایە لەسەر ئەو کەسەی کە بانگەشەی ئەوە دەکات، داپۆشینی دەموچاو

---

[1] أخرجه ابن خزيمة في «صحيحه» (٢٦٩٠) (٢٠٣/٤)، والحاكم في «المستدرك» (١٦٦٨) وقال: هذا حديث صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه. وقال الألباني: صحيح على شرط مسلم. ينظر: «إرواء الغليل» (٢١٢/٤).

[2] أخرجه مالك في «الموطأ» (٧٢٦) وقال المحدث الألباني: إسناده صحيح. ينظر: «إرواء الغليل» (٢١٢/٤).

تایبەتە بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ-؛ چونکە ئەسماء یەکێک نەبووە لە هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ، کەواتە بەمە پوچەڵیەتی ئەو بانگەشەیە ڕوون دەبێتەوە.

*****

بەڵگەی چوارەم: فەرموودەکەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت- دەربارەی دابەزینی ئایەتی حیجاب

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە دەفەرموێت: «يَرْحَمُ اللهُ نِسَاءَ الْمُهَاجِرَاتِ الأُوَلَ؛ لَمَّا أَنزَلَ اللهُ: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ [النور: ٣١]. شَقَّقْنَ مُرُوطَهُنَّ فَاخْتَمَرْنَ بِهِ»[1].

واتە: ڕەحمەتی خوا لە ئافرەتە کۆچکردووەکانی یەکەمین و پێشووەکان بێت؛ کاتێک خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند: {ئەی موحەممەد ﷺ، بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ: با پێچەکانیان یان سەرپۆشەکانیان شۆڕبێتەوە و بیدەن بەسەر سینگ و بەرۆکیاندا و نەبینرێت}. ئەوان پۆشاکەکانیان لەتکرد و سەر و دەموچاوی خۆیان پێ داپۆشی [وەکوو گوێڕایەڵییەک بۆ خوای گەورە].

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: لە سەفییەی کچی شەیبەوە، کە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، دەیگووت: «أَخَذْنَ أُزُرَهُنَّ فَشَقَّقْنَهَا مِنْ قِبَلِ الْحَوَاشِي، فَاخْتَمَرْنَ بِهَا»[2].

---

[١] «صحيح البخاري» (٤٧٥٨).

[٢] «صحيح البخاري» (٤٧٥٩).

واتە: ئەوان پۆشاکەکانیان هێنا و لە تەنیشت و لێوارەکانی لەتیانکرد، ئینجا دەموچاوی خۆیان پێ داپۆشی.

حافزی ئیبن حەجەر دەفەرموێ: «(فاختمرن) واتا: دەموچاوی خۆیان داپۆشی، چۆنیەتی ئەوەش ئاوایە: لەچکەکە لەسەر سەری دابنێت، ئینجا لەلای ڕاستەوە هەڵیبداتە سەر شانی چەپی، ئەمەش بریتییە لە ڕووپۆشین و پەچەکردن(التقنع)»[1].

هەروەها (العظيم آبادي) دەڵێت: «(فَاخْتَمَرْنَ بِهَا) واتا: ڕووخساریان پێ داپۆشی»[2].

شێخ (محمد الأمين الشنقيطي) دەفەرموێت: «ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تێگەیشتنییان لە پەیوەستبوون بە داپۆشینی دەموچاو، لەو فەرمایشتە خوای گەورە: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾، بەشێکە لە بەڕاستدانانیان بۆ کتێبی خوا و باوەڕهێنانیان بە دابەزینەکەی، هەروەها ڕاشکاویشە لەسەر ئەوەی خۆداپۆشینی ئافرەتان لە پیاوان و داپۆشینی دەموچاویان، بەڕاستدانانی کتێبی خوایە و باوەڕهێنانە بە دابەزاندنەکەی، هەروەکوو دەیبینی، کەواتە سەرسامییەکی زۆر بۆ ئەو کەسەی کە دەدرێتە پاڵ زانست و بانگەشەی ئەوەش دەکات، کەوا لە قورئان و سوننەتدا شتێک

[1] «فتح الباري لابن حجر» (٨/٤٩٠).
[2] «عون المعبود شرح سنن أبي داود» (١١/١٦٠).

نەهاتووە بەڵگە بێت لەسەر داپۆشینی دەموچاوی ئافرەت لەبەرانبەر بێگانەکان، لەگەڵ ئەوەی ئافرەتە هاوەڵەکان ئەو کارەیان کردووە؛ وەکوو گوێڕایەڵییەک بۆ فەرمانی خوا لە کتێبەکەیدا، وەکوو باوەڕهێنانەک بە دابەزاندنەکەی.. ئەمەش یەکێکە لە گەورەترینی بەڵگەکان و ڕاشکاوترینیان، دەربارەی پەیوەستبوون بە حیجاب و ڕووپۆشین بۆ هەموو ئافرەتانی باوەڕداران، هەروەکوو دەبینی»[1].

*****

[١] «أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن»، للشنقيطي (٦/٢٥٠).

بەڵگەی پێنجەم: فەرموودەکەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت- لە ڕوورداوی بوهتان بۆ کردنی (قصة الإفك)

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەفەرموێت: «...وَكَانَ صَفْوَانُ بْنُ الْمُعَطَّلِ السُّلَمِيُّ ثُمَّ الذَّكْوَانِيُّ مِنْ وَرَاءِ الْجَيْشِ، فَأَصْبَحَ عِنْدَ مَنْزِلِي، فَرَأَى سَوَادَ إِنْسَانٍ نَائِمٍ فَعَرَفَنِي حِينَ رَآنِي، وَكَانَ رَآنِي قَبْلَ الْحِجَابِ، فَاسْتَيْقَظْتُ بِاسْتِرْجَاعِهِ حِينَ عَرَفَنِي، فَخَمَّرْتُ وَجْهِي بِجِلْبَابِي..»[1].

واتە: سەفوانی کوڕی موعەتتەلی سولەمی زەکوانی، لە دواوەی سوپاوە بوو، [لە شەودا بەڕێ کەوتووە] بەیانی لەلای جێگەکەی منداکردەوە، ئەوەبوو تارمایی مرۆڤێکی نووستووی بینی، منی ناسییەوە کاتێک منی بینی؛ چونکە پێشی فەرزبوونی حیجاب و داپۆشینی دەموچاو منی بینی بوو، ئیتر بەهۆی گوتنی (إنا لله وإنا إليه راجعون) لەلایەن سەفوانەوە کاتێک منی بینی، من لە خەو هەستام، منیش بە سەرپۆشەکەم دەموچاوی خۆم داپۆشی.

دەڵێم: ئەو قسەیەی: «وَكَانَ رَآنِي قَبْلَ الْحِجَابِ»، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دوای دابەزینی حیجاب، بۆ ئافرەت دروست نییە دەموچاوی خۆی دەربخات و خەڵکیش ببینن، بەپێچەوانەی حاڵەتی پێش دابەزینی.

---

[1] «صحيح البخاري» (٤١٤١) و«مسلم» (٢٧٧٠).

هەروەها پێشەوا (النووي- ٦٧٦هـ) دەفەرموێت: «قسەکەی عائیشە: (خَمَّرْتُ وَجْهِي)، واتا: دامپۆشی»[1].

بەهەمان شێوە نەوەوی لە سوودەکانی ئەو فەرموودەیەدا دەفەرموێت: «هەروەها سوودی ئەوەی تێدایە کە ئافرەت دەموچاوی دابپۆشێت لە تێڕوانینی پیاوی بێگانە، جا یەکسانە پیاوی چاک بێت، یان چاک نەبێت»[2].

*****

[1] «شرح النووي على صحيح مسلم» (١٠٥/١٧).
[2] «شرح النووي على صحيح مسلم» (١١٦/١٧).

بەڵگەی شەشەم: فەرموودەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت- لەگەڵ مامی (ئەفلەح)

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە: «أَنَّ أَفْلَحَ أَخَا أَبِي الْقُعَيْسِ جَاءَ يَسْتَأْذِنُ عَلَيْهَا -وَهُوَ عَمُّهَا مِنْ الرَّضَاعَةِ- بَعْدَ أَنْ نَزَلَ الْحِجَابُ فَأَبَيْتُ أَنْ آذَنَ لَهُ، فَلَمَّا جَاءَ رَسُولُ الله -ﷺ- أَخْبَرْتُهُ بِالَّذِي صَنَعْتُ، فَأَمَرَنِي أَنْ آذَنَ لَهُ»[1].

واتە: ئەفلەحی برای ئەبوو قوعەیس، هاتە لای عائیشە و مۆڵەتی خواست کە بچێتە لای -ئەفلەح مامی شیریەتی- ئەمە دوای ئەوەی حیجاب دابەزی، منیش مۆڵەتم پێی نەدا کە بێتە لام، جا کاتێک پێغەمبەری خوا -ﷺ- هات، هەواڵم پێدا دەربارەی ئەو کارەی کە کردبووم، ئەویش فەرمانی پێ کردم کە مۆڵەتی بدەم بێتە لام.

حافزی ئیبن حەجەر دەفەرموێ: «فەرموودەکە واجبیەتی خۆداپۆشینی ئافرەتی تێدایە، لە پیاوانی بێگانە»[2].

شێخ بەکر ئەبوو زەیدیش دەفەرموێ: «ئەمە هەڵبژاردنێکە لەلایەنی حافزەوە دەربارەی گشتێتی خۆداپۆشین، کە شتێکی حەق و ڕاستیشە»[3].

*****

[1] «صحيح البخاري» (٥١٠٣) و«مسلم» (١٤٤٥).
[2] «فتح الباري» (١٥٢/٩).
[3] «حراسة الفضيلة» (٧٢).

بەڵگەی حەفتەم: فەرموودەکانی مۆڵەتدان بۆ (خوازبێنیکەر) بۆ ئەوەی سەیری (خوازبێنیکراو) بکات لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرموویەتی: «إِذَا خَطَبَ أَحَدُكُمُ الْمَرْأَةَ، فَإِنِ اسْتَطَاعَ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى مَا يَدْعُوهُ إِلَى نِكَاحِهَا، فَلْيَفْعَلْ»، قَالَ: «فَخَطَبْتُ جَارِيَةً، فَكُنْتُ أَتَخَبَّأُ لَهَا حَتَّى رَأَيْتُ مِنْهَا مَا دَعَانِي إِلَى نِكَاحِهَا وَتَزَوَّجْتُهَا، فَتَزَوَّجْتُهَا»[1].

واتە: ئەگەر یەکێک لە ئێوە خوازبێنی ئافرەتێکی کرد، ئەگەر توانی سەیری ئەو شوێنەی بکات کە دەبێتە هۆی هاوسەرگیری لەگەڵی [وەکوو دەست و دەموچاوی]، ئەوا با بیکات، جابر دەڵێت: منیش کچێکم خوازبێنی کرد، جا خۆم بۆی دەشاردەوە؛ تاوەکوو ئەوەم لێی بینی کە وای لێ کردم بیخوازم و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم، ئەوەبوو هاوسەرگیریم لەگەڵیدا کرد.

شێخ ئیبن عوسەیمین دەفەرموێ: «ڕووی بەڵگایەتی لەو فەرموودەیە ئەوەیە کە پێغەمبەر -ﷺ- تاوانی

[1] أخرجه أبو داود (٢٠٨٢) وأحمد (١٤١٧٦) والحاكم في «المستدرك» (٢٦٩٦) وقال: صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه، وقال الذهبي في «التلخيص»: على شرط مسلم. وحسنه الشيخ الألباني في «صحيح أبي داود» (٢٠٨٢).

دوورخستۆتەوە لە خوازبێنیکەر بەتایبەت، ئەگەر سەیری خوازبێنیکراوەکەی کرد، بەمەرجێک سەیرکردنەکەی بۆ خوازبێنیکردن بێت، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جگە لە خوازبێنیکەر تاوانبارە بە سەیرکردنی بۆ ئافرەتی بێگانە بەهەموو شێوەیەک، بەهەمان شێوەش خوازبێنیکەر ئەگەر بۆ جگە لە خوازبێنی بێت، وەکوو ئەوەی مەبەستی بە سەیریکردن چێژ بینین و خۆشی بینین بێت لە ئافرەتەکە و هاوشێوەی ئەمەش.

ئەگەر بشگوترێت: لە فەرموودەکەدا ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنە نەهاتووە کە سەیری دەکات. چونکە ڕەنگە مەبەست بەمە سەیرکردنی سینگ و گەردەن بێت، وەڵامەکەی ئەوەیە: هەموو کەسێک دەزانێت کە مەبەستی خوازبێنیکەر، ئەوەی مەبەستی جوانی بێت، بریتییە لە جوانی دەموچاو، جگە لەوە شوێنکەوتەیە و بەزۆری وایە مەبەست نییە، لەبەر ئەوەی خوازبێنیکەر سەیری دەموچاو دەکات؛ چونکە خودی دەموچاو مەبەستەکەیە، بۆ ئەو کەسەی مەبەستی جوانی بێت بەبێ گومان»[1].

هەروەها شێخ بەکر ئەبوو زەید دەفەرموێ: «بەڵگایەتی ئەو سوننەتە، دیار و ئاشکرایە لە چەند ڕووێکەوە: ئەویش ئەوەیە کە ئەسڵ بریتییە لە خۆداپۆشینی ئافرەتان

[1] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٨).

و دەپۆشینی دەموچاویان لە پیاوان، مۆڵەتدانیش بۆ خوازبێنیکەر بە بینین و سەیرکردنی خوازبێنیکراو، بەڵگەیە لەسەر بوونی عەزیمەت ئەویش داپۆشینی دەموچاوە، خۆ ئەگەر دەموچاویان بەدەرەوە بووایە، ئەوا پێویستی بە مۆڵەت نەبوو، هەروەها پێویستیشی بە زۆرلەخۆکردنی خوازبێنیکەر نەبوو -کە جابر بوو -ڕەزای خوای لێبێت- بە خۆشارنەوە و خۆدانوساندن لە ئافرەتەکە، تاوەکوو سەیری ئەو شوێنەی بکات کە دەبێتە هۆی هاوسەرگیریی لەگەڵیدا، ئەگەر بێتوو ڕووخساریان بەدەرەوە بووایە و بهاتبان و بچووبان، هیچ پێویستی بە خۆشاردنەوە نەبوو بۆ بینینی خوازبێنیکراو، خواش زاناترە»[1].

*****

[١] «حراسة الفضيلة» (٧٥-٧٦).

بەڵگەی هەشتەم: فەرموودەکەی ئیبن مەسعوودە -ڕەزای خوای لێبێت-

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، لە پێغەمبەرەوە -ﷺ- کە دەفەرموویی: «الْمَرْأَةُ عَوْرَةٌ، فَإِذَا خَرَجَتْ اسْتَشْرَفَهَا الشَّيْطَانُ»[1].

واتە: ئافرەت عەورەتە [واتە: دەبێت دابپۆشرێت]، جا ئەگەر لە ماڵ دەرچوو، ئەوە شەیتان جوانی دەکات و دەیڕازێنێتەوە لەبەر چاوی پیاوان و تووشی فیتنەیان دەکات.

هەروەها ئیبن مەسعوود -ڕەزای خوای لێبێت-، دەفەرموێت: «الْمَرْأَةُ عَوْرَةٌ، وَأَقْرَبُ مَا تَكُونُ مِنْ رَبِّهَا، إِذَا كَانَتْ فِي قَعْرِ بَيْتِهَا، فَإِذَا خَرَجَتِ، اسْتَشْرَفَهَا الشَّيْطَانُ»[2].

---

[١] أخرجه الترمذي (١١٧٣)، وأخرجه ابن خزيمة في «صحيحه» (١٦٨٥)، والطبراني في «المعجم الأوسط» (٢٨٩٠)، وابن أبي شيبة في «المصنف» (٧٦٩٨)، بزيادة: (وَأَقْرَبُ مَا تَكُونُ مِنْ وَجْهِ رَبِّهَا وَهِيَ فِي قَعْرِ بَيْتِهَا). وقال الترمذي: حَسَنٌ غَرِيبٌ. وقال المنذري في «الترغيب والترهيب» (١/١٨٠): رجاله رجال الصحيح. وقال الهيثمي في «المجمع» (٢/٣٨): رجاله موثقون. وصحح إسناده الألباني في «السلسلة الصحيحة» (٢٦٨٨).

[٢] أخرجه ابن أبي شيبة في «المصنف» (٢/٣٨٤) رقم (٧٦٩٨) بإسناد صحيح.

واتە: ئافرەت عەورەتە، نزیکترین کاتی لە خوای گەورە، ئەوکاتەیە کەوا لەناو قوڵایی ماڵەکەیدایە، بۆیە ئەگەر لە ماڵ دەرچوو، شەیتان دەیڕازێنێتەوە لەبەر چاوی پیاواندا.

بەهەمان شێوە ئیبن مەسعوود فەرمویەتی: «إِنَّمَا النِّسَاءُ عَوْرَةٌ»[1].

واتە: بە دڵنیایی ئافرەتان عەورەتن.

ئەو فەرموودانە بەڵگایەتییەکەیان ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت هەرهەمووی عەورەتە، بە دەموچاو و دەستەکانیشی، خۆ ئەگەر دەرخستنی ڕووخسار و دوو دەستەکان دروست بووایە، ئەوا پێغەمبەر ﷺ جیای دەکردەوە لە فەرموودەکەدا [واتە: دەیفەرموو: ئافرەت عەورەتە، تەنها دەموچاو و دەستەکانی نەبێت].

*****

[1] أخرجه الطبراني في «المعجم الكبير» (١٨٥/٩) رقم (٨٩١٤) وقال الهيثمي في «المجمع» (٣٨/٢): رجاله ثقات. وقال الألباني: صحيح موقوف. وينظر: «صحيح الترغيب والترهيب» (٣٤٨).

بەڵگەی نۆیەم: فەرموودەکەی عوقبەی کوڕی عامڕە -ڕەزای خوای لێبێت-

لە عوقبەی کوڕی عامڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرموویەتی: «إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ»، فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ: يَا رَسُولَ اللهِ أَفَرَأَيْتَ الْحَمْوَ؟ قَالَ: «الْحَمْوُ الموتُ»[1].

واتە: ئامۆژگاری بن لە چوونە لای ئافرەتانی بێگانە و بەتەنها مانەوە لەگەڵیاندا! پیاوێک لە پشتیوانەکان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا چی دەڵێی دەربارەی برای مێرد [واتە: چی دەڵێی ئەگەر برای مێردی ژنەکە بچێتە لای و بەتەنها لەگەڵی بێت][2]؟ فەرمووی: برای مێرد ئەوە هەر مردنە و وەکوو مردن وایە، یان با بمرێت، بەس ئەو کارە نەکات؛ [چونکە سەردەکێشێت بۆ مردنی دین لە دڵدا، یان سەردەکێشێت بۆ ڕەجمکردن، ئەگەر تاوانی زینا ڕووبدات، یاخود سەردەکێشێت بۆ تەڵاقدانی ژنەکە].

زانای گەورە شەنقیتی دەفەرموێ: «ئەو فەرموودە سەحیحە، پێغەمبەر -ﷺ- تێیدا بەڕاشکاوی هۆشداریەکی

[1] «صحيح البخاري» (٥٢٣٢) و«مسلم» (٢١٧٢).
[2]( ) تێبینی: (الْحَمْوَ): خزم و کەس و کاری نزیکی مێردی ژنە، وەکوو برا و مامی مێرد. -وەرگێڕ-.

تونـد دەدات لە چوونـە لای ئافرەتان، کەواتـە ئەمە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشـکرایە لەسـەر قەدەغەکردنـی چوونـە لای ئافرەتـان و داواڵێکردنـی کەلوپـەل لێیـان، مەگـەر لـە پشـتی پـەردەوە بێـت؛ چونکـە ئـەوەی داوای کەلوپەلێکیـان لـێ بـکات و لـە پشـتی پـەروەوەش نەبێـت، ئـەوە چۆتـە لایـان، پێغەمبەریـش ﷺ- هۆشـداری داوە لـە چوونـە لایـان، ئینجـا کاتێـک پیـاوە ئەنسـارییەکە پرسـیاری لێ کرد دەربارەی (الحمو)، کە بریتییە لـە خزمـە نزیکەکانـی مێرد، ئـەوەی کـە مەحرەمـی خێزانەکەی نییـە و لێـی حەرام نییە، وەکـوو برایەکەی و کـوڕی برایەکەی و مامـی و کـوڕی مامی و هاوشـێوەی ئەمانـە، پێغەمبەر ﷺ- پێـی فەرمـوو: «خزمە نزیکەکانـی مێرد، ئەوە مردنـە»، پێغەمبەر ﷺ- چوونـەلای خزمە نزیکەکانی پیاو بۆ لای هاوسـەرەکەی، لەکاتێکـدا حـەرام نییـن لـە ئافرەتەکـە، ناوبـرد بە نـاوی مردن، گومانیشـی تێـدا نییـە کـە ئـەو دەسـتەواژەیە کاریگەرترینـی دەسـتەواژەکانی ئاگەدارکردنەوەیـە؛ چونکـە مـردن، بریتییـە لە مەترسـیدارترین ڕووداو کـە بەسـەر مرۆڤـدا دێـت لـە دونیادا، هەروەکـوو شـاعیر دەڵێت:

والموت أعظم حادث ... ممّا یمرُّ علی الجبلّة

مردن گەورەترین ڕووداوە

لەوەی کە بەسەر دروستکراوەکاندا دێت

(الجبلّة) واتا: دروستکراو، هەر لەو بابەتەوەیە ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱلَّذِي خَلَقَكُمْ وَٱلْجِبِلَّةَ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ [الشعراء: ١٨٤]، واتە: بترسن لەو زاتەی کە ئێوە و خەڵکان و دروستکراوەکانی پێشووتریشی دروست کردووە. کەواتە هۆشداریدانی پێغەمبەر ﷺ- بەو هۆشداریيە تونده، لە چوونی پیاوان بۆ لای ئافرەتان، هەروەها دەربڕینی لە چوونی خزمە نزیکەکان بۆ لای خێزانی نزیکی، بە ناوی مردن، بەڵگەیەکی ڕاست و دروستە لەسەر لەسەر ئەوەی کە فەرمایشتی خوای گەورە: {لە پشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن}، گشتییە بۆ هەموو ئافرەتان، هەروەکوو دەیبینی؛ چونکە ئەگەر حوکمەکەی تایبەت بووایە بە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ-، ئەوا پیاوانی ئاگەدار نەدەکردەوە بەو ئاگەدارکردنەوە تونـد و گشتییە لە چوونە لای ئافرەتان، ڕووکەشی فەرموودەکەش هۆشداریيە لە چوونە لایان، ئەگەرچی بەتەنها مانەوەش لەنێوانیاندا ڕوو نەدات، هەر ئاواشە؛ چونکە چوونەلایان و بەتەنها مانەوە لەگەڵیان، هەردووکیان حەرامکراون بە سەربەخۆی و بە تەنهایی، بە حەرامکردنێکی تونديش، هەروەکوو پێشتر باسمانکرد کە پێشەوا موسلیم -ڕەحمەتی خوای لێبێت- ئەو فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە لە (باسی حەرامکردنی بەتەنهابوون لەگەڵ

ئافرەتی بێگانە و چوونە لای)، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەردووکیان حەرامن»[1].

هەروەها شێخ بەکر ئەبوو زەید دەفەرموێ: «ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فەرزبوونی حیجاب؛ لەبەر ئەوەی پێغەمبەر -ﷺ- هۆشداری داوە لە چوونە لای ئافرەتان، هەروەها پێغەمبەر -ﷺ- خزمی نزیکی مێردی بە مردن چووانـد، ئەو دەستەواژەیەش زۆر تونـدە لە ئاگەدارکردنەوە، جا ئەگەر پیاوان ڕێگرییان لێ کرابێت لە چوونە لای ئافرەتان، هەروەها ڕێگرییان لێ کرابێت لە مانەوە لەگەڵیان بە تەنهایی بەڕێگەی لەپێشتر، هەروەکوو ئەمە بە فەرموودەی دیکە جێگیر بووە، ئەوە داواکردنی کەلوپەل لێیان، تەنها لەپشتی پەردەوە دەبێت، هەر کەسێک بچێتە لایان، ئەوا حیجابی خستۆتە ئەولاوە، ئەمەش فەرمانێکی گشتییە دەرحەق بەهەموو ئافرەتان، کەوابوو وەکوو ئەو فەرمایشتەی خوای لێ هات: {لە پشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن}، گشتییە بۆ هەموو ئافرەتان»[2].

*****

[١] «أضواء البيان» (٦/٢٤٩).

[٢] «حراسة الفضيلة» (٧٤-٧٥).

بەڵگەی دەیەم: فەرموودەکەی دایکی عەتییەیە -ڕەزای خوای لێبێت-

لە (أُمّ عَطِيَّة) هاتووە کە فەرموویەتی: «أَمَرَنَا رَسُولُ الله -ﷺ- أَنْ نُخْرِجَهُنَّ فِي الْفِطْرِ وَالْأَضْحَى -الْعَوَاتِقَ وَالْحُيَّضَ وَذَوَاتِ الْخُدُورِ-، فَأَمَّا الْحُيَّضُ فَيَعْتَزِلْنَ الصَّلَاةَ وَيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُسْلِمِينَ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ الله إِحْدَانَا لَا يَكُونُ لَهَا جِلْبَابٌ، قَالَ: «لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا»[1].

واتە: پێغەمبەری خوا -ﷺ- فەرمانی پێ کردین کەوا بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربانداتا ئەو کچە گەنجانەی تازە باڵغ دەبن و ئەو ئافرەتانەشی لە سووڕی مانگانەن و ئەوانەش کەوا لە ماڵەکانیان، بیانهێنینە دەرەوە، جا هەرچی ئافرەتە حەیزدارەکانن، ئەوانە دوورەدەکەونەوە لە نوێژ و نوێژەکە ناکەن، بەڵام ئامادەی چاکە و پاڕانەوە و بانگەوازی موسڵمانان دەبن، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ-، یەکێک لە ئێمە چی بکات ئەگەر عەبای نەبێت، فەرمووی: «با خوشکەکەی لە عەباکەی خۆی بیپۆشێت و پێی بدات».

زانای گەورە (ابن رجب الحنبلي- ٧٩٥هـ) فەرموویەتی: «بێگومان ئافرەتان پێشی دابەزینی ئایەتی حیجاب، بەبێ عەبا دەردەکەوتن و دەموچاو و دەستی ئافرەتیش دەبینرا،

[1] «صحيح البخاري» (٣٢٤) و«مسلم» (٨٩٠).

ئەمەش ئەو جوانییە بوو کە لە ئافرەت بەدەردەکەوت و کەوا لەو فەرمایشتەی باسکراوە: {با جوانی خۆیان دەرنەخەن، تەنها ئەوەی کە بەدەرەوەیە و خۆی دەردەکەوێت}، پاشان فەرمانی پێ کرا بە داپۆشینی دەموچاو و دەستەکانی، هەر بۆیە خوای گەورە فەرمووی: {ئەوە نزیکترە کە بە داوێنپاک بناسرێن، تا بەهۆیەوە ئازار نەدرێن}، واتا: تاوەکوو ئافرەتی ئازاد بناسرێتەوە و فاسیقەکان ڕێگەی پێ نەگرن و ئازاری نەدەن، بۆیە وای لێهات ئافرەتی ئازاد دەرنەدەچوو بۆ ناو خەڵکی، تەنها بە عەباوە نەبێت، هەر بۆیەش پێغەمبەر -ﷺ- کاتێک فەرمانی بە ئافرەتان کرد کەوا دەربچن بۆ نوێژی دوو جەژنەکە، پرسیاری لێ کرا و پێی گوترا: ئافرەتێک لە ئێمە ئەگەر عەبای نەبوو، چی بکات؟ ئەویش فەرمووی: «لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا». واتا: عەبایەکی پێ دەدات و پێیەوە دەردەچێت»[1].

هەروەها شێخ ئیبن عوسەیمین فەرموویەتی: «ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا خو و نەریتی ئافرەتانی هاوەڵان وابووە کە لە ماڵ دەرنەچوونە، ئیللا بە عەباوە نەبێت، هەروەها لەکاتی نەبوونیدا، نەدەکرا کە دەربچن. بۆیە ئەوانیش باسی ئەو ڕێگرەیان کرد بۆ پێغەمبەری خوا -ﷺ-، ئەمەش کاتێک کە فەرمانی پێ

[1] «فتح الباري»، لابن رجب (١٣٨/٢).

کردن دەربچن بۆ شوێنی نوێژی جەژن، پێغەمبەریش -ﷺ- چارەسەری ئەو کێشەیەی بۆ ڕوون کردنەوە، بەوەی با خوشکەکەی لە عەباکەی خۆی پێی بدات، مۆڵەتی پێ نەدان کەوا بەبێ عەبا دەربچن، لەگەڵ ئەوەی کە دەرچوون بۆ شوێنی نوێژکردنی جەژن شەرعییە و فەرمانپێکراوە بۆ پیاوان و ئافرەتانیش، جا ئەگەر پیغەمبەری خوا -ﷺ-، مۆڵەتیان پێ نەدان بە دەرچوون بەبێ عەبا لە شتێکدا کە فەرمانپێکراوە، ئەدی چۆن مۆڵەتیان پێ دەدات لە وازهێنان لە پۆشینی عەبا بۆ دەرچوونیش بۆ شتێکی فەرمانپێنەکراو و ناپێویست؟! بەڵکوو بۆ کاری گەڕان و سوڕان لە بازاڕەکان و تێکەڵاوبوون لەگەڵ پیاوان و گەڕانێک کە هیچ سوودێکی نییە، هەروەها فەرمانکردن بە پۆشینی عەبا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر دەبێت ئافرەتان خۆیان دابپۆشن. خواش زاناترە»[1].

*****

[١] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٨).

سێیەم: بەڵگەکانی قیاس

بەڵگەی یەکەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَـٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَـٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [النور: ٣١].

واتە: ئەی موحەممەد -ﷺ-، بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ: با چاوی خۆیان بپۆشن لە تێڕوانینی پیاوانی نامەحرەم و با دامێنی خۆشیان بپارێزن لە زینا و لەوەی کە کەس نەیبینێت، هەروەها با جوانی خۆیان، یان بازن و گوارە و ملوانکە و خرخاڵ و خشڵی خۆیان دەرنەخەن، تەنها ئەوە نەبێ کە خۆی دەرکەوتووە و دیارە.

بەڵگایەتی ئەو ئایەتە ئەوەیە کە خوای گەورە فەرمان بە ئافرەتە باوەڕدارەکان دەکات بە پاراستنی دامێنیان، فەرمانکردنیش بە پاراستنی دامێن، فەرمانکردنە بە خۆداپۆشین، ڕەنگە هۆکارێکیش بێت بۆ پاراستنی دامێن، هیچ ژیرێکیش گومانی لەوەدا نییە کە یەکێک لە هۆکارەکانی پاراستنی دامێن، داپۆشینی دەموچاوە؛ چونکە دەرخستنی دەموچاو هۆکارێکە بۆ سەیرکردنی و بیرکردنەوە لە جوانییەکانی و چێژ لێبینینی، دوای ئەوەش بەرەو گەیشتن پێی و پەیوەندی، لە فەرموودەشدا هاتووە لە ئەبوو

هوڕەیـرەوە لە پێغەمبـەرەوە -ﷺ- کە فەرموویەتـی: «كُتِبَ عَلَى ابْـنِ آدَمَ نَصِيبُـهُ مِـنْ الزِّنَا، مُـدْرِكٌ ذَلِـكَ لَا مَحَالَةَ، فَالْعَيْنَـانِ زِنَاهُمَا النَّظَـرُ، وَالْأُذُنَـانِ زِنَاهُـمَا الِاسْـتِمَاعُ، وَاللِّسَـانُ زِنَـاهُ الْـكَلَامُ، وَالْيَدُ زِنَاهَـا الْبَطْـشُ، وَالرِّجْـلُ زِنَاهَـا الْخُطَـا، وَالْقَلْـبُ يَهْـوَى وَيَتَمَنَّـى، وَيُصَـدِّقُ ذَلِـكَ الْفَـرْجُ وَيُكَذِّبُـهُ»[1].

واتـە: نەوەی ئادەم بەشـی خۆی لە زینا لەسـەری نووسراوە، تووشـی دەبێـت هیـچ چـاری نییـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە زینای چـاوەکان سـەیرکردنە، زینـای گوێیـەکان گوێگرتنـە، زینـای زمـان قسـەکردنە، زینـای دەسـت دەسـت لێدانـە، زینـای پێـش هەنگاونانـە، دڵیـش پێـی خۆشـە و ئاواتەخـوازە، دامێنیش ئەو شـتە بەڕاسـت دەخاتـەوە یـان بـەدرۆی دەخاتەوە.

مادام داپۆشـینی ڕووخسـار، یەکێـک بێت لـە هۆکارەکانی پاراسـتنی دامێن، کەواتـە فەرمان پێکـراوە؛ چونکە هۆکارەکان حوکمی مەبەسـتەکانیان هەیە(الوسـائل لها أحكام المقاصد).[2].

*****

[1] «صحيح مسلم» (٢٦٥٧).

[2] «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٣).

بەڵگەی دووەم: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿وَلَا يَضۡرِبۡنَ بِأَرۡجُلِهِنَّ لِيُعۡلَمَ مَا يُخۡفِينَ مِن زِينَتِهِنَّۚ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ [النور: ٣١].

واتە: ئافرەتان بە پێیان نەدەن بە زەویدا و ئەوەی کە شاردوویانەتەوە لە دەنگی خرخاڵەکەیان، یان دەنگی پێڵاوەکەیان بە دەرنەکەوێت و سەرەنجی پیاو ڕانەکێشن، ئێوە هەر هەمووتان ئەی باوەڕداران، تەوبە بکەن و بۆ لای خوای گەورە بگەڕێنەوە بەڵکوو سەرکەوتوو و سەرفراز بن.

واتا: با ئافرەت بە پێیەکانی لە زەویدا نەدات، بەو هۆیەوە بزانرێت کە چی شاردۆتەوە لە پاوانە و خرخاڵ و هاوشێوەکانی، ئەوەی کە قاچی پێ دەڕازێندرێتەوە، جا ئەگەر ئافرەت ڕێگری لێ کرابێت لەوەی پێیەکانی لە زەوی بدات، لەترسی ئەوەی پیاوان تووشی فیتنە ببن، بەوەی کە دەیبیستن لە دەنگی خرخاڵ و هاوشێوەکانی، ئەی دەبێت دەرخستنی دەموچاو چۆن بێت؟ کامەیان فیتنەکەی گەورەترە، پیاو گوێی لە دەنگی خرخاڵ بێت لە قاچی ئافرەت، کە نازانێت چییە و جوانییەکەی چۆنە؟ نازانێت گەنجە یان پیرەژنە؟ نازانێت ڕووی ناشیرینە، یاخود ڕووخساری جوانە؟ کامەیان فیتنەکەی گەورەترە؟ ئەمە گەورەترە یان سەیرکردنی

دەموچاوێکی دیار و جوان و گەنج و دڕەوشاوە و جوانکراو بەشێوەیەک ڕاکێشەری فیتنە بێت و بانگەواز بکات بۆ سەیرکردنی؟ هەموو مرۆڤێک کە پێویستی و ئارەزووی بۆ ئافرەت هەبێت، باش دەزانێت کامە فیتنە لەو دووانە گەورەترن و شایستەترن بە شاردنەوە و داپۆشین؟[1]

*****

[١] انظر: «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (٥).

بەڵگەی سێیەم: لە ئیبن عومەرەوە هاتووە دەڵێت:

پێغەمبەر -ﷺ- فەرموویەتی:

«مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلَاءَ، لَمْ يَنْظُرِ اللهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ». فَقَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ: فَكَيْفَ يَصْنَعْنَ النِّسَاءُ بِذُيُولِهِنَّ؟ قَالَ: «يُرْخِينَ شِبْرًا»، فَقَالَتْ: إِذًا تَنْكَشِفُ أَقْدَامُهُنَّ، قَالَ: «فَيُرْخِينَهُ ذِرَاعًا لَا يَزِدْنَ عَلَيْهِ»[1].

واتە: هەر کەسێک پۆشاک و شەڕواڵەکەی درێژ بکات بەمەبەستی فیز و خۆبەگەورەزانین، ئەوا خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا سەیری ناکات، دایکی سەلەمەش گوتی: ئەی باشە ئافرەتان چی لە داوێنی کراس و پۆشاکیان بکەن؟ فەرمووی: «با بستێک درێژی بکەنەوە»، گوتی: کەواتە پێیەکانیان بەدیار دەکەوێت، فەرمووی: «با باڵێک شۆڕی بکەنەوە و لەوە زیاتر شۆڕی نەکەنەوە».

کەواتە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر واجبیەتی داپۆشینی پێی ئافرەت، کە ئەمەش شتێکی زانراو بووە لەلای ئافرەتانی هاوەڵان، ئێ بەبێ گومان (پێ) فیتنەی کەمترە لە (دەموچاو) و (دوو دەستەکان)، کەوابوو ئەمە ئاگەدارکردنەوە بە نزمتر، ئاگەدارکردنەوەیە بە شتێک کە لە سەرووی ئەوە

[1] أخرجه الترمذي (١٧٣١) وقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ. وأخرجه النسائي (٥٣٣٦) وصححه الألباني في «صحيح النسائي» (٥٣٥١).

و لەپێشترە لەو بە حوکمەکە، حیکمەت و دانایی شەرعیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە داپۆشینی شتێک فیتنەی کەمترە واجب بێت، بەڵام مۆڵەت بدات بە دەرخستنی شتێک کە فیتنەکەی لەو گەورەترە؛ چونکە ئەمە شتێکی دژبەیەکی نەگونجاوە لەسەر حیکمەت و شەرعی خوای گەورە.

هەروەها یەکێکی دیکە لە بەڵگەکانی قیاس: دانپێدانانی بەرژەوەندییەکان و هۆکارەکانی و هاندانە لەسەری، هەروەها نکوولێکردنی خەراپەکان و هۆکارەکانی و ڕێگریکردنە لێی، بۆیە هەر شتێک (سوود و بەرژەوەندییەکەی) پاک و تەواو بێت، یان بەرژەوەندییەکەی زاڵ بێت بەسەر (خەراپە و زیانی)، ئەوە فەرمان پێکراوە بە فەرمانی واجب بوون یان فەرمانی سوننەتبوون.

هەر شتێکیش خەراپە و زیانەکەی تەواو بێت، یان زاڵ بێت بەسەر بەرژەوەندییەکەی، ئەوە قەدەغەکراوە بە قەدەغەکردنی حەرامکردن یان قەدەغەکردنی مەکرووە.

ئینجا ئەگەر ئێمە بیر لە نیشاندانی ڕووخسار و دەرخستنی دەموچاو بکەینەوە بۆ پیاوە بێگانەکان، دەبینین خەراپە و زیانێکی زۆر لەخۆی دەگرێت، خۆ ئەگەر واش دابندرێت کە بەرژەوەندییەکی تێدا بێت، ئەوە کەمە و نوقم بووە لەچاو خەراپە و زیانەکانی.

هێندێک لە خەراپە و زیانەکانی دەرخستنی دەموچاو:

یەکەم: تووشبوون بە فیتنە: چونکە ئافرەت خۆی تووشی فیتنە دەکات بە جوانکردنی دەموچاوی و ڕازاندنەوەیی و دەرخستنی بە شێوازێکی دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش، ئەمەش گەورەترین هۆکاری خەراپە و بەدڕەوشتییە.

دووەم: نەمانی شەرم و حەیا لە ئافرەت: کە بەشێکە لە ئیمان و لە داخوازییەکانی فیترەتی ئافرەتیشە. چونکە ئافرەت نموونەی هەرە بەرزە لە شەرم و حەیا، هەروەکوو دەگوترێت: (بە شەرمترە لە کچێکی شوونەکردوو لە ماڵەکەی خۆیدا)، نەمانی شەرمیش لە ئافرەت، کەمبوونی ئیمانیەتی، هەروەها دەرچوونیشە لەو فیترەتەی کە لەسەری دروستکراوە.

سێیەم: شەیدابوون و فریوخواردنی پیاوان پێیان: بەتایبەتی ئەگەر هاتوو جوان بوو، هەروەها ئەگەر نەرمی نووانـدن و پێکەنین گاڵتەکردنی لێ هاتەجێ، بێگومان گوتراویشە: (تێڕوانینێک، دوایی سڵاوێک، دوای قسەیەک، دوایی ژوانێک، ئینجا بەیەکتر گەیشتن)، شەیتانیش لە نەوەی ئادەمدا بە دەمارەکانی خوێنیدا دەڕوات، چەند قسە و پێکەنین و دڵخۆشییەک، بووە هۆی پەیوەستبوونی دڵی پیاو بە ئافرەت و پەیوەستبوونی دڵی ئافرەتیش بە پیاوەوە، بەهۆی ئەمەشەوە خەراپەی وا هاتۆتە کایەوە کە ناتوانرێت

لابدرێت و دوور بخرێتەوە، داوای سەلامەتی و پارێزراوی لە خوا دەکەین.

چوارەم: تێکەڵاوی ئافرەتان لەگەڵ پیاوانەوە: چونکە ئافرەت ئەگەر خۆی بینی یەکسانە بە پیاو لە دەرخستنی دەموچاو و گەڕان بە ڕووخسار دەرخراوەییەوە، شەرم و ئابڕووی نامێنێت لە کێبەرکێکردندا، ئەمەش فیتنەیەکی گەورە و خەراپەکارییەکی بەربڵاوی تێدایە.[1]

*****

[1] انظر: «رسالة الحجاب»، لابن عثيمين (١٣).

گومانی چوارەم

(زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەن کە نیقاب زیادەیەکە لەلایەن ئافرەتەوە)

دەڵێم:

بە دڵنیایی زانایان لە هەرچوار مەزهەبەکە، یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە داپۆشینی دەموچاوی ئافرەتی ئازاد، شەریعەتێکی خواییە لە زاتی خۆیدا؛ بەڵام جیاوازییەکەیان لەو کەسەدایە کە وازی لێ دەهێنێت، لەکاتی جگە لە فیتنەدا، ئایا وازی لە فەرزێک هێناوە کە پێی تاوانبار دەبێت، یان وازی لە سوننەتێک و کارێکی چاک هێناوە.[1]

هەروەکوو چۆن زۆرێک لە زانایان، بە ڕوون و ڕاشکاوی باسی ئەوەیان کردووە کە ئافرەت هەرهەمووی عەورەتە، بە ڕووخسار و دوو دەستەکانیشییەوە، پێشتریش هێندێک لە وتەکانیانمان گواستەوە.

---

[١] ينظر: «الحجاب في الشرع والفطرة»؛ للطريفي (٧٨).

[لێرەدا] هێندێکی دیکەشی دەخەمە پاڵ:

لە (أبو بكر بن عبد الرحمن بن الحارث بن هشام)ـەوە هاتووە کە فەرموویەتی: «هەموو شتێکی ئافرەت عەورەتە، هەتا نینۆکەکانیشی»[1].

هەروەها ئەبوو تاڵب لە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە ئەو وتەیە دەگوازێتەوە: «نینۆکی ئافرەت عەورەتە، بۆیە ئەگەر لە ماڵ دەرچوو، با هیچ شتێکی دەرنەکەوێت، هەتا گۆرەوییەکەشی؛ چونکە گۆرەوی وەسفی پێیەکان دەکات و قەبارەی پێ نیشان دەدات، پێشم خۆشە کە ئافرەت قۆپچە بۆ سەرەقۆڵەکەی دابنێت لەلای دەستییەوە؛ تاوەکوو هیچ شتێکی دەرنەکەوێت»[2].

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییەش لە پێشەوا ئەحمەدەوە دەگوازێتەوە کە فەرموویەتی: «هەموو شتێکی ئافرەت عەورەتە، هەتا نینۆکەکەشی. هەروەها شێخی ئیسلام فەرموویەتی: «ئەمە قسەی پێشەوا مالیکیشە»[3].

پێشەوا (ابن قدامة المقدسي) دەفەرموێ: «هیچی تێدا نییە و ڕێپێدراوە بۆ ئافرەت کە بە نیقابەوە تەواف بکات، ئەگەر لە ئیحرامدا نەبێت، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت-

[1] أخرجه ابن أبي شيبة في «المصنف» (١٨٠٠٨) وإسناده صحيح.
[2] «الفروع»، لابن مفلح (١٨٦/٨).
[3] «حجاب المرأة ولباسها في الصلاة» (١٥).

ئەمەی کردووە، عەتاء [سەرەتا] ئەو کارەی پێ ناپەسەند بوو، پاشان لێی پەشیمان بوویەوە»[1].

هەروەها (الرُّعيني المالكي- ٩٤٥هـ) دەفەرموێت: «نابێت ئافرەتان ڕێگرییان لێ بکرێت لە چوونەدەر و ڕۆیشتن بۆ پێداویستییەکانیان، ئەگەرچی لە عیدەدە(ماوەی چاوەڕوانی) ش دابن، یان ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت، بەڵام ڕێگرییان لێ دەکرێت لە خۆدەرخستن و ڕووخسار دەرخستن و بۆن لەخۆدان بۆ دەرچوون و خۆجوانکردن، بەڵکوو دەبێت نیقابەوە دەربچن، ئینجا ناشبێت لە ڕۆیشتن لە ڕێگەکاندا جووڵە جووڵ و ئەملاو ئەولا بکەن و لە ناوەڕاستی ڕێگادا بڕۆن، بەڵکوو دەبێت خۆیان بە دیوازەوە بلکێنن و لەتەنیشت دیوارەوە بڕۆن»[2].

هەروەها شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەفەرموێ: «دەرخستنی دەموچاو لەلایەن ئافرەتانەوە، بەشێوەیەک پیاوە بێگانەکان بیانبینن، دروست نییە»[3].

پێشەوا ئیبن قەییم فەرموویەتی: «شەرعدانەر لەسەر ئافرەتە ئازادەکانی فەرز کردووە کەوا دەموچاویان دابپۆشن لە ئاست پیاوە بێگانەکان، بەڵام کەنیزەکەکان ئەوەیان

[1] «الشرح الكبير»، لابن قدامة (٣٢٤/٣).
[2] «مواهب الجليل لشرح مختصر الخليل» (٢٢/٥).
[3] «الآداب الشرعية»، لابن مفلح (٢٩٧/١).

لەسەر واجب نەکراوە، بەڵام ئەمە بۆ ئەو کەنیزەکانەیە کە بەکاردەهێنرێن و ئیشیان پێ دەکرێت و ماندوو و شڕوشەپڕێون [کە کەس ئارەزوو ناچێتە سەریان]، بەڵام ئەو کەنیزەکەی کە بەڕێزە و گەورەی هەیە و دەچێتە لای، ئەوانە عادەت وابووە کە پارێزراو بوونە و ڕووی خۆیان داپۆشیوە، لەکوێ خوا و پێغەمبەرەکەی ڕێگەی پێداون کەوا ڕووخساری خۆیان دەربخەن لە بازاڕەکان و ڕێگەکان و شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی، هەروەها لەکوێش ڕێگەی بە پیاوان داوە بە چێژبینین بە سەیرکردنیان؟ ئەوە هەڵەیەکی ڕوونە بەسەر شەریعەتەوە دەکرێت. ئەوەی کە ئەو هەڵەیەی دووپاتکردەوە، ئەوەبوو هێندێک لە شەرعزانەکان گوێیان لەو قسەیەیان بوو: ئافرەتی ئازاد هەرهەمووی عەورەتە، تەنها دەموچاو و دەستی نەبێت، عەورەتی کەنیزەکیش ئەوەی کە بەزۆری وایە دەرناکەوێت، وەکوو سک و پشت و لاق، بۆیە وای گومان برد کە ئەوەی بەزۆری وایە بەدەردەکەوێت، حوکمەکەی وەکوو حوکمی دەموچاوی پیاو وایە. ئەمە تەنها لەناو نوێژدایە، نەوەک لە سەیرکردندا؛ چونکە دوو جۆر عەورەت هەیە: عەورەتێک بۆ سەیرکردن، عەورەتێکیش لەناو نوێژدا، ئافرەتی ئازاد بۆی دروستە کە نوێژ بکات، لەکاتێکدا دەموچاو و دەستەکانی بەدەرەوە بن و

دیاربـن، بـەڵام بۆی نییـە کە دەربچیـت بۆ بازاڕەکان و شـوێنی کۆبوونـەوەی خەڵکـی، خـواش زاناتـرە»[1].

هەروەهـا (الخطيـب الشربينـي- ٩٧٧هـ) دەفەرموێـت: «ناپەسـەندە نوێـژ بـکات بـە پۆشـاکێک کـە وێنەی تێـدا بێت، هەروەهـا ناپەسـەندە پیاو نوێژ بکات بـە دەمامکەوە، ئافرەتیش بـە پێچـەوە، ئیـلا ئەگـەر لـەو شـوێنەی نوێـژی تێـدا دەکات پیـاوی بێگانـەی لێبێت و خۆیـان نەپارێزن لە سـەیرکردنی، ئەو کاتـی دروسـت نییـە بۆی کـە نیقابەکـەی لابـبـات»[2].

هەروەهـا (العظيم آبادي) لەسـەر فەرمـوودەی فەرمانکردنی پێغەمبـەر ﷺ- بـە خێزانەکانـی بە خۆداپۆشـین و ڕووگرتنەوە لـە (ابـن أم مكتوم) دەفەرمـووێ: «فەرمانکردن بە خۆداپۆشـین و ڕووگرتنـەوە لـە (ابـن أمّ مكتـوم)؛ ڕەنگە لەبەر ئـەوە بێت کە نابینـا، جێگـەی ئەوەیـە کە شـتێک لـە لاشـەی بەدەربکەوێت و هەستیشـی پـێ نـەکات، بۆیـە ئەمـە وا ناخوازێـت کـە سـەیرکردنی پیـاوان بـە ڕەهایـی دروسـت بێـت، فەرمـووی ئـەوەی کـە پشـتگیری دروسـتیەتی دەکات، بەردەوامـی کارە لەسـەر دروسـتێتی دەرچوونـی ئافرەتـان بـۆ مزگـەوت و بازاڕ و گەشـتەکان بـە ڕووپۆشـییەوە؛ تاوەکـوو پیـاوان نەیانبینـن، بـەڵام هەرگیـز پیـاوان فەرمانیان پێ نەکـراوە بە ڕووداپۆشـین

[1] «إعلام الموقعين» (٢ / ٨٠).
[2] «الإقناع في حل ألفاظ أبي شجاع» (١ / ١١٣)

نەوەکوو ئافرەتان بیانبینن، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر جیاوازی حوکمدان لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵە، غەزالیش ئەمەی کردۆتە بەڵگە»[1].

شێخ ئیبن بازیش دەفەرموێ: «حەرامە لەسەر ئافرەت کەوا ڕووخساری خۆی دەربخات بۆ جگە لە مەحرەمەکانی، بەڵکوو واجبە لەسەری کە دایبپۆشێت»[2].

هەروەها زانایانی لێژنەی دائیمەش فەرموویانە: «ئەگەر ئافرەت فەرمانی پێکرابێت بە هێنانە خوارەوەی سەرپۆشەکەی لەسەر سەریەوە بۆ سەر سینگی؛ تاوەکوو سینگی دابپۆشێت، ئەوە بە «دلالة التضمن» فەرمانی پێ کراوە کە نێوانی سەر و سینگیشی دابپۆشێت، کە بریتییە لە دەموچاو و گەردەنی»[3].

دووبارە زانایانی لێژنەی دائیمە دەفەرموون: «داپۆشینی ئافرەت بۆ ڕووخسار و دەستەکانی لە پیاوانی بێگانە، واجبە، هەروەها حەرامیشە لەسەری دەریان بخات بۆ جگە لە مەحرەمەکانی»[4].

---

[١] «عون المعبود شرح سنن أبي داود» (١١/١٧١).
[٢] «مجموع فتاوى الإمام عبد العزيز ابن باز» (٤/ ٢٥٦).
[٣] «فتاوى اللجنة الدائمة» (١٧/ ١٤٢).
[٤] «فتاوى اللجنة الدائمة» (١٧/ ١٦٠).

هەروەها شێخی دکتۆر (صالح الفوزان) دەفەرموێ: «ئەو بۆچوونەی کە ڕاست و دروستە و بەڵگەکان بەڵگەنە لەسەری، ئەوەیە کە ڕووخساری ئافرەت بەشێکە لەو عەورەتەی کە واجبە دابپۆشرێت، بەڵکوو بریتییە لە گرینگترینی شوێنە دڵڕفێن و سەرنجڕاکێشەکان لە لاشەی ئافرەت؛ چونکە چاوەکان زیاتر ڕوو لە دەموچاون؛ لەبەر ئەوەی سەنتەری جوانییە، هەروەها شوێنی ستاییشی شاعیران زۆرینەی دەربارەی جوانییەکانی دەموچاوە؛ بۆیە دەموچاو گەورەترین عەورەتە لە ئافرەت، ئەمە سەرەڕای هاتنی بەڵگە شەرعییەکانیش لەسەر واجبیەتی داپۆشینی دەموچاو»[1].

زانست و زانیاریش لەلای خوای گەورەیە.

*****

[١] «المنتقى من فتاوى الفوزان» (٩/٥٢).

گومانی پێنجەم

(**فەرموودەی:** قُرَيْبَة بِنْت مَنيعَة)

هێندێکیان لەسەر حەرامکردنی نیقاب بەڵگە دێننەوە: بە فەرموودەی (قُرَيْبَة بِنْت مَنيعَة) لە دایکییەوە، (گوایە) هاتۆتە لای پێغەمبەری خوا -ﷺ- و گوتوویەتی: يَا رَسُولَ الله، النَّارَ النَّارَ، فَقَامَ إِلَيْهَا رَسُولُ الله -ﷺ-، فَقَالَ: «مَا نَجْوَاكِ؟» فَأَخْبَرَتْهُ بِأَمْرِهَا وَهِيَ مُنْتَقِبَةٌ، فَقَالَ: «يَا أَمَةَ الله أَسْفِرِي؛ فَإِنَّ الْإِسْفَارَ مِنَ الْإِسْلَامِ، وَإِنَّ النِّقَابَ الْفُجُورُ».

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا، ئاگر ئاگر، پێغەمبەری خواش -ﷺ- هەستاوە و چووە بۆ لای و پێی فەرموو: «ئەوە کێشە و نهێنی تۆ چییە؟» ئەویش هەواڵی پێداوە دەربارەی باردۆخی خۆی کە ڕووداپۆشراو بووە، (گوایە) ئەویش پێی فەرموو: «ئەی ئافرەت، ڕووخسارت دەرخە؛ چونکە دەرخستنی ڕووخسار بەشێکە لە ئیسلام و نیقابکردنیش خەراپەکارییە»!

دەڵێم: ئەو فەرموودەیە ئەبوو نوعەیم لە کتێبی «معرفة الصحابة» و بە ژمارە (٧٨٥٩) هێناویەتی کە دەڵێت: شێخێک بۆی گێڕامەوە کە لە دەرگای دیمەشق پێی گەیشتم، پێی

دەگوترێت (سَعِيدُ بْنُ حُمَيْد)، ئەویش لە (قُرَيْبَة بِنْت مَنِيعَة)، لە دایکییەوە گێڕاویەتییەوە.... تا کۆتایی فەرموودەکە.

دەڵێم: هەرچی (سَعِيد بْن حُمَيْد): ئەوا کەسم نەبینی کە باسی کردبێت، تەنها (الحافظ ابن الدمياطي) نەبێت، کە گوتوویەتی: «کەسێکی شاعیر و نووسەر و نامەنێر و ڕەوانبێژ و لە کار و پیشەکەیدا پێشکەوتوو بوو، بەڵام ئەوەندە هەیە دزیکردن و تاڵانیکردنی زۆر بوو: ئەو ئاوابوو هەروەکوو هێندێکیان گوتوویانە: ئەگەر بە قسەی سەعید بگوترێت: بگەڕیوە بۆ لای کەس و کارت، ئەوەهیچ شتێکی بۆ نەدەمایەوە، تەنها کتێب دانان نەبێت»[1].

هەرچی (قُرَيْبَة بِنْت مَنِيعَة)شە: ئەوە هیچ ژیاننامەیەکیم نەدۆزییەوە، هەروەکوو لەناو مامۆستاکانی (سعید بن حمید)یشم نەدۆزییەوە، هەروەها جگە لەو ڕیوایەتەش هیچ گێڕانەوەیەکی دیکەشم لێی نەبینی، کەواتە نزیکتر ئەوەیە کە کەسێکی نەناسراوە. خواش زاناترە.

هەرچی دایکی قەریبەشە، ئەوە: مەندووسی کچی عەمرە، حافزی ئیبن حەجەر لە کتێبی (الإصابة- ١١٧٧٦) باسی کردووە و گوتوویەتی: «مندوس بنت عمرو بن خنيس بن لوذان بن عبد ود الأنصارية) خوشکی (المنذر بن عمرو وأم سلمة بن مخلد)ـە، لە (المبايعات) باسکراوە، هەروەها

[١] «المستفاد من ذيل تاريخ بغداد»، لابن الدمياطي (٩٠/١).

(ابـن الأثـیر) باسـی ئـەوەی کـردووە کـە قەریبـەی کچـی لێی گێڕاوەتـەوە گوایە هاتۆتـە لای پێغەمبـەر ﷺ- و گوتوویەتی: ... تـا کۆتایـی فەرموودەکـە.

دەرئەنجـام: ئـەو فەرموودەیـە سـەحیح نییـە؛ چونکـە سـەنەدەکەی تاریکـە و ڕوون نییـە [واتـە: زۆر زەعیفـە، یـان هەڵبەسـتراوە]، گێڕەرەوە(راوي)یەکانیشـی نەنـاسراون.

خـۆ ئەگـەر واشـی دابنێیـن کـە سـەنەدەکەی سـەحیح بێت [کـە وا نییـە]، ئـەوە لـەلای ئێمـە دەمێنتـەوە سـەر ئـەوەی کە مەتنەکـەی مونکەرە؛ لەبـەر پێچەوانەبوونی بۆ ئـەو فەرموودە سـەحیحانەی کـەوا بەڵگەنـە لەسـەر شـەرعییەتی داپۆشـینی ڕووخسـای ئافرەت.

*****

گومانی شەشەم

(فەرموودەی ئافرەتە ڕەشەکە)

هێندێکیان بەڵگە دێننەوە لەسەر ئەوەی کەوا ئەسڵ دەرخستنی دەموچاوە: بە فەرموودەی عەبباس کە بە (عطاء) ـی گوتووە: «أَلَا أُرِيكَ امْرَأَةً مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ؟ قُلْتُ: بَلَى. قَالَ: هَذِهِ الْمَرْأَةُ السَّوْدَاءُ أَتَتِ النَّبِيَّ -ﷺ- فَقَالَتْ: إِنِّي أُصْرَعُ وَإِنِّي أَتَكَشَّفُ فَادْعُ اللهَ لِي. قَالَ: «إِنْ شِئْتِ صَبَرْتِ وَلَكِ الْجَنَّةُ، وَإِنْ شِئْتِ دَعَوْتُ اللهَ أَنْ يُعَافِيَكِ؟» فَقَالَتْ: أَصْبِرُ، فَقَالَتْ: إِنِّي أَتَكَشَّفُ، فَادْعُ اللهَ لِي أَنْ لَا أَتَكَشَّفَ، فَدَعَا لَهَا»[1].

واتە: ئایا ئافرەتێکی بەهەشتیت نیشان نەدەم؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: ئەو ئافرەتە ڕەشەیە، هاتە لای پێغەمبەر -ﷺ- و گوتی: من تووشی سەرع[2] دەبم و لاشەم بەدیار دەکەوێت، بۆیە دوعام بۆ بکە. فەرمووی: «ئەگەر دەتەوێت ئارامبگرە و بەهەشتت بۆ هەیە، ئەگەریش دەتەوێت بۆت دەپارێمەوە لە خوای گەورە کەوا شیفات بۆ بنێرێت؟» ئەویش گوتی: ئارام

---

[1] «صحيح البخاري» (٥٦٥٢) و«مسلم» (٢٥٧٦).

[2] واتە: فێ، پەڕکەم، گەشکە، نەخۆشییەکە کتوپڕ تووشی هێندێک کەس دەبێت و کەف لە دەمی دێتە دەرەوە و بێهۆش دەکەوێت.

دەگرم، ئینجا گوتی: بەڵام کە وام لێ دێت لاشەم دەردەکەوێت؛ بۆیە بۆم بپارێوە لە خوا کەوا لاشەم دەرنەکەوێت، ئەویش دوعای بۆ کرد.

یەکێکیان گوتی[1]: «ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کەوا ئافرەتان بەگشتی لەسەردەمی بەرزی پێغەمبەرایەتیدا، هەروەها دوای ئەویش لە سەردەمی هاوەڵە چاکەکاندا، ڕووخساری خۆیان بە هیچ شتێک دانەپۆشیوە بە ڕەهایی، هەر لەسەر ئەمەش بوونە و کاریان لەسەر کردووە لەو سەردەمانە، کە باشترین سەردەم بوونە بەبێ کەمترین جیاکردنەوە» قسەکەی کۆتایی هات.

وەڵامدانەوەی ئەو گومانە لە چەند ڕوویێکەوە دەبێت:

یەکەم: بە هیچ شێوەیەک لەو فەرموودەیە نەهاتووە کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی پێغەمبەر -ﷺ- ئافرەتەکەی بینیبێت بە ڕووخسار بەدەرەوەیی و دانیشی بە دەموچاو دیاریبەکەی نابێت.

دووەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر سووربوونی زۆری لەسەر خۆداپۆشین، هەتا لە بارودۆخی بوونی بیانوو و لاچوونی تاوانیش.

[1] کە بریتییە لە خاوەنی پەرتووکی: «تذكير الأصحاب بتحريم النقاب».

سێیەم: ئافرەتەکە بە پێغەمبەری -ﷺ- گوت: (من لاشەم دەردەکەوێت)، گومانیش لەوەدا نییە کە دەرکەوتنی هەر بەشێک لە لاشەی ئافرەتەکە، لەکاتی سەرِعدا بەسە بۆ ئەوەی وەسف بکرێت بە ڕەش، بەشێوەیەک لەدوای ئەوەدا بەناوبانگ بێت بەو وەسفە و ئاماژەی بۆ پێ بکرێت.

چوارەم: ئەوپەڕی مەبەستی ئەو بەسەرهاتە، ئەوەیە کە ئەمە ڕووداوێکی دیاریکراوە، ناگاتە ئەوەی کە پێچەوانە و بەرهەڵستی ئەو بەڵگە بەهێزانە بکات کە بەڵگەنە لەسەر گشتێتی واجببونی نیقاب، چجای ئەوەی پێش بخرێت بەسەریاندا؛ بەتایبەتی کە ئەگەر ڕووی تێ دەکات، لەوەی ڕەنگە ئەو ئافرەتە یەکێک بێت لە پیرەژنەکان، یان ڕەنگە کەنیزەک بێت، ئەوانەی کەوا خوای گەورە ڕێگەی پێیان داوە ڕووخساری خۆیان دەربخەن بە مەرجی خۆی، بەڵگەش هەرکاتێک ئەگەر و دەشێ ڕووی تێکرد، ئەوە لە بەڵگە پێهێنانەوە دەکەوێت(الدليل متى تطرقه الاحتمال، سقط به الاستدلال).[1].

زانستیش هەر لەلای خوای گەورەیە.

[١] انظر كتاب: «الرد العلمي على كتاب تذكير الأصحاب بتحريم النقاب» (٢٠٩)، للدكتور/ محمد إسماعيل المقدم -حفظه الله-.

گومانی حەفتەم

(فەرموودەی: ئافرەت لە وێنەی شەیتان دێتە پێشەوە)

هێندێکیان لەسەر دروستێتی دەرخستنی دەموچاو بەڵگە دێننەوە: بە فەرموودەی جابر -ڕەزای خوای لێبێت-، کە پێغەمبەری خوا -ﷺ- [جارێکیان لە پڕێک] چاوی بە ئافرەتێک کەوت، ئەوەبوو چووە لای زەینەبی خێزانی و جیماعی لەگەڵدا کرد، لەکاتێکدا ئەو خەریکی خۆشکردنی پێستەیەک بوو دەستی پێدا دەهێنا، ئەوەبوو پێغەمبەر پێداویستی خۆی جێبەجێ کرد[1]، پاشان دەرچوو بۆلای هاوەڵەکانی و فەرمووی: «إِنَّ المَرْأَةَ تُقْبِلُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ وَتُدْبِرُ فِي صُورَةِ شَيْطَانٍ[2]، فَإِذَا أَبْصَرَ أَحَدُكُمْ امْرَأَةً، فَلْيَأْتِ أَهْلَهُ؛ فَإِنَّ ذَلِكَ يَرُدُّ مَا فِي نَفْسِهِ»[3].

---

[١] پێغەمبەر -ﷺ- بۆیە ئەو کارەی کرد، تاوەکوو بۆ موسڵمانانی ڕوون بکاتەوە و فێریان بکات، کە دەبێت لەو کاتەدا چی بکەن و چۆن خۆیان بپارێزن، هەم بە کردەوە و هەمیش بە وتە. -وەرگێڕ-.

[٢] زانایان دەڵێن: واتاکەی ئاماژەکردنە بۆ هەوا و ئارەزوو و بانگکردن بۆ تووشبوون بە فیتنە پێیەوە؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی خوای گەورە لە دەروونی پیاواندا حەز و ئارەزووی بۆلای ئافرەتان داناوە، هەروەها چێژ بینین لە سەیرکردنیان و ئەوەی کە پەیوەستە پێیانەوە، کەواتە لەو لایەنە وەکوو شەیتان وایە لە بانگەشەکردنی بۆ خەراپە و وەسوەسە دروستکردن و ڕازاندنەوەی خەراپە بۆی.

[٣] «صحيح مسلم» (١٤٠٣).

واتە: بە دڵنیایی ئافرەت لە وێنەی شەیتان دێتە پێشەوە [واتە: کە ڕووت تێ دەکات بانگت دەکات بۆ سەیرکردنی]، لە وێنەی شەیتانیش دەڕوات و پشت هەڵدەکات [واتە وەسوەسە دروست دەکات بۆ خەراپە و دەیڕازێنێتەوە]، بۆیە ئەگەر یەکێک لە ئێوە ئافرەتێکی بینی و پێی سەرسام بوو، ئەوە با بچێتە لای خێزانەکەی و جیماعی لەگەڵدا بکات؛ چونکە ئەم کارە ئەو سەرسامییەی کە لە دەروونیدا دروست بووە، دەیڕەوێنێتەوە و شەهوەتەکەی دوور دەخاتەوە و دەروونیشی ئارام دەبێتەوە.

وەڵام:

یەکەم: لە فەرموودەکەدا نەهاتووە کە ئافرەتەکە ڕووخساری بەدەرەوە بێت، بەڵکوو لەوانەیە عەباکەی تەسک بێت، یان هاوشێوەی ئەمە.

دووەم: سەرسامبوونی پیاو بە ئافرەت، ئەمە وای لێ ناخوازرێت کەوا ڕووخساری بینی بێت؛ چونکە جاری وایە پیاو سەرسام دەبێت بە دیمەنی ئافرەت کە خۆی دەنوێنێت لە لاشەکەی و جوانی پۆشاکی.

نەوەوی دەفەرموێت: «ويستنبط من هذا أنه ينبغي لها أن لا تخرج بين الرجال إلا لضرورة وأنه ينبغي للرجل الغض عن ثيابها والإعراض عنها مطلقًا»[1].

[١] «شرح النووي على مسلم» (١٧٨/٩).

واتە: لەو فەرموودەیە ئەو حوکمە وەردەگیرێت، کە نابێت ئافرەت بچیتە ناو پیاوانەوە، ئیللا بۆ پێویستی نەبێت، هەروەها پێویستە بۆ پیاو کە چاوی خۆی بگرێتەوە لە سەیرکردنی پۆشاکی و پشتی تێ بکات بە ڕەهایی.

سێیەم: ئەگەر واشی دابنێین کەوا ڕووخساری بەدەرەوە بووە، ئەوە دەکرێت کە ئافرەتەکە یەکێک بوو بێت لە کەنیزەکەکان، یاخود بیانوویەکی شەرعی هەبووە لە دەرخستنی ڕووخساری.

زانستیش هەر لەلای خوای بەرز و بڵندە.

*****

گومانی هەشتەم

(نیقاب یەکێکە لە نەریت و عادەتەکانی سەردەمی نەفامی، بۆیە دواکەوتوویی و کۆنەپەرستییە)

دەڵێم: ئەو نیقابەی کە ئیسلام لەسەر ئافرەتی داناوە، عەرەب پێشی ئیسلام نەیناسیوە، بەڵکوو خوای گەورە سەرزەنشتی دەرخستنی جوانی ئافرەتانی سەردەمی نەفامی کردووە و ڕێگریشی لە ئافرەتانی باوەڕدار کردووە لە خۆچواندن پێیان، هەروەکوو فەرموویەتی: ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ﴾ [الأحزاب:٣٣].

واتە: لە ماڵەکانی خۆتاندا نیشتەجێ بن و بمێننەوە، بۆ جگە لە پێویستی مەچنە دەرەوە، هەروەها وەکوو ئافرەتانی سەردەمی نەزانی و نەفامی پێشوو جوانی خۆتان بۆ پیاوانی نامەحرەم دەرمەخەن، (کەواتە سفووری و خۆدانەپۆشین و دەرخستنی جوانی، پێشکەوتن نییە، بەڵکوو پیشەی ئافرەتانی سەردەمی نەزانی و نەفامی بووە لە پێش ئیسلامدا).

هەروەها خوای گەورە دوای هاتنی ئیسلام، حیجاب و نیقابی لەسەر ئافرەت داناوە؛ بۆ ئەوەی پێی بەرز ببێتەوە و

ڕێز و شکۆی بپارێزێت، قەدەغەشی بکات لەوەی خەراپەکار و قینی لە دڵ و نەیارەکان ئازاری بدەن.

پاشان ئەگەر ئەو ئافرەتە موسڵمانانەی کەوا ڕازین بەو پۆشاکەی کە بەهۆیەوە ناچنە ژێر کۆمەڵی کۆنەپەرست و دواکەوتووەکان؛ ئیتر دەبێت ئەوە چ زەرەرێک لە عەلمانی و لیبڕالییەکان بدات؟!

هەروەها ئەگەر ئەو ئافرەتانە حیجاب بپۆشن و بێزار و دڵتەنگ نەبن لێی؛ دەبێت چ شتێک ئەو پێشکەوتووانەی کۆکردبێتەوە لەسەر بابەتێکی تاکە کەسی ئاوا؟!

بەڕاستی جێگای سەرسامییە گوێت لەوانە بێت کە بانگەشەی ئازادی تاکە کەسی و بەپیرۆز ڕاگرتنی دەکەن، بەشێوەیەک کەس بۆی نییە دەستی بۆ ببات، پاشان هەر ئەوانە خۆیان هەڵدەقورتێنن لە ئازادی جگە لە خۆیان!

*****

گومانی نۆیەم

(نیقاب هۆکارێکە بۆ خۆگۆڕێن و خۆشاردنەوە و نەنجامدانی تاوان!)

دەڵێم:

هەموو ژیرێک تێدەگات لە هەڵسوکەوتی ئەو ئافرەتەی کە زیادەڕەوی دەکات لە داپۆشینی نەفسی خۆی، نە ڕووخساری دەردەخات، نە دەستیشی -چجای شوێنەکانی دیکەی لاشەی-، ئەمە بەڵگەی ڕاستی و پاکی و پارێزگارییە، کەواتە دەبێت گومانی باشی پێ ببردرێت.

هەروەها هەموو ژیرێکیش دەزانێت کە خۆدەرخستنی ئافرەت و نیشاندانی جوانییەکەی، وای لێ هەست دەکرێت کە کەم شەرمە و کەسێکی سووکە. لەپاشانیش ئەوە لەپێشترە کەوا گومانی خەراپی پێ ببردرێت، بە بەڵگەی ڕێبازە خەراپ و زیانبەخشەکەی؛ چونکە جوانییەکەی خۆی وەکوو کاڵایەک دەخاتە ڕوو، بەمەش خۆی تووشی عەیبی پیسی مەبەست و خەراپی ناخ و ئارەزووی مرۆڤە گورگەکان دەکات.

پاشان دەڵێین: ئەگەر پیاوێک کەسایەتی سەرکردەیەکی سەربازی گەورە بنوێنێت و پۆشاکەکەی ئەو لەبەر بکات،

ئینجا ئەو پۆشاکە بقۆزێتەوە بۆ شتێک کە ڕێگەپێدراو نییە بۆی، سزاکەی چۆن دەبێت؟!

هەروەها ئایا ڕەفتارەکەی دەگونجێت ببێتە پاساو بۆ داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی پۆشاکی سەربازی بۆ نموونە؛ لەترسی ئەوەی نەوەکوو کەس بە خەراپە بەکاری بێنێت؟!

ئەگەر پیاوێک کەسایەتی پزیشکێک بنوێنێت و پۆشاکەکەی لەبەر بکات، ئینجا کاری خەراپە و بەدڕەوشتی پێ ئەنجام بدات و سەیری عەورەتەکان بکات، ئایا ئەمە دەبێتە پاساو بۆ هەڵوەشاندنەوەی پۆشاکی پزیشکەکان، لەترسی ئەوەی کەسێکی دیکە لە کارێکی تاوانکاری بەکاری بێنێت؟!

پاشان ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئەو تاوانانە بژمێرین کە نیقاب هۆکارێک بووە بۆ ئەنجامدانی، ئەوە دەستمان ناکەوێت، تەنها چەند حاڵەتێکی زۆر کەم نەبێت، یاخود دەگمەن، دەگمەنیش هیچ حوکمێکی بۆ نییە (النادر لا حکم له)!

پاشان ئەگەر بمانەوێت کەوا ئەو تاوانانەش بژمێرین، کە ئەو کەسانە پێی هەڵدەستن پۆشاکی سەربازی، یان پۆلیسییان لەبەر کردووە. ئەوە دەبینین ئەمە زیاتر ڕووەدات!

جا ئایا ئەمە دەبێە پاساو بۆ داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی پۆشاکە سەربازییەکان، یان پۆلیسییەکان؟!

یان ئەوە پاساوە بۆ گومانکردن لەهەر پیاوێک کە پۆشاکی ئەوان بپۆشێت؟!

بێگومان ئەوە پاساو نییە، خاوەنی پۆشاکەکەش سزا نادرێت؛ لەبەرئەوەی کەسێکی دیکە بە خەراپە بەکاری هێناوە؛ چونکە چاکەکار بە تاوانی خەراپەکار سزا نادرێت.

بەهەما شێوەش بارودۆخەکە ئاوایە لە نیقابدا، کەواتە نابێت ئافرەتێکی داوێنپاکی خاوێن، بە تاوانی ئەوانەی خەراپەیان بەرانبەر بە پۆشاکەکەی کردووە سزا بدرێن.

*****

گومانی دەیەم

(داوێنپاکی ئافرەت لە خودی خۆیدایە، نەوەک لە حیجاب و نیقابەکەی!)

گوتیان: «داوێنپاکی ئافرەت لە خودی خۆیدایە، نەوەک لە حیجابەکەی، چەند کچ هەیە لە ڕووکەشدا داپۆشراوە لە ئاستی پیاوان، بەڵام لە ڕەفتاریدا خەراپەکارە، چەند کچی سەرڕووتیش هەیە کە شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی بەدەرەوەیە، بەڵام خۆی تووشی هیچ خەراپەیەک نەکردووە و ڕەفتاریشی خەراپ نییە».

دەڵێم:

پۆشاک داوێنپاکی نادیار بۆ خاوەنەکەی دابین ناکات، هەروەها ئیستیقامەی نەبووشی پێ نابەخشێت، ڕەنگە ئافرەتێکی خەراپەکاریش خەراپەکارییەکە دابپۆشێت بە سیمای خۆداپۆشینی.

بەڵام کێیە ئەو کەسەی وا گومان دەبات کە خوای گەورە حیجابی داناوە، ئەو حیجابەی لاشەی ئافرەت دادەپۆشێت؛ بۆ ئەوەی حیجاب پاکوخاوێنی لە دەروونی ئافرەتەکە دروست بکات، یان داوێنپاکی لە ڕەوشتیدا دروست بکات؟

هەروەها کێیە ئەو کەسەی وا گومان دەبات کە داپۆشینی ڕووخسار، خوای گەورە داینـاوە؛ بـۆ ئـەوەی ببێتـە ڕاگەیاندنێـک بـەوەی هـەر کەسـێک نەیپۆشـێت، ئەوە داوێنپیسـە، یـان بێدینـە، یاخـود گومـڕا و لادەرە؟

بـە دڵنیایـی خـوای گـەورە حیجابـی لەسـەر ئافـرەت فـەرز کـردووە، بـۆ پارێزگاریکـردن لەسـەر داوێنپاکـی پیـاو، ئەوانـەی چاویـان بە ئافـرەت دەکەوێـت، نەوەک تەنهـا لەپێناو پارێزگاریکـردن لـە ئافرەتەکـە لە ئـازاری ئەوانـەی ئارەزوویان لێیەتـی.

ئینجـا ئایـا کەسـێکی ژیـر بەبیانووی ئـەو بەڵگە سـەراوبنە دەڵێـت: با کـچ بە ڕووتی لەبەرانبـەر هەمـوو پیاوان دەرکەوێت، مـادام گومانـی لە هێـزی ڕەوشـت و ڕاسـتی دامەزراوییەکەی نییە؟!

بێگومـان موسـیبەتی پیـاوان بەهـۆی ئـەوەی کـە چاویـان بـە شـتە فریـودەر و وروژێنەرەکانـی ئافـرەت و فیتنەکـەی دەکەوێـت، بریتییـە لـەو کێشـەیەی کـەوا کۆمەڵـگای ناچـار کـردووە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە چارەسـەر، بـەڵام شـەرعی خـوا بەباشـترین شـێوە دەسـتەبەری ئـەو کێشـەیەی کـردووە.

هەروەها بەڵا و موسـیبەتی پیـاوەکان، ئەگەر لە ڕێگەکەیدا ئـەو چارەسـەرە شـەرعییەی نەدۆزییـەوە، ئـەوە هیـچ گومانـی

تێدا نییە بەهەمان شێوە دەستدرێژی دەکات بۆ ئافرەتان بە خەراپە.

ئینجا ئەوکاتی هیچی تێدا نییە ئافرەتێکی ڕووخسار بەدەرەوە، دەست بگرێت بە دامەزراوی لە ڕەفتاریدا، یان پاکی لە دەروونیدا، چونکە هەڵگیرسانی ئەو بەڵایەی کە لە دەروونی پیاواندا وروژاوە، جاری وایە زاڵ دەبێت بەسەر هەموو دامەزراوییەک، یان داوێنپاکییەک کە ئافرەت سوودی لێ وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی جۆرەکانی وروژاندن و فیتنەکەی بەرانبەریان دەخاتەڕوو!

زانستیش لەلای خوای بەرز و بڵندە.

*****

گومانی یازدەیەم

(نیقاب زیادەڕەوی و تووندییە، ئایینیش سووک و ئاسانە)

دەڵێم:

بە دڵنیایی ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام و تەکالیفە شەرعییەکانی، هەرهەمووی سووک و ئاسانە و قورسی و ناڕەحەتی تێدا نییە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾ [البقرة:١٨٥].

واتە: خوای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێ؛ بۆیە ڕێگای بە نەخۆش و گەشتیار داوە کە بەڕۆژوو نەبن، خوای گەورە گرانی ناوێت بۆتان و نایەوێت شت لەسەر ئێوە قورس بکات.

هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج:٧٨].

واتە: لە ئایینیشدا هیچ تەسکی و تەنگی و ناڕەحەتی و سەغڵەتیەکی لەسەرتان دانەناوە، بەڵکوو هەموو کارئاسانییەکی بۆ کردوون.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [البقرة:٢٣٣].

واتە: هیچ کەسێک لەتوانای خۆی زیاتر داوای لێ ناکرێت.

ئەو ئایەتانە ڕوون و ڕاشکاون دەربارەی بنەمای سووککردن و ئاسانکاری لەسەر خەڵکی لە حوکمە شەرعییەکاندا.

هەروەها لە ئەبوو هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ- فەرموویەتی: «إِنَّ الدِّينَ يُسْرٌ، وَلَنْ يُشَادَّ الدِّينَ أَحَدٌ إِلَّا غَلَبَهُ، فَسَدِّدُوا وَقَارِبُوا وَأَبْشِرُوا، وَاسْتَعِينُوا بِالْغَدْوَةِ وَالرَّوْحَةِ، وَشَيْءٍ مِنْ الدَّلْجَةِ»[١].

واتە: بە دڵنیایی ئایین ئاسانە، هیچ کەسێکیش ئایین قورس ناکات لەسەر خۆی، ئیللا ئایین زاڵ دەبێت بەسەریدا و ئەو بێتوانا دەبێت؛ [چونکە ئایین بەهێزتر و فرەوانترە و کردەوەکانی زۆرن]، بۆیە ئێوە کارەکانتان بە مەبەستەوە و بە مامناوەندییەوە ئەنجام بدەن و کەمتەرخەمی تێدا مەکەن، خۆ ئەگەر هەموویشتان نەکرد، هەوڵی نزیککردنەوەی بدەن، هەروەها مژدەدەریش بن و داوای کۆمەکیش بکەن و بڕۆن بۆ کارکردن لە بەیانیان و ئێواران و بەشێکیش لە کۆتایی شەودا.

[١] «صحيح البخاري» (٣٩).

ئەبوو مووسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خوا -ﷺ- ئەگەر یەکێک لە هاوەڵەکانی بناردبا بۆ هێندێک لە کارەکانی، دەیفەرموو: «بَشِّرُوا وَلَا تُنَفِّرُوا، وَيَسِّرُوا وَلَا تُعَسِّرُوا»[1].

واتە: موژدە بدەن [موژدەی فەزڵ و پاداشتی خوا و فرەوانی ڕەحمەتەکەی بۆ باوەڕداران]، خەڵکی دوور مەخەنەوە لە ئایین و مەیانترسێنن [بە زیادەڕەویکردن لە باسی سزا و هەڕەشەکانی خوا و بێئومێدکردنیان]، ئاسانکار بن و کار لەسەر خەڵکی گران مەکەن.

کەواتە شەرعدانەر هەرگیز مەبەستی ئەوە نییە کە موکەللەفەکان تووشی ناڕەحەتی بکات، یان داوای شتێکیان لێ بکات کە لە توانایاندا نەبێت.

نیقابیش هەروەکوو ڕوونمان کردەوە بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت، شتێکی شەرعییە بەیەکدەنگی زانایان، هەرشتێکیش جێگیر بوو کەوا تەکلیفە لەلایەن خواوە، ئەوە دەچێتە ژێر هێز و توانایان، خۆ ئەگەر قورسایی و ناڕەحەتییەکیشی تێدا بێت، ئەوە ناڕەحەتییەکی کەم و لەبار و گونجاوە و لەتوانادا هەیە.

زانستیش لەلای خوای گەورەیە.

*****

[1] «صحيح مسلم» (١٧٣٢).

گومانی دوازدەیەم

(نیقاب سەرکوتکردن و گرتنەوەی توانای جنسییە؛ چونکە جوانی ئافرەت دادەپۆشێت، دواجاریش گەنجەکان بەردەوام لە گرتنەوەی جنسییاندا دەبن، کە خەریکە دەتەقێت، یان هێندێکجار دەتەقێتەوە لەسەر شێوەی دەستدێژێکردن و جگە لەمەش).

دەڵێم:

یەکەم: ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت، ئەوە دەبێت ئەمەریکا و دەوڵەتە ئەوروپییەکان و هاوشێوەکانیان، کەمترینی دەوڵەتەکان بن لە جیهاندا، لەڕووی ڕووداوەکانی دەستدرێژیکردن و شەڕپێفرۆشتن بە ئافرەتان و هاوشێوەکانی لە تاوانە ئەخلاقییەکان؛ چونکە ئەمەریکا و دەوڵەتە ئەوروپییەکان گرینگییەکی زۆر گەورەیان بەو لایەنە داوە، بە بەڵگەی ئازادی تاکەکەسی!

بەڵام لەڕاستیدا ئەمەریکا و جگە لەو لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان، زۆرترینی دەوڵەتەکانن لەڕووی ڕووداوەکانی دەستدرێژیکردن و شەڕپێفرۆشتن و هاوشێوەی ئەمە لە تاوانە ئەخلاقییەکان!

لە پەرتووکی «الجريمة في أمريكا» دا هاتووە: «لە ئەمەریکا لە هەر شەش دەقیقەیەک، دەستدرێژیکردنێکی بەهێز ڕوو دەدات.

واتای بەهێزیش: واتا لەژێر کاریگەری و هەڕەشەی چەک.

ژمارەی حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردن لە ئەمەریکا ساڵی (١٩٧٨)ـی زایینی گەیشتە (١٤٧,٣٨٩) حاڵەتە، هەروەها لە ساڵی (١٩٨٧)ـی زاینیش گەیشتە (٢٢١,٧٦٤) حاڵەتە، کەواتە ئەو سەرژمێرییانە ئەو بانگەشەیە بەدرۆ دەخەنەوە.

دووەم: بێگومان توانا و بەهرەی جنسی لە پیاوان و ئافرەتانیشدا بوونی هەیە، کە بریتییە لە نهێنییەک خوای گەورە لە پیاو و ئافرەتیشی داناوە؛ لەبەر حیکمەتێکی زۆر، یەکێک لەوانە؛ بەردەوامبوونی منداڵ و وەچەیە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت کە نکووڵی لە بوونی ئەو بەهرە و توانایە بکات، پاشان داوا دەکرێت لە پیاوان کە بەشێوەیەکی ئاسایی ڕەفتار بکەن بەرانبەر بە خۆدەرخستن و خۆڕووتکردنەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی بوونی ئەو توانایە.

سێیەم: ئەو کەسەی بانگەشی ئەوە دەکات کە دەکرێت چارەسەری گرتنەوەی جنسی بکرێت، بە بڵاوکردنەوەی دیمەنی خۆدەرخستن و خۆڕووتکردنەوە؛ تاوەکوو تێربوون بێتەدی، ئەوە بێگومان یەکێک لەو دوو کارەی مەبەستە:

یەکەم: ئەو پیاوانەی کەوا شەهەوات و عەورەتە دیارەکان نایانوروژێنێت و کاریگەرییان تێناکات، ئەوە بێگومان شەهوەتیان نەماوە؛ بەهۆی زۆر سەیرکردن و بەردەوام سەیرکردن، بۆیە وایان لێهاتووە هەست بە هیچ شتێک ناکەن لەو بابەتەدا!

دووەم: ئەو پیاوانەی کەوا عەورەتە دیار و ئاشکراکان نایانوروژێنێت، لەوانەنە کە تووشی نەخۆشی ساردی جنسی بوونە!

ئینجا ئایا ئەوانەی بانگەشەی ڕاستییەتی ئەو گومانە دەکەن، دەیانەوێت پیاوانی ئوممەتەکەمان ببن بە یەکێک لەو دوو کۆمەڵە لە پیاوان؟!

*****

گومانی سێزدەیەم

(ڕووخسار دەرخستن مافی ئافرەتە، پیاوێکی خۆویستی وشکی تووندڕەو بەزۆر لێی زەوتکردووە، حیجاب و نیقابیش ستەمە لە ئافرەت دەکرێت و زەوتکردنی مافیەتی)

دەڵێم:

یەکەم: ئەوە پیاو نییە کەوا حیجابی لەسەر ئافرەت فەرزکردووە؛ بۆ ئەوەی کێشەکەی خۆی لە دژی بەرز بکاتەوە؛ تاوەکوو ڕزگاری بێت لەو ستەمەی کە خستۆتییە سەری، هەروەکوو بارودۆخی کێشەکە لە ئەورووپا ئاوایە لەنێوانی ئافرەت و پیاودا، بەڵکوو ئەوەی کە حیجابی لەسەر ئافرەت فەرز کردووە، پەروەردگار و بەدیهێنەرەکەیەتی، ئەو خوایەی کە ئافرەت ناتوانێت -ئەگەر باوەڕدار بێت- وتوێژی لەگەڵدا بکات، لەسەر ئەو شتەی کە فەرمانی پێ کردووە، یان بتوانێت سەرپشک بێت لە کارەکەدا، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا﴾ [الأحزاب:٣٦].

واتە: بۆ هیچ پیاو و ئافرەتێکی باوەڕدار نییە، کاتێ خوا و پێغەمبەرەکەی بڕیاری هەر کارێکیاندا، بۆیان نییە کە

سەرپشک بن لە کارەکەیاندا، هەر کەسێکیش سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات؛ ئەوە بەڕاستی گومڕا بووە بە گومڕا بوونێکی ئاشکرا.

دووەم: بێگومان حیجاب لە خودی خۆیدا هیچ کێشەیەک دروست ناکات، چونکە حیجاب لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ- فەرزکرا و هەر لە سەردەمی ئەویش کاری پێکرا، ئینجا دوای ئەوە سێزدە ساڵی یەک لەدوای یەک کاری پێکرا، هیچ موسڵمانێکیش نییە کە باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەبێت بڵێت: ئافرەت لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ- ستەملێکراو بووە، بەڵام ئەگەر دوای ئەوە ستەمی لێ کرابێت، ئەو کاتەی کە موسڵمانان لە بیروباوەڕە ڕاست و دروستەکەی خۆیان و داخوازییەکانی دواکەوتن، ئەوە بێگومان حیجاب سەرچاوەی ستەم و هۆکار و هاوتاکەی نییە؛ لەبەر ئەوەی حیجاب بوونی هەبوو لە سەردەمانی باشترینی سەدەکان بەشێوەیەکی ڕەها، لەکاتێکدا هاوتای پاک و خاوێنی ڕەوشتی و ڕووحی بوو، هەروەها هاوتای بەرزی مرۆڤایەتی بوو، ئەوەی کە هاووێنەی نییە لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا.

زانستیش هەر لەلای خوای بەرز و بڵندە.

*****

گومانی چواردەیەم

(حیجاب نیشانە و هێمایەکە بۆ زیادەڕەوی و دەمارگیری تایبەتی و تووندڕەویی ئایینی)

دەڵێم:

یەکەم: حیجاب نیشانە(رمز) نییە بۆ ئەو کارانە بەهیچ شێوەیەک، بگرە بەهیچ شێوەیەک نیشانە نییە لە نیشانەکان؛ چونکە نیشانە ئەوەیە کە هیچ کارێکی نەبێت، تەنها دەربڕین و ڕوونکردنەوەی ئینتیمای ئایینی بۆ خاوەنەکەی، وەکوو خاچ(سەڵیب) لەسەر سینگی گاوور و خاچپەرستێک، هەروەها وەکوو کڵاوێکی بچووک لەسەر سەری جوولەکەیەک، هیچ کارێکیان نییە، تەنها ڕاگەیاندنی ناسنامە نەبێت.

بەڵام حیجاب، ئەوە بێگومان کارێکی ناسراو و چەندان حیکمەتی بەرز و بەڕێزی هەیە، کە بریتییە لە: داپۆشین و شەرم و خاوێنی و داوێنپاکی، ئەو ئافرەتە موسڵمانەی کە دەیپۆشێت، با بە خەیاڵیدا نەیێت کەوا خۆی ڕادەگەیەنێت، یان ئایینەکەی ڕادەگەیەنێت، بەڵکوو گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگاری دەبێت، کەواتە دروشمێکی ئایینییە (شعیرة دینیة)، نەوەک نیشانە بێت بۆ تووندڕەوی و زیادەڕەوی.

پاشان بە دڵنیایی ئەو درۆ و بوختانەی کە بڵاوی دەکەنەوە لەسەر حیجابی ئافرەتی موسڵمان، بۆچی بڵاوی ناکەنەوە لەسەر حیجابی ژنە قەشەکان؟!

بۆچی نەیانگوت: کە حیجابی ژنە جوولەکە و گاوورەکان، نیشانەیە بۆ دەمارگیری ئایینی و جیاوازی تاییفی؟

بۆچی نەیانگوت: کە هەڵواسینی خاچ، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی تونددڕەوی ئایینی؟ لەکاتێکدا هەر ئەو خاچە بوو کەوا بەڵا و موسیبەتی جەنگی خاچپەرستی هێناکایەوە!

بۆچی نەیانگوت: کە دانانی کڵاوە بچووکەکە لەلایەن جوولەکەوە لەسەر سەریان، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی تونددڕەوی ئایینی؟ هەروەها بەهۆیەوە ئەو قەسابخانە و تۆقاندنەی لە فەلەستینی داگیرکراو دێتە کایەوە!

دووەم: بە دڵنیایی ئەو درۆیە مێژوو و واقیع بەدرۆی دەخەنەوە، کوا ئەو زەرەر و خەراپانەی گومان دەبردرێت، ئەوەتا ئافرەتی موسڵمان لەوەتەی چواردە سەدەیە حیجاب دەپۆشێت؟!

سێیەم: بێگومان حیجاب پۆشین لەلایەن ئافرەتەوە، لە دەستپێکێکی بیروباوەڕی و قەناعەتێکی ڕووحییەوە دەست پێ دەکات، کەواتە بەهێزی ئاسن و ئاگر ناچار نەکراوە، جگە لەخۆشی بانگ نەکردووە بۆ لای حیجاب، ئیللا بە حیکمەت و بەڵگە شەرعی و عەقڵییەکانەوە نەبێت.

بەڵکوو ناچارکردنی ئافرەت بە داکەندنی حیجابەکەی، هەروەها ئەمەش بکرێت بە یاسایەک و شەریعەتێکی پێویست، ئا ئەوە بریتییە لە ڕەمزی دەمارگیری و توندڕەوی ئایینی، هەر ئەمەشە کە دەبێتە هۆی تێکگیران و پەرچە کرداری خەراپ؛ چونکە دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادی ئایینی و ئازادی کەسی. خواش زاناترە.

*****

گومانی پازدەیەم

(چۆن خوای گەورە فەرمان دەکات بە چاو داگرتن و سەیر نەکردن، لەهەمان کاتیشدا فەرمان بە داپۆشینی ڕووخسار دەکات، ئایا ئەمە دژبەیەکی نییە؟!)

دەڵێم:

وەڵامدانەوەی ئەو گومانە لە چەند ڕووێکەوە دەبێت:

ڕووی یەکەم: شاری (مەدینە) لەسەردەمی دابەزینی قورئان، ئافرەتی جوولەکە و کۆیلە و کەنیزەک و هاوشێوەی ئەمەشی تێدا بوو، هەروەها ڕەنگیشە ئافرەتی جگە لە موسڵمانیش لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا مابن کەوا ڕووخساریان بەدەرەوە بێت، بۆیە فەرمان کراوە بە موسڵمانان بەوەی چاویان بگرنەوە لێیان و سەیریان نەکەن.

دووەم: بە دڵنیایی ئافرەت هەرچەندە خۆی بپارێزێت بەوپەڕی خۆپاراستن، هەروەها هەرچەندە زیادەڕەویش بکات لە خۆداپۆشین لە خەڵکی، بەڵام هەردەبێت لە هێندێک کاتدا هێندێک لای لاشەی بەدیار بکەوێت؛ هەر بۆیەش فەرمان بە پیاوان کراوە بەوەی چاویان دابخەن و بگرنەوە لەوەی کە لە هێندێک کاتدا لێیان بەدیار دەکەوێت.

شێخ (محمد الأمين الشنقيطي) دەفەرموێ: «وكم مِن امرأة يسقط خمارها عن وجهها من غير قصد، فيراه بعض الناس في تلك الحال»[1].

واتە: چەند ئافرەت هەیە کەوا سەرپۆش و پەچەکەی لە ڕووخساری دەکەوێت، بەبێ مەبەست، بەهۆی ئەمەشەوە هێندێک خەڵک لەو حاڵەتەدا دەیبینن.

سێیەم: جاری وایە ئافرەتی ڕووپۆش، هێندێک حاڵەتی ناچاری، بەڵکوو هێندێک حاڵەتی پێویستی وای لێ دەکات کەوا ڕووخساری دەربخات، لەو حاڵەتانەشدا مۆڵەتی پێ دەدرێت، وەکوو سەیرکردنی دادوەر بۆ ئافرەت لەکاتی شایەتیدا، سەیرکردنی پزیشک کە چارەسەری ئافرەت دەکات بە مەرجەکانی خۆی، سەیرکردنی ئەو ئافرەتەی کە مەبەستە خوازبێنی بکرێت، هەروەها جگە لەو حاڵەتانەش، لەو کاتانەدا دروست نییە کەس سەیری بکات، تەنها ئەو کەسە نەبێت کە پێویستی بە سەیرکردنە[2].

---

[1] «أضواء البيان» (٦/٢٥٢).

[2] انظر: «أدلة الحجاب» للدكتور/ محمد إسماعيل المقدم (٤٠٨).

خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پیاوان کردووە کەوا چاوی خۆتان بگرنەوە و سەیر مەکەن، بەڵام نەیفەرموە کە چاوی خۆتان لەچی بگرنەوە و تەماشای چی مەکەن، واتە: بە ڕەهایی باسی کردووە، بۆیە وەکوو زانایان دەفەرموون: ئەگەر پیاوێک سەیری عەورەتی پیاوێکی دیکە بکات، یان هەتا سەیری ئافرەتێکی موسڵمانی

زانستیش هەر لای خوای گەورەیە.

*****

داپۆشراویش بکات بە شەهوەت، ئەوا ئایەتەکە دەیگرێتەوە و نابێت؛ ئەمەش لەبەر ڕێز و شکۆی ئافرەتەکە و دوورکەوتنەوە لە فیتنە!

شێخ (عبدالعزیز الطریفي) دەڵێت: «ئافرەت جاری وایە لەبەر مۆڵەتێک بۆی، ڕووخساری خۆی دەردەخات، وەکوو کەنیزەک و ئافرەتی پیر و بە تەمەن، یاخود لەلای دادوەر بۆ شایەتی و کێشە، لەکاتی خوازبێنی کردن، هەروەها دەرخستنی ڕووخسار لەلایەنی ئافرەتی بێباوەڕەوە، بەڵکوو جاری وایە ئافرەتی ئازادیش پەیوەست نابێت بە فەرمانی شەرعییەوە، یاخود ڕووخساری دەردەخات لە ڕێگەدا، چونکە پێی وایە کەس نایبینێت، بۆیە لەو حاڵەتانەدا ئافرەت حوکمی خۆی هەیە و پیاویش حوکمی خۆی هەیە، کەواتە هەر کەسێک کە کەمتەرخەم بوو لە شتێک، واتای ئەوە نییە کە حوکمەکە لەسەر ئەوەی دیکە لابچێت... بۆیە دەرخستنی ڕووخسار لەلایەنی کەنیزەکەوە بە بەردەوامی و ئافرەتی ئازادیش جاروبار، واتای ئەوە نییە کە لەهەموو حاڵەتێک سەیری بکرێت».

[الحجاب في الشرع والفطرة، للطریفي، ص: ٩٦-٩٦]. -وەرگێڕ-.

گومانی شازدەیەم

(نیقاب تایبەتە بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ-)

لەسەر ئەمەش بەڵگەیان بەو فەرمایشتەی خوای بەرز و بڵند هێنایەوە: ﴿وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ﴾ [الأحزاب:٥٣].

واتە: ئەگەر داوای شتێکیشتان کرد، یان پرسیارێکی شەرعیتان لە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ- هەبوو، ئەوە پرسیاریان لێ بکەن لە پشتی پەردەوە.

دەڵێم:

یەکەم: قورتوبی دەفەرموێ: «في هذه الآية دليل على أن الله تعالى، أذن في مسألتهن من وراء حجاب، في حاجة تعرض أو مسألة يستفتين فيها، ويدخل في ذلك جميع النساء بالمعنى، وبما تضمنته أصول الشريعة، من أن المرأة كلها عورة بدنها وصوتها، فلا يجوز كشف ذلك، إلا لحاجة كالشهادة عليها، أو داء يكون ببدنها أو سؤالها، عما يعرض وتعين عندها»[1].

واتە: ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە مۆڵەتی داوە بە پرسیارکردن لێیان، لە پشتی پەردەوە، بۆ پێویستییەک کە دێتە پێشەوە، یان پرسیارێک کە داوای فەتوای لێ دەکەن،

[1] «تفسير القرطبي» (٢٢٦/١٤).

هەموو ئافرەتان دەچنە ناو ئەو بابەتەوە بە واتا، هەروەها بەوەش کە بنچینەکانی شەریعەت لەخۆی گرتووە، لەوەی کە ئافرەت هەمووی عەورەتە؛ لاشەی و دەنگیشی هەروەکوو پێشتر باسکرا، کەواتە هیچ شوێنێکی لاشەی دەربخات، ئیللا لەبەر پێویستی نەبێت، وەکوو شایەتیدان لەسەری، یان نەخۆشییەک کە بە لاشەی وەیە، یاخود پرسیارکردن لێی لەوەی کە دێتە پێشەوە و پێویستە لەو بکرێت.

پاشان بێگومان قسەکردن بۆ یەکێک و دواندنی کەسێک، قسەکردن بۆ کۆمەڵێکیش دەگرێتەوە.

ئەمەش بەو وتەیەی پێغەمبەر ﷺ- پشتگیری دەکرێت کە دەفەرموێت: «إِنَّمَا قَوْلِي لِامْرَأَةٍ وَاحِدَةٍ كَقَوْلِي لِمِائَةِ امْرَأَةٍ»[1]. واتە: قسەی من بۆ یەک ئافرەت، وەکوو قسەمە بۆ سەد ئافرەت.

بە دڵنیایی خوای گەورە -ﷻ- فەرمانی بە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ- کردووە بە حیجاب و خۆداپۆشین، ئافرەتان و هاوسەرانی باوەڕدارانیش لەمەدا شوێنکەوتەن بۆ ئەوان؛ لەبەر ئەو بنچینەیەی کە باسمانکرد، کە قسەکردن بۆ یەکێک، قسەکردنە بۆ کۆمەڵێکیش.

[١] أخرجه أحمد (٢٦٤٦٩) وصحح إسناده ابن كثير في «تفسيره» (١٢٢/٨).

هەروەکوو چۆن هۆکارەکەش هاوبەشە [لەنێوانیاندا]، ئەویش بریتییە لە: (پاک و خاوێنی دڵەکان)، ئێ هاوسەرانی باوەڕدارانیش وەکوو خێزانەکانی پێغەمبەرن ﷺ-، لە پێویستییان بەو پاک و خاوێنییە، بەڵکوو ئافرەتانی باوەڕداران پێویستترن.

دووەم: بەڵگەی دیکە هاتووە لەسەر ئەوەی کە حیجاب و ڕووخسار داپۆشین، حوکمەکەی گشتییە و تایبەت نییە بە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ-، یەکێک لەوانە:

یەکەمیان: فەرمایشتی خوای بەرز و بڵندە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ-، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ با جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە، تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بە داوێنپاک بناسرێنەوە، (لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە خۆی دانەدەپۆشی)، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

ئەمە دەقێکە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتانی ئوممەتیش دەچنە ژێر ئەو حوکمەوە.

دووەمیان: فەرموودەکەی ئەسمائی کچی ئەبوو بەکرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە گوتوویەتی: «كُنَّا نُغَطِّي وجُوهَنَا مِنَ الرِّجالِ وكنَّا نَتَمَشَّطُ قَبْل ذلك في الإحْرَام»[1].

واتە: ئێمە دەموچاوی خۆمان لە پیاوان دادەپۆشی، هەروەها ئێمە پێشی ئەوە قژیشمان شانە دەکرد لە ئیحرامدا.

سێیەمیان: فەرموودەکەی فاتیمەی کچی مونزیرە کە گوتوویەتی: «كُنَّا نُخَمِّرُ وُجُوهَنَا وَنَحْنُ مُحْرِمَاتٌ وَنَحْنُ مَعَ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ»[2].

واتە: ئێمە دەموچاوی خۆمان دادەپۆشی، لەکاتێکدا لە ئیحرامدا بووین و ئێمە لەگەڵ ئەسمائی کچی ئەبوو بەکری سددیق بووین.

هەروەها ئەسماء و فاتیمەش یەکێک نەبوونە لە هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ-، هەروەکوو زانراوە، کەواتە بەمە ڕوون بووەوە کە داپۆشینی ڕووخسار حوکمەکەی گشتییە و تایبەت نییە.

خواش زاناترە.

---

[1] أخرجه ابن خزيمة في «صحيحه» (٢٦٩٠)، والحاكم في «المستدرك» (١٦٦٨)، وقال الألباني: صحيح على شرط مسلم «إرواء الغليل» (٢١٢/٤).

[2] أخرجه مالك في «الموطأ» (٧٢٦) وإسناده صحيح «إرواء الغليل» (٢١٢/٤).

گومانی حەڤدەیەم

(نیقاب لە شەرعدا داندراوە؛ بۆ لادان و دوورخستنەوەی نازار، بێگومان ئەمەش ئێستا لاچووە و نەماوە)

بۆ ئەمەش بەڵگەیان بەو فەرمایشتەی خوای گەورە هێنایەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا * لَّئِن لَّمۡ يَنتَهِ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ وَٱلۡمُرۡجِفُونَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ لَنُغۡرِيَنَّكَ بِهِمۡ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ إِلَّا قَلِيلٗا﴾ [الأحزاب: ٥٩ - ٦٠].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا -ﷺ-، بە خێزانەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ با جیلباب و لەچک و پۆشاکەکانیان شۆڕ بکەنەوە، تا هەموو لەشیان بگرێتەوە و جوانیی خۆیان دەرنەخەن و سینگ و ملیان دابپۆشن، ئەمە نزیکترە لەوەی کە بە داوێنپاک بناسرێنەوە، (لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ئەوەی ئافرەتی ئازاد بوایە بەو شێوازە خۆی دادەپۆشی، ئەوەشی کەنیزەک و داوێنپیس بوایە خۆی دانەدەپۆشی)، بۆیە دەیانزانی کە ئەمە ئافرەتی ئازادە و لەلایەن کەسانی خراپەوە ئازار نەدەدران، خوای گەورەش زۆر لێخۆشبوو و بەبەزەییە. ئەگەر بێتوو دووڕووان دەست

هەڵنەگرن و واز نەهێنن، هەروەها ئەو کەسانەیشی کە نەخۆشی گومان و دووددڵی لە دڵیاندایە کە مونافیقانن، یان زیناکارانن، هەروەها ئەوانەیشی کە پڕوپاگەندە بڵاو دەکەنەوە لە مەدینەدا کە دەڵێن: موسڵمانان تێکشکاون یان کوژراون یان دوژمن دەدات بەسەریاندا، ئەگەر ئەمانە واز نەهێنن، ئەوە ئەی موحەممەد ﷺ- تۆ هان دەدەین بە جەنگکردن لە دژیان و پاشان زاڵت دەکەین بەسەریاندا، پاشان لە مەدینەدا نامێنننەوە و دراوسێیت نابن و دەریان دەکەی، تەنها ماوەیەکی کەم نەبێ.

گوتیان: ئەو ئایەتە ڕوونی کردەوە کە فەرزبوونی حیجاب، لەبەر هۆکاری بوونی دووڕووەکان بووە: هەروەها وتەی خوای گەورەش: (في المدينة) واتا: تەنها ئافرەتانی مەدینە، کەواتە: ئا ئەوە یاسا و دەستوورێکە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو و بۆ مەبەستێکی دیاریکراویش، بێگومان ئەو مەبەستەش نەما و ڕۆیشت!!

دەڵێم:

فەرمایشتی خوای گەورە: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَنْ يُعْرَفْنَ﴾ واتا: پۆشینی حیجاب لەلایەن ئافرەتانەوە، ئەمە نزیکترە بۆ ئەوەی بناسرێنەوە کە ئازادن، نەوەکوو کەنیزەک، چونکە هێندێک لە خەڵکی کارەکانی مەدینە شەڕیان بە ئافرەتە باوەڕدارەکان

دەفرۆشت و ئازاریان دەدان؛ چونکە وایان گومان دەبرد کە کەنیزە کن.

پێشەوا (القرطبي) دەفەرموێ: «لەبەر ئەوەی نەریتی ئافرەتانی عەرەب شەرم نەکردن و خۆنەپاراستن بوو، هەروەها دەموچاوی خۆیان دەردەخست وەکوو کەنیزەکەکان، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی پیاوان تێیان بڕوانن و بیر پەلبهاوێژێت بۆ لایان؛ بۆیە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ- فەرمانیان کردووە، بەوەی فەرمانیان پێ بکرێت بە هێنانە خوارەوەی عەباکانیان بەسەریاندا، ئەگەر ویستیان لە مااڵ دەربچن بۆ پێداویستییەکانیان، ئافرەتان پێشتر پێشی ئەوەی ئاوەدەستخانە دروست بکرێت، دەچوونە (سەرئاو) لە دەشت و چۆڵەوانی، جا جیاوازی لەنێوانی ئەوان و نێوانی کەنیزەکەکان دروست دەبوو، ئیتر ئازادەکان بەخۆداپۆشینیان دەناسرانەوە، ئەوکاتیش ئەو کەسەی بێژن بووایە یان گەنج بوویە، خۆی دەگرتەوە لە ڕێگەپێگرتنیان و ئازاردانیان، ئافرەتێک لە ئافرەتانی باوەڕداران پێشی دابەزینی ئەو ئایەتە، کاتێک کە دەردەچوون بۆ سەرئاوکردن، تووشی هێدێک لە خەراپەکارەکان دەبوو و ڕێیان پێ دەگرت، کە وای گومان دەبر کەنیزەکە، ئەویش هاواری لێ دەکرد و کابراش دەڕۆیی، بۆیە سکاڵای ئەوەیا هێنا بۆ لای پێغەمبەر

-ﷺ-، ئیتر بەهۆی ئەمەوە ئەو ئایەتە دابەزی. حەسەنی بەسڕی و جگە لەویش گوتوویانە ئەوە واتاکەیەتی»[1].

ئا ئەوە بریتییە لە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە، کە تێیدا ڕوون بوویەوە حیجاب داندراوە؛ بۆ پارێزگاریکردن لە ئافرەتانی باوەڕدار و پاراستنیان، هەروەها ڕێگریکردن لەوەی فاسیقەکان ڕێیان پێ بگرن و ئازاریان بدەن!

بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە حوکمەکە کۆتایی پێ دێت بە کۆتایی هاتنی ئەو هۆکارەی لە سەرەتادا حوکمەکەی بۆ داندراوە؛ چونکە یەکێک لە بنەما و یاسا جێگیرەکان لەلای زانایان بریتییە لە: گرنگیدان و بایەخ بۆ گشتێتی دەربڕینەکەیە، نەک بۆ تایبەتییەتی هۆکارەکە (العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب).

مەبەستیش بەمە ئەوەیە کە ئایەتێک ئەگەر دەربڕینەکەی گشتی بێت، ئەوە حوکمەکەی کورت ناکرێتەوە لەسەر ئەو هۆکارە تایبەتەی سەرتا حوکمەکەی لەپێناودا داندراوە.

هەروەکوو کە ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ دەربڕینێکی گشتییە و هەموو ئافرەتێکی باوەڕدار دەگرێتەوە، تاوەکوو هەستانی قیامەت، بۆیە دروست نییە کەوا کورتبکرێتەوە لەسەر ئەو ئافرەتانەی لەسەردەمی پێغەمبەر -ﷺ- بوونیان هەبوو، بە پشت بەستن بە هۆکاری

[1] «تفسير القرطبي» (١٤/ ٢٤٣).

دابەزینی ئایەتەکەی پێشوو.

خۆ ئەگەر ئایەتە گشتییەکان کورت بکرێنەوە لەسەر هۆکارە تایبەتەکانیان؛ ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ لەکارخستنی زۆرێک لە حوکمەکان، هەروەها قورئانیش گشتی نەدەبوو بۆ هەموو خەڵکی و گونجاو نەدەبوو بۆ هەموو سەردەم و شوێنێک؛ چونکە بۆ نموونە ئایەتەکانی (الظهار)[1] هۆکاری دابەزینیان بریتیی بوو لە زیهارکردنی ئەوسی کوڕی سامت لە خێزانەکەی، بۆیە لێرەدا ناگوترێت کە حوکمی ئەو ئایەتە تایبەتە بە ئەوس و خێزانەکەی، بەهەمان شێوەش ئایەتەکانی میرات، جیهادکردن، لیعان، تۆمەتبارکردنی ئافرەتێکی باوەڕداری داوێنپاک، ڕێگریکردن، لەسەر هۆکارێکی دیاریکراو دابەزیون، بەڵام ئوممەت یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە حوکمەکەیان گشتییە و ماوەتەوە، تاوەکوو هەستانی قیامەت[2].

---

[١] (الظهار) واتە: پیاوێک هاوسەرەکەی بە ئافرەتێکی مەحرەمی خۆی بچوێنێت، یان بە ئەندامێکی ئەو مەحرەمەی بچوێنێت کە سەیرکردنی حەرامە، وەکوو ئەوەی بڵێت: تۆ وەکوو دایکم یان خوشکم وایت، یان تۆ وەکوو پشتی دایکم، یان ڕانی وایت... -وەرگێڕ-.

[٢] سەیری ئەو دوو سەرچاوەیە دەکرێت: (مجموع الفتاوى، لشيخ الإسلام ابن تيمية (٢٨/٣١)، و (شرح الأصول من علم الأصول، لابن عثيمين (ص ٢٦٢).

خۆ ئەگەر ئەو ئایەتانە کورت بکرێنەوە لەسەر هۆکارەکانیان، ئەوە حیجاب واجب نەدەبوو لەسەر ئافرەتانی بڕوادار، دوای جێگیربوونی ئیسلام لە مەدینە و نەمانی ئازاردانی ئافرەتان، ئەمەش هیچ کەسێک نایڵێت و هیچ شایەتێکیشی لەسەر نییە، بۆیە لە هیچ ئافرەتێکی باوەڕدار نەگوستراوەتەوە کەوا وازی لە حیجاب هێنابێت لە کۆتایی ژیانی پێغەمبەر -ﷺ-، یان لە سەردەمی ئەبوو بەکر یا عومەر، بە بەڵگەی نەمانی ئازاردان!

لەگەڵ ئەوەی ئێمە ملکەچ نابین بە نەمانی ئەو هۆکارەی کە سەرەتا حیجابی لەپێناودا داندراوە، کە بریتییە لە ڕێگەپێگرتن و ئازاردانی خەڵکی کارەکان بۆ ئافرەتانی دانەپۆشراو و وازهێنانیان لە ئافرەتانی داپۆشراو، چونکە ئەمە هەتا ئەمڕۆمان ماوە، لەبەر ئەوەی هەر ئافرەتێک جوانیی خۆی دەربخات و شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی نیشان بدات، ئەوە فاسیقەکانی پێ فریو دەدات و باگیشیان دەکات بۆ ئەوەی سەیری بکەن و پێیەوە تووشی فیتنە ببن.

هەر ئافرەتێکیش داپۆشراو بێت بە عەبای داپۆشراو، ئەوە دوورترە لە ئازاردان و شوێنکەوتن بە سەیرکردن و جگە لەوە.

پاشان بە دڵنیایی ئایەتەکەی سورەتی (الأحزاب)، تاکە فەرمان نییە بە حیجابکردن؛ چونکە ئایەتی سورەتی (النور) یش هەیە، کە باسی هۆکاری حوکمەکەی تێدا نییە، هەروەها ئەوەشی کە لە سوننەتدا هاتووە، وەکوو ئەو فەرموودەیەی

کـه پێغەمبـەر -ﷺ- دەفەرمـوویێ: «صِنْفَـانِ مِـنْ أَهْـلِ النَّـارِ لَـمْ أَرَهُـمَا، قَـوْمٌ مَعَهُـمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَـابِ الْبَقَـرِ يَضْرِبُـونَ بِهَـا النَّـاسَ، وَنِسَـاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَـاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ، رُءُوسُـهُنَّ كَأَسْـنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَـةِ، لَا يَدْخُلْـنَ الْجَنَّـةَ، وَلَا يَجِـدْنَ رِيحَهَـا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِـنْ مَسِـيرَةِ كَذَا وَكَـذَا»[1].

واتـه: دوو چیـن هەنە کە لـە ئەهلی ئاگرن و مـن نەمبینیون، خەڵکانێـک کـەوا قامچییان لەلایـە، وەکوو کلکـی مانگا وایە و پێـی لە خەڵکـی دەدەن [پۆلیسـی ستەمکارەکانن]، هەروەها ئافرەتانێکیـش پۆشـتەن و ڕووتیشـن [واتـە: لـە ڕووکـەش پۆشـتەن، بـەڵام لە ڕاسـتیدا ڕووتن، چونکـە پۆشـاکەکانیان یا تەنکـە یـان تەسـکە و یاخـود کورتـە]، لـە ڕێـگادا بـە لەنجە و لار و نـازەوە دەڕۆن و سـەرنجی پیـاوان بـۆ خۆیان ڕادەکێشـن، یاخـود لـە گوێڕایەڵـی خوا لایانـداوە و جگـە لە خۆشـیان فێری ئـەو کارە دەکـەن، سـەریان وەکـوو کۆپاڵی وشـتر وایـە [واتە: پرچیان لەسـەر سـەریان خڕدەکەنەوە و دەیکەنە تۆپەڵ]، ئەوانە ناچنە بەهەشـتەوە و بۆنیشـی ناکەن، ئەگەرچی بۆنی بەهەشـت لـە دووری ڕێـی ئەوەنـدە و ئەوەندە هەسـتی پـێ دەکرێت.

ئەو فەرموودەیە حەرامکردنی خۆدەرخستن و واجبیەتی خۆداپۆشینی تێدایە، هەروەها هەڕەشەی تونـدی تێدایە لەسەر وازهێنان لێی.

---

[١] أخرجه مسلم (٢١٢٨).

کورتە و پوختەی بابەتەکە ئەوەیە: کە دەکرێت ئەو گومانە بهێنرێتەوە بۆ سەر دەیان حوکم، ئەوانەی سەرەتا لەبەر هۆکارێکی دیاریکراو داندراون، بانگەشەی ئەوە بکرێت کە کۆتاییان پێ هاتووە بە کۆتاییهاتنی هۆکارەکە، ئەو کاتیش شەریعەت کورت و تایبەتە بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە، یان شوێنێکی دیاریکراوەوە، ئەمەش بێگومان شتێکی پووچ و بەتاڵە!

زانستیش هەر لەلای خوای بەرز و بڵندە.

*****

گومانی هەژدەیەم

(ئەگەر دەموچاوی ئافرەت عەورەت بێت، ئەدی بۆچی لەکاتی ئیحرامدا فەرمانی پێکراوە بە دەرخستنی؟)

دەڵێم:

بەڵگەهێنانەوە بە ڕێگەگرتنی پێغەمبەر ﷺ- لە ئافرەتێک کە لە ئیحرامدا بێت کە نیقاب بپۆشێت، لەسەر ئەوەی کە ڕووخساری ئافرەت عەورەت نییە؛ بەڵگەهێنانەوەیەکی ڕاست و دروست نییە!

لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ- فەرمانی بە ئافرەت نەکردووە کە لە ئیحرامدا دەموچاوی دەربخات، بەڵکوو تەنها قەدەغەی کردووە لە پۆشینی نیقاب، جیاوازیش لەنێوانی ئەو دوو کارەدا هەیە؛ چونکە ڕێگەگرتن لە پۆشینی نیقاب، لەبەر ئەوەیە نیقاب دووراوە بە ئەندازەی دەموچاو، لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانرێت دەموچاو دابپۆشرێت بە جگە لە نیقاب!

ئەمە وەکوو ڕێگەگرتنی پێغەمبەرە ﷺ- لە پیاوێک کە لە ئیحرامدایە، کراس لەبەر بکات، ئێ ئەمە واتای ئەوە نییە کەوا بەڕووتی بڕوات، بەڵکوو هەر دەبێت لاشەی دابپۆشێت بەبێ کراس، وەکوو ئیزار و ڕیداء.

هەر لەبەر ئەمەشە کە ئافرەتان لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ- ڕووخساریان دادەپۆشی لەکاتی ئیحرامدا، بەڵام بەبێ نیقاب [واتە: بە شتێکی دیکە]، ئەگەر نزیک بوونایە لە پیاوان.

لە ئەسمائی کچی ئەبوو بەکرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- هاتووە کە گوتوویەتی: «كُنَّا نُغَطِّي وجُوهَنَا مِنَ الرِّجالِ، وكنَّا نَتَمَشَّطُ قَبْل ذلك في الإحْرَامِ»[1].

واتە: ئێمە دەموچاوی خۆمان لە پیاوان دادەپۆشی، هەروەها ئێمە پێشی ئەوە قژیشمان شانە دەکرد لە ئیحرامدا.

هەروەها لە فاتیمەی کچی مونزیرە هاتووە کە گوتوویەتی: «كُنَّا نُخَمِّرُ وُجُوهَنَا وَنَحْنُ مُحْرِمَاتٌ وَنَحْنُ مَعَ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ»[2].

واتە: ئێمە دەموچاوی خۆمان دادەپۆشی، لەکاتێکدا لە ئیحرامدا بووین و ئێمە لەگەڵ ئەسمائی کچی ئەبوو بەکری سددیق بووین.

---

[1] أخرجه ابن خزيمة في «صحيحه» (٢٦٩٠) (٤/٢٠٣)، والحاكم في «المستدرك» (١٦٦٨) وقال: هذا حديث صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه. وقال الألباني: صحيح على شرط مسلم. ينظر: «إرواء الغليل» (٤/٢١٢).

[2] أخرجه مالك في «الموطأ» (٧٢٦) وقال المحدث الألباني: إسناده صحيح. ينظر: «إرواء الغليل» (٤/٢١٢).

شێخ ئیبن عوسەیمین -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرموێ: «لم يرد عن النبي -ﷺ- نهي المرأة [المحرمة] عن تغطية وجهها، وإنما ورد النهي عن النقاب، والنقاب أخص من تغطية الوجه، لكون النقاب لباس الوجه، فكأن المرأة نهيت عن لباس الوجه، كما نهي الرجل عن لباس الجسم»[1].

واتە: لە پێغەمبەرەوە -ﷺ- نەهاتووە کەوا ڕێگەی لە ئافرەتێک گرتبێت کە لە ئیحرامدایە لەوەی ڕووخساری دابپۆشێت، بەڵکوو تەنها ڕێگەگرتن لە نیقاب هاتووە، نیقابیش تایبەتترە لە داپۆشینی ڕووخسار؛ لەبەر ئەوەی نیقاب پۆشاکی ڕووخسارە، کەواتە وەکوو ئەوە وایە کە ئافرەت ڕێگەی لێ گیرابێت لە پۆشاکی ڕووخسار، هەروەکوو چۆن پیاو قەدەغە کراوە لە پۆشینی پۆشاکی لاشە.

کەوابوو بەمە دەردەکەوێت کە ئەو قسەیەی دەڵێت ئافرەتێک ئەگەر لە ئیحرامدا بێت، فەرمانی پێکراوە بە دەرخستنی ڕووخساری، ڕاست و دروست نییە[2].

---

[١] الشرح الممتع (١٦٥/٧).

[٢] شێخ (عبدالعزيز الطريفي) دەڵێت: «پێویستە بزانرێت کە خوای گەورە لەکاتی ئیحرامدا جۆرە پۆشاکیکی لەسەر پیاو حەرام کردووە، وەکوو: کراس و شەڕواڵ و گۆرەوەی، جۆرە پۆشاکێکیش لەسەر ئافرەت، وەکوو نیقاب و دەسکێش، واتە: ئەو پۆشاکەی بە ئەندازەی ئەندامەکە دەوراوە... بەڵام حەرامکردنی پۆشاکێکی

*****

دیاریکراو، واتای دەرخستنی ئەو ئەندامە نییە، بۆیە حوکمەکە پەیوەستە بە پۆشاکەکە، نەوەک ئەندامەکەی ژێری... ئەو قسەیەش کە دەڵێت: نیقاب حەرامە لەسەر ئافرەتی موحریم لەکاتی حەجدا و واجبە کە دەریبخات، ئەمە وای لێ دەخوازرێت کە پیاوێش لەسەری پێویستە ئەو ئەندامەی دەربخات کە لە ژێر ئەو پۆشاکەیە کەوا ڕێگری لێ کراوە لە پۆشینی؛ چونکە فەرموودەکەیان یەکێکە و لە یەک سیاقدا هاتوون... بێگومان ئیبن عەبدولبەڕ و ئیبن قودامە و جگە لەوانیش، یەکدەنگیان گواستۆتەوە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت دەتوانێت ڕووخساری دابپۆشێت لە پیاوانی بێگانە لەکاتێکدا کە لە ئیحرامدایە». [الحجاب في الشرع والفطرة، للطريفي، ص: ٤٦-٤٨]. -وەرگێڕ-.

کۆتایی

سوپاس و ستایش هەر بۆ ئەو خوایەی کە بەهۆی نیعمەتەکانی، کارە چاکەکان تەواو دەبن.

ئا ئەوە ئەوەندە بوو کە کۆکردنەوەی ئاسان بوو لەو بابەتەدا، بێگومان ڕەچاوی کورتی و پوختی و ئاسانی دەستەواژەکانم تێیدا کردووە، لەگەڵ بچووکی قەبارەی چاپکراو؛ تاوەکوو پەرتووکەکە هەڵگرتنی سووک بێت، هەروەها ئاسانیش بێت لەسەر عاممەی خەڵکی، داواش لە خوای پەروەردگار دەکەم کە بەهۆیەوە سوود بە خوشکە موسڵمانەکانمان بگەیەنێت، ببێتە هۆکارێکیش بۆ دەستگرتنیان بە نیقابەکەیان.

گونجاویشە بۆم کەوا باسی ئەو دەرئەنجامانە بکەم کە پێی گەیشتم لەو توێژینەوەیە کورت و ئاسانە، ئەویش بریتییە لە:

١. نیقاب شتێکی شەرعیی و ناسراوە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرمان -ﷺ- تاوەکوو ئەو سەردەمەی خۆمان، گوتنی ئەوەی کە نیقاب بیدعەیە؛ قسەیەکی پووچ و بەتاڵە و بەهیچ شێوەیەک بایەخی پێنادرێت.

٢. وتەی هەرەپەسەند دەربارەی حوکمی داپۆشینی ڕووخساری ئافرەت، لەکاتێکدا پیاوانی بێگانە ئامادەنە، بریتییە لە واجببون، ئەمەش لەکاتی بوونی فیتنە زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە[١].

[١] بوونی فیتنە وەکوو ئەوەی ئافرەتەکە زۆر گەنج و جوان بێت و ڕووخساری سەرنجڕاکێش بێت، بەشێوەیەک پیاوان بەهۆیەوە تووشی فیتنە ببن، یان بڵاوبوونەوەی خەراپە و زۆربوونی خەڵکی خەراپ و لاوازبوونی دینیان و خۆنەپاراستنیان لە نەزەری حەرام. لەو حاڵەتانەشدا زانایان یەکدەنگن لەسەر واجببونی داپۆشینی ڕووخسار، ئەمەش هێندێک لە وتەکانیان:
(ابن نجيم الحنفي) دەفەرموێت: «قال مشايخنا: تمنع المرأة الشابة من كشف وجهها بين الرجال؛ للفتنة".
(محمد أنور الكشميري الحنفي) دەفەرموێت: «قيل: الزينة هي الوجه والكفان، فيجوز الكشف عند الأمن عن الفتنة على المذهب، وأفتى المتأخرون بسترها لسوء حال الناس".
(أحمد عز الدين البيانوني الحنفي) دەفەرموێت: «أما ما يروى عن أئمة الأمصار، من جواز نشفها وجهها و كفيها، فمقيد بعدم الفتنة، وأين ذلك المجتمع المهذب، الذي يأمن الإنسان عند خروج المرأة السافرة".
(ابن خويز منداد المالكي) دەفەرموێ: «إن المرأة إذا كانت جميلة، وخيف عليها من وجهها وكفيها الفتنة، فعليها ستر ذلك، وإن كانت عجوزا، أو مقبحة، جاز أن تكشف وجهها وكفيها".
(أبو عبدالله الحطاب المالكي) : «واعلم أنه إن خشي من المرأة الفتنة، يجب عليها ستر الوجه والكفين، قاله قاضي عبدالوهاب، ونقله عنه الشيخ أحمد زروق في «شرح الرسالة»، وهو ظاهر

٣. نیقاب تایبەت نییە بە خێزانەکانی پێغەمبەر -ﷺ-، بەڵکوو گشتییە بۆ هەموو ئافرەتانی موسڵمانان.
٤. خوای بەرز و بڵند نیقابی فەرز کردووە؛ بۆ پارێزگاریکردن لە ناموس و ڕێز و شکۆ و داوێنپاکی ئافرەت، هەروەها بۆ پارێزگاریکردنیش لە پیاوان لەوەی تووشی فیتنە نەبن پێیانەوە.
٥. پۆشین و لەبەرکردنی عەبا و پەچە لەلایەنی ئافرەتانەوە، یارمەتی گەنجەکان دەدات لەسەر دامەزراوی و پەیوەستبوون بە ئایین، بەڵام خۆڕازاندنەوە و ڕووخسار

التوضيح، هذا ما يجب عليها».
(الخطيب الشربيني الشافعي) دەفەرموێت: «ويكره أن يصلي في ثوب فيه صورة، وأن يصلي الرجل متلثمًا والمرأة منتقبة، إلا أن تكون في مكان وهناك أجانب، لا يحترزون عن النظر إليها، فلا يجوز لها رفع النقاب».
(الشيخ يوسف الدجوي) دەفەرموێت: «أما إذا خشيت الفتنة، ولم يؤمن الفسادو فلا يجوز كشف وجهها، ولا شيء من بدنها بحال من الأحوال عند جميع العلماء".
[أدلة الحجاب، تأليف: محمد بن إسماعيل المقدم، ص: ٤٦٢-٤٧٠].
[الكشف عن مذاهب العلماء في إبداء الوجه والكف، تأليف: د. لطف الله خوجه، ص: ١١ و ٩٤ و ٩٥].
[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د. سعيد القحطاني، ص: ٣٦٣]. -وەرگێڕ-.

دەرخستن، دەبێتە هۆی زۆربوونی بەدڕەوشتی و بڵاوبوونەوەی زینا.

٦. نیقاب هۆکار نییە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان، هەروەکوو وا گومان دەبەن، هەروەها قۆستنەوە و بەکارهێنانیشی لەلایەن هێندێک لە گەمژە و خەراپەکارەکانەوە، نابێتە پاساوی قەدەغەکردنی.

٧. ئەو گومانانەی کەوا دەربارەی نیقاب دروست بوونە، هەموویان درۆ و بوختانی هەڵبەستراون، بۆیە نابێت ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

٨. هەموو ئەو فەرموودانەی کەوا موخالیفەکان دەیکەنە بەڵگە لەسەر دروستێتی ڕووخسار دەرخستن، یان لاوازن و سەحیح نییەنە، یاخود سەحیحن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابنە بەڵگە لەسەر دروستێتی دەرخستنی ڕووخسار.

٩. ئەگەر موسڵمان گوێی لە هەر قسەیەک بوو کە پەیوەست بێت بە ئایینی خواوە، ئەوا هەر دەبێت بیخاتە بەردەم قورئان و سوننەت، پێشی ئەوەی وەری بگرێت.

لەکۆتاییدا بەهەموو نیقابپۆشێک دەڵێم:

ئەی خوشکەکەم ! خوای گەورە فەرِ و بەرەکەت و پیرۆزی خۆی تیاتدا زیاد و بەردەوام بکات و پاداشتی چاکەشت بداتەوە لەسەر خۆداپۆشینت بە حیجابی شەرعی، ئەو حیجابەی خوای گەورە لەسەری فەرز کردووی، جێگیر و دامەزراوبە لەسەر ئەو حیجابەی کە لە سەری، تاوەکوو دەگەیتەوە بە خوای گەورە، لەکاتێکدا ئەو لێت ڕازییە، ئەو هێرشە درندانانەشی کە دەکرێنە سەر نیقاب، هیچ زەرەرت پێ ناگەیەنێت؛ چونکە شتێکی ناڕەوا و پووچە، ناڕەواش لەناوچووە.

هەروەها بەزۆری لەناوچووەکان هەڵمەخەڵەتێ و کەمی ئەوانەشی ڕێگەی ڕاستیان گرتۆتەبەر زیانت پێ ناگەیەنێت؛ لەبەر ئەوەی شوێنکەوتووانی ڕاستی بەردەوام کەمن و شوێنکەوتووانی ناڕەوا و بەتاڵیش بەردەوام زۆرن، بەڵام ئەوان کەفن و وەکوو کەفی سەر دەریاش وان!

ئەمەش لە کتێبی پەروەردگارمان و سوننەتی پێغەمبەرمان -ﷺ- فێربووینە، خوای بەرز و بڵند دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ﴾ [یوسف: ١٠٣].

واتە: زۆربەی خەڵکی هەرچەند تۆ سوور بیت لەسەر باوەڕهێنانیان، نابنە ئیماندار.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ [الأنعام: ١١٦].

واتە: ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربەی ئەوانە بیت کە لەسەر زەوییدان، ئەوا لە ڕێگەی خوا گومڕات دەکەن و لات دەدەن.

کەواتە ئەی خوشکەکەم! ئارامبگرە، بەهەشتت بۆ هەیە -إن شاء الله-.

هەروەها بەو خەڵکانەش دەڵێم. ئەوانەی کەوا جەنگ هەڵگیرسێنن بۆ سەر نیقاب و ماوە ماوە هێرشی دەکەنە سەر:

لەخوا بترسن، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کەوا دەست هەڵگرن؟!

چیتان دەوێت لە موسڵمانان؟ هەروەها چیتان دەوێت لە ئافرەتە بەڕەوشت و داوێنپاکەکان؟!

ئایا بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی و خەراپەکاریتان دەوێت لەناو خەڵکیدا؟!

یان دەتانەوێت خەڵکی بخەنە گومان لە حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام؟!

ئەگەر دەتانەوێت ئیسلام لەناو ببەن؛ ئەوە زۆر دوور و ئەستەمە! چونکە بە دڵنیایی خوای گەورە پاراستنی ئایینەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، هەروەکوو چۆن پارێزەرانی

ئیسلامیش بەهێزن، سەرکەوتوونە و لەسەر حەقن، ئەوانەی کەوا سەریان ناخەن و پشتیان بەرەدەدەن، زەرەریان پێ ناگەیێنن، تاوەکوو فەرمانی خوا دێت.

داوا لە خوا دەکەم کەوا ڕێنماییتان بکات و ئێوە و هەموو موسڵمانانیش بەجوانی بگێرێتەوە بۆ لای ئایینەکەی.

وصلِّ اللهم وسلم على سيد المرسلين وقائد الغر الميامين محمد بن عبد الله وعلى آله وصحبه أجمعين.

سبحانك لا علم لنا إلا ما علمتنا، وحسبنا الله ونعم الوكيل، والحمد لله رب العالمين.

*****

پاشکۆکان [1]

پاشکۆی یەکەم: وەڵامی چەند گومانێکی دیکە

گومانی نۆزدەیەم
(فەرموودەکەی ئەسمائی کچی ئەبوو بەکر)

گوتیان: یەکێک لە بەڵگەکانی دەرخستنی دەست و دەموچاو، فەرموودەکەی ئەسمائی کچی ئەبوو بەکرە -ڕەزای خوایان لێبێت-، کاتێک هاتە لای پێغەمبەر -صلَّى اللهُ علیهِ وسلَّم-، پۆشاکێکی تەنکی لەبەردابوو، بۆیە پێغەمبەر پشتی تێ کرد و پێی فەرموو: «يَا أَسْمَاءُ، إِنَّ الْمَرْأَةَ إِذَا بَلَغَتْ الْمَحِيضَ، لَمْ تَصْلُحْ أَنْ يُرَى مِنْهَا إِلا هَذَا وَهَذَا» -وَأَشَارَ إِلَى وَجْهِهِ وَكَفَّيْهِ-.

واتە: «ئەی ئەسماء، بێگومان ئافرەت ئەگەر گەیشتە تەمەنی سووڕی مانگانە [واتە: باڵغ بوون]، بۆی گونجاو و دروست نییە کە هیچ بەشێکی لاشەی ببیندرێت، تەنها ئەوە و ئەوە نەبێت» ئاماژەی بۆ دەموچاوی و دەستەکانی کرد.

---

[1] ئەم چەند پاشکۆیە زیادکراوە بۆ پەرتووکەکە لەلایەن وەرگێڕەوە، لەبەر پێویستی و بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە.

دەڵێم:

وەڵامی ئەو گومانە لە دوو ڕووەوە دەبێت:

یەکەم: ئەم فەرموودەیە پێشەوا (أبو داوود) گێڕاویەتییەوە بە ژمارەی (٤١٠٤)، هەروەها بەیهەقییش لە (السنن الكبرى) دا گێڕاویەتییەوە، بەڵام فەرموودەکە سەنەدەکەی زەعیفە؛ لەبەر ئەوەی پچڕان لە سەنەدەکەیدا هەیە، هەروەکوو خودی ئەبوو داوود دوای هێنانی فەرموودەکە باسی کردووە و دەفەرمووێ: «هَذَا مُرْسَلٌ؛ خَالِدُ بْنُ دُرَيْكٍ لَمْ يُدْرِكْ عَائِشَةَ». واتە: ئەو فەرموودەیە (مورسەل)ە؛ چونکە (خالد بن دُرَيْك) [کە فەرموودەکە لە عائیشەوە دەگێڕێتەوە]، نەگەیشتووە بە عائیشە». بۆیە ناکرێتە بەڵگە لەسەر دروستێتی دەرخستنی ڕووخسار.

بۆ زیاتر شارەزابوون لە عیللەت و هۆکارەکانی زەعیفەیەتی فەرموودەکە، دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەو کتێبانەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم.

دووەم: هەرچەندە ئەوەندە بەسە بۆ ڕەتکردنەوەی فەرموودەکە کەوا زەعیف بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک لە زانایان دەڵێن: فەرموودەکە ئەگەر جێگیر و سەحیحیش بێت، ئەوە پێشی دابەزینی ئایەتی حیجاب بووە و دوایی نەسخ بۆتەوە، هەروەکوو: (ابن قدامة المقدسي)، (ملا علي القاري)، (الشنقيطي)، (صالح بن إبراهيم البليهي)،

(محمد علي الصابوني)، (محمد بن صالح العثيمين)، (عبدالعزيز بن خلف) وا دەفەرموون.

وەکوو پێشەوا ئیبن قودامە دەڵێت: «هەرچی فەرموودەکەی ئەسمائە، ئەوە وا لێک دەدرێتەوە کە پێشی دابەزینی حیجاب بووە، بۆیە ئێمە ئاوای لێک دەدەینەوە». المغني.

[الكشف عن مذاهب العلماء في إبداء الوجه والكف، تأليف: د. لطف الله خوجه، ص:٤٨-٤٩].

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د. سعيد القحطاني، ص: ٩٧ و ٣٥٤-٣٥٧ و ٣٩٤-٤٠٤].

[أدلة الحجاب، تأليف: محمد بن إسماعيل المقدم، ص: ٣٧٠-٣٨٤].

تێبینی: چەند فەرموودەیەکی دیکەش هەنە، کە هاوشێوەیە ئەو فەرموودەیەن لەڕووی واتاوە، وەکوو فەرموودەکەی ئەسمائی کچی عومەیس و عائیشە، زانایان دەفەرموون ئەوانیش سەنەدەکەیان زەعیفە و ناکرێن بە بەڵگە.

*****

گومانی بیستەم

(فەرموودەی ئافرەتە ڕوومەت ڕەشەکە!)

گوتیان: یەکێک لە بەڵگەکانی دەرخستنی ڕووخسار، ئەو فەرموودەیەیە کە جابری کوڕی عەبدوڵڵا -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ علیه وسلَّم- ئامادەی نوێژی جەژن بووم... ئەوەبوو هاتە لای ئافرەتان، ئامۆژگاری کردن و خوای بیری خستنەوە، ئینجا فەرمووی: «تَصَدَّقْنَ؛ فإنَّ أَكْثَرَكُنَّ حَطَبُ جَهَنَّمَ»، فَقَامَت امْرَأَةٌ من سِطَةِ النِّسَاءِ سَفْعَاءُ الخَدَّيْن، فَقالَتْ: لِمَ يا رَسولَ الله؟ قَالَ: «لأَنَّكُنَّ تُكْثِرْنَ الشَّكَاةَ، وَتَكْفُرْنَ العَشِيرَ»، قالَ: فَجَعَلْنَ يَتَصَدَّقْنَ من حُلِيِّهِنَّ؛ يُلْقِينَ في ثَوْبِ بِلَالٍ من أَقْرِطَتِهِنَّ وَخَوَاتِمِهِنَّ». [أخرجه البخاري (٩٦١)، ومسلم (٨٨٥)].

واتە: خێر بکەن و لە ماڵەکانتان ببەخشن؛ چونکە زۆرینەی ئێوەی ئافرەتان سوتەمەنی دۆزەخن. ئینجا جابر دەڵێت: ئافرەتێک لە ناوەڕاستی ئافرەتەکان هەستایەوە کەوا ڕەنگی ڕوومەتەکانی گۆڕابوو بەرەو لای ڕەشی، گوتی: لەبەرچی ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: لەبەر ئەوەی ئێوە سکاڵا زۆر دەکەن [و بە کەم ڕازی نییەن]، هەروەها نکوولی لە چاکە و مافی هاوسەرەکانتان دەکەن لەسەرتان، جابر دەڵێت: ئیتر ئافرەتەکان دەستیانکرد بە خێرکردن و بەخشین

لـه زێـڕ و زیوەکانیـان؛ گـواره و ئەنگوسـتیلەکانیان دەخسـته نـاو کۆشـی بیلالەوە.

دەڵێم:

وەڵامی ئەو گومانە لەچەند ڕوویەکەوە دەبێت:

یەکـەم: نوێـژی جەژن پێشـی دابەزینـی ئایەتەکانی حیجاب دانـدرا، بۆیـه دەکرێـت ئـەو ڕووداوە پێشـی دابەزینـی ئایەتـی حیجـاب بـوو بێت.

دووەم: ئەگـەر دوای دابەزینـی ئایەتـی حیجابیـش بێـت، ئـەوە هیـچ کێشـەی تێـدا نییـه؛ چونکـه ڕەنگـه ئافرەتەکـه پیر و بەتەمـەن بـوو بێـت و خەڵکـی بەهۆیـەوە تووشـی فیتنـه نەبووبـن، واتـه: لەوانـه بێـت کـەوا داپۆشـینی ڕووخسـار لەسـەریان نەمابێـت. بـه بەڵگـەی ئـەوەی کـەوا بـەزۆری وا باوبـووە، ئـەو ئافرەتـەی بوێـری تێـدا بـووە بـۆ پرسـیارکردن لە پیـاوان، بەتەمەنترینیـان بـووە.

سـێیەم: هەتـا ئەگـەر ئافرەتەکـه گەنجیـش بێـت، ئـەوە وەکـوو دیـارە جـوان نەبـووە و ڕوومەتـی ڕەش بـووە و پیـاوان ئارەزوویـان لـێ نەکـردووە، بەمەش هەمـان حوکمـی ئافرەتانی پیـری هەیە.

هەروەکوو شێخ (صالح بن إبراهيم البليهي) و (محمد بن صالح العثيمين) ئیبن عوسەیمین باسی ئەو خاڵانەیان کردووە.

چوارەم: دەکرێت لەو کاتەدا پێچەکەی لەسەر ڕووخساری لاکەوتبێت، بەبێ مەبەست. شەنقیتی و تۆێجری دەڵێن: لە فەرموودەکەدا ئەوە نەهاتووە کەوا پێغەمبەریش -صَلَّى اللَّهُ علیه وسلَّم- ڕووخساری ئافرەتەکەی بینیبێت و دانیشی پێدا نابێت لەسەر ئەو حاڵەتە، بەڵکوو ئەوپەڕییەکەی ئەوەیە کەوا جابر ڕووخساری بینیوە، ئەمەش وا ناخوازێت کەوا بە مەبەستەوە دەریخستبێت؛ چونکە چەند ئافرەت هەیە کەوا بەبێ مەبەست پێچە و سەرپۆشەکەی لەسەر دەموچاوی لادەکەوێت و لەو کاتەشدا هێندێک لە خەڵکی دەیبینن. ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کەوا هەمان ڕووداو ئیبن مەسعوود و ئیبن عومەر و ئیبن عەباس و ئەبوو هوڕەیڕە و ئەبوو سەعیدی خودری وتارەکەی پێغەمبەریان گواستۆتەوە و هیچ کامیشیان باسی ئەوەیان نەکردووە کەوا ئافرەتەکە ڕووخساری بەدەروە بووبت.

هەر فەرموودەیەکیش ئەگەر ئیحتیمال ڕووی تێ کرد، ئەوە بەڵگە پێهێنانەوەی پووچەڵ دەبێتەوە(وما تطرَّق إليه الاحتمال بطل به الاستدلال).

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د. سعيد القحطاني، ص: ٣٤٨-٣٨٩ و ٤٠٨-٤١٦].

[أدلة الحجاب، تأليف: محمد بن إسماعيل المقدم، ص: ٣٩٣-٤٠٠].

گومانی بیست و یەکەم
(فەرموودەی ئەو ئافرەتەی هات خۆی بەخشی بە پێغەمبەر -ﷺ-)

گوتیان: یەکێک لە بەڵگەکانی دروستییەتی دەرخستنی دەموچاو، ئەو فەرموودەیەیە کە سەهلی کوڕی عەبدوڵڵا -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە: «أَنَّ امْرَأَةً جَاءَتْ رَسُولَ اللَّه -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ- فَقالَتْ: يا رَسولَ اللَّه، جِئْتُ لأهَبَ لكَ نَفْسي، فَنَظَرَ إلَيْهَا رَسولُ اللَّه -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم- فَصَعَّدَ النَّظَرَ إلَيْهَا وصَوَّبَهُ، ثُمَّ طَأْطَأَ رَأْسَهُ، فَلَمَّا رَأَت المَرْأَةُ أنَّه لَمْ يَقْضِ فيهَا شيئًا جَلَسَتْ». رواه البخاري ومسلم والنسائي.

واتە: ئافرەتێک هاتە لای پێغەمبەری خوای -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم-، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، هاتووم بۆ ئەوەی نەفسی خۆم ببەخشمە تۆ[واتە: مێردت پێ دەکەم بەبێ مارەیی]! بۆیە پێغەمبەری خواش -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم- سەیری کرد، ئەوەبوو تێڕوانینی بۆ بەرزکردەوە و نزمی کردەوە[واتە چەند جارێک سەیری سەرەوە و خوارەوەی کرد و لێی وردبووەوە]، پاشان پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم- سەری نزم کردەوە و بێ دەنگ بوو، جا کاتێک ئافرەتەکە بینی هیچ بڕیارێکی دەربارەی نەدا[بەڕازی بوون و ڕازی نەبوون]؛ ئەوەبوو دانیشت....

دەڵێم:

وەڵامدانەوەی ئەم گومانە لەچەند ڕوویکەوە دەبێت:

یەکەم: لە فەرموودەکەدا بەڕاشکاوی ئەوە نەهاتووە کەوا ئافرەتەکە ڕووخساری بەدەرەوە بووبێت، ئەوپەڕییەکەی ئەوەیە کە پێغەمبەر -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم- سەیری سەروە و خوارەوەی کردووە، نەیگوتووە سەیری دەموچاوی کرد، بۆیە ئەمە وا ناخوازێت کە دەموچاوی بەدەرەوە بووبێت و سەیری دەموچاوی کردبێت. بەڵکوو ڕەنگە سەیرکردنەکەی بۆ زانینی ڕێز و شکۆی بووبێت؛ چونکە دیمەنی مرۆڤ بەڵگەیە لەسەر ئەمە. ئەو کەسەشی بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو ئافرەتە ڕووی بە دەرەوە بووە، پێویستە لەسەری بەڵگەیەکی ڕاشکاو بێنێت.

دووەم: ئەگەر بشڵێن ئەدی بۆچی سەیری سەرەوەی کردووە، ئەگەر ڕووخساری بەدەرەوە و ڕووت نەبووبێت، دەڵێین باشە، ئەدی بۆچی سەیری خوارەوەی کردووە، خۆ خوارەوەشی بەدەرەوە نەبووە؟!

سێیەم: خۆ ئەگەر واشی دابنێین کەوا دەموچاوی دەرخستبێت، ئەوە شتێکی ئاساییە؛ چونکە هاتووە بۆ ئەوەی پێغەمبەر ببینێت و بیخوازێت، بێگومان لە حاڵەتی خوازبێنی کردنیشدا دروستە پیاو سەیری

ڕووخساری ئافرەت بکات و ئافرەتەکەش بۆی دروستە ڕووخساری خۆی بۆ پیاوەکە دەربخات.

چوارەم: ئەو ڕوورداوە وا ناخوازێت کەوا دوای دابەزینی ئایەتەکانی حیجاب بێت، چونکە ئەگەری هەیە پێشی دابەزینی ئایەتی حیجاب بێت، هەروەکوو (القاضي أبو بكر ابن العربي) وا دەفەرموێت. ئەو کەسەشی بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو ڕوورداوە دوای ئایەتی دابەزینی حیجاب بووە، ئەوە با بەڵگە بێنێت.

کەواتە بەمە دەرکەوت کەوا فەرموودەکە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوان؛ چونکە شتێکی زانراوە کە (هەر بەڵگەیەک ئەگەر ئیحتیمال ڕووی تێ کرد، ئەوە بەڵگە پێهێنانەوەی پووچەڵ دەبێتەوە).

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د. سعيد القحطاني، ص: ٩٤٣-١٥٣ و ١٢٤-٠٢٤].

[أدلة الحجاب، تأليف: محمد بن إسماعيل المقدم، ص:٣٠٤-٤٠٤].

[الكشف عن مذاهب العلماء في إبداء الوجه والكف، تأليف: د. لطف الله خوجه، ص:٣٥-٤٥].

*****

گومانی بیست و دووەم

(فەرموودەکەی فەزڵی کوڕی عەببباس کاتێک سەیری ئافرەتە جوانەکەی کرد!)

گوتیان: یەکێکی دیکە لە بەڵگەکانی دەرخستنی دەموچاو لەلایەن ئافرەتەوە، ئەو فەرموودەیەیە کەوا عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس -ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕێتەوە و دەڵێت: فەزڵی کوڕی عەببباسی بۆ لە دواوەی پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم- سواری ئاژەڵێک ببوو، لە کاتی حەجی مانئاواییی لە ڕۆژی جەژندا، پێغەمبەریش وەستا و وەڵامی پرسیاری خەڵکی دەدایەوە «وأَقْبَلَت امْرَأَةٌ من خَثْعَم وضيئَةٌ تَسْتَفْتي رَسولَ اللَّه -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ-، فَطَفِقَ الفَضْلُ يَنْظُرُ إلَيْهَا، وأَعْجَبَهُ حُسْنُهَا، فَالْتَفَتَ النَّبيُّ -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ- والفَضْلُ يَنْظُرُ إلَيْهَا، فأخْلَفَ بيَده فأخَذَ بذَقَن الفَضْل، فَعَدَلَ وجْهَهُ عَن النَّظَر إلَيْهَا، فَقَالَتْ: يا رَسولَ اللَّه، إنَّ فَريضَةَ اللَّه في الحَجِّ علَى عبَاده، أدْرَكَتْ أبي شَيْخًا كَبيرًا، لا يَسْتَطيعُ أنْ يَسْتَويَ علَى الرَّاحلَة، فَهلْ يَقْضي عنْه أنْ أحُجَّ عنْه؟ قَالَ: نَعَمْ». أخرجه البخاري (٨٢٢٦)، ومسلم (٤٣٣١).

واتە: ئەوەبوو ئافرەتێکی جوان کە لە هۆزی (خَثْعَم) بوو[هۆزێکی یەمەنی بوون] هات بەرەو ڕووی و پرسیاری لە پێغەمبەری خوا دەکرد -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم-، ئەوەبوو فەزڵ

سەیری دەکرد و جوانییەکەی سەرسامی کردبوو، پێغەمبەر -صَلَّى اللهُ عليه وسلَّم- ئاوڕی دایەوە بینی فەزڵ سەیری دەکات، بۆیە بە دەستی بردییە دواوە و چەناگەی فەزڵی گرت و ڕووی وەردەسووڕاند بۆ لایەکی دیکە؛ تاوەکوو سەیری نەکات، ئینجا ئافرەتەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، کاتێک فەرزی خوای گەورە کە حەجە لەسەر بەندەکان فەرز کرا، باوک[مُحْصَينُ بنُ عَوفٍ الخَثْعميّ] ئەوکاتی پیرێکی بەتەمەن بوو، نەیدەتوانی لەسەر سواری ڕابوەستێت و خۆی بگرێت، ئایا دەکرێت لە بڕی ئەو حەج بکەم؟ فەرمووی: بەڵێ حەجی لەجیاتی بکە.

دەڵێم:

وەڵامی ئەو گومانەش لەچەند ڕووێکەوە دەبێت:

یەکەم: پێشەوا شەنقیتی دەفەرمووێ: لە فەرموودەکەدا بەڕاشکای نەهاتووە کەوا ئافرەتەکە دەست و دەموچاوی بەدەرەوە بووبێت، ئەوپەڕییەکەی ئەوەیە کە لە فەرموودەکەدا هاتووە دەڵێت: ئافرەتەکە (وضيئة) بووە، لە هێندێک گێڕانەوەشدا هاتووە کەوا (أنها حسناء)، ئەمەش وا ناخوازێت کە ڕووخساری بەدەرەوە بووبێت، بەڵکوو جاری وایە ئافرەت بەبێ مەبەست سەرپۆش و پەچەکەی لەسەر دەموچاوی لادەکەوێت.

دووەم: وەسفکردنی ئافرەت بە (الوضاءة) و (الحُسن)، ئەمە بینینی ڕووخساری لێ نافامرێتەوە؛ چونکە جوانی(الوضاءة) بە بەژن و بالاش دەزاندرێت، جاری واش هەیە بە تەنها بە بینینی سەرەپەنجەکانی دەزاندرێت، وەکوو شاعیر دەڵێت:

طافَت أُمامَةُ بالرُكبانِ آونَةً
يا حُسنَهاَ مِن قَوامٍ ما وَمُنتَقَبا

لێرەدا شاعیر زیادەڕەوی کردووە لە باسکردنی جوانی بەژن و باڵای، لەگەڵ ئەوەشدا داپۆشراو بووە و ڕووی بەدەرەوە نەبووە!

سێیەم: پاشان لە فەرموودەکەدا نەهاتووە کەوا سەیری ڕووی کردبێت، بەڵکوو دەڵێت سەیری ئافرەتەکەی دەکرد، هەر کەسێکیش بانگەشەی ئەوە بکات کەوا ڕووی بینیبێت، داوای بەڵگەی لێ دەکەین.

چوارەم: (ابن قطان) و (الشنقيطي) دەڵێن: ئەگەر واش دابنێین کە ڕووی بەدەرەوە بووبێت، ئەوە ئافرەتەکە لە ئیحرامدا بووە، بۆ ئافرەتێکیش کە لە ئیحرامدا بێت، دروستە ڕووی خۆی دەربخات، ئیللا ئەگەر ترسی فیتنە هەبێت. چەند فەرموودەیەکیشمان هەیە بەڵگەنە لەسەر ئەوەی ئەو ئافرەتە لەکاتی ئیحرامدا بووە، بە

دڵنیایی و بەدیاریکراویش کاتی ڕۆیشتن بووە لە (موزدەلیفە)وە بۆ (مینا).

پێنجەم: ئافرەتەکە بە سواری ئاژەڵ بووە لەدواوەی باوکی، ئەمەش حاڵەتێکە دەگونجێت بەشێک لە لاشەی بەدیار بکەوێت، یان پێچەکەی لەسەر دەموچاوی لابچێت.

شەشەم: هێندێک لە ڕیوایەتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە باوکی دەیخستە بەردەم پێغەمبەری خوا و نیشانی دەدا؛ بەهیوای ئەوەی کەوا بیخوازێت، هەروەکوو ئیبن حەجەر لە (فتح الباري)دا دەفەرموێ: «... ما رواه أبو يعلى بإسناد قوي من طريق سعيد بن جبير عن ابن عباس، عن الفضل قال: كنتُ ردف النبي -ﷺ-، وأعرابي معه بنت حسناء، فجعل الأعرابي يَعرضها لرسول الله رجاء أن يتزوَّجها...».

حەفتەم: هەرچۆنێک بێت، ئەمە ڕووداوێکی دیاریکراو و تایبەتە و ئەو ئەگەرانەی دەچێتە سەر و گشتی نییە. هەر بەڵگەیەکیش ئەگەر ئیحتیمال ڕووی تێ کرد، ئەوە بەڵگە پێهێنانەوەی پووچەڵ دەبێتەوە.

کەواتە ئەو فەرموودەیە و هێندێک لە فەرموودەکانی پێشووتریش، موتەشابیهن و ناتوانن ڕووبەڕووی دەقە موحکەمەکان ببنەوە، دەربارەی دەقە موتەشابیهەکانیش پێویستە لەسەرمان کەوا بیانگەڕێنینەوە بۆ لای دەقە موحکەمەکان، ئەوانەی بەڵگایەتییەکەیان ڕوون و ئاشکرایە لەسەر نادروستیەتی دەرخستنی دەموچاو.

[إظهار الحق والصواب في حكم الحجاب، تأليف: د. سعيد القحطاني، ص:١٥٣-٤٥٣ و ٤٣٤-٣٤٤].

[أدلة الحجاب، تأليف: محمد بن إسماعيل المقدم، ص:٧١٤-٦٢٤].

[الكشف عن مذاهب العلماء في إبداء الوجه والكف، تأليف: د. لطف الله خوجه، ص:١٥-٢٥].

*****

پاشکۆی دووەم:

(نیقاب لەنێوانی ئیسلامییەکان و عەلمانییەکاندا!)

سوپاس بۆ خوا، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی ئافرەتانی «نیقابپۆش» لە زۆر بووندایە، ئەمەش وای کردووە کە خەڵکانێک لە عەلمانییەکان و هەندێک لە ئیسلامییەکانیش دڵیان پێی تەنگ ببێت و قسەی لەسەر بکەن.

ئێمە لێرەدا کارمان بە کابرای عەلمانییدا نییە، کە دەڵێت: «نیقاب لە ئیسلامدا نییە و کەلتووری عەرەبە»؛ لەبەر ئەوەی ئەو نەک بە نیقاب، بەڵکوو بە حیجاب و بگرە بە ئیسلامیش ڕازی نییە وەکوو بەرنامەیەک بۆ ژیان!

بەڵام کێشەکە لە کابرای ئیسلامییە، کەوا بێت بڵێت: «نیقاب بیدعە"!

یەکێک نەزانێت دەڵێت ئەو کابرایە زۆر گرینگی بە بابەتی سوننەت و بیدعە دەدات!

یان بڵێت: «نیقاب نە سوننەتە و نە واجب».

بەڕاستی سەیرە کابرا خۆی بە ئیسلامی و بانگخواز بزانێت، کەچی لەو کات و ساتە و لەناو ئەو هەموو بابەتەدا، بێت قسە لەسەر بابەتی نیقاب بکات و خەڵکی لێ سارد بکاتەوە.

هەروەها قسەیەک بکات کەوا هیچ زانایەک بەدرێژایی مێژووی ئیسلام، قسەی وای نەکردووە؛ چونکە زانایان و شەرعزانەکان، لە کۆنەوە تاوەکوو ئێستا، تەنها دوو بۆچوونیان لەسەر ئەو بابەتە هەیە نە زیاتر، ئەویش ئەوەیە کە: هێندێکیان بە واجبی دەزانن، هێندێکیشیان بە سوننەتی دەزانن.

کەواتە کەسیان نەیانگوتووە نە سوننەتە و نە واجب، ئیتر تۆ ئەم قسەیەت لە کوێ هێنا و چۆن بوێری ئەوەت هەبوو کە ئەو قسەیە بکەیت؟!

پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی: «إيّاك أن تتكلَّم في مسألة، ليس لك فيها إمام». [سير أعلام النبلاء (١١/ ٢٩٦)].

واتە: وریابە! قسە لە بابەتێکدا مەکە و قسەیەک مەڵێ، کە پێشەوات نەبێت لەو بابەتە و کەس پێشی تۆ قسەی وای نەکردبێت.

نووسینی: عەبدوڵڵا باڵەک

پێرستی سەرچاوەکان

- أولاً: كتب التفسير
- (القرآن الكريم) طبعة المدينة النبوية.
- (تفسير ابن أبي حاتم) للإمام الحافظ أبي محمد عبد الرحمن بن أبي حاتم الرازي، المكتبة العصرية – صيدا، تحقيق/ أسعد محمد الطيب.
- (جامع البيان في تأويل القرآن) للإمام محمد بن جرير الطبري، مؤسسة الرسالة – بيروت، تحقيق/أحمد شاكر.
- (زاد المسير في علم التفسير) للإمام أبي الفرج عبد الرحمن ابن الجوزي، المكتب الإسلامي – بيروت.
- (الجامع لأحكام القرآن) لأبي عبد الله محمد بن أحمد بن أبي بكر القرطبي، دار عالم الكتب بالرياض، تحقيق/ سمير بخاري.١٤٢٣هـ
- (تفسير القرآن العظيم) لأبي الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي، دار طيبة، تحقيق/ سامي سلامة، الطبعة الثانية ١٤٢٠هـ
- (أحكام القرآن) لأبي بكر الجصاص، دار إحياء التراث-بيروت، تحقيق/ محمد الصادق قمحاوي. ١٤٠٥هـ
- (معالم التنزيل) لأبي محمد بن الحسين بن مسعود البغوي، دار طيبة- الرياض، تحقيق/ محمد عبد الله النمر وآخرون.
- (البحر المحيط) لأبي حيان الأندلسي، دار الفكر ـ بيروت.

- (تفسير الكشاف) لأبي القاسم الزمخشري، دار الكتاب العربي- بيروت. طبعة ١٤٠٧هـ.
- (التسهيل لعلوم التنزيل) لمحمد بن جزي الكلبي الغرناطي، دار الكتب العلمية-بيروت، تحقيق/ محمد سالم هاشم.
- (تفسير الجلالين) لجلال الدين المحلي وجلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، دار ابن كثير، تحقيق / عبد القادر الأرنؤوط.
- (تفسير أبي السعود) لأبي السعود العمادي.
- (مدارك التنزيل وحقائق التأويل) لأبي البركات عبد الله بن أحمد بن محمود النسفي.
- (فتح القدير) للإمام محمد بن علي الشوكاني، دار الوفاء- المنصورة. تحقيق/ الدكتور/ عبد الرحمن عميرة.
- (تفسير روح البيان) لإسماعيل حقي، دار إحياء التراث العربي- بيروت.
- (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان) لعبد الرحمن بن ناصر السعدي، مؤسسة الرسالة- بيروت.
- (أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن) لمحمد الأمين الشنقيطي، دار الفكر-بيروت.
- (أيسر التفاسير) لأبي بكر جابر الجزائري، مكتبة العلوم والحكم بالمدينة المنورة.
- (التفسير القرآني للقرآن) للدكتور عبد الكريم الخطيب، دار الفكر العربي- القاهرة.
- (التفسير المنير في العقيدة والشريعة والمنهج) للدكتور وهبة بن مصطفى الزحيلي، دار الفكر المعاصر – دمشق.

- (التفسير الواضح) للدكتور محمد محمود حجازى، دار الجيل الجديد.
- ثانيًا: كتب الحديث.
- (صحيح البخاري) ترقيم فتح الباري، دار الشعب- القاهرة. الطبعة الأولى ١٤٠٧هـ
- (صحيح مسلم) ترقيم محمد فؤاد عبد الباقي، دار الجيل – بيروت.
- (سنن الترمذي) تحقيق/أحمد شاكر وآخرين، دار إحياء التراث العربي-بيروت.
- (سنن ابن ماجه) تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي، دار الفكر- بيروت.
- (سنن النسائي) ترقيم أبي غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية- حلب.
- (سنن أبي داود) ترقيم محيي الدين، دار الكتاب العربي- بيروت.
- (المسند) للإمام أحمد بن حنبل، دار إحياء التراث- بيروت.
- (صحيح ابن حبان) ترتيب ابن بلبان. مؤسسة الرسالة- بيروت، الطبعة الثانية ١٤١٤هـ
- (صحيح ابن خزيمة) تحقيق/ الأعظمي، المكتب الإسلامي- بيروت.١٣٩٠هـ
- (المستدرك على الصحيحين) لأبي عبد الله الحاكم، دار الكتب العلمية- بيروت. الطبعة الأولى ١٤١١هـ
- (المعجم الكبير) لسليمان بن أحمد الطبراني، مكتبة العلوم والحكم- الموصل.
- (المعجم الأوسط) لسليمان بن أحمد الطبراني، دار الحرمين – القاهرة. تحقيق/ طارق عوض الله وعبد المحسن الحسيني.١٤١٥هـ

- (السنن الكبرى) لأبي بكر البيهقي، مكتبة دار الباز – مكة المكرمة. تحقيق/ محمد عبد القادر عطا. ١٤١٤هـ.
- (المصنف) لأبي بكر بن أبي شيبة، مكتبة الرشد – الرياض، تحقيق/ حمد الجمعة ومحمد اللحيدان، الطبعة الأولى ١٤٢٥هـ.
- (مسند الشافعي) للإمام محمد بن إدريس الشافعي، دار الكتب العلمية-بيروت.
- (معرفة السنن والآثار) لأبي بكر البيهقي، دار الكتب العلمية-بيروت. تحقيق/ سيد كسروي حسن.
- (معرفة الصحابة) لأبي نعيم، تحقيق/ عادل العزازي، دار الوطن-الرياض. الطبعة الأولى ١٤١٩هـ.
- ثالثًا: كتب التخريج.
- (مجمع الزوائد ومنبع الفوائد) لنور الدين الهيثمي، دار الفكر – بيروت، ١٤١٢هـ.
- (الترغيب والترهيب) لعبد العظيم المنذري، دار الكتب العلمية-بيروت. تحقيق/إبراهيم شمس الدين. الطبعة الأولى ١٤١٧هـ.
- (صحيح الجامع الصغير) للألباني، المكتب الإسلامي- بيروت، الطبعة الثالثة ١٤٠٨هـ.
- (السلسلة الصحيحة) للألباني، مكتبة المعارف- الرياض.
- (صحيح الترمذي) للألباني، مكتبة المعارف- الرياض، الطبعة الأولى للطبعة الجديدة ١٤٢٠هـ.
- (صحيح أبي داود) للألباني، مكتبة المعارف-الرياض، الطبعة الأولى للطبعة الجديدة ١٤١٩هـ.
- (صحيح النسائي) للألباني، مكتبة المعارف-الرياض، الطبعة الأولى للطبعة الجديدة ١٤١٩هـ.

- (مشكاة المصابيح بتخريج الألباني) المكتب الإسلامي-بيروت، الطبعة الثالثة ١٤٠٥هـ.
- (إرواء الغليل) للألباني، المكتب الإسلامي-بيروت، الطبعة الأولى ١٣٩٩هـ.
- (صحيح دلائل النبوة) لمقبل بن هادي الوادعي. مكتبة صنعاء الأثرية-صنعاء.
- (موافقة الخبر الخبر) لابن حجر العسقلاني، مكتبة الرشد-الرياض.
- (الدراية في تخريج أحاديث الهداية) لابن حجر، مكتبة الفيصلية.
- (البدر المنير) لابن الملقن، دار الهجرة-الرياض، الطبعة الأولى ١٤٢٥هـ.
- رابعًا: كتب شروح الحديث.
- (معالم السنن) لأبي سليمان الخطابي. المطبعة العلمية- حلب. الطبعة الأولى ١٣٥١هـ.
- (المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج) لأبي يحيى النووي، دار إحياء التراث-بيروت. الطبعة الثانية ١٣٩٢هـ.
- (فتح الباري بشرح صحيح البخاري) لابن رجب الحنبلي، دار ابن الجوزي- الدمام، تحقيق/ طارق عوض الله. ١٤٢٢هـ.
- (فتح الباري بشرح صحيح البخاري) لابن حجر العسقلاني، دار المعرفة- بيروت. ١٣٧٩هـ.
- (عون المعبود في شرح سنن أبي داود) للعظيم آبادي، المكتبة السلفية- المدينة المنورة. الطبعة الثانية ١٣٨٨هـ.
- خامسًا: كتب اللغة.
- (القاموس المحيط) للفيروز آبادي، مؤسسة الرسالة-بيروت.

- (الكنز اللغوي) لأبي يوسف بن السكيت.
- (تاج العروس من جواهر القاموس) لمرتضى الزبيدي، دار الهداية. تحقيق/ مجموعة من المحققين.
- (تهذيب اللغة) للأزهري. دار إحياء التراث العربي – بيروت، تحقيق محمد عوض. ٢٠٠١هـ
- (الصحاح في اللغة) للجوهري، دار العلم للملايين-بيروت، تحقيق/ أحمد عبد الغفور، الطبعة الرابعة ١٤٠٧هـ
- (المعجم الوسيط) مجموعة من اللغويين، دار الدعوة، تحقيق/ مجمع اللغة العربية.
- سادسًا: كتب الفقه والفتاوى.
- (الفروع ومعه تصحيح الفروع) لمحمد بن مفلح، مؤسسة الرسالة – بيروت. تحقيق/ الدكتور عبد الله التركي، الطبعة الأولى ١٤٢٤هـ
- (أسنى المطالب في شرح روض الطالب) لزكريا الأنصاري، دار الكتب العلمية- بيروت. تحقيق/الدكتور محمد محمد تامر، الطبعة الأولى ١٤٢٢هـ
- (شرح فتح القدير) لابن الهمام السيواسي، دار الفكر – بيروت.
- (المغني في فقه الإمام أحمد) لابن قدامة المقدسي، دار الفكر- بيروت. الطبعة الأولى ١٤٠٥هـ
- (مواهب الجليل لشرح مختصر الخليل) للرعيني، دار عالم الكتب- الرياض. المحقق/ زكريا عميرات. ١٤٢٣هـ
- (الإقناع في حل ألفاظ أبي شجاع) للخطيب الشربيني.
- (مجموع الفتاوى) لشيخ الإسلام ابن تيمية، دار الوفاء- المنصورة، تحقيق/ أنور الباز وعامر الجزار، الطبعة الثالثة ١٤٢٦هـ

- (مجموع فتاوى ابن باز) طبع الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء بالرياض، جمع/محمد الشويعر.
- (فتاوى اللجنة الدائمة) طبع الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء بالرياض، جمع وترتيب/أحمد عبد الرزاق الدويش.
- سابعًا: كتب متنوعة.
- (إحياء علوم الدين) لأبي حامد الغزالي، دار المعرفة – بيروت.
- (إعلام الموقعين) لابن قيم الجوزية، دار الجيل – بيروت، تحقيق/ طه عبد الرؤوف سعد.١٩٧٣هـ
- (المنتظم في تاريخ الأمم والملوك) لابن الجوزي، دار صادر – بيروت، الطبعة الأولى.
- (المستفاد من ذيل تاريخ بغداد) لابن الدمياطي، دار الكتب العلمية- بيروت، تحقيق/ مصطفى عبد القادر عطا.
- (حجاب المرأة ولباسها في الصلاة) لشيخ الإسلام ابن تيمية، المكتب الإسلامي- بيروت، تحقيق/المحدث الألباني. الطبعة الخامسة ١٤٠٣هـ
- (أصل صفة صلاة النبي ﷺ) للمحدث الألباني، مكتبة المعارف بالرياض.
- (در السحابة) للشوكاني، مكتبة صنعاء الأثرية-صنعاء.
- (معارج القبول) لحافظ الحكمي. دار ابن القيم- الدمام، تحقيق/ عمر بن محمود. الطبعة الأولى ١٤١٠هـ
- (عودة الحجاب) للدكتور محمد إسماعيل المقدم، دار الإيمان- الإسكندرية.
- (الرد العلمي على كتاب تذكير الأصحاب بتحريم النقاب) للدكتور محمد إسماعيل المقدم، دار الإيمان-الإسكندرية.

- (رسالة الحجاب) لمحمد بن صالح العثيمين.
- (حراسة الفضيلة) للشيخ/ بكر أبو زيد، ط. الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء بالرياض.
- (الحجاب أدلة الموجبين وشبه المخالفين) لشيخنا / مصطفى العدوي.
- (الحجاب في الشرع والفطرة) للشيخ/ عبد العزيز الطريفي، دار المنهاج.

*****

پێرستی بابەتەکان

پێشەکیی شێخی بەڕێز د. ناصـــــر بن محـمــد الأحمـــد ١
پێشەکیی شێخی بەڕێز وحید بن عبد السلام بالي ١٠
پێشەکیی نووسەر ١٤
گومانی یەکەم:
(نیقاب بیدعەیە، بنچینەی نییە لە ئایینداا!)..... ٣٠
گومانی دووەم:
(نیقاب نەریت و عادەتە و عیبادەت نییە!)..... ٤١
گومانی سێیەم:
(دەقێکی ڕاشکاو و ڕوون نەهاتووە کە بەڵگە بێت لەسەر شەرعییەتی نیقاب) ٤٤
یەکەم: بەڵگەکان لە قورئاندا ٤٥
بەڵگەی یەکەم: ٤٥
بەڵگەی دووەم: ٥٥
بەڵگەی سێیەم: ٥٩
بەڵگەی چوارەم: ٦٣
بەڵگەی پێنجەم: ٧٧

دووەم: بەڵگەکان لە سوننەتدا ٨٣
بەڵگەی یەکەم: ٨٣
بەڵگەی دووەم: ٨٨
بەڵگەی سێیەم: ٩١
بەڵگەی چوارەم: ٩٣
بەڵگەی پێنجەم: ٩٦
بەڵگەی شەشەم: ٩٨
بەڵگەی حەفتەم: ٩٩
بەڵگەی هەشتەم: ١٠٢
بەڵگەی نۆیەم: ١٠٤
بەڵگەی دەیەم: ١٠٨
سێیەم: بەڵگەکانی قیاس ١١١
بەڵگەی یەکەم: ١١١
بەڵگەی دووەم: ١١٣
بەڵگەی سێیەم: ١١٥
هێندێک لە خەراپە و زیانەکانی دەرخستنی دەموچاو: ١١٧
گومانی چوارەم: (زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەن کە نیقاب زیادەیەکە لەلایەن ئافرەتەوە) ١١٩
گومانی پێنجەم: (فەرموودەی: قُرَيْبَة بِنْت مَنِيعَة) ١٢٦
گومانی شەشەم: (فەرموودەی ئافرەتە ڕەشەکە) ١٢٩

گومانی حەفتەم: (فەرموودەی: ئافرەت لە وێنەی شەیتان دێتە پێشەوە)..... ١٣٢
گومانی هەشتەم: (نیقاب یەکێکە لە نەریت و عادەتەکانی سەردەمی نەفامی، بۆیە دواکەوتوویی و کۆنەپەرستییە)..... ١٣٥
گومانی نۆیەم: (نیقاب هۆکارێکە بۆ خۆگۆڕێن و خۆشاردنەوە و ئەنجامدانی تاوان!)..... ١٣٧
گومانی دەیەم: (داوێنپاکی ئافرەت لە خودی خۆیدایە، نەوەک لە حیجاب و نیقابەکەی!)..... ١٤٠
گومانی یازدەیەم: (نیقاب زیادەڕەوی و توندییە، ئایینیش سووک و ئاسانە)..... ١٤٣
گومانی دوازدەیەم: (نیقاب سەرکوتکردن و گرتنەوەی توانای جنسییە؛ چونکە جوانی ئافرەت دادەپۆشێت، دواجاریش گەنجەکان بەردەوام لە گرتنەوەی جنسییاندا دەبن، کە خەریکە دەتەقێت، یان هێندێکجار دەتەقێتەوە لەسەر شێوەی دەستدێڕیکردن و جگە لەمەش)..... ١٤٦
گومانی سێزدەیەم: (ڕووخسار دەرخستن مافی ئافرەتە، پیاوێکی خۆویستی وشکی تووندڕەو بەزۆر لێی زەوتکردووە، حیجاب و نیقابیش ستەمە لە ئافرەت دەکرێت و زەوتکردنی مافیەتی).... ١٤٩
گومانی چواردەیەم: (حیجاب نیشانە و هێمایەکە بۆ زیادەڕەوی و دەمارگیری تاییفی و تووندڕەویی ئایینی)..... ١٥١

گومانی پازدەیەم: (چۆن خوای گەورە فەرمان دەکات بە چاو داگرتن و سەیر نەکردن، لەهەمان کاتیشدا فەرمان بە داپۆشینی ڕووخسار دەکات، ئایا ئەمە دژبەیەکی نییە؟!) ١٥٤
گومانی شازدەیەم:(نیقاب تایبەتە بەخێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ) ١٥٧
گومانی حەڤدەیەم: (نیقاب لە شەرعدا داندراوە؛ بۆ لادان و دوورخستنەوەی ئازار، بێگومان ئەمەش ئێستا لاچووە و نەماوە) ١٦١
گومانی هەژدەیەم: (ئەگەر دەموچاوی ئافرەت عەورەت بێت، ئەدی بۆچی لەکاتی ئیحرامدا فەرمانی پێکراوە بە دەرخستنی؟)..... ١٦٩
کۆتایی ١٧٣
پاشکۆکان ١٨٠
پاشکۆی یەکەم: وەڵامی چەند گومانێکی دیکە ١٨٠
گومانی نۆزدەیەم: (فەرموودەکەی ئەسمائی کچی ئەبوو بەکر) ١٨٠
گومانی بیستەم: (فەرموودەی ئافرەتە ڕوومەت ڕەشەکە!) ١٨٣
گومانی بیست و یەکەم:(فەرموودەی ئەو ئافرەتەی هات خۆی بەخشی بە پێغەمبەر -ﷺ-)..... ١٨٦
گومانی بیست و دووەم: (فەرموودەکەی فەزڵی کوڕی عەبباس کاتێک سەیری ئافرەتە جوانەکەی کرد!) ١٨٩
پاشکۆی دووەم:(نیقاب لەنێوانی ئیسلامییەکان وعەلمانییەکاندا!)... ١٩٤
پێرستی سەرچاوەکان ١٩٧

لەکۆتاییدا بەهەموو نیقابپۆشێک دەڵێم:
ئەی خوشکەکەم! خوای گەورە فەرز و بەرەکەت و پیرۆزی خۆی تیاتدا زیاد و بەردەوام بکات و پاداشتی چاکەشت بداتەوە لەسەر خۆداپۆشینت بە حیجابی شەرعی، ئەو حیجابەی خوای گەورە لەسەری فەرز کردووی، دامەزراوبە لەسەر ئەو حیجابەی کە لە سەری، تاوەکوو دەگەیتەوە بە خوای گەورە، لەکاتێکدا ئەو لێت ڕازییە، ئەو هێرشە درندانانەشی کە دەکرێنە سەر نیقاب، هیچ زەرەرت پێ ناگەیەنێت، چونکە شتێکی ناڕەوا و پووچە، ناڕەواش لەناوچووە. هەروەها بەزۆری لەناوچووەکان هەڵمەخەڵەتێ و کەمی ئەوانەشی ڕێگەی ڕاستیان گرتۆتەبەر زیانت پێ ناگەیەنێت، لەبەر ئەوەی شوێنکەوتووانی ڕاستی بەردەوام کەمن و شوێنکەوتووانی ناڕەوا و بەتاڵیش بەردەوام زۆرن؛ بەڵام ئەوان کەفن وەکوو کەفی سەر دەریا وان!

هەولێر: فلکەی شێخ محمود
باڵەخانەی سەید بهاءالدین، نهۆمی خوارەوە
٠٧٥٠٤٧٥٥٧٦٧
نرخ ٧٠٠٠ دینار

دیزاینی بەرگ
إخلص دیزاین
#ikhlas_design
0775 221 54 00